# بەشی یەکەم
# لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بەعێراق•

• وەرگێڕانی، لێکۆڵینەوەکانی ئەم بەشە لەلایەن (سەلام کەریم عەلی)ەوە ئەنجامدراوە.

# ژن و دەستور

## گەشە پێدان و هەمواركردنی یاساكانی تایبەت بەرێساكانی ژنان

**پارلەمانتار: فائزە باباخان**

ئەگەر گشت دەستورەكانی عێراق بپشكنین لەدەستوری ساڵی 1925 ەوە تا دەستوری ساڵی 1970و دەستوری كاتی بۆ قۆناغی گواستنەوە ( یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە) دەبینین هەمویان جەخت لەسەر یەكسانی نێوان هاوڵاتیان دەكەنەوە بەچاوپۆشی لەرەگەز یان نەژاد یان زمان یان ئایین یان ناسنامە یان نەتەوە، ئەوەندە هەیە كەگشت ئەو دەستورانە بێجگە لەدەستوری یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت، میكانیزمێكی ئەوتۆیان تێدا نییە بۆ كاراكردنی ئەم یەكسانییە، واتە هەمویان مەرەكەبی سەر كاغەز بوون.

سەرەڕای ئەوەی یاساكانی عێراقی تایبەت بەرێساكانی ژنان، توندوتیژی خێزانی و جیاكاری نێوان ژن و پیاوی لێدەكەوێتەوە، بۆ نمونەو بەبێ دیاریكردن: زۆرلێكردن لەهاوسەرگیریدا، هاوسەرگیری خوار تەمەنی یاسایی، گوێڕایەڵی (الطاعة)و، نشوز، فرەژنیو، بێبەشكردن لەمافی بەخێوكردن (الحضانة) بەهۆی جیاوازی ئایینەوەو، لێدانی خێزان و منداڵو، كوشتن بەبیانووی شەرەفپارێزی، جیاوازیی لەپاراستنی یاسایی نێوان ژن و پیاو لەیاساداو، كورتكردنەوەی مافی ویلایەت بەدەستی پیاو لەسەرمناڵی نەبەكامو، بێبەشكردنی ژن لێیو، جیاوازیی لەمیراتو، جیاوازیی لەشایەتیدان و، جیاوازیی لەوەزیفەو، جیاوازیی لەپلەوپایەی وەزیفی لەقەزا، دانانی ژن بەوەی ئەقڵو ئایینی تەواو نییە، دانانی بەنیو مرۆڤ لەبەرئەوەی شایەتیدانەكەی یەكسانە بەنیو شایەتی پیاو.

لەگەڵ هەموو ئەم جیاكارییانەدا عێراق لەساڵی 1986ەوە ئیمزای لەسەر هەموو پەیماننامەكانی "هەڵوەشاندنەوەی گشت شێوەكانی جیاكاری نێوان ژن و پیاو" كردوە لەوەش زیاتر، عێراق پێی لەسەر هەموارنەكردنی ئەو رێسایانە داگرتووە كە لەبەهاو رێزی ژن كەمدەكەنەوە ئەویش بەدەربڕینی ئەو تێبینییانەی لەسەر ئەو پەیماننامەیەی كەخۆی لەمادەكانی (2، 9، 16، 29)دا دەبینێتەوە بەبیانوی ئەوەی ئەم ماددانە لەگەڵ بنەماكانی ئاینی ئیسلامدا پێچەوانە دێنەوە، كۆمەڵگا پیاوسالارییەكانی عەرەب هەمیشە وارهاتوون ژن بەم بیانووەوە بچەوسێننەوە.بۆچی بەتەنها لەیاسای باری كەسێتیدا داوای جێبەجێكردنی بنەماكانی ئایینی ئیسلام دەكەن؟.. ئەگەر بەكردەوە ئاراستەكە بەرەو ئایینی تەواوە، كەواتە بۆچی ئایینی ئیسلام لەیاساكانی سزادانداندا وەك بڕینی دەستی دز، بەردبارانكردن تا مردن لەسزای زیناكردن و جەڵدلێدان.. تاد، جێبەجێناكەن.



سەرجەم ئەم سزایانە پێچەوانە دێنەوە لەگەڵ جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و، لەگەڵ مافە بنەڕەتییەكان و گشت بەڵگەو رێكەوتننامە نێودەوڵەتییەكان، لەبەرئەمەیە ناگەڕێنەوە سەر ئەم سزاو پێشێلكارییانەو بوونەتە سزای مێژویی بۆ ماوەیەك لەزەمەن، ئایا ئەمانە لەبنەما جێگیرەكانی ئیسلام نین؟.. گرفتەكە لەئیسلامدا نییە، بەڵكو لەوانەدایە كەبۆ پاراستنی بەرژەوەندییەكانیان، خۆیان لەپشتیەوە حەشاردەدەن.

لەبەرئەوەی ئیسلام تیۆرێكی فكریی ئەخلاقی ئایینییەو بنەماكانی پێش 1425 ساڵ داڕێژراوەو، ئەگەر بواری جێبەجێكردنی لەسەردەمی خۆیدا رێی تێچوبێت لەبەرئەوەبووە كەمرۆڤ لەو سەردەمەدا توانیویەتی لەخۆپەرستی رووتبێتەوەو ئەوەی بۆ خۆی پێی خۆشە بۆ برا موسڵمانەكەشی پێی خۆش بێت، بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ پاشەكشەی ئەخلاقو بەهاكانی مرۆڤ، هیچ دادپەروەرییو ویژدانێكی تێدانییە كەبنەماكانی ئیسلام لەیاسا دەستكردەكاندا پیادەبكرێت، چونكە ژنی ئەمڕۆ هەمان ژنەكەی ساڵی رابردوو نییە، ئیتر چۆن پێش 1425 ساڵی پێش ئێستاو روانگەكانی ژنی ئەمڕۆ لەیەكسانیو نەبوونی جیاكاری لەسایەی كۆمەڵگەی دیموكراسی ژن رازیناكات بەوەی ژنی "سی السید" بێت.

كەواتە، پێویستە لەروانگەكانی ژنی هاوچەرخ تێبگەین و ئەو تەگەرانەش دیاریبكەین كەدەبنە رێگر لەبەردەم دەرچونیدا، بەهیوای دۆزینەوەی چارەسەرو میكانیزمی گونجاو تا گەیشتن بەیەكسانی پراكتیكی، بۆ ئەوەی ژن دەستی بخاتە ناو دەستی پیاو بۆ بونیادنانەوەی عێراقی نوێ.

### ذن لەدەستوری نویَدا داوادەكات:

1 - نوێنەرایەتیكردنە رێژەییەكەی بە(كوتا) بێت لەدەسەڵاتەكانی یاسادانان و جێبەجێكردن و دادوەرییو لەگشت ناوەندەكانی بڕیاردروستكردندا.

2 - كاراكردنی رێكەوتننامە نێودەوڵەتییەكانی تایبەت بەمافەكانی مرۆڤو منداڵو ژن و، دەقپێدانی لەدەستورداو دانانی وەك یەكێك لەسەرچاوەكانی یاسادانان، لەگەڵ لابردنی گشت تێبینییەكان لەسەری.

3 - جێگەكردنەوەی جاڕنامەی جیهانی مافەكانی مرۆڤ لەدەستوری نوێدا.

4 - لەدەستوردا بەدەق ئاماژە بدات بەنەهێشتنی توندوتیژیو جیاكاری بەهەموو جۆرەكانییەوە دژی ژن.

5 - دەقپێدان لەسەر دامەزراندنی دامەزراوەی كۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی بایەخ بەو ژنانە بدات كەتوندوتیژیان لەگەڵ بەكارهاتووە.

6 - بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ لەقوناغی باخچەی ساوایانەوە تا قوناغەکانی کۆتایی خوێندن.

7 - لەدەستوردا بەدەق ئاماژە بەدڵنیایی تەندروستیو کۆمەڵایەتی بۆ هەموو هاوڵاتییەك بدات.

8 - دەوڵەت لێپرسراوە لەدابینکردنی مافی کارکردن بۆ هەموو هاوڵاتییەك.

بەڵام هەندێکجار با بەو ئاراستەیەدا هەڵدەکات کەخاوەن کەشتییەکان ئارەزوی ناکەن، ئەوەندە هەیە بەئایندەی عێراق گەشبینم.

ژنە کوردستانییەکان لەعێراق زۆرێك لەمافە رەواکانیان وەرگرتوە، هۆی ئەمەش بۆ رێزگرتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژنو پێگەیان دەگەڕێتەوە، ئەمە سەرەڕای هەڵوەشاندنەوەی گشت ئەو یاسایانەی پێشێلی مافەکانی ژنان دەکەنو خۆیان لەبەکارهێنانی توندوتیژی لەدژیدا بەرجەستەدەکەن، هەروەها هەموارکردنی هەندێکیتر لەو یاسایانە بەجۆرێك پێچەوانەی جاڕی گەردونی مافی مرۆڤ نەبێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان پەناگەی ئارامی بۆ ئەو ژنانە دابینکردوە کەتوندوتیژیان دەرهەق کراوە، بایەخ بەچاودێری دایکایەتیو منداڵانو پیرانو هەتیوان دراوە، لەگەڵ دابینکردنی تەندروستیو کۆمەڵایەتی، نابێت ئەوەشمان لەیادبچێت یەکەم دادوەری ژن لەعێراق لەهەرێمی کوردستانی عێراق دامەزراوە، وەك چۆن ژمارەیەکی زۆر لەژنانی کورد ئەوانەی رۆڵی سەرکردایەتی خۆیان لەسەرجەم پێگە هەستیارەکانو لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا سەلماندوە، خۆیان بەخشکردوە بۆ کارکردن لەپێناو هاوکاریو کاراکردنی رۆڵی ژن لەکۆمەڵگە، ئەوانەشی ئاماژەم پێکرد بۆ نمونە هێنانەوەبوو.

بێگومان پرۆژەی دەستوری عێراق لەروانگەی ئایینی ئیسلامەوە نوسراوە، بەهۆی ئاراستەی زۆرینەی ناو کۆمەڵی نیشتمانییەوەو ئەمەش کارێکی هەروا سادەو ئاسان نییە، لەکاتێکدا کەدەبوو عەلمانی بووایە.

تێڕوانینی روکەشانەی چەمکی عەلمانیەت، بریتییە لەوەی عەلمانیەت دژی دینە، بەڵام ئەم چەمکە هەڵەیەو هۆکەشی ئەوەیە عەلمانیەت بانگەشەی جیاکردنەوەی ئایین لەدەسەڵاتی سیاسی دەکاتو هەروەها دابڕینی لەکۆمەڵگەو، هێشتنەوەی بەپەیوەندییەکی گیانی نێوان بەندەو خودا، پاکژکردنەوەی ئایین لەگشت داواو بەرژەوەندییەك کە لەپشتییەوە خۆی مەڵاس دەدات، هەروەها ئایین بۆ پیاوانی ئایینیو دەسەڵات بۆ پیاوانی دەسەڵات بەجێبهێڵرێت. سیستمی ئیسلامی لەبنەماکانیدا پشت بەشەریعەتی ئیسلامیو ئیجتیهاد دەبەستێت، تەنانەت لەحاڵەتی گۆڕانی بارودۆخو سەردەمەکانو ئەو گۆڕانکارییانەی رێساکانیش کە بەدوای خۆیدا دەیهێنێت.



لەکاتێکدا سیستمی عەلمانی لەئەحکامەکانیدا پشت بەیاسا دانراوو پرەنسیپەکانی جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێتو، رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان بەسەرچاوەیەکی یاسادانان دەژمێرێتو رەچاوی مافی مرۆڤو دیموکراسی دەکات، واتا گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە، لەکاتێکدا سیستمی ئیسلامی بەتەنها خودا بەسەرچاوەی دەسەڵاتەکان دەزانێت، لەو ئایەتەی قورئاندا: **"ان صلاتی ونسکی ومحیای ومماتی لله رب العالمین"**. عێراق لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە عەلمانییەتی بەخۆوە بینیوە.

کوتا دەسکەوتێکە بۆ ژنانی عێراقو میکانیزمێکە بۆ گەیشتن بەیەکسانی راستەقینەو، ئەگەر لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەوتدا پەسەندنەکرایە، ژنانی عێراق لەکۆمەڵەی نیشتمانی یەك کورسییان بەدەست نەدەهێنا، بەڵام خواستی ژنانی عێراق بریتییە لەنوێنەرایەتیکردنی رێژەیی لەهەموو دەسەڵاتەکانو ناوەندەکانی بڕیاردانداّ.

زاراوەی دەستورییەتی یاساکان بەواتای پێچەوانە نەبوونی هیچ یاسایەك بۆ دەقێکی دەستوری بەتێڕوانین لەباڵایەتی دەقی دەستوری.

ژن مرۆڤەو هەرگیز لەپیاو جیاواز نییە، و مەسەلەی پێدانی مافە یاساییو کۆمەڵایەتییەکانیو چالاککردنی رۆڵی لەکۆمەڵگەدا کفر نییە، کفر ئەوەیە نیوەی کۆمەڵگەیەك لەمافە رەواکانی بێبەش بکەیت، ئەم چەند وشەیە دەمگەڕێنێتەوە بۆ ئەو تێبینییانەی عێراق لەسەردەمی دەسەڵاتی حوکمڕانی پێشوودا سەبارەت بەبەندەکانی 2، 9، 16، 29ی پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری نێوان ژنو پیاو (سیداو) هەیبوو، بەجۆرێك عێراق هاوشێوەی وڵاتانی تری عەرەبی بەبیانوی پێچەوانەبوون لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام تێبینیان لەسەر ئەو بەندانە هەبوو، بەڵام لەراستیدا بەو شێوەیە نەبوو، بەڵکو سەرجەم وڵاتە تازەپێگەیشتوو دواکەوتووەکان وای بۆ دەچن لەتواناياندایە لەرێگەی سنوردارکردنی رۆڵی ژنانەوە کۆمەڵگە بخەنەژێر رکێفی خۆیانەوە، بەڵام ژنانی عێراق رۆشنبیرو هۆشیارن بەرووداوە سیاسییەکانو رووداوەکانی دەوروبەریانو نێوان دێڕەکانیش دەخوێننەوە، وەك چۆن ئەو بارودۆخەی بەسەریاندا تێپەڕیوە وایکردوە ژنێکی بەهێزیان لێدەربچێت کەتوانای بەرەنگاربونەوەی ئاستەنگەکانیان هەبێت.

بەسروشتی حاڵو سەرباری ئەوەی کەعێراق رەزامەندی لەسەر زۆربەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤو ژنان بەشێوەیەکی تایبەتی دەربڕیوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەزۆرترینی ئەو وڵاتانەیە کەپێشلکاری مافەکانی مرۆڤو ژنان دەکات، وایدەخواست هاوکات لەگەڵ پەسەندکردنی ئەو پەیماننامانە عێراق دەستی بەهەموارکردنی یاساکانی بکردایە، ئەوانەی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەنو بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ژنان بەرجەستە دەکەن،

ئەمە روینەداوە، سەرباری بالأبونی دەستورو دانانی گریمانەی ئەوەی نابێت یاسا تایبەتەکان پێچەوانەبنەوە لەگەڵ دەقە دەستورییەکان، پێویست دەکات چاکسازیی لەو یاسایانەدا بکرێت کەپێچەوانەنین لەگەڵ دەقی دەستوریدا، لەخوارەوە ئەو یاسایانەی ژنان دەخەینەڕوو کە لەیاساکانی عێراقدان‌و پێویستیان بەهەموارکردنە لەبەرئەوەی مافەکانی ژنان پێشیل دەکەن‌و جیاکاری‌و توندوتیژی دژ بەژنان بەرجەستەدەکەن.

مادە یاساییەکان بریتیین لە:

یاسای سزادان ژمارە 111ی ساڵی 1969ی هەموارکراو:

یەکەم:

هەڵوەشاندنەوەی تەواوی مادەی (40 أ) لەیاسای سزاداندا کەرێگە بەلێدانی ژن‌و منداڵە ناکامەکان دەدات.

لەمادەی (40 أ)دا هاتووە:"بەتاوان دانانرێت ئەگەر کردەوەکە بەکارهێنانی مافێك بێت کە بەپێی یاسا بڕیاری لەسەر درابێت، ئەمەش بەبەکارهێنانی ماف دادەنرێت:

- تەمبێکردنی ژن لەلایەن پیاوەکەیەوەو تەمبێکردنی منداڵی ناکام لەلایەن باوك‌و مامۆستاوئەو کەسانەی کە لەژێر چاودێرییاندایە لەو سنورانەی شەرع‌و یاساو عورفەکان بڕیاریان لێداوە"

بەڵام لەکوردستان یاسادانەر بەئاراستەی هەموارکردنی مادە یاساییەکە بەیاسای ژمارە 7ی ساڵی 2001دا رۆیشت کەژن لەئەحکامەکانی بڕگەی أ لەمادەی 40ی یاسای سزادان ژمارە 111ی ساڵی 1969ی هەموارکراو، بەدەردەکات، بەڵام شکستی هێناوە لەپاراستنی منداڵدا، چونکە مافەکانی مرۆڤو پاراستنی کورت ناکرێتەوە لەسەر مرۆڤێك‌و مرۆڤێکی تری لێ بێبەشبکرێت کەتەمەن یان رەگەز یان رەنگ دیاریبکات، پێویست بوو یاسادانەر لەکوردستانی عێراق مادەکەی بەتەواوی هەڵبوەشاندایەتەوە، نەك جیاکردنەوەی ژن بەتەنها سەبارەت بەنەشیاویی لێدان‌و حەڵاڵکردنی توندوتیژی لەسەر جەستەی منداڵ بەپێچەوانەی جاڕنامەی گەردونی مافەکانی منداڵ کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لە 20ی تشرینی دووەم 1959 دەرچووەو لەلایەن عێراقیشەوە ئیمزای لەسەرکراوە.

دووەم:

هەموارکردنی مادەی 371 لەیاسای سزادان ژمارە 111ی ساڵی 1969ی هەموارکراو، بەوەی کەجیاکاری لەنێوان ژن‌و پیاودا کردوە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی زینای هاوسەرێتیدا، بەجۆرێك تەنها ئەو کاتانە پیاوی بەزیناکەر داناوە لەماڵی هاوسەرێتیدا زیناکە بکات، واتە پێویستە بڕگەی 2



لەو مادەیەی ئاماژەی پێکراوە هەڵوەشێتەوە بەمشێوەیە داڕێژرێتەوە: "مێردیش بەهەمان سزا سزادەدرێت لەکاتی ئەنجامدانی هەمان کردەوەدا"و لەدەقی 371دا هاتووە:

" (1) ژنی زیناکەر بەبەندکردن سزادەدرێت لەگەڵ ئەو کەسەش کەزینای لەگەڵدا کردوەو دادگا گریمانەی ئەوە دەکات کەپیاوە زیناکەرەکە ئاگادار بووە لەوەی ئەو ژنەی زینای لەگەڵ کردووە ژنی مێرددارە تەنها لەو کاتەدا نەبێت کەپیاوەکە ئیسپاتی بکات ئاگای لەوە نەبووە ئەو ژنە مێردی هەبووە. (2) بەهەمان سزا مێرد ئەگەر لەماڵی هاوسەریدا زینای کرد سزا دەدرێت."

بەڵام لەهەرێمی کوردستان بڕگەی ژمارە (2)ی ئەم مادە بەیاسای ژمارە (9)ی ساڵی 2001 لابراوەو یەکسانی نێوان ژنان‌و پیاوانی داهێناوە.

**سێیەم:**

لەمادەی 409ی یاسای سزادان ژمارە 111ی ساڵی 1969ی هەموارکراودا هاتووە:

"بەماوەیەك کە لەسێ ساڵ بەندکردن زیاتر نەبێت ئەو کەسە سزا دەدرێت کە بەسەر ژنەکەی یان یەکێك لەمەحرەمەکانیدا چووە لەکاتی ئەنجامدانی زینا یان بوونیان لەسەر جێگەیەك لەگەڵ هاوبەشەکەی‌و دەستبەجێ هەردووکیان یان یەکێکیان بکوژێت یان دەستدرێژی بکاتە سەر هەردووکیان یان یەکێکیان، بەشێوەیەك مردن یان کەمئەندامبونی هەمیشەیی لێبکەوێتەوە، مافی بەرگریکردنی شەرعی لەدژی ئەو کەسە بەکارناهێنرێت کەسود لەم بیانووە وەردەگرێت‌و ئەحکامەکانی بارودۆخە توندەکانی لەدژ بەکارنایەت.

یاسادانەر لەم مادە یاساییەدا لەروی سزادانەوە جیاکاری لەنێوان ژنان‌و پیاواندا کردوە لەکاتی ئەنجامدانی هەمان کردەوەدا، بەجۆرێك مافی داوەتە مێرد ژنەکەی خۆی یان یەکێك لەمەحرەمەکانی بکوژێت لەکاتی ئەنجامدانی زیناداو لەسەر ئەمە ماوەیەك زیندانی دەکرێت کە لەسێ ساڵ زیاتر نییە، بەڵام ئەگەر ژن چووبەسەر مێردەکەیدا لەکاتی ئەنجامدانی زیناو خیانەتی هاوسەرێتدا لەئەنجامدا کوشتی ئەوا بەتاوانی کوشتنی بەئەنقەست سزادەدرێت‌و سزاکەی دەگاتە زیندانیکردنی هەتاهەتایی.

هەروەها لەروی پاراستنی یاساییەوە هەمان مادده جیاکاری لەنێوان ژن‌و پیاودا کردوە کاتێك مافی بەپیاوی زیناکەر داوە بەرگری لەخۆی بکات‌و ژنەکەی بکوژێت پێش ئەوەی لەلایەن ژنەکەیەوە بکوژرێت پاش ئەوەی چوو بەسەر زیناکردنیدا. لێرەدا بەروونی بە"بەرگریکردنی شەرعی دادەنرێت، بەڵام ئەگەر مێردەکە چوو بەسەر ژنەکەیدا لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی زیناداو پێش ئەوەی بیکوژێت لەلایەن ژنەکەیەوە کوژرا، بەحاڵەتی بەرگریکردنی شەرعی دانانرێت، بەڵکو

سزای کوشتنی بەئەنقەست وەردەگرێتو لەم بیانوە سودمەند نابێت، هەمان پاراستنی یاسایی پیاو بەژنان نەبەخشراوە لەکاتی ئەنجامدانی هەمان کردەوەدا.

باشترین چارەسەر هاننەدانی کەسە بۆ کوشتنو لەگەڵ پێنەدانی مۆڵەتی کوشتن بەهیچ لایەکو سزادانی هەردوولا لەبەرامبەر تاوانی کوشتنی بەئەنقەستدا، چونکە ژیان پارێزراوەو هیچ کەسێك مافی ئەوەی نییە کۆتایی بەژیانی کەسێکیتر بێنێت، مادام رێگەی یاسایی لەئارادایە بەشێوەیەکی شارستانی دەتوانرێت رێنمایی بکرێت دور لەرێسای خێڵەکی هەرەمەکی، سەرباری ئەوەی یاسا تەنها تەماشای لایەنی لاواز دەکاتو سزای دەداتو هەمیشە پیاوان لەسزاکە قوتاریان دەبێت، ئەگەر دادپەروەری لەکوشتنی ژنانی زیناکەردا هەبێت بەبیانوی سەرپێچیکردنی سنورەکانی خودا، ئەوکات کەسوکاری پیاوی زیناکەریش کوڕەکەیان دەکوشتەوە، چونکە خودا جیاوازی نەکردوە لەنێوان ژنانی زیناکەرو پیاوانی زیناکەردا، کەواتە هەمیشە ژنان قوربانی بوون.

ضوارةم:

نابێت ئەنجامدانی تاوان بەرامبەر بەژنان بەبیانوی هۆکاری ئابڕومەندی بەتاوان دانەنرێتو هەروەها نەکرێتە پاساوێکی یاسایی سوك بەمەبەستی جێبەجێکردنی مادەکانی 128و 130و 131ی یاسای سزادان، بەلاسایکردنەوەی یاسادانەری کوردستانی عێراق لەیاسای ژمارە 14ی ساڵی 2002 لەمادەی 1:

" ئەنجامدانی تاوان بەرامبەر بەژنان بەبیانوی هۆکاری ئابڕومەندی بەپاساوێکی یاسایی سوك بەمەبەستی جێبەجێکردنی مادەکانی 128و 130و 131 ی یاسای سزادان دانانرێت."

یاسادانەرانی کوردستانی عێراق بەم ئاراستەیەدا رۆیشتن کاتێك کوشتنی ژنانیان بەبیانوی ئابڕووپارێزی لەجێبەجێکردنی هۆکاری ئابڕومەندیدا دەرهێنا.

ثێنجةم:

مادەی 389ی یاسای سزدانی عێراقی دەڵێت:

" ئەگەر هاوسەرگیری راستەقینە لەنێوان ئەنجامدەری یەکێك لەم تاوانانەی ناو ئەم بەشەدا، بەشی تاوانەکانی تایبەت بەشەرەفو کەسی تاوانلێکراودا، بەسترا، ئەوا کێشەکەو هەموو رێو شوێنێکی یاسایی داواکارییەکەو لێکۆڵینەوە تیایدا رادەگیرێت، ئەگەر بڕیار لەسەر سکاڵاکەو جێبەجێکردنی درابوو بەگوێرەی بارودۆخەکان، ئەگەر تەڵاقدان لەلایەن مێردەوە بەبێ هۆیەکی رەوا بەتەڵاقێك کە لەلایەن دادگاوە بەهۆی هەڵەی مێرد یان خراپی هەڵسوکەوتی دەرکرا، ئەویش پێش کۆتای هاتنی سێ ساڵ بەسەر راگرتنی گرتنەبەری رێوشوێنەکان".

لەم مادەیەدا جیاکاریو دڵداری لەگەڵ پیاوان لەسەر حسابی ژنان تێبینی دەکەین، ئەویش بەلابردنی تۆمەت لەسەر تاوانکاری لاقەکردن (جريمة الاغتصاب) ئەگەرهاتوو لاقەکراوەکەی



مارەکردو، لەحاڵەتی رونەدانی هاوسەرگیرییەکە بەزیندانیکردنی نیوان 7 بۆ 10 ساڵ سزادەدرێت، ئەوەندە هەیە دەسەڵاتی هاوپەیمانان بڕیاری کارگێڕی ژمارە 3 بڕگەی 2 لەمێژوی سیانزەی سێبتەمبەر 2004دا دەرکردو سزاکەی توندترکرد ماوەی زیندانیکردنی لە 10 ساڵەوە بۆ 15 ساڵ زیادکرد، تەنانەت لەگەڵ مارەکردنی لاقەکراوەکەش لەلایەن لاقەکەرەوە سزاکە راناگیرێت، پێویستە ئەم بڕیارە لەجێگەی مادەی 389ی یاسای سزادان وەربگیرێت.

لەهیچ مادەیەکی مادەکانی یاسای بنەبڕکردنی لەشفرۆشیدا (البغاء) ژمارە 8ی ساڵی 1988 هیچ بنەبڕێکی لەشفرۆشیم بەدینەکرد، بەپێچەوانەوە جیاکارییەکی ستەمکارانەی نێوان ژنانو پیاوانە، لەبەرئەوەی ژنی لەشفرۆش سزادەدات، بەڵام ئەوەی کارەکەی لەگەڵ کردوە سزانادرێت، بەڵکو شایەت دەبێت لەسەریو دەستبەجێ بەرەڵادەکرێتو، سزا دەدرێت بەوەی لایەنی لاوازە، جیاکاری لەم سزایەدا پێچەوانەی بنەماکانی ئایینی ئیسلامە کە لەم تاوانەدا هەمان سزای بۆ ژنو پیاو داناوە، کەواتە ئەم جیاکارییە بۆچی؟

شةشةم:

داوادەکەم تەواوی یاسای قەڵاچۆکردنی لەشفرۆشی هەڵوەشێتەوەو تەنها مادەی بنەبڕکردنی دەڵاڵیو بازرگانیکردن بەژنانەوە بهێڵرێتەوە، واتە تەنها سزدان لەسەر بابەتی دەڵاڵیو بازرگانیکردن بەژنانەوە بهێڵرێتەوە، لەبەرئەوەی لەرێزی ژنان کەمدەکاتەوەو لەمرۆڤبونی دەردەکاتو دەیکاتە کەرەستەیەك کە لەبازاڕی ژناندا کڕینو فرۆشتنی پێوەبکرێت، هەروەها لەبەرئەوەی پێشێلکردنی سەرجەم بنەماو پەیماننامەو یاسا نێودەوڵەتییەکانو مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە.

حةوتةم:

داوای دانانی یاسایەك دەکەین بۆ سزادانی ( تحرش)ی سێکسی لەرێگەی گشتیو لەمیانەی کارکردنو بەهۆی کارکردنەوە، لەبەر نەبوونی ئەم مادەیە لەیاسای سزادانی عێراقی، هاوشێوەی یاسای سزادانی بەحرێنیو، ئەوەش لەپێناو پاراستنی ژنان لەئیستغلالکردن، بەهۆی پێویستیان بەکارکردن لەلایەن خاوەنی کار یان لێپرسراوانی کارو فەراهەمکردنی پاراستنی یاسایی، ئەویش بەسزادانی کەسی(تحرش)کار.

هةشتةم:

داوای دانانی مادەیەکی یاسایی دەکەین کە لەیاسای سزادانی عێراقیدا نییە، ئەویش یاسای لاقەکردنی خێزانییە، چونکە مومارەسەکردنی پیاو لەگەڵ ژنەکەی بەزۆرو بەبێ ڕەزامەندی ژنەکە بەتاوان دادەنرێتو پێویستە یاسا سزایەکی بۆ دابنێت.

(1) شیکردنەوەی یاسایی زانستی ئەوەیە کەمومارەسەکردنی سێکس لەلای ژن بەتەنها بریتی نییە لەدوگمەیەك پەنجەی لەسەر دابنرێت، بەڵکو کۆمەڵە کارلێکێکی دەرونیو جەستەییو گیانییەو لەبەرئەوەی چێژی لێوەربگرێت مەرجە ئارەزوی لەسەری هەبێت، ئەگینا ئەگەر تەنها وەك ئەرکێکی سەرشانی ئەنجامی داو دور لەهەستو سۆز هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو لەشفرۆشییەی کەئارەزومەندی دەردەخات لەبەردەم میوانەکانیدا.

(2) دوایین زانیاری کەزانست پێیگەیشتووە بریتییە لەوەی کەژنان وەڵامدانەوەیان بۆ کاریگەرە بێژەییەکان لەقسەی خۆشو پیاهەڵدان هەیە، واتە هەستی بیستن (گوێ) لەلای ژن ئەندامی سێکسی زۆر هەستیاردەکات، بۆیە پێش دەستپێکردن بەمومارەسەکردنی سێکس لەگەڵیدا پێویستی بەدواندنی خۆشو ئامادەکردنی پراکتیکی هەیە، بەڵام پیاو بینیی دیمەن دەیبزوێنێ نەك بیستن، واتە چاو سەرچاوەی بزواندنییەتیو دەتوانێت بەبێ پێشەکی دەست بەمومارەسەکە بکاتو ئەوکات چەندین قۆناغی تێپەڕاندووە کەهێشتا ژنەکە پێی نەگەیشتووە.

لەبەر ئەم دوو هۆیە نابێت ژنان بۆ مومارەسەی سێکس ناچاربکرێنو دەبێت ئەو پیاوەی کە بەزۆر سێکس لەگەڵ خێزانەکەیدا دەکات بەلاقەکەر دابنرێتو هیچ کاتێك پەیوەستنامەی هاوسەرگیریی پاساودەری ئەم هەڵسوکەوتە ئاژەڵیانە نییە کەژن دەکاتە دەفرێك بۆ بەتاڵکردنەوەی ئارەزویەکی خۆپەرستانە.

نۆیەم:

داواکردنی مادەیەکی یاسایی نوێ بۆ ناو یاسای سزادان کەسزای تاوانی خەتەنەکردنی ژنان بدات، لەبەرئەوەی ئەوە تاوانە دەرهەق بەژنو یاسا، ئەم یاسایە بێبەشە لەم دەقە کەبۆتە مایەی ئەوەی تاوانێك بەبێ سزا بمێنێتەوە "نە تاوانو نە سزا هەیە ئەگەر لەدەقدا ئاماژەی پێنەدرابێت" و، هۆکاری یاساییو زانستی ئەم حاڵەتە بریتییە لەوەی کەخەتەنەکردن دەستدرێژیکردنێکی ئاشکرایە بۆ سەر جەستەو ئەوەش پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤە، وەك چۆن خەتەنەکردن یەکێك لەمافە سروشتییەکانی ژنان زەوتدەکات " مافی چێژوەرگرتنی سێکس هاوشێوەی پیاوان"، ناکرێت



دەستدرێژی بکرێتە سەر مرۆڤ یان هیچ مافێکی مرۆڤ زەوتبکرێت لەبەرئەوەی پێچەوانەیە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤو گشت یاسا نێودەوڵەتییەکانو پەیماننامەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان.

دەیەم:

لەیاسای سزادانی ژمارە 111ی ساڵی 1969 لەمادەکانی 2و 3و 4و 1/417و هەروەها مادەی 3/418دا هاتووە کەژن سزادەدرێت لەسەر لەباربردنی مناڵ بەئەنقەست کە " بریتییە لەخاڵیکردنەوەی منداڵدان لەئەنجامی کوتان پێش کاتی لەدایکبوون"، ڕێگەنەدراوە بە لەباربردن لەبارە زەرورەکاندا وەك ئەوەی سکەکە بکوژێت یان بەردەوامبونی ئەو سکە ببێتە هۆی مردنی دایك یان ئەوەی کەکۆرپەکە ناتەواوبێت، واتە هیچ ئیعتیبارێکی کۆمەڵایەتی یان زانستی رەچاونەکردوە.

لەکاتێکدا واپێویستی دەکرد ڕێگەی پێبدات لەبەر ئەو هۆیانەی ئاماژەی پێدرا، لەگەڵ وەرگرتنی ڕەزامەندی دایكو ڕێگرتن لەوەی لەدەرەوەی دامەزراوەی تەندروستی ئەو کارە ئەنجامبدرێت، بۆیە بەپێویستی دەزانین مادەکانی 2و 3و 4و 1/417و مادەی 3/418 هەڵبوەشێتەوەو لەجێگەیدا مادەیەکی یاسایی دابنرێت لەبەر ئەو هۆیانەی کەباسکرا ڕێگە بە لەباربردنی کۆرپە بدرێت.

## ڕاسثاردة لةسةر ياساى بارى كةسيَتى ذمارة 188ى سالَى 1959

یەکەم: هاوسەريَتى زؤرة ملىَ

لەبڕگەی 1 لەمادەی 9دا هاتووە: "هیچ کەسێك لەخزمو دۆستان مافی ناچارکردنی کەسێکی(نێر یان مێ) نییە بۆ هاوسەرێتی بەبێ ڕەزامەندی خۆی، ئەو هاوسەرگیرییە بەهەڵوەشاوە دادەنرێت ئەگەر چوونەلا ئەنجام نەدرابێت، وەك چۆن ناکرێت هیچ خزمو دۆستێك ڕێگربن لەبەردەم هەر کەسێك کەبۆ هاوسەرگیری گونجاوبێت، بەگوێرەی بڕگەکانی ئەم یاسایە لەهاوسەرگیریدا."

یاسادانەر هاوسەرگیرییەکەی پێش چوونەلا(الدخول)ی بەهەڵوەشاوە داناوە، کەچی پاش چوونەلای بەدروست زانیوەو کەسی ناچارکراو مافی داوای جیابونەوە (الطلاق)ی هەیە، واتە جیابونەوە لێرەدا، لەکاتێکدا دەبوو کەپەیوەستنامەکە لەبنەڕەتەوە بەهەڵوەشاوە دابنرێت لەبەرئەوەی بەزۆر ئەنجامدراوەو نەدەبوو بەپەیوەستنامەیەکی دروست دابنرایە، کەواتە، دەبێت ئەو پەیوەستنامەیەی کە بەزۆرلێکردنبووە بەهەڵوەشاوە دابنرایە بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان پێش یان پاش چوونەلا، چونکە ئەوەی لەسەر هەڵوەشاوە بونیادبنرێت بەهەڵوەشاوە دادەنرێت، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی ئەم مادە یاساییە لەبەرئەوەی جیاکاری لەنێوان ژنو پیاودا دەکات.

دووەم:

مادەی 4/25 و 5ی تایبەت بەنشوزی ژنو مادەی 25 أ و ب ی تایبەت بەگوێڕایەڵی.

"لەسەر دادگایە بڕیار لەسەر نشوزی ژن بدات پاش ئەوەی هەموو هەوڵەکانی دەگەنە بنبەست لەلابردنی ئەو هۆیانەی دەبنەرێگر لەبەردەم گوێڕایەڵیدا".

یاسا پشتهەڵکردنی پیاوی لەژنەکەی بەنشوز دانەناوە، بەڵکو نشوزی تایبەتکردوە بەژنانەوە.

لەمادەی 25 (أ) و (ب)دا هاتووە: "ژن مافی نەفەقەی نییە لەم بارانەدا:

أ –ئەگەر ماڵی هاوسەرێتی بەبێ پرسو بەبێ بیانویەکی شەرعی بەجێهێشت.

ب - ئەگەر بەبێ بیانویەکی شەرعی لەگەڵ مێردەکەی سەفەر نەکات."

ئەم دوو مادەیە جیاکاری دژی ژن دەکاتو یەکسانی لەنێوان ژنو پیاودا لەمافو ئەرکەکانی بەستنی هاسەرێتی لەماوەی هاوسەرایەتیو دوای هەڵوەشاندنەوەشی بەرقەرارنەکردوە، ئیتر چ پێویست بەنشوزکردنی ژن دەکات؟.. ژن مرۆڤێکی ئازادە لەژیانیداو ناچارناکرێت لەگەڵ کەسێکدا بژی کە رەتیکردوەتەوە، ئینجا ئایا بانگەشەی گوێڕایەڵی سودێکی هەیە لەگێڕانەوەی ژیانی هاوسەرێتیدا؟.. بەڵکو بەپێچەوانەوە، بەپێی ئەم دوو مادەیە لەیاسای باری کەسێتیدا ژن لەلایەن مێردەوە ئیستغلال دەکرێت بۆ ئەوەی ناچاربکرێت دەست هەڵبگرێت لەمافەکانی بەرامبەر بەجیابونەوە یان بەرامبەر بەوەرگرتنی منداڵەکانی، لەسەر ئەم بنەمایانە دەبێت ئەم دوو مادەیە لەیاسای باری کەسێتی هەڵبوەشێنرێتەوە.

سێیەم:

هەڵوەشاندنەوەی مادەی 39 لەهەمان یاسا کەتایبەتە بەتەڵاقدانی رەمەکیانە.

مادەی 39 دەڵێت: "ئەگەر مێرد ژنەکەی تەڵاقداو بۆ دادگا رونبووە کەپیاوەکە رەمەك (متعسف) بووە لەتەڵاقدانەکەو ژنەکە بەم هۆیەوە زیانی پێگەیشتووە، دادگا داوا لەتەڵاقدەر دەکات کەقەرەبووی بکاتەوە بەجۆرێك کەگونجاو بێت لەگەڵ باری ماددییو پلەی رەمەکییەکەی، بێجگە لەمافەکانی تری نەفەقەکێشانەکەی کە لەدوو ساڵ تێنەپەڕێت".

لەبەرئەوەی لەم مادەیەدا رەوایەتی دەدات بەتەڵاقدەری رەمەك (بێ هۆ) لەتەڵاقدانی ژنەکەیدا، لەکاتێکدا نابێت تەڵاق روبدات بێجگە لەدادگاو لەبەردەم دادوەرو بەئامادەبونی ژنەکەو، داننەنان بەتەڵاقی دەرەوە بەتەڵاقێکی دروست، بەمشێوەیە رێگری لەرەمەکیو نادادپەروەریو جیاکاری لەنێوان ژنو پیاودا دەکەین.

ضوارةم:

داوای هەڵوەشاندنەوەی مادەی 91 دەکەین کەجیاکاری لەنێوان ژنو پیاودا دەکات لەروی مافەکانیان لەمیراتگیریی یەکتر لەکاتی مردنو لەگەڵ داوای یەکسانی لەمیرات لەکاتی مردندا..

لەمادەی 1/91دا هاتووە:



"مێرد لەگەڵ لقی میراتگر یەك لەسەر چوار، و لەگەڵ نەبونیدا نیوەی دەکەوێت، بەڵام ژنەکە (الزوجە) یەك لەسەر هەشتی دەکەوێت لەکاتی بوونی لقی میراتگرو یەك لەسەر چوار لەکاتی نەبونیدا".

ثێنجةم:

داواکردنی هەڵوەشاندنەوەی مادەی 1/52 کەجیاکاری لەنێوان ژنو پیاودا دەکات لەحاڵەتی ئیسپاتکردنی رەچەڵەکی مناڵێکدا، چونکە کاتێك ژنێك دان بەو رەچەڵەکەدا دەنێت دەبینی ئیسپات نابێت کەچی گەر پیاوێك تەنانەت لەسەرە مەرگیشدا لەکاتی (نەخۆشی مردن)دا دانی پێدا بنێت یان بەپێچەوانەوە دەبینی ئەو ئیسپاتکردنە بەهەند وەردەگیرێت.

شةشةم:

داوای دانانی مادەیەکی یاسایی لەیاسای باری کەسێتیدا دەکەین کەمافی داواکردنی تەڵاق لەدەست ژندا بێت بەهەمان شێوەی پیاو بەهاوڕا بوون لەگەڵ بیروبۆچونی ئاییزای حەنەفی کە لەکاتی پەیوەستنامەی هاوسەرێتیدا دەیکاتە مەرج: " خۆم لێ مارەبڕیت بەمەرجێك مەسەلەی تەڵاقم بەدەستی خۆم بێت" ئەگەر پیاوەکە رازی بوو مەرجەکەو پەیوەستنامەکە دروست دەبێتو مافی تەڵاقدان دەکەوێتە دەست ژن.

مافی تەلاقدان لەلایەن ژنەوە لەشەرعدا هەیە، ئەوەندە هەیە ژن مەسەلەی تەڵاقدانەکەی لەدەست پیاودا دەهێڵێتەوە لەبەر شەرم کردنی، یان بێئاگابونی لەم مافەی خۆی.

حةوتةم:

داوای داڕشتنی مادەیەکی یاسایی دەکەین کەشێوازی دەستکەوتنی " نەفەقە" لەخۆبگرێت بەرێنمایی یاسای وڵاتە پێشکەوتووەکانی عەرەب، ئەویش بەدانانی سندوقی نەفەقەی هاوسەری تەڵاقدارو منداڵە ناکامەکانیو دەستبەجێ لەگەڵ دەرچونی بڕیاری وەرگرتنی نەفەقەدا، بتوانێت دەستی لەسندوقی دابینکردنی نەفەقەی سەر بەدەوڵەتو دەوڵەت لەلای خۆیەوە ئەو بڕە پارەیە لەپیاوەکە وەربگرێت، چونکە مادە یاساییەکانی تایبەت بەنەفەقە هیچ کەموکوڕییەکی نییە، بەڵام وەرگرتنەکەی چەندین رێگری دێتەپێش کەپیاو لەمیانەیانەوە بۆی دەلوێت خۆی بدزێتەوە، ئەمەش سەرباری ئەوەی سندوقی دابینکردنی نەفەقە ئەو خەرجییانەی بۆ دەستکەوتنی نەفەقەکەیە بۆ ژن دەگەڕێنێتەوە، چونکە زۆرجار تێچوی بەدەستگەیشتنی نەفەقە لەبڕی نەفەقەکە زیاتر بووە.

هةشتةم:

هەمواركردنی بڕیاری ژمارە 11ی ساڵی 1994  كەرێگە بەژنی تەڵاقدراو دەدات لەماڵی هاوسەریدا بمێنێتەوە، ئەگەر تەڵاقدانەكە لەلایەن مێردەكەوە بێتو ماوەی مانەوەكەش بۆ ماوەی سێ ساڵ دەبێت، هەمواركردنی ئەم بڕیارە بەجۆرێك بێت كەمانەوەكە بكاتە مافێكی ژن جا داوای تەڵاقەكە لەژنەكەوە بێت یان لەپیاوەكەوە، مادام بەخێوكردنی منداڵەكانی لەئەستۆدایە تا كۆتایهاتنی بەخێوكردنی منداڵ یان تا بەخێوكردنی منداڵەكانی لەسەرنامێنێت، جا بەهەر هۆیەكەوە بێت، ئەمەش لەپێناو هێشتنەوەی ئارامی دەرونی بۆ منداڵەكانو ئاوارەییو پاراستنی كیانی خێزانی.

نۆیەم:

هەڵوەشاندنەوەی مادەی (25 أ) كەژن لەنەفەقە بێبەشدەكات، لەبەرئەوەی پێشێلكردنی مافێكی شەرعی ژنە، كە بەهۆیەوە ژیان دەگوزەرێنێت، "ژن نەفەقەی ناكەوێت لەم حاڵەتانەدا:

أ) ئەگەر ژنەكە ماڵی ژنو مێردایەتی بەبێ پرس یان بەبێ بیانوی شەرعی بەجێهێشت".

چونكە زۆرجار مێردەكە فشار دەخاتە سەر هاوسەرەكەی بۆ جێهێشتنی ماڵی ژنو مێردایەتی بەمەبەستی بێبەشكردنی لەنەفەقە.

دەیەم:

هەڵوەشاندنەوەی مادەكانی (3)و (4)و (5)و (6) بەتەواوەتی كەرێگە بەپیاو دەدات زیاتر لەیەك ژن بهێنێت، لەبەرئەوەی جیاكاری دەكات لەنێوان ژنو پیاوداو هەروەها لەبەرئەوەی لەرێزی ژن كەمدەكاتەوەو دەبێتە مایەی سوكایەتی پێكردن، لەبەر چەندین هۆی تری وەك دەربەدەربونی منداڵو پەروەردەبونیان بەپەروەردەیەكی كەموكورتو ناتەندروست.

یانزەیەم:

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری 147ی ساڵی 1982 كەبۆ گەڕاندنەوەی ژنی تەڵاقدراوە، كەپێش گەڕانەوەی ژنە تەڵاقدراوەكە ژنێكی تری هێنابێت ئەمە بەهێنانی ژنێكی تر دانانێت، واتە ئەم گەڕاندنەوەیە بەهێنانی ژنی دووەم دانانێت.

دوانزەیەم:

هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری 189ی ساڵی 1980 كەرێگە دەدات بەهێنانی زیاتر لەیەك ژن لەحاڵەتێكدا ئەگەر ژنی دووەم بێوەژن بێت، دانانی یاسایەك كەفرەژنی قەدەغەبكاتو بەتاوانی بناسێنێتو سزای زیندانیكردنی لەسەر دابنێت، لەم روانگەیەوە یاسادانەرانی كوردستان هەنگاوێكی باشیان هەڵگرتوە كاتێك هێنانی ژنی دووەمیان قەدەغەكردوە.

سیانزەیەم:



هەمواركردنی مادەی یاسایی 5/10 لەیاسای باری كەسێتی لەحاڵەتی زەواجی دەرەوەی دادگا كەتیایدا هاتووە:

"هەر مێردێك كەپەیوەستنامەی هاوسەرێتییەكەی لەدەرەوەی دادگا ئیمزابكات سزادەدرێت بەزیندانیكردن بەماوەیەك كە لەشەش مانگ كەمتر نەبێتو لەیەك ساڵ زیاتر نەبێت یان غەرامەیەك كە لەسێ سەد دینار كەمتر نەبێتو لەهەزار دینار زیاتر نەبێت، ئەگەر پیاوەكە خێزانداربوو لەدەرەوەی دادگا پەیوەستنامەی هاوسەرگیری ژنی دووەمی ئیمزاكرد سزای زیندانیكردنەكە ماوەیەك دەبێت كە لەسێ ساڵ كەمتر نەبێتو لەپێنج ساڵ زیاتر نەبێت ".

ضواردەیەم:

زیادەڕەوی نەكردن لەمارەیدا بەمەبەستی جیاكاری ژن لەپیاوو لەبەرئەوەی مۆركی كڕینو فرۆشتن بەسەر پرۆسەكەدا دەسەپێنێت، پێویستە سزای مارەبڕینی دەرەوەی دادگا توندبكرێت بەوەی سزاكە زیندانیكردنو غەرامەش پێكەوە بگرێتەوە.

ثانزەیەم:

قەدەغەكردنی هاوسەرگیری پێشوەخت بۆ ئەوانەی نەگەیشتونەتە تەمەنی هەژدە ساڵ بۆ هەردوو رەگەزەكە مەگەر لەسنورێكی زۆر تەسكداو، بڕیاری دادوەر بەرێگەدانی هاوسەرگیری خوار تەمەن هەژدە ساڵ بەتەواویو پابەندانە جیابكرێتەوە لەلای دادگاكانی تەمیزو پەسەندبكرێت، واتە ناكرێت رێگە بەهاوسەرگیری پێشوەخت بدرێت تەنها لەو حاڵەتانەدا نەبێت هەموو رێگەكانی تانەلێدان گیرابێتەبەر.

## راسثاردةكان سةبارةت بةياساى مةدةنى ذمارة 40ى سالَى 1959ء هةمواركردنةكانى:

لەمادەی ژمارە 201دا هاتووە:

"وەلی منداڵ باوكیەتی، ئینجا راسپێردراوی باوكی، ئینجا راسپێردراوی باپیری، ئینجا دادگا یان ئەو بەخێوكەرەی كەدادگا رایدەسپێرێت".

لێرەدا لەم مادەیەدا تێبینی جیاكاری لەدژی ژن دەكەین، بەجۆرێك یاسادانەر وەصی باوكو باپیرو دادگای پێش دایك خستووە، لەكاتێدا دەبوو پاش مردن یان نەمانی مێرد دایك وەلی بێت، چونكە لەوان نزیكترە، كەواتە پێویستە مادەی ( 201) هەڵبوەشێنرێتەوەو بەم شێوەیەی لێبكرێت:

"وەلی منداڵ باوكیەتی، ئینجا دایكی، لەحاڵەتی نەمانیاندا باپیری".

## راسثاردة لةياساى رةطةزنامة ذمارة 43ى سالَى 1963ء هةمواركردنةكانى:

مادەی 3 لەیاسای رەگەزنامە دەڵێت ژنی عێراقی ئەگەر رەگەزنامەكەی ونكرد مافی ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە بۆ رەگەزنامەی عێراقی لەحاڵەتێكدا ئەگەر مێردە ناعێراقییەكەی رەگەزنامەی عێراقی پێبەخشرابێت یان كاتێك هاوسەرگیری لەگەڵ كەسێكدا كردبێ كەخاوەنی رەگەزنامەی عێراقی بێت لەمێژوی پێشكەشكردنی داوایەك بۆ ئەو مەبەستەو دەبێت لەكاتی پێشكەشكردنی داواكەدا لەعێراقدا بێتو هەروەها لەحاڵەتی مردن یان تەلاقدان یان هەڵوەشاندنەوەی پەیوەستنامەی هاوسەرگیرییەكەدا رەگەزنامەكەی بۆ دەگەڕێتەوە.

ئەم مادەیە دەخوازێت رەگەزنامەی ژنی عێراقی بەپاشكەوتنی رەگەزنامەی هاوسەرەكەی بگۆڕێتو لەكاتی هاوسەرگرتندا یان لەكاتی گۆڕینی رەگەزنامەی هاوسەرەكەیدا، رەگەزنامەكەی گۆڕینی بەسەردا بێت، ئەمەش بەرجەستەكردنی نایەكسانییە بەهۆی رەگەزەوە لەنێوان ژنو پیاودا.

یەكەم:

داوای دیارینەكردنی یان بەدەستهێنانی یان لەدەستدانی رەگەزنامەی مێرد لەسەر رەگەزنامەی ژنەكەی دەكەین، هەروەها هەمواركردنی مادەی 3 لەیاسای رەگەزنامەی ژمارە 43ی ساڵی 1963ی هەمواركراو.

دووەم:

مادەی 13 لەیاسای رەگەزنامە هەردوو بڕگەی (1)و (2)ی رەگەزنامەی منداڵ بەپێی رەگەزنامەی باوك دیاریدەكاتو لەمافی دەستكەوتنی رەگەزنامەی دایك بێبەشی دەكات، لەم روانگەیەوە، داوادەكەین یاسایەكی ئەوتۆ دابنرێت كەمافی وەرگرتنی رەگەزنامەی دایك هاوشێوەی وەرگرتنی رەگەزنامەی باوك بەڕەوا بزانێت.

## راسثاردةكان سةبارةت بةياساى فێَركردن:

**يةكةم:**

داوای دەقێك دەكەین بۆ دانانی بەرنامەیەكی فێركردن لەپرۆگرامەكانی خوێندنی سەرەتاییەوە تا خوێندنی زانكۆیی نەوەكان مەشق پێبكات لەسەر مافە بنەڕەتییەكانی مرۆڤو جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤو رێكەوتننامەو پەیماننامە نێودەوڵەتییەكانو چۆنێتی مومارەسەكردنو جێبەجێكردنی لەسەر زەمینەی واقیع، لەپێناو پێگەیاندنی نەوەیەكی بەهێزو ئازادو پێشكەوتوخواز لەروی بونیاتی ئەخلاقییەوە.

دووەم:



كاراكردنی گشت دەقە یاساییەكانی پەیوەست بەبانگەشەی خوێندنی بەزۆرو بەخۆڕاییو توندكردنی سزاكەی لەكاتی هەڵاتن لەقوتابخانە.

**سێيةم:**

دانانی پرۆگرامی خوێندنی تایبەت بەرۆشنبیری سێكسیو مەسەلەكانی رێكخستنی خێزانو ئەو نەخۆشیانەی لەرێگەی پەیوەندی سێكسییەوە توشی مرۆڤ دەبن، لەقۆناغی ناوەندییەوە تا خوێندنی زانكۆیی.

ضوارةم:

دەقی ئاشكرا سەبارەت بەگرنگی چالاككردنی دەقە یاساییەكانی پەیوەست بەیارییە وەرزشتییەكانو پەروەردەی جەستەیی لەبەر گرنگی دەربڕینی وزەی كەڵەكەبوو، و دوبارە بەشداریكردنەوە لەچالاكییە وەرزشییەكانو فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەكان.

ثێَنجةم:

داهێنانی دەقێكی یاسایی كە بەشێوەیەكی زانستیو پێشكەوتوو باس لەدیراسەكردنی دەرونی خوێندكار بكاتو، ئەمەش بەئامادەكردنی كادری زانستی تایبەتمەند دەبێت بۆ ئەم ئەركە.

شةشةم:

داهێنانی دەقێكی یاسایی تایبەت بەهەڵسەنگاندن سەبارەت بەكادری فێركاری لەسێ پسپۆڕیدا:

1. سەرپەشتیاری كارگێڕیی.
2. سەرپەرشتیاری پسپۆڕی.
3. سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.

لەبەرئەوەی ئێستا هەڵسەنگاندن بەتەنها لەرێگەی سەرپەرشتیاری كارگێڕییەوە دەبێت، ئەمەش بەكەموكورتی دادەنرێت لەپرۆسەی هەڵسەنگاندنی راستەقینەو تەواودا.

## راسثاردةكان سةبارةت بةياساى تةندروستى ذمارة 89ى ساڵى 1981:

ئەم یاسایە لایەنی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، هەرچەندە دوچاری پشتگوێخستنو پەراوێزخستن بووەتەوە، نەك لەبەر ئابڵۆقەی ئابوری، بەڵكو بەهۆی سیاسەتی حكومەتی ئەو كاتەوەو، ئابڵوقەش جگە لەئەنجامی سیاسەتی حكومەت چی تر دەگەیەنێ؟

یەكەم:

داوای چالاككردنی گشت دەقە یاساییەكان دەكەین، سەرباری دژایەتیكردنی گەندەڵی كارگێڕیی لەدامەزراوەی تەندروستیدا.

دووەم:

چالاككردنی مادەی 9 لەیاسای تەندروستی ژمارە 89ی ساڵی 1981 كەبریتییە لە:

"دانانی بوارە تەندورستیو ژینگەییەکان لەپرۆگرامەکانی خوێندنو لەمیانەی پرۆسەی پەروەردەیدا".

## راسثاردة سةبارةت بةياساى خزمةتى مةدةنىء ئةيمانطاى دادوةرى:

یاسای پەیمانگای دادوەری وەرگرتنی ژنانی لەپەیمانگاکەدا جیاکردوەتەوە، ئەگەرچی ئێستا دەرگاکانی بەروی فێرخوازانی ژناندا کراوەتەوە بۆ ئەوەی لەئایندەدا ببنە دادوەر، هێشتا پرسیاری زۆر گرنگ ئەوەیە، ئەو پلەیە چییە ژن بەدەستی دەهێنێت، ئایا جیاوازی لەنێوان ئەمودادوەردا دەبێت؟.. یان ئایا دەبێتە دادوەری تاوانکاری یان دادوەری تەمیز؟..

بۆیە پێویستە دەقێکی رونو ئاشکرا هەبێت لەپەیمانگای دادوەریدا کەرێگە بەوەرگرتنی ژنان بدات هاوشێوەی پیاوان، لەوەرگرتنی پۆستەکاندا جیاکارییان لەدژ نەکرێتو، بەرونی مەرجگەلێك لەخۆبگرێت کەژنانیش بتوانن هاوشێوەی پیاوان بچنە سەر سەکۆی دادگای تاوانکاریو دادگاکانی تەمیز.

## راسثاردةكان سةبارةت بةياساى كاركردن ذمارة 71ى سالَى 1987:

### يةكةم:

پێویستە دەقێکی یاسایی بێتەئاراوە کەگشت پیشەو کارەکان لەبەردەم ژندا والابکات هاوشێوەی پیاوان، کە پێشتر بەهۆی سیستمی سیاسی یان بەهۆی کلتوری کۆمەڵگە، یان بەهۆی دابونەریتە کۆنخوازەکانەوە لێی قەدەغەکرابوو.

### دووةم:

گۆڕینی دەقی مادەی 68 لەیاسای کاری ژمارە 71ی ساڵی 1978. "کرێکاری دایك رەزامەندی خاوەنکاری هەیە بۆ مۆڵەتی دایکایەتی بەتایبەت بەبێ کرێ بۆ ماوەیەك کە لەساڵێك زیاتر نەبێت کەتیایدا چاودێری منداڵەکەی دەکات ئەگەر ساڵی تەواونەکردبوو". داوادەکەین ئەم دەقە بۆ کارکردن لەکەرتی تایبەتیش کارابکرێتو بکرێتە مۆڵەتی دایکایەتی بەموچەی تەواوەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ.

## راسثاردةكان سةبارةت بةياساى بيمةى كؤمةلآيةتى ذمارة 39ى سالَى 1971:

### يةكةم:

لەیاسای بیمەی کۆمەڵایەتیدا دەقێك نییە سەبارەت بەدابینکردنی بژێوی بۆ ئەوانەی بێکارن بەهۆی نەبوونی هەلی کارکردن یان بێتوانایی یان پیرییەوە، بۆیە پێویستە بەدەقێك جەخت لەسەر پێدانی موچەی مانگانە بەبێکاران بکاتەوە تا ئەو کاتەی کارێکی گونجاویان چنگدەکەوێتو هەروەها بۆ بێوەژنو تەڵاقدراوو ئەوانەی بەهۆی بێتوانایی یان پیرییەوە بێکارن.

### دووةم:



دانانی دەقێکی یاسایی سەبارەت بەدابینکردنی شوێنی نیشتەجێبون بۆ هەموو هاوڵاتییەك کەئەرکی حکومەتە بۆیان دابین بکات.

### سيَيةم:

دەقێك بۆ دابینکردنی بیمەی تەندروستی بۆ هەموو تاکێك لە لەدایکبونییەوە تاوەکو مردنی.

ئەمەو لەکۆتایدا هیواخوازم لەکارەکەمدا سەرکەوتوو بوبێتمو بەناوی خۆمو سەرجەم ژنانی عێراقەوە داوادەکەین ئەم راسپارانەدا لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا رەچاوبکرێن.

**لەگەڵ تەواوی رێزدا**

# تێڕوانینێکی خێرا لەسەر باری کۆمەڵایەتی ژن لەعێراقو خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ دەستوری هەمیشەیی عێراق

**پارلەمانتار: فیحا زەین ئەلعابدین ئەلبەیاتی**

گەلی عێراق لەساڵی 1968ەوە تاروخانی رژێم لە9ی ئەپرلی 2003دا بەبارودۆخێكی زۆر گرانو ناهەمواردا تێپەڕیوەو ژنان لەهەموان زیاتر بەم بارودۆخە كاریگەربوون، ژن دوجار دوچاری نەهامەتی بووەتەوە، جارێك وەك خۆی كەئەندامێكە لەگەلەكەیو، جارەكەی تریشی كاتێك كەخێزانەكەی بەخێوكەرەكەی لەدەست دەدات، ئیتر دایكێكی غەمبارو ژنێكی بێوەژنو خوشكێكی ستەمدیدەو كچێكی بێبەش لەسۆزو خۆشەویستی، سەرباری گشت ئەو نەهامەتیانەی دوچاری بووە هێشتا توانیویەتی بوونی خۆیو تواناكانی بسەلمێنێت، لەساڵەكانی جەنگدا ژن لەدەرەوەی ماڵ كاریكردوەو كاروباری خێزانی لەئەستۆ گرتوەو چاودێری منداڵەكانی كردوە كاتێك پیاو ئامادە نەبووەو ناچاركراوە بچێتە ریزەكانی سوپا، یان سوپای میللیو بەتێپەڕبونی كات لەكۆمەڵگەی عێراقیدا ژمارەی ژنان بەبەراورد لەگەڵ پیاواندا روی لەزیادبوون كردووە لەدەرئەنجامی شاڵاوەكانی لەسێدارەدانو زیندانی كردنو سەرباری جەنگە درێژخایەنەكانو كوشتنو كۆچی ئەوانەی لەتوانایاندا بوو بچنە دەرەوەی وڵات بۆ هەڵاتن لەم واقیعەتاڵەو گەڕان بەدوای ئارامیو بژێوی ژیاندا لەدەرەوەی سنورەكانی نیشتمان، ئەمانە رازیبون بەتاڵیی غوربەتو بەوپەڕی تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی گەڕانەوەن بۆ خاكی نیشتمان، لەئاكامی ئەمەش ژمارەی ئەو ژنانەی كەنەچوونەتە ژیانی هاوسەرێتییەوە زیادیكردووە لەئەنجامی هەموو ئەو هۆیانەی كەبوونەتە مایەی زیادبوونی رێژەی كچان لەنێو ژناندا، كەئەوانیش:

### 1. باری كۆمةلآيةتی:

ترسی خێزانەكان لەدەستی ستەم كەدەگەیشتە ناسیاوو ئەندامانی خێزانو تەنانەت هەندێكجار دەگەیشتە پلەی سێیەمو چوارەم وایكردبوو كەخێزانەكان خۆیان بەدوربگرن لەهێنانی كچ یان خوشكی كەسێكی لەسێدارەدراو یان زیندانی یان نادیار لەلای دەزگا ئەمنیەكان بۆ كوڕەكانیان، بەمشێوەیە شەمەندەفەری تەمەن دەڕۆیشتو لەژێر تایەكانیدا گەنجێتی كچانی دەهاڕی.

### 2. جةنطةكان:

جەنگە درێژخایەنو سەختەكان كەسوتەمەنییەكەی گەنجانو پیاوانی عێراقو بەتایبەتی ئەوانەی لەتەمەنی هاوسەرگیریدا بوون، بوو كەرێژەیەكی بەرزی دوو نەوەو نیوی گەنجانی ئەو سەردەمە "لەدایكبونی پەنجەكانو شەستەكانو هەفتاكان"ی لەناوبردو ئەمەش وایكرد كچانی ئەم نەوانە بەبێ گەنجانی هاوتەمەنی خۆیان بمێننەوە، لەسەریان بوو هاوسەرگیری لەگەڵ لەخۆیان گەورەتر یان لەخۆیان بچوكتر بكەنو زۆرێكیش بەبێ زەواج مانەوە، سەرباری ئەو ژنانەی لەسەرەتای ژیانی هاوسەرێتیاندا جەنگ هاوسەرەكانی لێسەندنەوەو بوونە بێوەژنو بەهەر هۆیەك بێت زۆر بەكەمی بواری زەواجێكی نوێیان لەبەردەمدا رەخساوە.

### 3. باری ئابوری:



بەهۆی بەردەوامبوونی جەنگەكانو ناردنی پیاوانو گەنجان بۆ بەرەكانی جەنگو خزمەتی زۆرەملێی سەربازییو خزمەتی سوپای میللی، ئاستی ئابوری گەنجی عێراقی بەرەو داڕوخان رۆیشتو، پاشان ئابلۆقەی سەپێنراو بەسەر گەلی عێراقدا " ئەمە دەڵێم، چونكە ئابلۆقەكە كاریگەری لەسەر سەركردایەتیو دەوروبەرەكەیان نەبوو" لەئاكامی جەنگی دووەمی كەنداو نرخی بازاڕ بەرزبوەوەو موچە دابەزی "موچە وەك خۆی مایەوە"، هەروەها دابەزینی سەرچاوەكانی تری بژێوی وەك بازرگانیو كشتوكاڵو ئەوانیتر، ئەم بارودۆخانە وایكرد گەنجان بیر لەكۆچ بۆ هەندەران بكەنەوە لەپێناو دەسكەوتنی هەلی كارو دواتریش زۆرێك لەوانە هاوسەرگیرییان لەو وڵاتانەدا ئەنجامدا كەلێی دەژیانو، ئەوانەشی توانای كۆچیان نەبوو ململانێی ژیانیان دەكردو خێزانەكانیان بەخێودەكردو خۆیان بوونە قوربانی تا ئەوكاتە شەمەندەفەری تەمەن بەجێی هێشتن، لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی خێزانێكی نوێ بەڕێوە بەرن.

### 4. زؤرى مارةيىء هاوسةرطيرى نيَوان خزمان:

ئەمانە دوو پەتای كۆمەڵایەتین كە لەهەندێك لەتوێژەكانی كۆمەڵگەی عێراقیدا ماونەتەوە، بەجۆرێك هەندێك لەخێزانەكان زەواجی كچی مام یان خاڵ دەسەپێنن ئەگەر چی بەڕەزامەندی خۆشیان نەبێت بەپاڵنەری عەشایەری یان دارایی یان مەزهەبی..هتد.

ئەم حاڵەتانەو ئەوانەشی هاوشێوەن كاریگەری كۆمەڵایەتی تریان هەبووە وەك:

- حاڵەتی فرەژنی.
- حاڵەتی "هاوسەرگیری كاتی"، یان هاوسەرگیری بۆ چێژ.
- حاڵەتی هاوسەرگیری نهێنی .
- لادان بەرەو "فەساد".

هەریەك لەم حاڵەتانەی ئاماژەیان پێدرا خراپیو كاریگەری نێگەتیڤی لەسەر كۆمەڵگەو لەسەر ئایندەی نەوەی نوێ هەیە.ئەگەر رابردومان لەدۆخی خۆیدا جێهێشت "بەچاوی ئەمڕۆ" روانیمانە ئایندەو باری ژنی عێراقیو ئەو مافە سیاسیو كۆمەڵایەتیانەی لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا دەستەبەریكردوە ئینجا مافەكانی لەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا یان هەقی داوەتیێ؟ یان ستەمی لێكردووە ؟

دەستوری عێراق كەمتمانەی گەلی لەرێگەی دەنگدانەوە لە 15ی ئۆكتۆبەری 2005دا بەرێژەی ٪78 بەدەستهێناوە، بە " پێشەكی"یەك دەست پێدەكات كەتیایدا پێكهاتەكانی گەلی عێراق بەهەموو نەتەوەو بەشەكانیەوە دەخاتە روو، باس لەنەهامەتیەكانیان دەكات كەخوازیارن ببێتە بەشێك لەو مێژووەی كەناگەڕێتەوەو ئینجا بەدەق هاتووە " گەلی عێراقی كەتازە لەچەپێنراوی

هەستاوەو چاوی لەئایندەیەتی لەمیانەی سیستەمێکی کۆماری فیدرالی دیموکراسی فرەیی لەسەریەتی دادپەروەریو یەکسانیو بایەخدان بەژنو منداڵو کاروبارەکانی بدات" ئینجا بەشی یەکەم بۆ پرەنسیپە بنەڕەتییەکانو بەشی دووەم بۆ مافو ئازادییەکان تەرخان دەکات.

لەمادەی "14"ی بەشی یەکەم، دەروازەی دووەم "مافە مەدەنیو سیاسییەکان"دا بەدەق هاتووە "عێراقیەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن بەبێ جیاکاری بەهۆی رەگەز یان نەژاد..هتدا."

لەمادەی "15"دا "هەر تاکێك مافی ژیانو ئاسایشو ئازادی...تد، هەیە.".

مادەی " 16"دا " هەلی وەکیەك " هاوتایی لەهەلدا" مافێکی دەستەبەرکراوە بۆ گشت عێراقییەکان....تد

بەمشێوەیە گوتاری پیاوسالاری لەدەستوردا تێبینی دەکەین کە بەتەنها واژەی " العراقیون" هاتووە بەبێ ئاماژەدان بەژنان وەك ئەوەی بنوسرێت " العراقیون والعراقیات" ئەم دەستەواژەیە بەمشێوەیە لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە " المومنون والمومنات، الصابرون والصابرات"و زۆر نمونەی تر.

ئەگەر لەمادەی " 14"دا دەقێك " بەبێ جیاکاری بەهۆی رەگەز"ەوە هاتبێت ئەوا لەمادەی "16"دا تێیدا نییەو لەداهاتودا لەوانەیە کەسانێك بێن نکوڵی لەم مافەی ژنان بکەن.

مادەی "18" یەکەم: "عێراقی هەر کەسێکە لەباوکێك یان لەدایکێکی عێراقی لەدایکبووبێت، پێش راپرسیەکە هەموار کراو ئەم دەستەواژەی بۆ زیاد کرا "بەپێی یاسا رێکدەخرێت"، لێرەدا پێشنیار دەکەین یاسا رەچاوی باری کۆمەڵایەتیو دەرونی ژنان بکات نەك ئامانجە سیاسییەکان.

دووەم لەهەمان مادە: " رەگەزنامەی عێراقی مافی هەر عێراقییەکەو بنەمای هاوڵاتیبوونیەتی"، بەهەمان شێوە لەگشت بڕگەکانی ئەم مادەیەدا.

ئێمە پێشنیار دەکەین کە لەپێشەکییەکەیدا ئەمەش زیادبکرێت، هەموو کاتێك لەکاتی بەکارهێنانی "العراقی" مەبەست لێی " العراقیە" شە، بەجۆرێك زامنی مافی ژنان بکاتو داننان بێت بەو بایەخەی لەپێشەکییەکەیدا هاتووە، یان ئاماژە بەوە بکرێت لەهەر جێگەیەکی دەستورەکەدا کەواژەیەکی تایبەت بەنێر هاتبێت بەهەمان شێوە مەبەست لێی ژنیش بێت.

ئەگەر وادابنێین کەمەبەستەکە بەبێ رونکردنەوە، واتە بەکارهێنانی وشەی "عێراقی" مەبەست لێی هەموو پیاوو ژنێکی عێراقییە– کەواتە بۆچی لەمادەی "20" بەدەق هاتووە "هاوڵاتیان پیاوانو ژنان مافی بەشداربوونیان هەیە لەکاروباری گشتیدا، هەروەها بەهرەمەند بوون لەمافە رامیارییەکان..تد..".



لەمادەی "21"دا هاتووە، یەکەم: " رێگە نادرێت عێراقی بدرێتە دەست لایەنو دەسەڵاتەکانی بێگانە "ئایا ئەمە بەمانای ئەوەیە "عێراقیە" واتە ژنی عێراقی دەکرێت بدرێتە دەست لایەنو دەسەڵاتەکانی بێگانە.

بەڵام سەبارەت بەمافە ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکان، لەبڕگەی یەکەم لەمادەی "22" لەبەشی دووەم–دا هاتووە "کارکردن مافی هەموو عێراقییەکە بەجۆرێك ژیانێکی خۆشگوزەرانیان بۆ مسۆگەر بکات".

لەبڕگەی دووەمدا: "یاسا پەیوەندی نێوان کرێکارو خاوەن کارەکان رێکدەخات"، لێرەدا کرێکارانی ژنی نەگرتوەتەوەو، هەروەها لەبڕگەی " 23" بڕگەی یەکەم: " موڵکایەتی تایبەت پارێزراوەو خاوەندار مافی هەیە...تد" واتە بەهەمان شێوازی نێرینە داڕێژراوە.

لەبڕگەی سێیەم " أ 9 "دا هاتووە: "عێراقی مافی ئەوەی هەیە لەهەر شوێنێکی عێراقدا خاوەن موڵك بێتو بۆ هیچ کەسێکی تر ناشێت موڵکداری نەگوازراوەکان بکات جگە لەوانەی بەیاسا بەدەرکراون".

لەکاتێکدا لەهەمان بڕگە "ب"دا: "رێگە بەموڵکداری نادرێت بەمەبەستی گۆڕینی دیموگرافی.."، لێرەدا ئەوە وەبیر دەهێنینەوە کەگۆڕینی دیموگرافی تەنها لەرێگەی موڵکدارییەوە نابێت، بەڵکو تاپۆکردن دیمگرافی دەگۆڕێت، بۆیە پێشنیار دەکەین موڵکداریو تاپۆکردن بۆ مەبەستی گۆڕینی دیموگرافی قەدەغە بکرێت.

مادەی (29) بڕگەی یەکەم "ب": " دەوڵەت پاراستنی دایکایەتیو زارۆکیو پیرێتی دەستەبەر دەکاتو چاودێری پێگەیشتوانو گەنجان دەکات.." ئەگەر ژنێك دایك نەبوو، ئایا دەوڵەت پاراستنی بۆ دەستەبەر ناکات؟

مادەی (30): یەکەم: "دەوڵەت دەیگرێتە ئەستۆ بەرپرسیارێتی تاکەکەسو خێزانو بەتایبەتی منداڵو دایك.. تد." بەجۆرێك منداڵ پێش ژن خراوە.

دووەم: دەوڵەت بیمەی کۆمەڵایەتی " زامنی کۆمەڵایەتی"و تەندروستی بۆ عێراقییەکان .. تد دەستەبەر دەکات." وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، شێوازی نێر بەکار هاتووە.

لەمادەی " 31": یەکەم: " هەموو عێراقییەك مافی چاودێری تەندروستی...تد، هەیە." تا بەگوزارەی ( ئەوەش بەیاسا رێکدەخرێت) تەواو دەبێت ئێمە پێشنیار دەکەین یاسا رەچاوی کرێکاری ژن بکات بەتایبەتی لەماوەی سکپڕیو منالبوندا ئەم یاسایە بەهەمان شێوە بەسەر کەرتی تایبەتدا جێبەجێبێت بۆ ئەوەی ژنان پیشەکانیان لەدەست نەدەنو لەموچەی ئەو ماوەیە بێبەش نەبن.

مادەی "35" لەبەندی ئازادییەکان، سێیەم: "کاری بێگاری "سوخرە"و کۆیلەیی‌و بازرگانیی کۆیلەو بازرگانی بەژن‌و منداڵ‌و بازرگانیکردن بە "سێکس"ەوە قەدەغەیە.."، پێشنیار دەکەین چۆن بەرونی بازرگانیکردن بەژنانەوە قەدەغەکراوە لەم رستەیەدا " قەدەغەکردنی قۆستنەوەی(ئیستغلال)ی ئابوری ژنان" بۆ مادەی "29"، سێیەم، زیاد بکرێت.

مادەی (39): "عێراقییەکان ئازادن لەپابەند بوونیان بۆ کاروباری تایبەتییان... تد"و بەیاسا رێکدەخرێت کۆتایی بەدەقەکە دەهێنێت.

یاسای باری کەسێتی "188"ی ساڵی 1959و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریدا هاتووەو تائەمڕۆ کاری پێدەکەین بەبڕوای شارەزایانی بوارەکە باشە، بۆیە پێشنیار دەکەین کارپێکردنی بەردەوام بێت‌و ئەگەر پێویستی کرد هەمواربکرێت.

مادەی (42): "عێراقی ئازادی گواستنەوەو گەشت‌و نیشتەجێبونی هەیە لەناوەوەی عێراق‌و دەرەوەیدا"، لێرەدا زۆر گرنگە رەگەزی "نێرو مێ" دیاریبکرێت، لەبەر ئەوەی لەبەندی یەکەم لەبەشی یەکەمدا "سەرەتا بنچینەییەکان" مادەی ژمارە (2) بەدەق هاتووە: "نابێت یاسایەك دەربچێت لەگەڵ حوکمە نەگۆڕەکانی ئیسلامدا ناکۆك بێت"، ئاشکرایە ئیسلام گەشتکردنی ژنانی بەتەنهاو بەبێ هاوڕێیەتی مەحرەم قەدەغە کردووە، بۆیە کێ ئەم مافە بۆ ژنان دابین دەکات؟

مادەی (44) کە لەرەشنووسی یەکەمدا هاتووە بەدەق باس لەرێزگرتنی رێکەوتن‌و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤ دەکات..تد" ئەمە بەتەواوی لابراوە، پێشنیاری گەڕاندنەوەی دەکەین بۆ ناو دەستورەکە.

سەرەڕای مادەی (47) بەندی کۆتایی تیایدا: "ئەم دەستورە ئامانج لێی بەدیهاتنی رێژەی چارەکە بۆ ژنان لەناو پارلەمان.." دەکرێت وشەی "ئامانج لێی" لەئایندەدا بەشێوەیەکی جیاواز راڤەی بۆ بکرێت‌و یاسایەکی نوێی هەڵبژاردن رێکبخرێت کەئەم رێژەیە مسۆگەر نەکات.

سەرباری گشت ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، چەندین تەگەرەی تریش کەکاری تایبەتمەندی ئەم کۆنفرانسە نییە لەئارادایەو پێویستیان بەهەموارکردن هەیە لەپێناو پاراستنی یەکێتی‌و ئاشتی‌و سەقامگیری‌و ئاسایشی زیاتر لەعێراق‌و خوازیارین ئەو چوار مانگەی بۆ گۆڕانکارییەکان‌و هەروەها راگرتنی مادەی "122" بۆ ئەم مادەیە سودمەند بێت بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری پێویست، لەمەش گرنگتر ئەوەیە حکومەتێکی سەرکردەیی بێتە ئاراوە، دەستورو یاساکان لەسەر زەوی واقیع جێبەجێ بکات، چونکە عێراق وڵاتێکی بێ دەستورو یاسا نەبووەو بەڵکە جێبەجێکردنی ئەو دەستورە بووە کەغائب بووە، ئایا عێراق وڵاتی شارستانیەت‌و یەکەم وڵات نەبووە یاسای تێدا داڕێژراوە، کەئەویش یاسای حامورابییە؟و لەدامەزراندی دەوڵەتی عێراقییەوە



لەساڵی "1920" پێنج دەستورمان هەیە، بەڵام ئایا کام لەو دەستورانە جێبەجێکراون‌و گەلی عێراق لێی سودمەندبوون.

لەکۆتایدا سلآوو رەحمەتی خواتان لێبێت.

## ئەو داد پەروەرییەی لەسەر بنەمای جۆر لەعێراقدا دامەزراوە

دکتۆر: ئامال کاشف ئەلغەتا

بایەخدان بەبارودۆخی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی ژنان پەیوەستە بەگەشەسەندنی کۆمەڵگەو بەرەو پێشچونی‌و لەروانگەی بروا بوون بەگرنگی رۆڵی ژن لەکۆمەڵگەداو کاراکردنی بەشدارییەکەی، ئەم بەرنامەیە دەخەینەروو وەك بنچینەیەك بۆ رێساکانی ئایندەو یاساکان لەروانگەی تێڕوانینی دامەزراوەی ئیسلامی ژن‌و منداڵ.

## یەکەم: توندوتیژی

ماددەی (29)، برگەی (4) لەدەستوردا دەڵێت : "شێوەکانی توندو تیژی رەمەکی لەخێزان‌و قوتابخانەو کۆمەڵگەدا قەدەغەکراوە"، لەم برگەیەدا ئاماژە بە (هەموو) شێوەکانی توندو تیژی نەکراوە، بۆیە دەبێت بریار لەسەر ئەوە بدرێت کەتوندوتیژی چەندین شێوەی هەیە، دەرونی‌و جەستەیی‌و ئابوری.

بۆیە ئەو یاسایەی بۆ رێگرتن لەتوندوتیژی بەرامبەر بەژنان دەردەکرێت دەبێت لەم بوارانەدا روون بێت:

### 1. ذينطةى خيَزان.

أ. لێدان بەهەموو شێوەکانیەوە، دادگاکان ئاماژە بۆ شێوەیەکی لێدانی ژنی عێراقی دەکەن کەدەبێتە مایەی لەدەستدانی یەکێك لەپێنج ئەندامەکەی هەست.

ب. دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر کچان.

ج. دەستدرێژی کردنە سەر خزمەتکاری ماڵان بەهەموو شێوەکانی‌و هەڵسوکەوت کردن لەگەڵیاندا وەك کۆیلەو ناچارکردنیان بەمانەوە لەدەرەوەی ئەو پەیوەستنامەیەی کە لەنێوانیاندا ئیمزا کراوە.

د. جنێوو سوکایەتیکردن بەژن بەشێوەیەك خراپەی بۆ کەرامەتی هەبێت.

هـ. ناچارکردنی ژنان یان کچان بۆ لەشفرۆشی‌و زیناکردن.

و. سەپاندنی گۆشەگیری‌و پشگوێ خستن بەسەر ژناندا وەك جێهێشتنی ژن لەلایەن مێردەکەی بەبێ ئەوەی ئاگاداری بکاتەوە.

ز. رێگرتن لەژنان لەوەی لەمافی میرات یان مامەڵەکردن بەپارەکەی خۆیەوە بەهرەمەند بێت.

ح. ناچارکردنی ژنان بۆ سکپڕبوون بەشێوەیەك کەمەترسی لەسەر ژیانی هەبێت.

### 2- توندو تيذى لةضوارضيَوةى كؤمةلَطةدا:

أ. لاقەکردنی سێکسی.

ب. تحرشی سێکسی‌و بەتایبەت لەنێوان سەرۆك‌و ژێردەستەو مامۆستاو خوێندکارو بەکارهێنانی پۆست بەمەبەستی پەیوەندییەکی دیاریکراو.

ج. کارپێکردنی زۆرەملێ بەژنان.



د. بازرگانیکردن بەژنان‌و کچانەوە.

### 3- توندو تيذى لةململانيَى ضةكداريدا:

أ- لاقەکردنی ژنان وەك جۆرێك لەسەپاندنی رکێف‌و چەکی جەنگ.

ب- نەزۆکی کردنی زۆرە ملێ بۆ رێگرتن لەمنداڵبوون.

ج- ئەشکەنجەدانی ژنان.

د- بێبەشکردنی لەناسنامەو پێداویستییە سەرەکییەکانی.

هـ- بێبەشکردنی لەمنداڵەکەی‌و بەکارهێنانی وەك ئامرازی فشارو ترساندن.

لەیاسادا ئەم برگانە وەك ئامرازێکی بەرگرتن لەتوندوتیژی، هاتووە:

1 - دامەزراندنی دادگایەك بۆ سەیرکردنی ئەم حاڵەتانە.

2 - دامەزراندنی سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی کەخەڵکانی پسپۆڕ کاریان تێدا دەکەن‌و دەوڵەت‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەسەریانە ئەم هەنگاوانە بگرنەبەر:

- تێکەڵکردنی ژنان بەپرۆسەکانی ئاشتی.
- رونکردنەوەی چەمك‌و رێگەکانی جێبەجێکردنی دادپەروەری گواستنەوە.
- راگەیاندن لایەنە خراپەکانی توندوتیژی رونبکاتەوە، نەك دەریخات.
- داخڵکردنی ژنان لەبەرنامەکانی سنورداركردنی بڵاوبونەوەی چەك‌و تەقەمەنی.
- راهێنانی منداڵان‌و نەوجەوانان لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی.
- راهێنانی منداڵان لەسەر فێربونی رێزگرتنی ئەوانیتر.

## دووةم: مافـ ئةركةكان

ژن زۆر رۆڵی هەیە وەك دایك‌و هاوسەرو کرێکارو فەرمانبەرو هەروەها رۆڵی سەرکردایەتی، پێویستە رێگەکانی تواناداران بەژنان فەراهەمبکرێت تاوەکو بتوانێت ئەو رۆڵانە بگێرێت، ئەویش بەلابردنی ئەو تەگەرانەی دەبنە رێگر لەبەردەم کاری ژناندا.

### يةك: بارى كؤمةلاَيةتى

ماددەی (29)و (30)ی دەستور ئاماژە بۆ باری کۆمەڵایەتی دەکات، لەماددەی (29) برگەی (أ)دا هاتووە "خێزان بنەمای کۆمەڵەو دەوڵەتیش پارێزگاری لەقەوارەکەی دەکات"، بەپێی ئەم برگەیە یاسا ئەم مافانە بۆ ژن دابیندەکات:

أ - مافی هەڵبژاردنی هاوسەرو بەستنی پەیمانی هاوسەرگیری.

**ب -** نابێت پەیوەندی هەڵبوەشێنرێتەوە یان پوچەڵبکرێتەوە مەگەر بەرودانی زیان لەسەر یەکێك لەرەگەزەکان نەبێت، پوچەڵکردنەوەش یان بەجیابونەوەیەکی رەمەکیی دەبێت یان بەفرە ژنیو، ئەمانەش هەردوکیان جۆرێکن لەجۆرەکانی توندوتیژی دەرونی کە لەبەرامبەر ژناندا پیادە دەکرێتو لەرێزی کەمدەکاتەوەو نابێت یاسا رێگە بەپیادەکردنیان بدات مەگەر تەنها لەم بارانەی خوارەوەدا:

1. کاتێك ژن توانای منداڵ بوونی نییە.
2. تووشبونی بەنەخۆشیەك کەرێگر بێت لەبەردەم مومارەسەکردنی ژیانی ئاسایی هاوسەرێتیدا.
3. توشبونی بەنەخۆشییەکانی ئەقڵ.
4. خیانەتی هاوسەرێتی.
5. خیانەتکردن لەداراییو پاشەکەوتی خێزان.
6. دەستدرێژیکردنە سەر مێردو زەلیلکردنو سوکایەتی پێکردنی.
7. پیادەکردنی توندوتیژی دەرهەق بەوانیتر.

## دوو: رةطةزنامة:

دەستوری عێراقی مافی پێدانی رەگەزنامەی بەمنداڵ داوەتە دایكو مافی ژنی دابینکردووە لەوەرگرتنی رەگەزنامە یان پارێزگاری لێکردنیو یان گۆڕینی.

**سىَ:** کچ مافی ئەوەی هەبێت لەتەمەنی پانزە ساڵیدا هاوسەر بگرێت بەمەرجێك مافی فێربونی مسۆگەر بکاتو نابێت ئەو هاوسەرگیرییە ببێتە رێگر لەبەردەم رێگە پێویستییەکانی پێگەیاندنو پەرەپێدانی تواناکانی.

**ضوار :** لەماددەی (29) برگەی (2)ی دەستوردا هاتووە "منداڵان مافیان بەسەر دایكو باوکانیانەوە هەیە "و یاساش باس لە (ویلایە )و (قەوامە ) دەکات، لەکاتی لەئەستۆگرتنو بەخێوکردنی منداڵدا پێویستە بەرژەوەندییەکانی منداڵەکە پێش هەموو شت بێت.

ویلایەو ویسایەی دایك رێگری لێدەکرێت ئەگەر ئەم حاڵەتانە سەلمێنران:

1 - لێدانی منداڵ لەلایەن دایکەوە.
2 - ناچارکردنی منداڵ یان زۆرلێکردنی لەسەر شتێك وەك خواردن یان جلوبەرگ.
3 - توشبوونی دایك بەنەخۆشیەکی عەقڵی.
4 - مومارەسەکردنی ئەو کارانەی زیان بەشەرەف دەگەیەنن لەلایەن دایکەوە.
5 - پێشکەشنەکردنی چاودێری تەواو بۆ منداڵ لەلایەن دایکەوە.



6 - توانای ئابوری نەبێت.

## ثێنج: نیشتةجیَبون:

نیشتەجێبون بەگوێرەی ماددەی (30) برگەی (أ) لەدەستور "داهاتی گونجاوو شوێنی نیشتەجێبونی گونجاویان بۆ دابینبکات".

شوێنی نیشتەجێبون گوزارشت لەبونی تاکەکەس دەکاتو بەبێ ئەوەی لەلایەن ئەوانی ترەوە دوچاری بێڕێزیو سوکایەتیو پێشێلکردن ببێتەوە، بۆیە پێویستە رێساکان رەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:

1 - دابینکردنی شوێنی نێشتەجێبون بۆ بێوەژن بەدرێژایی ژیانی، ئەگەر لەمێردەکەیەوە بۆی نەمابێتەوە یان لەپاش مردنی بگەڕێتەوە بۆ حکومەت.
2 - دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبون بۆ ژنانی تەڵاق دراو، ئەوانەی دوچاری تەڵاقی رەمەکی بونەتەوەو مەرجەکانی (1،2)ی حاڵەتەکانی رێگەدان بەجیابوونەوەیان بەسەردا جێبەجێ نابێت.

**شةش:** هەر هاوسەر گیرییەك بەپوچەڵ دادەنرێت، ئەگەر بەشێوەیەکی فەرمی تۆمار نەکرابێت، ئیتر ئەو هاوسەرگیرییە هەمیشەیی یان کاتیو یان عورفی بێت.

لەحاڵەتی هاوسەرگیری کاتیدا ئەم مەرجانە بسەپێنرێت:

1 - ناساندنی فەرمی منداڵ.
2 - رێزگرتنی ئافرەت لەتەواوی مافەکانی ژنەکەی لەداراییو حورمەتدا.
3 - ناساندنی فەرمی ژنەکە وەك هاوسەر.
4 - ژنو مێرد مافی هەڵبژاردنی ئازادانەیان هەیە بۆ وەرگرتنی میراتی یەکتر.

**حةوت:** نەفەقەی ژن بەجۆرێك حساب دەکرێت کە لەگەڵ بارودۆخی بژێوییدا بگونجێتو ئەم مافە لەئەستۆی پیاودایە.

**هةشت:** لەماددەی (29)، برگەی (ب) لەبەشی یەکەمی دەستوردا هاتووە "دەوڵەت پاراستنی دایکایەتی دەستەبەردەکات"،و ئەو رێنماییانە دەردەکات کەمافەکانی دایکایەتی بۆ ژن فەراهەم دەکات:

1 - مۆڵەتی دایکایەتی دەدات لەماوەی (90) رۆژدا.
2 - بایەخدان بەژنی سکپڕ جا لەسەر ئاستی کارکرن بێت یان لەماڵەوە.
3 - دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبون بەشێوەیەك هۆکارە نوێیەکانی تێدا فەراهەم بێت.

لەپێناو ئاسانکردنی کارکردنی ژنان لەرێگەی یەکێتییە هەرەوەزییەکانەوەو لەپێناو بەدیهاتنی ئەو ئامانجانەی سەرەوە:

1 - دەرکردنی یاساو رێنمایی ئەوتۆ کەمافی دایکایەتی بۆ ژنان مسۆگەر بکات.
2 - دابینکردنی لانەی تایبەت کەژنان بۆ دایکایەتی ئامادە بکات.
3 - رۆڵبینینی راگەیاندن لەئاراستەکردنی ژنانو بەڕێوبردنی خێزاندا.
4 - دابەشکردنی بڵاوکراوە بۆ رونکردنەوەی ئەرکەکانی ژنانو پیاوانو کردنەوەی خولی رۆشنبیری بۆ ئاسانکردنی ئەرکی بەڕێوبردنی خێزان.
5 - ئەنجامدانی راپرسی کەزانیاری تەواو لەبارەی بارودۆخی خێزان بەدەستەوە بدات.

## سێیەم: ذنء ئێطەکانی بڕیاردان:

ماددەی (47) بڕگەی (4) لەدەستور دەڵێت "یاسای هەڵبژاردنەکان هەوڵی دابینکردنی رێژەیەکی نوێنەرایەتی بۆ ژنان دەدات کە لەچارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرایەتی کەمتر نەبێت "و لەماددەی (20)دا هاتووە: "هاوڵاتیان بەپیاوانو ژنانەوە مافی بەشداریکردنیان هەیە لەکاروباری گشتیدا، هەروەها سودمەندبون لەمافە رامیارییەکان بەمافی دەنگدانو هەڵبژاردنو خۆپاڵاوتنیشەوە".

هەروەها یاسای هەڵبژاردنی پەسەندکراو مافی زیاتریشی بەژنان داوە، بەجۆرێك ژمارە سێیەمەکانی ناو لیستەکە دەگرێت (3،6،9،12)و زۆری نەماوە ببێتە سێیەکو ئەمەش مافەکانی خۆپاڵاوتنو دەنگدانو گەیشتن بەپێگەکانی بڕیاردانی بۆ مسۆگەر دەکات، وەك چۆن ژنانی عێراقی بەشداریان لەرێکخراوو کۆمەڵە ناحکومیو حزبەکاندا کردوە، بەڵام چەند مەسەلەیەك لەئارادایە کە رەچاو دەکرێن.

ماددەی (16) جەخت لەسەر رەخساندنی هەل بۆ هەموو عێراقییەکان دەکاتو دەوڵەت بەرپرسیاردەکات لەگرتنەبەری رێوشوێنی پێویست بۆ ئەو مەبەستە، بۆیە دەبێت یاسایەك دەربکرێت کەمافی گەیشتنی ژنان بەپێگەکانی ئەو بڕیارانەی پەیوەستن بەچارەنوسی گەلەوە زامن بکاتو، بەتایبەتی کەژنان دوچاری جەنگی کاولکاری بوونەتەوەو بەڵگەش بۆ نەبوونی ژنان لەناوەندەکانی بڕیاردا ئەوەیە کاتێك لیژنەی حەوت کەسی دوا داڕشتنی دەستوری بڕیاردا ژنی تێدا نەبوو بۆیە لەسەر ئەمە پێویستە ژنان بوونیان هەبێت لە:

1 - بڕیارەکانی ململانێ ناوخۆییو نێودەوڵەتییەکان.
2 - بڕیارەکانی گەشەپێدان.
3 - چوونەناو پەیکەربەندی دەسەڵاتەوە.



## ضوارةم: فێرکردن:

ماددەی (34)ی دەستور جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە "فێرکردن هۆکارێکی بنەڕەتی بەرەوپێشچونی کۆمەڵگەیەو مافێکە دەوڵەت دەستەبەری دەکاتو لەقۆناغی سەرەتایدا تەوزیمییەو دەوڵەت قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری دەستەبەر دەکات، بەمەش دەتوانرێت ئەم رێنماییانە دەربکرێت:

**یەك :** هاندانی تاقیکردنەوەی دەرەکی بۆ سەرەتاییو ناوەندییو ئامادەییو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەتوانایاندایە رۆڵی خۆیان لەم روانگەیەوە بگێڕن، ئەویش بەدروستکردنی گروپ لەناوچەکاندا کەوانەکان بڵێنەوەو خوێندکار بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەرەکی ئامادە بکەن، ئەم ئەزمونە لەرابردودا لەبەر چەند هۆکارێك بێهودە بووە لەوانە:

أ -خوێندنگاکان دەرگایان بەروی خوێندکاراندا نەکردبووەوە.

ب - نەبونی توانای ماددی بۆ کڕینی پێداویستیو دەفتەر.

ج– وەزارەتی پەروەردە کتێبی پێویستی دابین نەکردبوو کتێبی کۆنو دڕاوی بەخوێندکاران دەدا.

د– لەکاتی کەوتنی خوێندکاردا تاقیکردنەوەکەی بۆ دووبارە نەکراوەتەوە، بەتایبەت کە لەئێستادا بەقۆناغێکی دژواردا تێدەپەڕین.

**دوو:** بەرنامەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری:

بەگوێرەی راپرسییەکەی دەمەزراوە دەرکەوتووە (30٪)ی ژنان بەباشی دەنوسنو دەخوێننەوە، بۆیە پێویستمان دەبێت بەوەی:

1 - دەرکردنی رێسا بۆ دەستکردن بەبەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواری.
2 - ئامادەکردنی خوێندنگاکان بۆ کردنەوەی پۆل بۆ ژنانی نەخوێندەوار.
3 - ئامادەکردنی پڕۆگرامی تایبەت بۆ خوێندن.
4 - دابینکردنی پێداویستییەکانی کتێبو دەفتەرو قەڵەم.
5 - راگەیاندن گرنگی بەرنامەکە رونبکاتەوە.
6 - وەرگرتنی ئامارو داتای گشتی لەو بارەوە.

**سێ :** گۆڕانکاری لەپڕۆگرامەکانی خوێندندا، بەجۆرێك خاڵی بکرێتەوە لەتێڕوانینی بەکەم تەماشاکردنی ژنانو جەختبکاتەوە لەسەر رۆڵی کارای ژنان.

**ضوار :** چاودێری هەڵهاتنی کچانی خوێندکار لەخوێندنگە کەهۆکارەکەی بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە:

1 - هەژاری خێزانەکان لەروی دارایییەوەو بەپلە یەك حسابکردنی کوڕان لەرووی خەرجییەوە.

2 - خوێندنگا بەدواداچونی بۆ ئامادەنەبوان نییە.

3 - خراپبونی باری ئاسایش.

4 - خراپی مامەڵەکردنی دەستەی فێرکاری لەگەڵ خوێندکارانی کچ.

5 - نەبونی توێژەرانی کۆمەڵایەتی مێینە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر هۆیەکانی پێکەوەنەگونجانی کچانی خوێندکار لەگەڵ وانەکاندا.

6 - سەپاندنی کارەکانی ناوماڵ بەسەر خوێندندا.

7 - هەستکردن بەبێکەڵکی خوێندنی کچان.

**ثێنج:** بایەخدان بەپێداویستییەکانی خوێندکارانی سکپڕو ئاسانکردنی ئەرکی خوێندن بۆیان.

**شەش:** جەختکردنەوە لەسەر فێربونی ئەلکترۆنی بەدانانی کۆمپیتەر لەخوێندنگاکان.

**حەوت :** راهێنانی مامۆستایانی ژن لەسەر شێوازی نوێی وانە وتنەوەو ئەوەش لەرێگەی بەشداریپێکردنی خوێندکاری کچ، نەك بەتەمبێکردنی.

**هەشت:** پێویستە راگەیاندن بەئەرکی سەرشانی خۆی هەستێت لەهاندانی کچان بۆ چوونە قوتابخانەو دەرخستنی بایەخی خوێندن لەگەشەپێدانی تواناو بەهرەکانی مرۆڤدا.

**نۆ :** ئەنجامدانی توێژینەوەو ئاماری مەیدانی، بەداخەوە لەلای لیژنەی ئابوریو کۆمەڵایەتی خۆرئاوای ئاسیا (الاسكوا) ئامارێك لەبەردەستدا نییە سەبارەت بەرێژەی نەخوێندەواریو بایەخدان بەخوێندنەوەو نوسین لەعێراق لەساڵی 1990 تا ساڵی 2000ی زاینی، جێی وەبیر هێنانەوەیە عێراق نەگەیشتوەتە ئاستی ناوەند لەنێوان وڵاتانی ناوچەکە لەژمارەی کوڕانو کچان لەقۆناغی سەرەتاییو ئەمەش لەساڵی (1990)ەوە تاساڵی 1999 زاینی.

**دە:** نەهێشتنی جیاکاری لەفێربونو بەدەستهێنانی زەمالەتەکانی خوێندن.

**یانزە:** بەهرەمەندبوونی ژنان لەراهێنانی پیشەییو فێربونی بەردەوام.

### ثێنجەم: ذنانء رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی:

دەستور جەختی لەسەر گرنگیو بایەخی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کردوەتەوەو، دەبێت یاسایەك دەربچێت ئەم لایەنانە رونبکاتەوە:

1 - دەبێت هاوکاری ماددی ئەم رێکخراوانە بکرێت.



2 - پێویستە بارەگایان پێبدرێت.

3 - کردنەوەی بوار لەبەردەمیاندا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ وەزارەتەکاندا.

4 - زیادکردنی تواناو شارەزاییان لەمیانەی کردنەوەی خولەکانی بەهێزکردنەوە.

5 - دەبێت سەربەخۆبنو ئامانجی قازانجیان لەپشتەوە نەبێت، سەرکەون بەسەر هەندێ لەو رێکخراوانەی کەسروشتێکی سیاسیان هەیە، لەبەرئەوەی سەر بەحزبێکی سیاسی دیاریکراون.

6 - پارتەکان بەرژەوەندیو ئایدۆلۆژیای خۆیان هەیەو هەندێکجار ئەمەیان لەسەر حسابی مافەکانی ژنو پێداویستییەکانی دەبێت.

### شەشەم: ذنء ئابوری:

لەماددەی (22) برگەی یەکەمی دەستوردا هاتووە: "کارکردن مافی هەموو عێراقییەکە"، کارکردن هەژاری ناهێڵێتو کاریگەرییەکانی کەمدەکاتەوەو بەتایبەت کەعێراق دوچاری چەندین جەنگی کاولکاری بووەو کاریگەری هەبووە لەسەر فێربونی ژنانو تواناو لێهاتوییەکەی کەمکردوەتەوەو، هەژاری دیاردەیەکی فراوانە لەکۆمەڵگەی عێراقیداو رواڵەتەکانی ئەم هەژارییە لەلای ژنان لەم روانگانەوە دەردەکەوێت:

1 - حاڵەتی بێبەشبوونی لەگشت خەسڵەتو بنەماکانی نیشتەجێبونو خواردنو خواردنەوەو تەندروستی باشو کارکردن.

2 - بەشداریکردن لەچالاکی کۆمەڵایەتیو گشتیو ئەمەش ئەنجامە.

3 - کارکردنی منداڵان.

### هۆیەکانی هەذاری:

1 - نەبونی داهات.

2 - فەراهەم نەبونی هەلی کارکرن.

3 - لاوازی تواناو ئیمکانیاتی راهێنان.

4 - بەشدار نەبونی حکومەت لەبەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی.

5 - ململانێی چەکدارییو جەنگەکان.

رێساکان لەتوانایاندایە لەبەپشتبەستن بەو برگەیەی سەرەوە، ئاستی ژنان بەرز بکەنەوە لەرێگەی:

1 - بەرزکردنەوەی ئاستی کرێ.

2 - زیادکردنی هەلەکانی کارکردن لەمیانەی راهێنانو ئامادەکردنەوە.

3 - هەوڵدان بۆ زۆركردنی خێزانی بەرهەمهێن لەرێگەی پێدانی قەرزەوەو بەتایبەت بۆ ژنی تەڵاقدراوو بێوەژنەكان.

4 - هاریكاریكردن لەهەندێك خواردەمەنی سەرەكیدا.

5 - هاندانی سیاسەتی كەرتی تایبەت بەمەبەستی بەگەڕخستنی دەستی كار.

6 - كردنەوەی دەروازەی بازرگانیو راهێنانی ژنان لەسەر ئابوریی بازاڕو ئاسانكاری بۆ گەیشتنی ژنان بەبازاڕە بازرگانییەكان.

7 - وەرگرتنی قەرزی بانكیو رەهنی خانوبەرەو گشت شێوەكانی دڵنیایی (الائتمان ) دارایی بۆ بڕەخسێت.

8 - رێگرتن لە لەكارخستن بەهۆی سكپڕی یان مۆڵەتی دایكایەتیو لەبەرئەوەی كەرتی تایبەت كەرتێكی قازانجییە لەموچەی ژنان دەبڕێت بەبیانوی مۆڵەتی سكپڕیو لەكاتی سكپڕی یان ئاساییدا بۆی دەگەڕێنێتەوە.

9 - دانانی یاسایەك سەبارەت بەبیمەی كۆمەڵایەتیو بەتایبەت كەدەقێكی دەستوری جەختی لەسەر دەكاتەوە.

## حةوتةم: ذنء كاركردن:

ماددەی (22)، بڕگەی یەكەم لەدەستور دەڵێت : "كاركردن مافی هەموو عێراقییەكە بەجۆرێك ژیانێكی شەرەفمەندانەی بۆ دابین بكات".

ئەم رێسایانە پێویستە دەربچێت كەمافەكانی كاركردنی ژنان مسۆگەر دەكات:

1 - مافی هەبێت لەمافە خێزانییەكانی وەك (عەلاوە)و زیادكردن.

2 - یەكسانی لەكرێو كاركردندا.

3 - ماف لەبەڕێوبردنی موڵكەكانیو ئیمزاكردنی پەیوەستنامە.

4 - مۆڵەتی دایكایەتی بەموچە لەپێناو پاراستنی وەچەخستنەوەدا.

5 - مافی خانە نشینیو لەپاش مردنی منداڵەكانی وەریبگرن.

6 - دانانی تۆڕێك بۆ چاودێری منداڵان بەمەبەستی ئاسانكردنی كاركردنی دایك.

7 - مافی لەهەڵبژاردنی كاری گونجاو بۆ خۆی، بەشێوەیەك شەرەفی پارێزراو بێت.

## هةشتةم: ذنانی طوندنشين:

رێسا دەربكرێت بۆ دابینكردنی ئەمانەی خوارەوە:



1 - بەهرەمەندبوون لەخزمەتگوزاری تەندروستی باش وەك خزمەت گوزارییەكانی ئاوەڕۆو كارەباو ئاوو گواستنەوەو پەیوەندیكردن.

2 - دەستكەوتنی قەرزو ئامێری نوێ.

3 - بەهرەمەندبوون لەراهێنانی تەواو لەبواری كشتوكاڵی نوێدا.

4 - ئاسانكردنی قەرزپێدان لەرێگەی دامەزراندنی بانكی كشتوكاڵیەوە.

5 - دابەشكردنی زەویی بەروبەری (1000) دۆنم وەك كەمترین روبەر، كردنەوەی كەناڵی پێویست بۆ چاككردنیو دەربازكردنی لەشۆڕەكات.

6 - دابینكردنی چاودێری تەندروستیو بنكەی تەندروستی پێویست.

7 - چاككردنی ژێرخان.

8 - بەشداری پێكردنی ژنان لەبڕیاردانی سیاسەتی ئابوریی كشتوكاڵیداو ئەوەش بەدانانی لەدەستەو دامەزراوە حكومییەكاندا.

## ذنانی طوندنشينء راطواستن:

راگواستن لەگوندەوە بۆ شار سەبارەت بەژنانی گوندنشین گرفتێكی گەورەیەو روبەروی مەترسی پێداویستیو لادانی دەكات:

1 - دەبێت لەراگواستنەوەكەدا كارێكی مسۆگەر هەبێت.

2 - پەیوەست بێت بەدابینكردنی شوێنی نیشتەجێبونەوە.

3 - كردنەوەی خول بەمەبەستی راهێنانو گونجان لەگەڵ ژیانی شاردا.

4 - دڵنیابون لەوەی منداڵەكان دەخرێنە بەر خوێندن.

## نؤيةم: ذنء تةندروستی:

ماددەكانی (31)و (32)و (33)ی دەستوری پەیوەست بەمافی هاوڵاتی عێراقی لەچاودێری تەندروستیو فەراهەمكردنی رێگەكانی خۆپاراستنو چارەسەركردنو ژیان لەبارودۆخێكی ژینگەیی تەندروستداو یاساو رێساكان ئەم مافانە زامندەكەن:

1 - بیمەی كۆمەڵایەتیو خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ ژنان بەنرخێكی كەمو نەوعیەتێكی باش، بەتایبەت كەژنان دوچاری شێرپەنجەی رەحمو مەمكو كێشەی حاڵەتەكانی (الطمث) دەبنەوە.

2 - رێگرتن لەگشت ئەو نەخۆشیانەی لەپەیوەندی سێكسیەوە دەگوازرێنەوە وەك ئایدزو نەخۆشییەكانی تر.

3 - بوونی سەنتەر بۆ چاودێری خێزانو تەندروستی وەچەخستنەوە، كەبایەخ دەدات بە:

- قەدەغەکردنی منداڵبوون لەماڵەوە.
- پشکنینی خولەکی (دەوری) بۆ ژن.
- پشکنینی خۆڕایی پێش هاوسەرگرتن لەروی نەخۆشیو خوێنەوە.
- سەپاندنی چاودێری لەپاش منداڵبوون.
- رێگرتن لەمامانی نایاسایی لەمومارەسەکردنی پیشەکە.
- کچان رێژەیەکی کەمتر لەخواردن دەخۆن لەچاو کوڕاندا بۆیە پێویستە چاودێری بکرێن.
- پرۆگرامەکانی خوێندن لەخوێندنگا ناوەندیو ئامادەییەکاندا پێویستە بابەتگەلێکیان تێدابێت هەڵسوکەوتی تەندروستی پەیوەست بەتەندروستی وەچەخستنەوە رونبکاتەوەو ئاگاییان بداتێ سەبارەت بەهەڵسوکەوتە خراپەکان.

دامەزراوەکەمان تێڕوانینی دیراسەکراوی سەبارەت بەسەلامەتی تەندروستی سێکسی ئامادەکردوە:

- دامەزراندنی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستیو عیادەی ئامادەکراو بەئامێری نوێ لەگەڵ پزیشکی پسپۆڕ بۆ خێزانەکان.
- دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە.
- بایەخدان بەژینگەو هۆشیارکردنەوەی ژنان لەچۆنیەتی بەدەستهێنانی ژینگەیەکی گونجاودا، ژینگە کارێکی هاوبەشە لەنێوان هاوڵاتیو وڵاتاندا.
- دامەزراندنی سەنتەر بۆ چارەسەکردنی نەخۆشی دەرونی، بەجۆرێك ئەم سەنتەرانە ئەو نەخۆشیە دەرونیانە چارەسەربکەن کە لەدەرئەنجامی هەڵوەشاندنەوەی تواناکانەوە لەمیانەی کۆمەڵگەیەکی ناجۆرەوە لەرێی بیروڕاو تیرەو نەتەوەکانەوەو لەکۆمەڵگەیەکدا کەململانێکان دەگۆڕێت بۆ پێکداداانی دوژمنکارانە،، توشبوون، لەراستیدا کاتێك ململانێکان چارەسەرناکرێن، ئەو ململانێیانە دەگۆڕێت بۆ توڕەییو ئینجا بۆ دوژمنکاریی.

## دەیەم: ذنء بەرنامەی بونیادنانی تواناکان:

تاەنوکە ژنانی عێراق دورن لەپلانەکانی گەشەسەندنو سەرقاڵی کارگەلێکن کەیان کاری دەستین‌و یان ئامێرین‌و هیچ دەربارەی ئاراستە نوێیەکانی گەشەسەندن نازانن، چۆن دەتوانرێت شێوازەکانی هەڵسوکەوتو بەرهەمهێنان بگۆڕێت؟ بەجۆرێك ببێتە بەشێك لەگەشەسەندنێکی بەردەوامو ئەمەش بەم کارانە دەبێت:

1 - دابینکردنی ئاو.



2 - چۆنێتی بەکارهێنانی تەندروستییانەی وزە.

3 - کارەساتەکانو چۆنێتی روبەڕوبونەوەیان.

4 - دیاردەی گۆڕانی ئاوو هەواو ئەو قەتیسبونەی گەرمی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ.

5 - مامەڵەکردن لەگەڵ سیستەمی پەیوەندیکردندا.

6 - خۆڵو خاشاکی زیانبەخشو چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیداو لەناوبردنی.

7 - چۆنێتی بەڕێوبردنی سەرچاوە سروشتییەکان، بەجۆرێك نەوەکانی ئایندە لێی سودمەندبن.

ئەمانە گرنگترینی ئەو کارانەن کەپێویستە یاساو رێساکان ئاماژەیان پێبدەن.

# ژنانی عێراق
# لەنێوان یاساو رۆشنبیری کۆمەڵگەدا

**دکتۆرە: فەوزیە ئەلعەتیە**

## یەکەم: طرفتی لیکۆلینەوەکە:

رۆشنبیری بەپاشینەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت لەتێگەیشتنی ئەوکایە کۆمەڵایەتیەی کەژنان تیایدا دەژین، ئەگەر رۆشنبیری کۆمەڵگەی عێراقی لەماوەی نیوەی دووەمی سەدەی رابردوو سەرەتای هەزارەی سێیەم روبەڕوی چەندین گۆڕانکاری گرنگ بوبێتەوە، ئەمە وادەکات مەسەلەی دیراسەکردنی ببێتە داوایەکی زانستی زۆر پێویستو بەتایبەت ئەو بارودۆخە نائاساییەی کۆمەڵی عێراقی لەدواین دەیەکانی سەدەی رابردوو سەرەتای هەزارەی نوێدا پێیدا تێپەڕیوە کۆمەڵگەی عێراقی بەگشتیو ژنانی عێراقی بەشێوەیەکی تایبەتی روبەڕوی روداو گەلێکی نوێ کردوەتەوە کەکاریگەری هەبووە لەسەر زیندوکردنەوەی هەندێك لایەنی رۆشنبیری عێراقی کاریگەر بەریتمی رۆشنبیری کلاسیکی کە بەدرێژایی مێژوو ریشاڵەکانی لەشارستانیەتی عێراقەوە وەرگرتوەو دەرکەوتووە، هەروەها لەرۆشنبیری خێوەتنشینو ئینجا لەکۆمەڵگەی گوندنشینی، بەمەش شارەکانی عێراق گیرۆدەی ململانێیەکی رۆشنبیری بووەنەتەوە لەنێوان شێوازە جۆراو جۆرەکانی رۆشنبیریدا، رۆشنبیرییەکی کلاسیکی بنەماکانی لەبەها عەشایەرییەکانەوە وەرگرتووە لەلایەكو چەمکگەلێکی شارستانی بەشێوەیەکی هەمەرەنگ لەلایەکی ترەوە کەوایانکردوە پێکدادان لەنێوان دابو نەریتو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانو لەنێوان یاسادا بۆ چارەسەری کێشەکان، بەتایبەتی کێشەکانی پەیوەست بەژنانەوە، روبدات.

وەك چۆن نائامادەیی دەسەڵاتو لاوازی یاسا وایکردوە جەماوەر پەنابەرێتە بەر رێکخراوە کۆمەڵایەتییە لاوەکییەکان لەپێناو دابینکردنی پارێزگاری یان بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکان، لەوانەیە لەماوە نائاساییەکانداو لەقۆناغە ناهەموارەکانی گواستنەوەدا بەکەڵك بێت، بەڵام ژیانی کۆمەڵایەتی گەڕاندوەتەوە بۆ شێوازە بەراییەکەی، واتە بەگوندکردنی شارەکان، بەجۆرێك کەکاریگەری خراپی لەسەر کۆمەڵگەو توێژە کۆمەڵایەتیەکانو بەتایبەتی توێژی ژنان، داناوە.

## دووەم: طرنطى ليَكوَلينةوةكة:

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەراستیەکدا خۆی دەبینێتەوە کە لەکۆمەڵگەی عێراقی ئەمڕۆدا تەشەنەی کردوە، ئەویش پاشەکشێی شارنشینیو بەهاو ئامانج پێکانیو لەناوچونی ئەو پێوەرە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریانەی رۆڵیان هەبووە لەگەشەسەندنی کۆمەڵگەی عێراقیو پەرەسەندنی جەنگە بەردەوامەکانو ئابلۆقەی ئابوری بۆ چەندین ساڵ کاریگەی کۆمەڵایەتیو ئابورییو دەرونیان لەسەر هاولاتی عێراقی هەبووە، کەپێویستی بەچالاککردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دامەزراندنی دەولەتی دامەزراوەکانو دەولەتی یاسا هەیە.

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەولێکە بۆ:

1 - شیکردنەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی لەمیانەی جەختکردنەوە لەسەر واقیعی کۆمەڵگەی عێراقیو زانینی کاریگەری رۆشنبیرییە لاوەکییەکانی ناو کۆمەڵگەو لەسەر بارودۆخی یاسایی ژنانی عێراق لەم بارودۆخەی ئێستادا.

2 - بەمەبەستی گەیشتن بەدەرئەنجامی زانستی لەمبارەیەوەو پێشکەشکردنی راسپاردەو پێشنیار بۆ چارەسەکردنی ئەو دەرئەنجامانەی لەم دیاردەیەوە دەرکەوتون.

## سێیەم: ئامانجةكانى ليَكوَلينةوةكة:

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامانجی زانینی کاریگەی دابو نەریتە لەسەر باری یاسایی ژنانی عێراقو دەکرێت لەم ئامانجە گشتییەوە سێ ئامانجی لاوەکی بێتە ئاراوە:

1 - زانینی کاریگەری رۆشنبیری وەك مەرجەعیەتێکی مێژویی لەسەر بارودۆخی یاسایی ژنانی عێراق.

2 - زانینی کاریگەری گۆڕانکارییە رۆشنبیرییەکان لەنیوەی دووەمی سەدەی رابردوو لەسەر بارودۆخی یاسایی ژنانی عێراق.

3 - زانینی رۆڵی فرەیی رۆشنبیری باو، وەك دەرئەنجامێکی رۆشنبیری کەڵەکە بوو لەسەر بارودۆخی یاسایی ژنان لەو لایەنانەی گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو، هەروەها ئەو لایەنانەش کەنەگۆڕاون.

## واقیعی ذنانى عيَراقء ئاماذةكانى:

بارودۆخی ژنانی عێراق هاوشێوەی بارودۆخی ژنانی عەرەب بەشێوەیەکی گشتی لەبەر رۆشنایی بارودۆخە کۆمەڵایەتیو ئابورییو مێژوییەکانی کۆمەڵگە دیاریدەکرێت، بۆیە دانانی چارەسەرەکان وادەخوازن لەخەسڵەتەکانی کۆمەڵو شێوازی رۆشنبیرییە جۆراو جۆرەکانی ناو کۆمەڵگە تێبگەین. سیستەمی کۆمەڵایەتی گشتیو دابەشکردنی کارو بەشداریکردن لەبەرهەمهێنانو بڕیاردانو پێگە لەژێرخان، دەتوانرێت بەگۆڕاوی بنەڕەتی یان سەربەخۆ "lndependent variables" دابنرێت، بەڵام رۆشنبیری واتە دابو نەریتو عورفە کۆمەڵایەتییەکانو پێکهەڵچوونە دەرونییەکان بەگۆڕاوە تێکئالاوەکان "lntervening variables" دادەنرێت، هەرچی پێگەی ژنە بەگۆڕاوی دەرئەنجامی یان (پاشکەوتوو) "Dependent variables" دەژمێردرێت.

پێگەی ژنی عێراقیو تەنانەت پێگەی ژنانی عەرەب بەگشتی بەئەنجامی راستەوخۆی سیستەمی کۆمەڵایەتی باوی کۆمەڵگەو سروشتی ژێرخانی کۆمەڵایەتیو چۆنێتی دابەشکردنی کارو ئاستی بەشداریکردنی لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا دادەنرێت، کەواتە ناگۆڕێت مەگەر بەگۆڕانی ئەو بارو دۆخانە نەبێت. شارستانیەت یان رۆشنبیری لەو دابو نەریتو عورفە کۆمەڵایەتیانەن کەبیانو بۆ

واقیعی كۆمەڵایەتی دەهێننەوەو رەوایەتی پێدەبەخشن، بەڵام كاراكتەرە دەرونییەكان دیسانەوە ئەنجامی راستەوخۆی پێگەی تاكو توێژە كۆمەڵایەتییەكانن لەژێرخانی كۆمەڵایەتیو رۆڵیان لەبەرهەمهێنانو دابەشكردنی كاردا، بەهەمان شێوە كاریگەر دەبێت بەرۆشنبیریو دیاریكردنی پێگەی كۆمەڵایەتی ژنو سەرباری ئەوەی گۆڕانی رۆشنبیریو دەرونی كاریگەرییان دەبێت لەسەر پێگەی ژنانو پێگە كۆمەڵایەتییەكانیان ئەوەندە هەیە ئەمە رونادات بەبێ ئەنجامدانی گۆڕانكاری لەسیستمی كۆمەڵایەتیو لەژێرخانی كۆمەڵایەتیدا.

لەم لێكۆڵینەوەیەماندا دەبێت بڕوانینە بارودۆخی ژنان لەرێگای ئەو كەڵەكەبوونەی لەبواری رۆشنبیریو كۆمەڵایەتیو دەرونییەكانەوە دروست بووە، هەروەها ناتەباییەكانی نێوان ئاڕاستەكردنە خێزانیو ئاینییەكانو ژنانو ئاراستەی گشتیشەوە دەخولقێن.

## ذێرخانی كؤمةلآیةتیء بارودؤخی ذنان:

لێكۆڵینەوەی ژێرخانی كۆمەڵایەتی هەر كۆمەڵگەیەك پێویستی بەناساندنی توێژە جیا جیاكانی دانیشتوانو پەیوەندییە خێزانییەكانی هەیە.

## ثؤلیَنكردنی دانیشتوان:

كۆمەڵگەی عێراقیو كۆمەڵگەی عەرەبی بەگشتی بەیەكەیەكی كۆمەڵایەتیو شارستانی دادەنرێتو لێكچوونی ئابوریو سیاسیو دیمۆگرافی لەنێوان وڵاتەكانی كۆمەڵگەی عەرەبیدا هەیەو دەكرێت دانیشتوانی نیشتمانی عەرەب بۆ سێ بەشی لەیەكجیا دابەشبكەین، هەرچەندە ئەم بەشانە تێكەڵی یەكتر دەبنو كاریگەرییان لەسەر یەكتر دەبێت.

### أ. خیَوةتنشین (البدو):

ئەو دانیشتوانە دەگرێتەوە كە لەسنوێكی جوگرافیدا ئۆقرەیان نەگرتوەو لەگەڵ ئاژەڵەكانیاندا لەكۆچی بەردەوامدان، نزیكەی ( 80٪)ی زەوییەكانی عەرەب بیابانە كەنزیكەی ( 10٪) دانیشتوانی عەرەبی تیایدا نیشتەجێن[1]، لەم رێژەیەدا چوار ملیۆنی لەنیوە دورگەی عەرەبو دوو ملیۆنی لەعێراقو سوریاو ئوردنو سێ ملیۆنی لەسودانو دوو سەدو پەنجا هەزاری لەلیبیاو حەفتاو پێنج هەزار كەسیش لەبیابانەكانی خۆرئاواو جەزائیرو میسر نیشتەجێبوون.

بنەماڵە (القبیلە) یەكەیەكی ژێرخانی كۆمەڵایەتییە (عەشیرەتو ورگو ران)و بنەماڵە بریتییە لەپەیوەندییەكی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگە تیایدا رەچەڵەك بۆ باوك دەگەڕێنێتەوەو، بنەماڵە پەیوەندییەكی سیاسییەو ئیبن خەلدون باسی لەدەمارگیری بنەماڵەیی كردوە كەگوزارشتە

---

[1] - saad Eddin Ibrahim, The New Arab Social Order. A study of the Social Impact Oil Wealth, 1982, p.5.



لەپەیوەستبونی بنەماڵەو هاوكاریكردن لەسەركەوتنە سەربازیو سیاسییەكانیدا، لەبەهاكانی بنەماڵە پابەندبونە بەكۆمەڵەوەو میوانداریو ئازایەتیو تۆڵەكردنەوەو، رەچەڵەك لەلایان بەهایەكی كۆمەڵایەتی گەورەی هەیەو مرۆڤی خێوەتنشین بەتاكڕەویو ركابەرایەتی دەسەڵات، بێجگە لەدەسەڵاتی سەرۆكی بنەماڵە جیادەكرێتەوەو گرنگترین خەسڵەتی كۆمەڵگەی خێوەتنشین بریتیە لە: دەمارگیری بۆ بنەماڵە، ئازایەتیو داگیركردنو لەسییەكانی سەدەی رابردووە لەئاكامی گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتیەكانو دەرئەنجامی دۆزینەوەی سەرچاوەی نەوتی لەكۆمەڵێك لەوڵاتانی عەرەبیداو هەروەها سەردانی شار لەلایەن ئەندامانی كۆمەڵگەی خێوەتنشینەوە گۆڕانكارییان بەسەردا هاتووە.

### ب. طوندنشینء جوتیارةكان:

لەجەنگی دووەمی جیهانییەوە زۆربەی بەشەكانی نیشتمانی عەرەب بەوڵاتی كشتوكاڵی دادەنرێتو دانیشتوانەكەی بەشێوەیەكی بنەڕەتی سەرقاڵی كشتوكاڵكردنن، تادەركەوتنی نەوت بەگرنگترین كەرتی ئابوری دادەنرا، بەڵام رێژەی دانیشتوانی گەشتیاری سێ لەسەر چواری هێزی بەرهەمهێنی كۆمەڵگەی عەرەبی پێكدەهێننو ئەمەش بایەخیان لەرووی ژمارەو ئابورییەوە زیاتر دەكات.

لەكۆمەڵگەی گوندنشیندا خێزان یەكەی كۆمەڵایەتییە كارلێكی كۆمەڵایەتی تیایدا توندو تۆڵەو دەكەوێتە ژێر ركێفی خزمایەتییەوە، كۆمەڵگەی گوندنشین بەوە دەناسرێتەوە كەكۆمەڵگایەكی كۆنەو نەخوێندەواری تیایدا بەربڵاوە.

دانیشتوانی بیابانو گوندەكان ساڵی 1975 نزیكەی رێژەی" 60٪"ی دانیشتوانی كۆمەڵگەی عەرەبیان پێكهێناوە، بەڵام بەهۆی زیادبونی كۆچ لەگوندەوە بۆ شار بووەتە هۆی تەشەن ەكردنی رواڵەتەكانی ژیانی گوندنشینی لەناو شارەكاندا، لەناویاندا بەغدادی پایتەخت بەجۆرێك كەدیاردەی بەگوندبوونی شارەكان تیایدا بەروونی زەق بووەتەوە،بەمەش رێژەی دانیشتوانی بیابانو گوندەكان بەگوێرەی خەملاندنی سەرچاوەكانی نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ ساڵی 2000 دابەزیوە بۆ نزیكەی (42٪)ی رێژەی دانیشتوان.

### ج- شارنشین

دانیشتوانی شارنشین لەشارەكاندا چڕبونەتەوەو سەرقاڵی بازرگانیو بەڕێوەبردنو پیشە ئازادەكانو تائێستا چەمكی بەكۆمەڵ بەسەر كۆمەڵگەی عێراقیو كۆمەڵگەی عەرەبی بەگشتی زاڵەو گرنگی بەكۆمەڵو بنەماڵەو خانەوادە دەدرێت نەك تاكەكەسو ئەمەش بووەتە هۆی خراپبوونی رۆڵی ژن لەخێزانو لەكۆمەڵگەدا بەگوێرەی رۆشنبیری باوی ناو كۆمەڵگە، خێزان لەكۆمەڵگەی عێراقیدا بەهەموو جۆرەكانیەوە بوونی هەیە، بەجۆرێك:

1 - خێزانی ناوکی: مێردو ئەو کوڕانەی کەژنیان نەهێناوە.

2 - خێزانی درێژکراوەی باوکایەتی: ژنو مێردو منداڵەکانیانو منداڵی منداڵەکانیان.

3 - خێزانی تێکەڵاو: برایانی خاوەن خێزانو ژنەکانیانو منداڵەکانیانو هەرچی خێزانی بنەماڵەییە لەچەند سەد یان چەند هەزار کەسێك کەیەك بنەچە پێکیهێناوە، پێکدێت.[2]

خێزانی بنەماڵەیی، دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە لەژێر کاریگەری بارودۆخی بژێوی خێوەتنشین لەبیابانو ئەو مەترسیانەی بەردەوام هەڕەشەیان لێدەکات، کەوا دەکات خێزانی پشتە باوك کۆ ببنەوە بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی مەترسییەکانو بەرگریکردنی هاوبەش، تاکە کەس ئەندامی کۆمەڵە نەك تاکێکی سەربەخۆ، سیستمی خێزانو سیستمی هاوسەرگیری لەبەهای ژنی کەمکردوەتەوەو، وایکردوە هەندێکجار هاوشێوەی کەرەستەو شمەك مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەجۆرێك هەندێکجار باوك سود لەمارەیی کچەکەی وەردەگرێت کە بەرامبەر بەئەرکەکانی خێزان دادەنرێت بۆ پاراستنو چاك پەروەردەکردنی، ئەگەرچی مارەیی بەگرەنتی بۆ ژنان دادەنرێت لەکاتی جیابونەوەیان لەمێردەکانیان [3]، سەرباری لەئارادابونی هاوسەرگیری گۆڕینەوە واتە ژن بەژن لەهەندێك ناوچەی گوندنشیندا، هاوسەرگیری لەبری خوێن، بەجۆرێك خێزان یەکێك لەکچەکانی دەبەخشێت لەحاڵەتی روودانی کێشەی کوشتنداو کچێك لەبری خوێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان دوو خێزان دەدرێت، وەك چۆن هەندێکجار جۆرێك لەهاوسەرگیری کاتی "هاوسەرگیری سیخە" تەشەنە دەکات کەپێچەوانەیە لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا، ئەگەرچی لەسەردەمی جەنگەکانی ئیسلامداو لەسەردەمی پێغەمبەردا "د.خ" ڕێگەپێدراو بووە بۆ جەنگاوەرەکان بەهۆی دوورییان لەهاوسەرەکانیانەوە، وەك چۆن ئیسلام ڕێگەی داوە بەفرە ژنی تا چوار ژن بەمەرجێك کەزۆر نزیکە لەقەدەغەکردنەوە کەئەویش مەرجی دادپەروەرییە لەنێوانیاندا، ئەگەر نا پێویستە تەنها بەیەك ژن رازیبێت.[4]

باشترین جۆری هاوسەرگیری لەکۆمەڵگەی عەشایەریدا بریتییە لەهاوسەرگیری ناوخۆیی "کوڕانو کچانی مام" ئەمەش لەپێناو پاراستنی خاوەندارێتی خێزانو پەیوەندییەکانی خێزان، کوڕی مام دەتوانێت ڕێگری لەشوکردنی کچە مام بەکوڕی دەرەوەی خێزان بکات.

---

[2]- Fawzia Al-Attia, Contribution a l etude des Structures Socials et de la reforme agraire en IRAK, Montpellier, 1968, p. 74.

[3]- pirre Bordieu, Sociologie de l Aigerie. P.U.F. 1963, P. 15.

[4]- قورئانی پیرۆز، سورەتی (النساء) ئایەتی دووەم (فأنكحوا ما طاب لكم من النساء مثنى و ثلاث و رباع، فإن خفتم آلا تعدلوا فواحدة).



## دابء نةريت:

لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا خێوەتنشینی بەشێوەیەکی گشتی بەسەرچاوەی دانیشتوان دادەنرێت، هەر بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوە لەدابو نەریتیان بکرێت، بەتێڕوانین لەوەی کەکاریگەرییان بەردەوام دەبێت لەسەر کۆمەڵگە، تەنانەت پاش گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتیش، بەجۆرێك ململانێ لەنێوان دابو نەریتی خێوەتنشینیو دابو نەریتی گوندنشینیو لەنێوان دابو نەریتی شارنشینیدا دێتەئاراوە کەدەبێتە هۆی تەشەنەکردنی هەندێك دابو نەریتی گوندنشینی لەناو شارەکاندا.

تەنانەت لەپاش راپەڕینو کودەتاو شۆڕشەکانیش دابڕانی شارستانی یان رۆشنبیری روینەداوەو، عەقڵیەتی کلاسیکی ناو کۆمەڵگەی خێوەتنشینی برەوی هەبووە تەنانەت تا دەگاتە شارەکانو تا بەجیابونەوەی هەندێ لەتاکەکەسەکان لەکۆمەڵەکانیان.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت "لەکۆمەڵگەی عێراقدا" جیاوازی لەنێوان سێ نمونەی کۆمەڵگە، سێ جۆر لەعەقڵیەتدا بکرێت کەئەوانیش: کەمینە، نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی سەرەتایی دەکاتو، واتە گوندنشینەکان کەزۆرینەن بەکۆمەڵگەی کلاسیکی دادەنرێن لەناو دانیشتوانی شارەکانیشدا توێژێك پەیدابوون کە لەروی رۆشنبیریو هونەرییو ئادیۆلۆژییانەوە هاوشێوەی دانیشتوانی کۆمەڵگە پێشکەوتوەکانن، بەڵام لەروی دەرونییەوە وابەستەی شارستانیەتی کلاسیکی کۆمەڵگەنو هەرچەندە ئارەزوی ئەم بەشداریکردنە ناکەن، تەنانەت بەشێك لەتوێژە کۆمەڵایەتییەکەی کەکۆمەڵگەی عێراقییان جێهێشتووەو بەرەو خۆرئاوایی رۆیشتوون، بەکاراکتەری دەرونی زیاتر وابەستەو پابەندی شارستانیەتی کۆمەڵگە کلاسیکییەکەیان بوون.

لەکۆمەڵگەی عێراقیدا گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیو شارستانیەتی خێرا رویداوەو رێکخراوی کۆمەڵایەتی نوێو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەرکەوتونو یاسای نوێ داڕێژراون، کەچی تێڕوانین بۆ ژنو رۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی وەك پێویست گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، ئەم مەسەلەیە پێویستی بەخستنەگەڕی هەرچی زیاتری هەوڵەکانە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەپێناو خێراکردنی پرۆسەکانی گەشەسەندنو پەرەسەندنو سەروەری یاسادا.

## ياساء ذن:

ئامانجی یاسا بریتییە لەپاراستنی کۆمەڵگەو بەختەوەرکردنی گەل، هەروەك بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پەیوەست بەدیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر دادەنرێت.

یاسا بەندە سیستمی سیاسی فەرمانڕەواو ئاستی گەشەسەندنی ئابوریو کۆمەڵایەتیو شارستانیەتەوە، رەنگە لەرێگەی هێزەوە بگۆڕدرێت وەك شۆڕش بەوپێیەی بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە بەشێوەیەکی کتوپڕ گۆڕانکاری دێنێتە ئاراوە لەوانەیە ئەم گۆڕانکارییە بەشەکی(جزئی) یان گشتی(كلی) بێت یان ئاراستەکراوو پلان بۆ دانراو بێتو ئامانجی خزمەتکردنی

کۆمەڵ بێتو کار بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری بکاتو وەك چۆن دەشێت گۆڕانکارییەکی ڕێکخراو بێت بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی چەند توێژێکی دیاریکراو.

گۆڕانکاری سیستمە ئابوریيو کۆمەڵایەتییەکانو ئەو یاسایانەش کەهاوشانی ئەمانە لەبەرژەوەندی خێزانو ژناندایە لەعێراقو هەندێك لەوڵاتانی عەرەبی، کەڕێساکانیان لەبواری یاسای باری کەسێتیو پێکهاتەی خێزاندا بەپێشکەوتوو دادەنرێت، بەتەواوەتی بەو مانایە نایەت کەتوانیویانە دابونەریتەکانی ناو کۆمەڵگە بگۆڕن، بەتێڕوانین بۆ ئەوەی کەئەم کۆمەڵگایانە تاکو ئێستاش بەدەست نەزانیو نەخوێندەواریو ڕۆشنبیرییەوە دەناڵێنن، ئەمەش سەرباری ئەو هەوڵانەی لەپێناو بەدیهاتنی گۆڕانی کۆمەڵایەتیو ئابوریو ڕۆشنبیری لەم کۆمەڵگایانەدا خراونەتەگەڕ، ئەم نەزانینە بەبنەمای بەهێزی ئاراستە تەقلیدیە پارێزگارەکان دادەنرێت کەڕێگرن لەبەردەم قبوڵکردنی ئەو یاسایانەدا لەدیاریکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانیاندا، کەپەنا دەبەنە بەر دابو نەریتو عورفەکان لەژێر کاریگەری تەشەنەکردنی قاڵبە فکرییە دۆگماو بڕیارە پێشوەختەکان کەدەبێنە هۆی بەرفراوانبوونی بۆشایی نێوان بنەما یاساییەکانو واقیعی کۆمەڵایەتی.

تاهەنوکە کۆمەڵگەی عێراقی گیرۆدەی پاشماوەی واقیعی کۆمەڵایەتیو ئابوریيو ڕۆشنبیری دواکەتووەو ڕووبەڕووی واقیعێکی کۆمەڵایەتی پارێزگار دەبێتەوە کەدەبێتە مایەی سودمەندنەبوون لەو وزانەی هەیەتی، ئەمەش لەژێر کاریگەری پەیوەندییەکانی دەسەڵاتو سیستمی باوکایەتی لەخێزاندا، وەك چۆن پەروەردەی کۆمەڵایەتی ژنان دەخاتە پێگەی خراپەوەو بۆ هەردوو ڕەگەزەکە واقیعێك ئامادەدەکات کەپێگەیەکی لاوەکی بۆ ژن لەخێزانو لەکۆمەڵگەدا دابیندەکات، کەواتە دەستورو بنەما یاساییەکان لەکۆمەڵگەی عێراقیدا ڕووبەڕووی واقیعێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز دەبنەوەو، ئەمەش دەخوازێت هاوسەنگی لەنێوان ئاستەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا دروست بکات کەکۆمەڵگە پێی دەگاتو لەنێوان ئەو بنەمایانەی بۆ گۆڕینی واقیعی توێژێکی دیاریکراو وەك توێژی ژنان دەڕەخسێنرێت، چونکە پشتگوێ خستنی ئەو لەمپەرانەی کەکۆمەڵگە لەقۆناغێکی دیاریکراودا دەیسەپێنێتو لەنێویدا دابونەریتو بیرۆکە کلاسیکییەکان کاریگەری خراپیان دەبێتو لەوانەشە ببێنە مایەی ئەنجامی پێچەوانە.

کەواتە یاسا یەکێکە لەو گۆڕاوە ناوبەندانەی کەئەگەر هاتوو سیستمی کۆمەڵایەتی گشتیمان بەگۆڕاوی بنەڕەتی دانا، لەگەڵ دابونەریتو عورفە کۆمەڵایەتییەکاندا کارلێك دەکاتو کاریگەری لەسەری دەبێتو کاریگەر دەبێت پێی، بەڵام ئەوەندە هەیە، چەند کۆمەڵگەو یاساکانی پێشبکەون هاوشان ئاستی کاریگەربوون بەدابونەریتەکان کەمتر دەبێتەوە..لێرەوە قوتابخانەی کۆمەڵایەتی



یاساو ژیانی کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێداوەو، هەروەها جەختیکردۆتەوە لەسەر هەموارکردنی یاساکانو بەتایبەت یاسای باری کەسێتی لەپێناو پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا.

## کۆتایی:

لێکۆڵینەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژنانی عێراق دەمانباتە سەر گفتوگۆکردن لەمەڕ هەندێك چەمك، وەك یەکسانیو هاوتایی جێندەری، یەکسانی واتە یەکسانی نێوان ژنو پیاو، هاوشێوەبوونی پەیوەندی لەسەرمایەی ئابوری ناو کۆمەڵگەدا، بەڵام هاوتایی جێندەری واتە ژنو پیاو هەمان ڕۆڵو پێگەی کۆمەڵایەییان هەیە، هۆکارەکانی جیاکاری دژی ژن بۆ سەنتەربونی سەرمایەو دەسەڵات لەدەستی پیاودا دەگەڕێتەوە، کەبووەتە هۆی ریشە داکوتانی دابونەریتی بنەماڵەیيو عورفە عەشایەرییەکانو تەشەنەکردنی فرەژنیو جێگیربوونی سیستمی باوکسالاری خۆسەپێن.

سیستمی باوکسالاریو عەقڵیەتی بنەماڵەو لایەنگری بۆ دەسەڵاتی باوکسالاری بوارێکی بەر تەسکی هەیە کەناگونجێت لەگەڵ کیانی کۆمەڵایەتی بەجۆرێك سەرجەم هاوڵاتیانی ژنو پیاو لەخۆ بگرێت، هەروەها ناگونجێت لەگەڵ لایەنگری بۆ دەوڵەتو پابەندبون بەدەسەڵاتی یاسا لەڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو پەیوەندییەکانی تاکەکەس لەناو کۆمەڵگەدا بەوەی گرەنتی ئازادییەکانی هاوڵاتی بداتو بەرژەوەندی هەموان بەدیبهێنێت.

ڕۆڵی ژن بەگوێرەی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەیو، بەگوێرەی شارستانیەتی کۆمەڵگە دیاریدەکرێتو گۆڕینی ڕۆڵ دەبێتە مایەی گۆڕینی پێگەو لەهۆکارە یاریدەدەرەکانی بەشداری پێکردنی ژنان لەکارکردنو بونیادنانی کۆمەڵگە بریتین لەهۆکارە کۆمەڵایەتییەکانو ئازادبوون لەدابونەریتو عورفە عەشایەرییەکانو، تێپەڕاندنی لایەنگرە لاوەکییە بەرتەسکەکانو شارستانی بوونو خولْقاندنی بارودۆخی ئابوریی نویو فێربوونی هاوچەرخ.

بارودۆخە کۆمەڵایەتیو شارستانییەکان وایانکردوە ژنانو تەنانەت ئەوانەشی خوێندنیان تەواوکردوە تەماشای فێربون بکەن نەك وەك ڕێگە بۆ خۆپێگەیاندنو کارکردن، بەڵکو وەك ڕێگەیەك تا لەمیانەیەوە ببێتە هاوسەرو دایکێکی باش، دابونەریتەکان ڕێگری لەژنان دەکەن لەوەی کە لەهەموو جێگەیەك کاربکەنو لەڕۆڵی دیاریکراودا ببینرێت. ئەمە بەشداری ژنان لەڕۆڵی سەرکردایەتیو بڕیارداندا سنوردار دەکات. بێگومان گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە ڕونادات تەنها مەگەر دابڕان لەدابونەریتەکانو دانانی یاسا گەلێك بەشێوەیەك کەجیاکاری لەدژی ژنان هەڵگرێتو یەکسانیو دادپەروەری لەنێوان سەرجەم هاوڵاتیاندا بەبێ جیاکاری بەدیبهێنێت.

ئەم حاڵەتە پێشتر لەكۆمەڵگەی عێراقیدا لەپاش شۆڕی 14ی تەموزی ساڵی " 1958" روویدا، بەڵام بارودۆخی جەنگو ئابڵۆقە لەكۆمەڵگەی عێراقیدا وایكرد پاشەكشە بكات، هەروەها گەڕانەوە بۆ لایەنگرییە لاوەكییەكانی وەك بنەما عەشایەرییەكانو ئەوانیترو گەرانەوە بۆ پەنابردنە بەر دابو نەریتەكان.

## راسثاردةو ثيَشنيارةكان:

1 - ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی كۆمەڵایەتیو ئەنترۆپۆلۆژی بەمەبەستی سود وەرگرتن لێی بۆ زانینی رێگرە كۆمەڵایەتییەكانو جێگیركردنی پێگەی ژنانو چاككردنی ئاراستە دەرونییەكان بەرەو ژنانو رۆڵیان لەناو كۆمەڵگەدا.

2 - هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵ لەگرنگیو بایەخی پێگەی ژنان لەناو كۆمەڵگەو گەشەپێدانی ئەو رۆڵە.

3 - كاركردن لەپێناو هەستانەوەی ژنانی عێراق، لەرێگەی پرۆسەی فێركردنو راگەیاندنو رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی بەمەبەستی گۆڕینی وێنەی ژنو پتەوكردنی رۆڵی لەكۆمەڵگەدا وەك هاوڵاتیەك كەهیچی لەپیاو كەمتر نییە.

4 - پتەوكردنی یەكسانی لەمافەكاندا لەنێوان ژنانو پیاوانداو هەروەها دابینكردنی پاراستنی یاسایی پێویست بۆیو كاركردن لەپێناو سڕینەوەی وێنە كلاسیكییەكەی رۆڵی ژنانو لابردنی جیاكاری لەدژی ژنان.

5– ردن لەسەر هەمواركردنی دەستور بەجۆرێك گرەنتی مافەكانی ژن بكاتو یەكسانیو دادپەروەری لەنێوان هاوڵاتیانداو بەتایبەت یاساكانی پەیوەست بەیاسای خێزانو یاسای باری كەسێتی دەستەبەر بكات.

6– دكردنی رێژەی بەشداریكردنی ژن لەرێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیو هەروەها لەنوێنەرایەتیكردنی سیاسی لەناو پارلەمان.



# مافەكانی ژنانی عێراق

**دكتۆر: مەها سەكبان**

هەنوكە عێراق لەپاش روخانی رژێمی تۆتالیتاری واقیعێكی نوێ بەخۆیەوە دەبینێو عێراقی ئەمڕۆ چاوی بڕیوەتە ئایندەیەكی نوێ كە لەسەر بنەمای دیموكراسیو ئازادیو سەروەری یاساو رێزگرتن لەمافەكانی مرۆڤ بنیاتنراوە، بەجۆرێك ئێستا خۆمان لەبەردەم گۆڕانكاری گشت بوارەكانی ژیاندایین، هەروەها بانگەشەی جیاواز لەئاراستە جیاوازەكانەوە ئاراستەمان دەكرێت بۆ ئەوەی سیستمی فەرمانڕەوایی گونجاوبێت لەگەڵ گۆڕانی دیموكراسیدا كەتیایدا گشت نەوەكانی لەگەڵ مافەكانیان بەهرەمەند دەبن.

لەسایەی گۆڕاوە هاوچەرخەكانو ئەو گۆڕانكارییانەی بەسەر جیهاندا دێنو دەركەوتنی رۆشنبیری جیهانگیریی بەلایەنە سلبیو ئیجابییەكانیەوە، دەخوازێت لەئاست مەسەلەی ژناندا رابوەستین بەوەی هاوبەشە لەو پەرەسەندنو گەشەسەندنەی كەدەبێت بەهەنگاوی جێگیر لەكۆمەڵگەكەماندا بچێتە پێشەوە، بەجۆرێك كەبتوانین پێشكەوتنو گەشەسەندن لەبوارەكانی ئابوریو سیاسیو كۆمەڵایەتیدا بەدەست بهێنین.

بێگومان بەپلەی یەكەم لەكاتی داواكردنی رێزگرتن لەمافەكانی ژنان رودەكەینە حكومەت بەوپێیەی خاوەن دەسەڵاتو قۆرخكاری هێزە لەرووبەڕووبوونەوەی تاكە كەسدا، لەبەرئەوەی ئەزمونەكان سەلماندویانە حكومەتەكان تۆمەتبارن لەخراپ بەكارهێنانی دەسەڵاتو پێشێلكردنی مافو

ئازادییەکانی هاوڵاتیاندا، بۆیە کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان لەهەوڵی داڕشتن‌و دانانی پەیماننامەو دەستورگەلێکن کەوا رێزگرتن لەئازادییەکانی مرۆڤو بەهرەمەندبونیان لەمافەکانیان دابینبکات، بەڵام ئەوەندە هەیە رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەدا بەتەنها لەئاستی رەفتاری دەوڵەت لەبەرامبەر هاوڵاتیاندا ناوەستێت، بەڵکو پێویستی بەهەوڵ‌و کۆششی دەوڵەت‌و هاوڵاتیانیشە.

لەمەسەلەی ژناندا بەشێوەیەکی تایبەت، لەسەرەتادا پێویستمان بەوەیە کەژنان رێزگرتنیان لەخۆیان‌و بەهاکانیان‌و ئابڕومەندی مرۆڤایەتیان بگەڕێننەوە بۆ خۆیان کە لەچەندین دەیەدا تاڵانکراوەو بەجۆرێك ژن هەستکردنی بەئابڕومەندی مرۆڤایەتی خۆی لەبیرچووەتەوەو راهاتووە لەسەر زەوتکردنی مافەکانی لەبڕیاردان‌و پێگەیاندنی خۆی، لەسەر ملکەچی‌و ستەم، لەبیری چووەتەوە کە لەئاستی ئەرکەکانیدا بەرامبەر بەکۆمەڵگە مافی هەیە.

کەواتە پێویستە لەکارکردنی رۆڵی ژنەوە دەست پێبکرێت‌و ئەمەش پێویستی بەخواستی خودی ژن هەیە، مافی یەکسانی‌و ئابڕومەندی مرۆڤایەتی پێگەیەکی نایابی گەیشتنی ژنانە بەمافەکانیان، بەپشتبەستن بەپرەنسیپی جیاوازی نەکردن لەنێوان هەردوو رەگەزەکە. هەروەك ئاگانامە نێودەوڵەتییەکان ئەوەیان رونکردوەتەوە کەجیاکاری لەدژی ژنان سوکایەتییە بەئابڕومەندی مرۆڤایەتی، وەك جەختیان کردوەتەوە لەسەر گرتنەبەری گشت رێوشوێنێك بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاساو عورف‌و رێکخراوو مومارەسەکردنانەی کەجیاکاری لەدژی ژن دێننە کایەوە.

مافی ژن بۆ فێربوون بەیەکێك لەگرنگترین گرەنتییەکان دادەنرێت بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تر، رێژەی نەخوێندەواری‌و نەزانی لەوڵاتانی عەرەبیدا لەئاستێکی بەرزدایە وەك چۆن لەراپۆرتی ئەمینداریێتی گشتی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی بەهاوکاری سندوقی نەختینەی عەرەبی‌و رێکخراوی وڵاتانی عەرەبی بەرهەمهێنی نەوت "ئاواپیل"، هێشتا تێکڕای نەخوێندەواری لەوڵاتانی عەرەبیدا لەبەرزترین ئاستیدایە بەبەراورد لەگەڵ هەرێمە سەرەکییەکانی جیهاندا، بەتێکڕای رێژەیەك کەدەگاتە " 25٪"و هەمان راپۆرت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا هەندێك لەو دابونەریتە پێشینەکان‌و، بارودۆخی ئابوری نالەبار لەکۆمەڵگەکاندا رۆڵیان هەبووە لەوەی کەنەتوانرێت بەتەواوی نەخوێندەواری بنەبڕبکرێت.

راپۆرتەکە تێبینی ئەوەشی داوە کەژمارەی نەخوێندەواران زیادیکردوە بەهۆی خۆ دزینەوە لەقوتابخانەو چەند هۆکارێکی ترەوە، لەساڵی 1999دا زیاتر لەنیوەی کچانی پانزەساڵ‌و بەرەو سەرەوە لەشەش وڵاتی عەرەبیدا نەخوێندەوارن لەگەڵ بەرزترین رێژە لەیەمەن بەرێژەی "71٪"و لەمۆریتانیا نزیکەی "69٪"و لەمەغریب " 65٪"و لەمیسر " 51٪"و لەسودان‌و عێراق بەرێژەی "55٪"و بەپێی خەمڵاندنەکانی راپۆرتەکە ژمارەی گشتی نەخوێندەواران نزیکەی " 68" ملیۆن



کەسەو زۆربەیان لەرەگەزی مێن کە" 49،4٪"و هەندێکجار ئەم نەزانیینە بەناوی ئایین یان دابونەریتەوە بیانوی بۆ دەهێنرێتەوەو قبوڵ دەکرێت‌و، زۆرجاریش پیاوان رێگرن لەبەردەم ژنان‌و کچاندا لەوەی کە لەنەخوێندەوارییەوە بەرەو ئاستێکی بەرزی فێرکردن‌و زانیاری هەنگاوبنێن کەهەرەشە لەکۆمەڵێك هاوسەنگی کۆن دەکات کەخێزان‌و کۆمەڵگەی لۆکاڵ لەسەری راهاتوون.

ئازادبوونی ژنان بەڕێڕەوی دەرکردنی ژنان لەنەخوێندەواری بەرەو ئاسۆی زانیاری‌و کردەوەی کۆمەڵایەتی تێپەڕ دەبێت‌و ئەگەر زیاتر لەبابەتەکە قوڵبینەوە تێبینی دەکەین مەسەلەی نەهێشتنی نەخوێندەواری ژنی عەرەب مەرجی سەرەکییە بۆ دەستکردن بەپرۆسەی گەشەسەندن بەهەموو دورییەکانیەوەو گواستنەوەی لەبواری پەرەسەندنی ئابورییەوە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و بونیادنانی دیموکراسی.

هاوکات نەهێشتنی نەخوێندەواری دەستپێکی پرۆسەی دیموکراسییە لەکۆمەڵگەدا بەوەی کەپایەیەکی بنەڕەتییە لەپرۆسەی گۆڕاندا کەپێویستە هاوشانی کۆمەڵگە بێت لەپرۆسەی ئازادبونیدا بەشێوەیەکی گشتی، هەربۆیە ئەمڕۆ قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری بەتەنها مەرجێکی سەرەکی نییە لەپێناو گەشەسەندنێکی تەندروستدا، بەڵکو تەنانەت مەرجی سەرەکی بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی تەندروستە کەزیاتر لەنیوەی کۆمەڵگە بەهۆیەوە زانیاری زمانەوانی‌و زانستی نوێیان دەستدەکەوێت،چونکە هاوبەشبون لەبونیادنانی دیموکراسیدا بەردی بناغەیە لەدروستکردنی ئەو کۆشکەی دیموکراسیدا کەکۆمەڵگەی عەرەبی‌و عێراقی نوێ خەونی پێوە دەبینن، هەروەها پشتبەستن بەرەخساندنی هەل لەنێوان ژن‌و پیاو لەبوارو کەرتە جیاجیاکاندا، دەروازەی بنەڕەتی دیموکراسییە لەرۆشنبیری‌و هەڵسوکەوتدا.

بۆ بەدیهاتنی خواستەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری‌و پێکهێنانی هاوبەشییەکی راستەقینەی ژن‌و پیاو لەبونیادنانی کۆمەڵگەیەکی نوێی پشت ئەستور بەبنەماکانی دیموکراسی پێویستە گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان وەلاوەبنرێت، وەك چۆن ماددەی یەك لەپەیماننانەی تایبەت بە "هەڵوەشاندنەوەی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان"ی ساڵی 1979 داوایکردوەو تیایدا جیاکاری "التمیز" پێناسە کراوە بەوەی "هەر پەرتەوازەکردن یان دورخستنەوە یان پابەندکردن لەسەر بنەمای رەگەزو کاریگەرییەکانی یان مەبەستەکانی بەرگرتن بێت لەداننان بەژن‌و بەهرەمەندبونی یان مومارەسەکردنی یەکسانیانەی وەك پیاو بۆ گشت مافە مرۆییەکانی‌و ئازادییە بنەڕەتییەکان لەبوارەکانی سیاسەت‌و ئابوری رۆشنبیری‌و مەدەنی یان لەهەر بوارێکی تردا بێت".

لەم قۆناغەدا پێویستە دەست پێشخەربین لەقەڵاچۆکردنی سەرجەم شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژن لەناو خێزان‌و بوارەکانی کارکردن لەفەزای چالاکییە کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی‌و دەزگاکانی

راگەیاندن بەهەموو جۆرەکانییەوە، چونکە دادپەروەری لەوەدایە ژنانو پیاوان لەهەمان ماف سودمەندبنو هەمان ئەرکیشیان لەئەستۆدا بێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە باس لەبابەتی بەشداری سیاسی ژن بەگوێرەی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەکات، ئینجا باسکردنی بابەتەکە لەچوارچێوەی هەندێك دەستوری عەرەبیداو لەکۆتایدا باسکردنی بەگوێرەی دەستوری کاتی عێراق، لەبەشی کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا راسپاردەی پەیوەست بەپشتگیری مافی بەشداری سیاسی ژن لەدەستوری هەمیشەیدا دەکات کەبڕیارە دوای کۆتایهاتنی قۆناغی گواستنەوە دابنرێت.

## یەکەم: مافە سیاسییەکانی ژن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:

مەسەلەی مافە سیاسییەکانی ژن لەسەدەی بیستەمدا پاش کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی لەچوارچێوەی گشتگیری بابەتی مافەکانی مرۆڤدا خرایەروو، پاش پەسەندکردنی جاڕنامەی جیهانی کارکردن لەسەر فراوانکردنی لێکۆڵینەوەی مافەکانو ئازادییەکانی پەیوەندیدار بەرێکخستنی، لەشێوەی یاسایەکی پابەندد دەستی پێکردو لەئەنجامی ئەم پرۆسەیە چەندین دیکۆمێنتی گرنگ دەرکەوتن کەپەیوەندی راستەوخۆیان بەبارودۆخی مافەکانی ژنانەوە بەتایبەت لەبواری سیاسیدا هەبوو، وەك رێکەوتننامەی تایبەت بەمافە سیاسییەکانی ژن لەساڵی 1952و رێکەوتننامەی قەڵاچۆکردنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان کە لەساڵی 1979دا پەسەندکراو لەساڵی "1981" دەست بەجێبەجێکردنی کراو گرنگترین لایەنی ئەم رێکەوتننامەیە لەوەدایە کەبوارە زانستییەکانی ئەم مافانەی بەشێوەیەکی زۆر ورد دیاریکردوەو لەمیانەی ئەو دەقانەوە کەباس لەزەرورەتو گرنتی یەکسانی دەکەن لەگەڵ پیاودا لە:

1 - دەنگدان لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا.

2 - لێهاتوویی بۆ خۆپاڵاوتن.

3 - بەشداریکردن لەداڕشتنی سیاسەتو جێبەجێکردنیدا.

4 - دامەزراندن لەپۆستە گشتییەکان لەسەر گشت ئاستەکانی حکومەتدا.

5 - بەشداریکردن لەرێکخراوو کۆمەڵە ناحکومییەکاندا.

6 - نوێنەرایەتیکردنی حکومەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

7 - بەشداریکردن لەرێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا.

هەروەك لەخەسڵەتە دیارەکانی ئەم رێکەوتننامەیە جەختکردنەوەی ئاشکرایەتی لەسەر ئامانجی بەدیهاتنی یەکسانی راستەقینە هاوشان لەگەڵ یەکسانی یاسایی. ئەم لایەنە دواتر رەنگدانەوەی



لەسەر پەیمانو جاڕدانە نێودەوڵەتییەکانی تر هەبووەو دوایەمینیان "پەیمانی کارکردن"ی کۆنگرەی چوارەمی جیهانی ژنانە کە لەپەکین لەساڵی 1995دا سازدرا.

## دووەم: مافە سیاسییەکانی ژن لەدەستورە عەرەبییەکاندا:

وڵاتانی عەرەبی لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ مەسەلەی بەشداریکردنی ژن لەپرۆسەی سیاسیدا، چەند ئاراستەیەکی جیاوازیان هەیە:

1 - ئەو وڵاتانەی کەدەستور یان یاساکانیان مافە سیاسییەکانی هاوڵاتیانی رونەکردووەتەوەو رێکینەخستووە (کەپیاوانو ژنان پێکەوە دەگرێتەوە)، لەشانشینی سعودیە قورئانی پیرۆز بەدەستورو یاسای باڵای وڵات دادەنرێت.

2 - ئەو وڵاتانەی دەستوریان هەیە، بەڵام بنەماکانیان ئاماژەیان تێدا نییە بۆ پێدانی مافی بەشداریی سیاسی ژن، وەك کوەیتو ئیمارات.

دەستوری کوەیت لەماددەی ( 9)یدا هاتووە: "خێزان بنەمای کۆمەڵەو لەسەر ئاینو ئەخلاقو خۆشەویستی نیشتمان دامەزراوەو یاسا بوونی دەپارێزێتو پەیوەندییەکانی پتەو دەکاتو لەسایەیدا پارێزگاری لەدایکایەتیو منداڵێتی دەکات"، بەم شێوەیە ئاماژە بەمافی ژنان نادات لەبەشداریکردنی سیاسیدا.

3 - ئەو وڵاتانەی دەستورو یاساکانیان بەرونی دان بەمافی بەشداریکردنی ژنان لەسیاسەتدا دەنێن، وەك مەغریبو سوریاو یەمەنو فەلەستینو عێراقو ئەوانیتر.

لێرە بەدواوە پوختەی دەقی دەستوری پەیوەندیدار دەخەینەڕوو:

### أ. دەستوری مەغریب:

لەپێشەکی دەستوری مەغریبدا هاتووە:

"..لەمیانەی تێگەیشتنی لەپێویستی کارکردنی لەناو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکاندا، شانشینی مەغریب ئەندامێکی چالاکی ئەم رێکخراوانەیەو پابەندبونی خۆی بۆ داواکاری بەڵگەنامەکانی لەپرەنسیپو مافو ئەرکەکانی ئەو رێکخراوانە دوپاتدەکاتەوەو جەخت لەسەر مافەکانی مرۆڤ دەکاتەوە وەك ئەوەی لەجیهاندا ناسراوە".

بەشی هەشتەمی ئاماژەی تێدایە بۆ:

"یەکسانی ژنوپیاو لەبەهرەمەندبونیان لەمافە سیاسییەکان" تادەگاتە"مافی هەموو هاوڵاتییەکە نێربێت یان مێ کەخۆی بپاڵێوێ ئەگەر گەیشتبێتە تەمەنی پێگەیشتنو لەمافە مەدەنیو سیاسییەکانی بەهرەمەند بێت"

لەمیانەی ئەم دەقە دەستوریانەوە تێبینی دەکەین کەدەستوری مەغریب تەنها باس لەیەکسانی لەمافە سیاسییەکانی ژن دەکاتو ئاماژە بەمافەکانی تری ژنان ناکاتو لەمەشدا مافە

سیاسییەکانی ژن تەنها لەمافی خۆپالاوتندا کورتدەکاتەوەو ئاماژە بەمافە سیاسییەکانی تر ناکات، وەك ئەوەی دەستوری مەغریب لەپێشەکییەکەیدا ئاماژەدەدات بەپابەند بوونی بەمافەکانی مرۆڤەوە وەك ئەوەی لەجیهاندا ناسراوە.

## ب. دەستوری سوریا:

دەستوری سوریا جەخت لەسەر پاراستنی خێزانو تەواوی مافەکانی ژن دەکاتەوەو بەمشێوەیە شیدەکاتەوە:

ماددەی 44: (1) "خێزان خانەی بنەڕەتی کۆمەڵگەیەو، دەوڵەت دەیپارێزێت" ، دەوڵەت هاوسەرێتی دەپارێزتو هانی دەدات کار بۆ نەهێشتنی رێگرە ماددیو کۆمەڵایەتییەکانی بەردەمی دەکاتو دایکایەتیو منداڵێتی دەپارێزێت".

هەرچی لەماددەی (45)دا هاتووە:

"دەوڵەت گشت ئەو هەلانە بۆ ژن دەڕەخسێنێت کەرێگەی بەشداربوونی کاراو تەواوی لەژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریدا بۆ دەکەنەوەو کار بۆ لابردنی ئەو کۆسپانە دەکات کەرێگەی پێشکەوتنو بەشداربونی لەپێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی عەرەبی سۆشیالستیدا لێدەگرن".

## ج- دەستوری یەمەن:

دەستوری یەمەنی باشور کە لەنۆڤەمبەری 1980 دەرچووە هەنگاوێکی پۆزەتڤو. نەوعی لەخستنەڕووی مافەکانی ژنانو پاراستنی خێزاندا هەڵگرتووە، بەمشێوەیە:

ماددەی 79:

"دەوڵەت کار بۆ هاوکاری خێزانو پارێزگاری لەدایكو منداڵ دەکاتو رێوشوێنی سیاسیو ئابوریو رۆشنبیری پێویست دەگرێتەبەر بۆ ئەوەی خێزان بەشێوەیەکی تەندروست پێکبێت تاوەکو ئەرکەکانی ئەنجام بدات".

بەڵام ماددەی 36 دەڵێت:

"دەوڵەت مافی یەکسانی بۆ پیاوانو ژنان دابین دەکات لەهەموو بوارەکانی ژیانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیدا".

## د- پرۆژەی دەستوری فەلەستین:

چەندین ماددەی تایبەت بەمافەکانی ژنی لەخۆ گرتووە کەبریتین لە:

ماددەی 19: "زاراوەی فەلەستینی یان هاوڵاتی لەهەر جێگەیەکی ناو دەستوردا هات، واتە نێرو مێ"

ومادەی 22: "ژنان کەسێتی یاسایيو ئەستۆی دارایی سەربەخۆیان هەیەو مافو ئازادییە سەرەکییەکانی پیاویان هەیەو وەك پیاو ئەرکیان لەسەر شانە".



لەمادەی 23دا هاتووە:

"ژن مافی هەیە بەشداری چالاکانە لەژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو رۆشنبیریو ئابوریدا بکاتو یاسا کار بۆ لابردنی کۆسپەکانی بەردەم بەشداری ژنان لەبونیادی خێزانو کۆمەڵگەدا دەکات. مافە دەستورییو شەرعییەکانی ژنان پارێزراونو یاسا سزای پێشلکارانی دەداتو مافەکانی لەمیراتدا دەپارێزێت".

لەمیانەی خوێندنەوەیەکی سەرەتایی بەراوردکردنی دەستورە عەرەبییەکانەوە سەبارەت بەمافەکانی ژنان چەند خاڵێك پوختە دەکەینەوە:

- زۆربەی دەستورە ئاماژە پێکراوەکان باس لەگشت مافەکانی ژنان بەشێوە گشتگیرەکەی (بەشێوەی روون"و لەیەکسانی تەواوەتی لەنێوان ژنو پیاو لەگشت ئەو مافانەدا ناکات.
- زۆربەی دەستورەکان بەرونی جەخت لەسەر مافەکانی خێزانو پاراستنيو پارێزگاریکردن لەدایکایەتی دەکەنەوە.
- پرۆژەی دەستوری فەلەستین تەنهایە کە بەیاسا سزای پێشێلکارانی مافی ژن دەدات.

لەخوێندنەوە سەرەتاییەکانی ئەم دەستورانەدا بۆمان دەردەکەوێت جەنگێکی گەورەی دیموکراسی لەبەردەم بزوتنەوەی ژنانی عەرەبدا هەیە کەبریتییە لەخەباتکردن یەکەمجار لەپێناو سەقامگیرکردنی دەستورێکی دیموکراسی لەرێگەی شێوازی داڕشتنو ناوەڕۆکەکەیەوە. ئەم دەستورە ناشێت دیموکراسی بێت ئەگەر لەبنەماکانیدا نەگەڕابێتەوە بۆ مافەکانی مرۆڤ ویەکسانی ژنو پیاو لەو مافانەدا، چونکە دەستور باڵاترین یاسای دەوڵەتەو دەوڵەتیش دیموکراسی نابێت ئەگەر دەستورێکی دیموکراسی نەبێت.

مایەی تێبینی کردنە لێرەدا مامەڵەکردن لەگەڵ مافە سیاسییەکانی ژن لەکۆمەڵگە عەرەبییەکاندا روونودیار نییە، بەڵکو لەهەندێك لەکۆمەڵگەکاندا بەستراوە بەکۆمەڵە کاراکتەرێکی تێکچڕژاو بووە کەبەستراوە بەکلتوری رۆشنبیریو راڤەکردنی دەقە ئایینییەکانەوە، بۆیە لەهەر شتێك زیاتر پێویستمان بەئیدارەیەکی سیاسی جێگیرە بڕوای بەرۆڵی راستەقینەی ژن هەبێت لەگۆڕەپانی سیاسیدا بەسیفەتی ئەوەی هێزێکی کارای کۆمەڵەو، لەگەڵ ئەوەشدا مومارەسەکردنی مافەکان لەلایەن ژنانەوە مەسەلەیەکە لەدەستی خودی ژندایە، مافەکان بەگشتيو مافی سیاسی بەتایبەتی نابەخشرێت، بەڵکو وەردەگیرێت.

بوونی بۆشایی گەورە لەنێوان دەقە دەستوریە عەرەبییەکانو جێبەجێکردنی لەژیانی واقیعیدا زۆر گەورەیە، یاسا کار پێکراوەکانی پەیوەست بەیەکسانی ژنو پیاو لەگرنگترینی ئەو رێگرانەن کەدەبنە هۆی بەدینەهاتنی دەستکەوت لەم بوارەدا، بەتایبەت لەکاتێکدا کەمافەکانی ناو دەستور

تەنها نووسینی سەرکاغەز بن، کەدەبنە هۆی دورخستنەوەی ژنان لەبواری بڕیاردانو لاوازبوونی بەشداریی سیاسیانەو تەنانەت بێبەشبونیان لەمافە مرۆییەکانیان.

بۆیە پێویستە ڕۆڵی ژنو بەشداری لەژیانی سیاسیدا کارابکرێت، بەمەرجێك ئەم کاراکردنو بەشداریکردنە بەخشش نەبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی ژن باشترین کەسێکە زیاتر لەتوانایدا بێت گوزارشت لەگرفتەکانیو پارێزگاری لەبەرژەوەندییەکانی بکات.

## سێیەم: مافە سیاسییەکانی ژن لەدەستورەکانی عێراقدا

### ج مافی بەشداری سیاسییانەی ژن بەطویرەی دەستوری کاتی عێراقی لەساڵی 1970:

دەستوری عێراق مافە سیاسییەکانی ژنی بەگوێرەی دەقی دوو مادە ( 19و 30)ی ڕێکخستووەو ئاماژەیانداوە بە:

ماددەی 19:

"هاوڵاتیان لەبەردەم یاسادا یەکسانن، بەبێ جیاوازیکردن بەهۆی ڕەگەز یان نەژاد یان زمان یان پێکهاتنی کۆمەڵایەتی یان ئایین".

بەڵام لەمادەی (30)دا هاتووە:

"یەکسانی لەوەرگرتنی پۆستە گشتییەکاندا یاسا لەئەستۆی دەگرێت"

لەخوێندنەوەی ئەم دەقانەدا بۆمان دەردەکەوێت کەدەستوری کاتی ساڵی ( 1970)، ئەگەر چی بەشێوەیەکی ورد ئاماژەی بەمافی سیاسی ژنانیش نەکردبێت، کەچی جەخت لەسەر یەکسانی لەبەردەم یاساو یەکسانی لەوەرگرتنی پۆستە گشتییەکاندا دەکاتەوە کەئاماژەیە بۆ یەکسانی ژنو پیاو لەبەهرەمەندبون لەم مافانەو تەنانەت ئەگەر ئەم دەقەمان بەدەقێکی کارتۆنی دانا، ئەوا ئەم حوکمدانە بەسەر زۆربەی دەقەکانی ناو دەستوردا جێبەجێ دەبێت کەجەختکردنەوەیە لەسەر ڕێزگرتنی چەندین بەهای مرۆڤایەتی گەورە، لەگەڵ ئەوانەشدا هەمیشە لەسایەی ڕژێمی پێشودا ئەم مافانە پێشێلکراون.

### ح مافی ژن لەبەشداری سیاسیدا بەطویرەی یاسای بەڕێوبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی طواستنەوە لەساڵی 2003:

لەگەڵ پێکهێنانی ئەنجومەنی کاتی حوکمو دەرچونی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت کەجێگەی دەستوری کاتی دەگرێتەوە، دابینکردنی مافی ژن لەبەشداری سیاسیو مافەکانی تر بەشێوەیەکی یەکسان لەتەواوی کۆمەڵگەدا بەرقەرار کرا، ئەویش لەمیانەی پێدانی هەلی خۆپاڵاوتن



بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیو بەشداری لەفەرمانڕەوایەتیدا بەڕێژەیەك کەلانی کەم لەڕێژەی 25٪ کەمتر نەبێت.

لەم دەستورەدا مافی سیاسی ژن بەشێوەیەکی زیاترو وردتر جەختی لەسەر کراوەتەوە، لەپرەنسیپە بنەڕەتییەکانی دەستورەکەو لەمادەی یەکەمیدا هاتووە:

"ئاماژەکردن بەنێر لەم یاسایەدا مێینەش دەگرێتەوە".

واتە ئەم دەستورە مافی یەکسانی بەژنو پیاو دەدات بەبێ هیچ جیاکارییەك کە لەسەر بنەمای ڕەگەز بەندبێت.

وەك چۆن لەمادەی (12)دا ئاماژەکراوە بەوەی کە:

"سەرجەم عێراقییەکان لەمافەکانیاندا یەکسانن بەچاوپۆشی لەڕەگەزو...".

ئەمەش دوپاتکردنەوەی ئەو چەمکەیە کە لەمادەی پێشودا ئاماژەی پێکراوە.

بەڵام مادەی (20) بڕگەی (1) دەڵێت:

"هەر عێراقییەك کەمەرجە یاساییەکانی هەڵبژاردنی تێدایە بۆی هەیە خۆی بۆ هەڵبژاردن بپاڵێویو بەنهێنی لەهەڵبژاردنێکی ئازاددا دەنگبدات".

بڕگەی (2) ئەوەشی بۆ زیادکردوە:

"ڕێگە نادرێت بەجیاکاری لەدژی هەر عێراقییەك لەسەر بنەمای ڕەگەز یان ئایین یان ئایینزا بەمەبەستی دەنگدان لەهەڵبژاردندا".

لەکاتێکدا لەدەقی مادە ی( 30)دا هاتووە ڕێژەی لانی کەمی بەشداری ژنان لەپارلەماندا دیارییکات، بەجۆرێك لەمادەی (30) بڕگەی (ج) هاتووە:

"ئەنجومەنی نیشتمانی بەپێی یاسای هەڵبژاردنو یاسای پارتە سیاسییەکان هەڵدەبژێردرێت، یاسای هەڵبژاردن ئامانجی بەدیهاتنی ڕێژەی نوێنەرایەتی ژنانە کەنابێت چارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کەمتر بێت.

### خ مافی ژن لەبەشداری سیاسییدا لەدەقی دەستوری عێراقی ساڵی 2005

لەمادەی (4)دا هاتووە:

"عێراقییەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن بەبێ جیاکاری بەهۆی ڕەگەز یان نەژاد یان نەتەوە یان ڕەچەڵەك یان ڕەنگ یان ئایین یان ئایینزا یان باوەڕ یان بیروڕا یان بارودۆخی ئابوری یان کۆمەڵایەتی".

بەڵام مادەی (20) دەڵێت:

"هاوڵاتیان بەپیاوو ژنەوە مافی بەشداریکردنیان لەکاروباری گشتیو بەهرەمەندبوونیان لەمافە سیاسییەکانیاندا هەیە لەناویاندا مافی دەنگدانو هەڵبژاردنو خۆپاڵاوتن".

**بڕگەی چوار لەمادەی 47:**

"یاسای هەڵبژاردن ئامانجی بەدیهێنانی ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنی ژنانە کەنابێت لەچارەکی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کەمتر بێت ".

بەمشێوەیە رەشنووسی دەستور کە لەداهاتوودا (پاش ئەوەی هەموار دەکرێت) دەبێتە دەستوری هەمیشەیی عێراق ئەو مافەی پەسەندو جێگیرکردووە کەداگیرکار لەقۆناغی گواستنەوەدا داینابوو وەك لانی کەمی ڕێژەی بەشداربونی ژنی عێراقی لەسیاسەتدا.

## کۆتاییء راسثاردەکان

بێگومان هەر قسەو گفتوگۆیەك سەبارەت بەواقیعی بەشداری سیاسیانەی ژن بێکەموکورتی نابێت ئەگەر واقیعی کۆمەڵایەتی باو بەهەموو کلتورە کەڵەکەبووەکەیەوە کەبێبایەخانە تەماشای ژن دەکات، لەبەرچاو نەگیرێتو، ئەمەش وادەخوازێت هەڵوەستە لەبەردەم واقیعی کۆمەڵایەتیماندا بکەین، پێش ئەوەی قسە لەسەر مەودای توانای کاراکردنی رۆڵی ژنانی عێراق بکەین بەشێوەیەکی جدی لەرێگای بەشداریکردنێکی چالاكو کاریگەرانەی ژن لەمیکانیزمەکانی دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا.

سەرباری سەروەری رەهای پیاوان لەگشت بوارەکانی ژیان لەعێراقدا، ژنانی عێراق لەماوەی حوکمی دیکتاتۆریەتدا بەکۆششێکی زۆر بەشدارییان لەخەباتداکردوە لەپێناوی لەناوبردنو کۆتایی پێهاتنی ئەو رژێمەداو هاتنە ئارای سیستمێکی دیموکراسی کەمافەکانی هاوڵاتیانی عێراق دابین دەکاتو ئابڕومەندییان دەپارێزێت.

وەك چۆن ژنانی عێراق بەشێوەیەکی چالاكو دیار بەشداریان کردوە لەپرۆسەی هەڵبژاردنەکانی30ی کانونی یەکەم/یەنایەر،2005دا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق، بەجۆرێك ڕێژەی کاندیدەکان لەزۆر لیستو هاوپەیمانێتی سیاسییدا ڕێژەی ( 25٪)ی تێپەڕاندوەو هەروەها پشکی هەبووە لەپێکهاتەی کابینەی یەکەمی حکومەتی کاتی، لەپۆستە وەزاریو پۆستەکانی تردا.

ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ژنانی عێراق سەرباری ئەو بارودۆخە ناهەموارەی بەدرێژای ژیان باڵی بەسەرداکێشاوە دەستبەرداری مومارەسەکردنی مافەکانی نەبێتو یان لەئامانجی ئەو مومارەسەکردنانە بێئومێدنەبێت (سەرەڕای ئەوەی ئەم بەشداریکردنە لەسەرەتادا بەپاڵنەری ئایینیو بەهۆی فەتوای مەرجەعیەتەکانەوە گەورە بوو)، بەڵام لەبەشداریکردنەکەی پاشگەز



نەبوەوە، بەمشێوەیە بەیەکسانی لەگەڵ پیاواندا ژنانی عێراق لێپسراوێتی بونیادنانەوەی عێراقیان لەئەستۆگرت، لەگەڵ تێبینی ئەوەی کاراکردنی رۆڵی سیاسی ژن لەکۆمەڵگەی عێراقو هاندانی بۆ مومارەسەکردنی مافو ئەرکەکانی درێژکراوەی سەروەرییەکانی نەتەوەو کلتورە شارستانییەکەیەتی کە لەپێکهێنانیدا ژنانی ئەم گەلە شانبەشان لەگەڵ پیاواندا لەقۆناغە جیاوازەکانی مێژوداو لەخەباتی بەردەوامیان لەپێناو ئازادکردنی مرۆڤو نیشتماندا، بەشداربوون.

هەروەك کاری سیاسی سەبارەت بەژنان لەم سەردەمەدا، بەشێکی دانەبڕاوی بنەماکانی هاوڵاتیبوونو پابەندبونی ئەخلاقییە لەخزمەتکردنی کۆمەڵەی نیشتمانیدا، هەروەها هاوبەشییەکی یەکسانە لەگەڵ پیاواندا لەرایکردنی کاروباری گشتیو بونیادنانی دیموکراسی لەسەر بنەمای یەکسانی لەمافو ئەرکەکاندا. لێرەدا زیادەڕەوی ناکەین ئەگەر لەو بڕوایەدابین دوودڵی لەدروستکردنی تێڕوانینێکی بوێرو رونی پێگەی ژنان لەکۆمەڵگا عەرەبییەکاندا بەدرێژای سەدەی رابردوو رێگری گەورەی بەردەم رابوونی گشتیمان بووە.

پاش جەختکردنەوە لەسەر بوارە ستراتیژییەکانی وەك پەروەردەو رۆشنبیریو گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیو سیاسی، دەروازەی تەندروستی بۆ گواستنەوەی جۆری بارودۆخی ژنان لەوڵاتەکەماندا تاوەکو هەلی گەورەتری بۆ بڕەخسێت خۆی لەوەرگرتنی پۆستە سەرەکییەکانی بەڕێوبردنی دەوڵەتدا دەبینێتەوە.

لەکاتێکدا عێراق سەرقاڵی بونیادنانەوەی خۆیەتی، ژنانی عێراق پێکەوە کار بۆ مسۆگەرکردنی پێداویستییەکانی ژنانی عێراق دەکەن لەحکومەتی نوێدا دەستور پارێزگاری یاسایی پێویستی بۆ دابین بکاتو بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بەمەسەلەکانی توندوتیژی لەسەر بنەمای رەگەزو مافی یەکسان لەخوێندنو، مافی هەڵبژاردن.

ئەمەی سەرەوە سەلمێنراوە، بەتایبەت لەرێگای هەڵبژاردنەکانی هەنووکە کەتیایدا 86 ژن بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵبژێردراون کەدەکاتە رێژەی ( 31٪)ی کورسییەکانی ناو ئەنجومەنەکەو ئەم ژمارەیە بەرێژەی (6٪) لەسەروی رێژەی داواکراوەوەیەو ئەمەش گرەنتی ئەوەیە کەوا ژنانی عێراق رۆڵی سەرەکی لەحکومەتی نوێی عێراقدا دەگێڕن لەپێناو دابینکردنی ئاشتیو ئاسایشی وڵات، بەڵام لەسەر بنەمایەکی دادپەروەرانەتر کەپشت بەتواناو بەهرە ببەستێت نەك رەگەز.

لێرەدا جێگەی ئاماژەیە بەگرنگی پاشە کشەکردن لەم گرەنتییە گرنگانە لەدەستوری هەمیشەیی کە لەئێستادا سەرقاڵی داڕشتنین، ئەگەرچی دەستوری کاتی (نەك دەستوری کاتی بەدەقی نموونەیی) شکستی هێنا لەدانانی دەقێکی روون لەسەر گرەنتی مافی یەکسانی ژنان لەخێزانو لەکۆمەڵگەدا بەشێوەیەکی گشتی، ئەگەرچی ئێستا ئەندامانی لیژنەی داڕشتنەوەی دەستور هەلی

باشیان لەبەردەستدایە بۆ كاركردن لەپێناو زیاتر رونكردنەوەی ئەم گرەنتییانە لەدەستوری نوێدا، كەپێویستە دەقی رونی سەبارەت بەم مەسەلانە تێدابێت.

1 - بەهرەمەندبونی ژنان لەمافی یەكسانی لەگەڵ پیاوانو بەتایبەت مافەكانی پەیوەست بەمافی بەشداریكردنی تەواوەتی لەژیانی سیاسیو گشتیدا كەپێویستە لەسەر بنەمای تواناو لێهاتوویی بێت نەك رەگەز، ژنانی عێراق لەگوتارەكانیاندا بانگەشەیان بۆ یەكسانی لەگەڵ پیاودا دەكرد، لەبەرئەوەی یەكسانی بنچینەی سەرەكیو ئاراستەی گشتییە كەپێویستە لەرەشنووسی دەستوردا باوبێت.

2 - پێویستە چەمكی (تاكەكەس) بەمشێوەیە راڤەبكرێت:

"زاراوەی تاكەكەس پیاوو ژن لەخۆ دەگرێت"، نەوەك مافی ژنان لەم مامەڵەیەدا خەفەبكرێت، وەك چۆن جەختكردنەوە لەسەر دیراسەكردنی واقیعی مرۆڤایەتی ژنانی عێراق، هاوشێوەیە لەگەڵ واقیعی مرۆڤایەتی پیاودا، ئەمە باشترین رێگەیە بۆ گەیشتن بەئەنجامی هاوسەنگ.



## گەشەسەندنی پشكو بەشداری ژن لەژیانی سیاسیدا

**خانمی وەزیر: نەرمین عوسمان**

ژنان لەعێراقدا چەندین ساڵی دورودرێژە دوچاری چەندین شێوازی جۆراوجۆری چەوساندنەوەو لەناوبردنو بەتاڵانبردن (بەشێوازی جۆراوجۆر)ی مافە مرۆییەكانیان بووەتەوە، وەك چۆن قوربانی گشت شێوەكانی ستەمی كۆمەڵایەتیو زاڵبوونی خێزانیو ئیستیغلالكردن بەهۆی بارودۆخی كۆمەڵایەتیو ئابوورییەوە بوون، بۆیە بابەتی چالاككردنی رۆڵی ژن لەكۆمەڵگەو بەشداریكردنی لەدارشتنەوەی یاساكانو بەشداری جدی لەرێساكاندا، ئەوانەی كێشەكانی وڵات چارەسەر دەكەنو ئابوورییەكەی گەشە پێدەدەنو ئاستە شارستانییەكەی بەرز دەكەنەوە لەمیانەی نەهێشتنی بێكاریو جێگیركردنی پرۆژەكانی گەشەسەندن لەگشت بوارەكاندا، بۆ ئەوەی لەم قۆناغەدا پێگەی تایبەتی هەبێتو ببێتە ناونیشانێكی دیار لەعێراقی نوێدا، عێراقی فیدراڵی دیموكراسی فرەیی، بەجۆرێك رێز لەمافەكانی مرۆڤ بگرێتو ئابڕومەندی بپارێزێتو لەهەژاریو برسێتیو بێبەشبوون دەرباز بكرێت.

گفتوگۆ زیندووەكان هاوشانی پرۆسەی نووسینەوەی دەستور، گرنگی ئەم بەشدارییەی سەلماندووەو جەختی لەسەر كاركردنو كۆششكردنی ژنانی عێراق كردووەتەوە لەپێناو جێگیركردنی مافە بنەڕەتییەكانی ژن هاوشێوەی مافە بنەڕەتییەكانی پیاوان، چونكە قسەكردن دەربارەی كۆمەڵگەی یەكسانیو دادپەروەری بەبێ ئەوەی سەرجەم ئەندامانی كۆمەڵگە هەست بەوە بكەن كەمافەكانیان لەدەستورو یاساو رێساكانی وڵاتدا جێگیرو دابینكراوە، كارێكی ئەستەمە.

جێگیركردنی رێژەیەكی دیاریكراو لەئەنجومەنی نیشتمانی بۆ ژنان كەدەكاتە رێژەی چارەكی كورسییەكانی، ئەمە هەنگاوێكی ئیجابی جەختكردنەوەیە لەسەر گرنگی بەشداری ژنان لەژیانی سیاسی وڵاتەكەماندا، بەڵام پێویستی بەپەرەپێدانو كاری بەرەوامی ژنانە لەگەڵ گشت هێزە

سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بۆ فراوانکردنی ئەم بەشدارییەو پشکبوونی جدی لەبوارە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکانو بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی کەجیاکاری لەنێوان مافەکانی ژنانو پیاواندا ناکات، لەهێنانەئارای ژیانێکی هاوچەرخدا پشت بەبەخششی هاوبەشی هەردوولا دەبەستێت.

چارەسەری کەمو کورتییەکانی یاسای باری کەسێتیو ئامادەکردنی ژن بۆ وەرگرتنی هەموو مافەکانی، لەپێشی پێشەوە یەکسانی لەگەڵ پیاوان ئەرکێکی نیشتمانییە پێویستە جێگەی بایەخی گشت هاوڵاتییانی عێراق بێت بەپیاوو ژنەوە، لەگشت توێژەکانی کۆمەڵگەو بەتایبەت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو لەناویاندا ڕێکخراوەکانی داکۆکیکردن لەمافەکانی ژنانو هەروەها ڕێکخراوەکانی بەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤ و، لەپێناوی بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکەدا، دەبێت هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەو راڤەکردنی چەمكو سیستمەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤو دوپاتکردنەوەی مرۆڤبوونیو پاراستنی ئابڕوومەندیو جێگیرکردنی ئاراستەی گشتی دەست پێبکرێت بۆ بونیادنانی کۆمەڵگە دامەزراوەکان کەگرەنتی بنەڕەتی بەرگرتنە لەیاریکردن بەم مافە یان ئەویتریان، یان ببێتە مایەی گۆڕینو دەستکاریکردنی لەلایەن دەسەڵات، یان لەئەنجامی ئارەزووی دەسەڵاتدارانو توێژەکانی فەرمانڕەواوە گۆرانی بەسەردا بێت.

ئەگەر باس لەراستییەك بکەین کەهەمووان دەیزانین، ئەویش بەرزی ڕێژەی دیمۆگرافیای ژنانە لەوڵاتدا کە لەنیوەی دانیشتوانی زیاترەو لەهەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیدا هێزێکی دەنگدەری گەورە پێکدەهێنێتو لەتوانایدایە زۆرێك لەکێشەکان یەکلا بکاتەوەو ئاراستەی سیاسی وڵات دیارییبکات، ئەمەش وامان لێدەکات بەجدی بیربکەینەوەو داوا لەژنانی گشت توێژەکانی کۆمەڵگە بکەین بێنە ناو پرۆسەی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە کەفەراهەمکەری بەدیهاتنی بەشداری پراکتیکی بێت لەداڕشتنی یاساکانو نووسینی دەستورو لەدانانی بناغەی پتەو بۆ پێکهاتنی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی لەعێراق.

بەشداری ژنان داواکاری مافەکانیان تێدەپەڕێنێت لەبوارەکانی تری ژیاندا، لەوانە داڕشتنی بنەمای تەندروست بۆ چاودێریکردنی خێزانو دیاریکردنی ئامانجی روون لەپێکهێنانی خێزانێکی دروست کەمەرجە پێویستەکانی گەشەسەندنی منداڵ فەراهەمدەکات. بەجۆرێك کەدووربێت لەدەربەدەریو فەوتانو رووبەڕووبوونەوەی هەژاریو بێبەشکردن، پێکهێنانی خێزان بەگوێرەی پێوەرە مرۆییو ئەخلاقییەکانو دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانیو پەناگەو خۆراکو بایەخپێدانی لەلایەن کۆمەڵگەوە دەبێتە هۆی جێگیربوونی گیانی هاوکاری لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵگا لەعێراقی نوێدا.

ژمارەیەکی زۆری ژنان لەکەرتی فێرکردندا خزمەت دەکەن لەبەرئەوە لەتوانایاندایە پەرە بەم کەرتە



زیندووە بدەنو بەدوری بگرن لەبیرو بۆچوونە دەمارگیرو چەمکە دواکەوتووەکانی جیاکاری لەنێوان هەردوو رەگەزو دانانی ڕێگرو لەمپەر بۆ جیاکردنەوەیان، ئەزموونمان لەکێڵگەی خوێندنگای تێکەڵاو، ئەزموونی گەلانی تریش لەم روانگەیەوە جەخت لەسەر گرنگیو سودی پابەندبوونو جێگیرکردنی ئەم دەستکەوتە زیندووە دەکەنەوە بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگەو گەشەکردنی تواناکانی بەشێوەیەکی تەندروست کەپشت بەشارەزاییو ئەزموونە سەرکەوتووەکانی جیهان ببەستێت، زانکۆکانی عێراق لەم بوارەدا رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن، بەجۆرێك هەزاران خوێندکاری کوڕو کچ پێکەوە لەلقە زانستیو پسپۆڕییە جیاوازەکاندا فێردەبنو رادەهێنرێن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندی هاوڕێیەتیو هاوکاریو هەرەوەزی پێویست بۆ هەر رابوونێکی نوێ.

وەك چۆن تێکەڵبوونی ڕێژەیەکی گەورەی ژنان بەبازاڕی کارکردن لەئەنجامی بارودۆخی ئابوری ناهەموار لەوڵاتەکەماندا، لەوەزیفە گشتییەکانی دامەزراوەکانی دەوڵەتداو ئیستغلالکردنیان لەلایەن خاوەنکار یان یاسا هەرەمەکییەکان یان ڕێوشوێنی جیاکاری نێوان ژنو پیاو یان لەئەنجامی کاریگەری خێزاندا، رووبەڕووی راستییەکی نوێمان دەکاتەوە کەدەخوازێت ژنان بەکردەوە بەشداری لەداڕشتنی ئەو بنەمایانەدا بکەن کەمافەکانیان فەراهەمدەکاتو رەچاوی گیرۆدەبوونو ئەو جیاکاریو لێبڕینە بکات کە لەکارکردندا تووشی مافو ئیمتیازەکانی وەزیفە دەبێت.

ئەوەی لەعێراقو لەوڵاتە تازە پێگەشتووەکانی تریش جێگەی نیگەرانیمانە بەردەوام خراپبوونی ئاستی بژێوی ژنانە لەئەنجامی جیاکاری لەنێوان هەردوو رەگەزەکەو کەمی کرێی ژن بەبەراورد لەگەڵ ئەو کرێیەی پیاوان وەریدەگرن، ژنانی عێراق بەدەست ئیستغلالکردنێکی دڕندانەوە دەناڵێنن بەتایبەت لەدوو دەیەی رابردوودا، بەچەشنێك فشارێکی زۆریان لەسەر بووەو ئاکامی ئەو جەنگە دوژمنکارییانەیان لەئەستۆ گرتووە کەرژێمی پێشوو دژی وڵاتانی ترو جەنگی ستەمکارانەی دژ بەرۆڵەکانی گەلی عێراق لەکوردستانو لەباشور ئەنجامیداوە بووەتە هۆی دەربەدەربوونی هەزاران ژنو دوچاری فشاری نەداریو برسێتیو کارکردن بەکرێیەکی کەم بووەتەوە، یان ئەنجامدانی کارگەلێك کە لەمرۆڤایەتیو ڕێزلێنانی کەم دەکردەوە، ڕێژەی هاوسەرگیری بەرێگەی ناچارکردن رووی لەزیادبوون کردو لەئاکامی ئەو بارودۆخەدا ژنان ناچاردەکران دەستبەرداری زۆرێك لەمافەکانیان بنو ژمارەی بێوەژن بەئەندازەیەك زیادیکرد کەعێراق لەمێژووی هاوچەرخیدا ژمارەی ئەوتۆی بێوەژنی تۆمارنەکردووە، بەتایبەت لەناوەندە هەژارەکاندا بەهۆی جەنگو گۆڕی بەکۆمەڵو پاکتاوی جەستەییو شاڵاوەکانی تۆڵەکردنەوەو..تد.

لەئاکامە خراپەکانی ئەم بارودۆخە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاریو تەشەنەکردنی لەناو ژناندا بەجۆرێك پێویستی بەچارەسەری جدیو ڕێوشوێنی حکومەتی کاراو بەشداری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەگشتیو ڕێکخراوەکانی ژنان بەتایبەتی هەیە.

لەچوارچێوەی هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمانو پلانەکانی بونیادنانی دەوڵەتێکی هاوچەرخ کەرێز لەمافەکانی مرۆڤ بگرێتو گرەنتی یەکسانی نێوان هاوڵاتییەکانیو نێوان پیاوانو ژنان بدات، دەبێت ژنان ڕۆڵی پێشەنگیو سەرکردایەتی خۆیان بگێڕنو لەرۆڵی تەنها داواکاری مافەکانەوە هەنگاو هەڵگرن بەرەو ڕۆڵی هاوبەش لەلێپرسراوێتیو بڕیاردان لەسەر گشت ئاستەکان لەدەوڵەتدا لەباڵاوە بۆ خوارەوە، هەروەها لەگشت کەرتە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتییەکاندا.

ئەم ئامانجە ڕەوایە پێویستی بەهێزی کەڵەکەبووو کۆششو فراوانکردنی چالاکییەکانو چالاککردنی ڕۆڵی ژنانو هاوکاریکردن لەئامادەکردنی تواناکانی ژنان بۆ تێکەڵبوون بەپرۆسەی سیاسی، هەیە، چونکە ئەستەمەو بگرە مەحاڵیشە قسە دەربارەی ئاوەدانکردنەوەو گەشەسەندنی گشتگیر بکرێت بەبێ بەشداریکردنی چالاکی ژنان لەگشت بوارەکانیو لەژیانی گشتیدا بەچەشنێك کەگونجاوبێت لەگەڵ چڕی ژمارەی ژنان لەکۆمەڵگەدا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەگرنگی بەرنامەو خولی ئامادەکردنو زەرورەتی هاوکاریو پشتگیری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لەبەرزکردنەوەی تواناو کارامەیی کادری ژن لەسیستمە نوێیەکانی کارگێڕیو شێوازەکانی سەرکردایەتیو ئاراستەکردن لەدامەزراوە سیاسییەکانو ئەوانیتردا بدرێت.

پێویستە ئاماژەبکرێت بەوەی زەرورەتی بوونی ژنان پێویستە بەتایبەتی بۆ موومارەسەکردنی ڕۆڵەکانی سەرکردایەتیکردنی کارا لەدەسەڵاتی یاسادانانو جێبەجێکردندا کەگونجاوبێت لەگەڵ ململانێکانی بەردەم بونیادنانەوەی عێراقی نوێدا.

عێراق توانایەکی هەمەچەشنو توێژێکی گەورەی لەژنانی خوێندەوار هەیە کە لەتوانایدایە بەشێوەیەکی فراوان بەشداری لەنەخشەکانی گەشەسەندنو ریفۆرمی سیاسیو ئابوریدا بکات ئەگەر هاتوو بواری بۆ ڕەخساو هەلی پێویستی خرایە بەردەست بۆ لەئەستۆگرتنی ئەم ئەرکە نیشتمانییە. بەرنامەکانی گەشەسەندنی گشتگیرو دووبارە بونیادنانەوەی وڵاتەکەمان لەسەر بنەمای ڕاستو تەندروست دەخوازێت دەسەڵاتێکی دیموکراسی بێتە ئاراوە کەکار لەپێناو گەلو بەختەوەرکردنیدا بکات، دەسەڵاتێك بێت دەست بەسەراگرتنو ناچارکردن ڕەتبکاتەوەو پەیوەندی هاوسەنگ لەنێوان گشت توێژو پێکهاتەکانیدا بکاتو ڕێگە بەبەشداری هەموو هێزو ئاراستە سیاسییەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بدات لەپرۆسەی سیاسیو بونیادنانەوەی عێراقی نوێ.



هەموو ئەمانە پشت بەبڕیاری سیاسی دروستو زەرورەتی بەشداربوونی ژنان لەدروستکردنو کارکردن بۆ جێبەجێکردنیدا دەبەستێت، هەروەها بەبوونی دامەزراوەگەلێك کەخواستەکانی گەل جێبەجێ بکاتو بەگوێرەی یاسا کاربکات، نەك ئارەزووی تاکە کەسیو ویستی ناجێگیر.

## ڕاسپاردەو پێشنیارەکان:

1 - بەشداری ژنان لەدەرچواندنی ڕێساو یاساکانی تایبەت بەژنان.

2 - سوربوون لەسەر بەدواداچوونی جێبەجێکردنی واقیعی تیۆری لەگەڵ واقیعی پراکتیکیو کردەوەیی.

3 - بەشداری ژنان لەبڕیاردانو وەرگرتنی پۆستە ئیدارییەکاندا.

4 - بەشداری ژنان لەپارتە سیاسییەکاندا، لەبەرئەوەی دەروازەیەکی بەهێزی گەیشتنە بەپێگەکانی بڕیاردان.

5 - کەمکردنەوەی ئاستەنگەکانی هەژاریو دامەزراندنی پرۆژە بۆ زیادکردنی داهاتی ژنان بۆ ئەوەی لەرووی ئابورییەوە بەکاریبهێنن.

6 - بەشداریکردنی ژنان لەبەرێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکانو پاراستنی ژینگەدا.

7 - بەدیهاتنی یەکسانی لەهەلەکانی فێربووندا.

8 - دامەزراندنی دامەزراوەی ڕەسمی یان خۆبەخش بۆ پاراستنی ژنان لەپێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ وەك لێدانو سوکایەتی پێکردنو هاوسەرگیری بەزۆرو...تد.

9 - کۆکردنەوەی سەرچاوەیەکی فراوانی زانیاریو داتای تایبەت بەژنانو کاروبارەکانیان بەمەبەستی بەدواداچوونی بابەتەکانی پەیوەست پێوەیو دیراسەکردنی بەشێوەیەکی زانستیو هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی ئامارو فەرمانگەی پەیوەندیدار بەکۆکردنەوەی زانیاری.

10 - کارکردن بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنانو بەهەموو ڕێگەو شێوازەکان لەمافەکانیان، بۆئەوەی بەرگری لێبکەنو لێیان نەسەنرێتەوە.

11 - ئەنجامدانی پرۆژەی پیشەسازیو بازرگانیو کشتوکاڵیو ڕۆشنبیری لەلایەن ژنانەوە.

12 - پێشکەشکردنی هاوکاریو چاودێری بۆ ئەو دایکانەی کەکاردەکەن.

13 - گۆڕینی ڕۆشنبیری کلاسیکیو باوو ئەو بنەمایانەش کەسەرچاوەی ئەو ڕۆشنبیرییانەن کە بەتەواوەتی پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانن.

14 - فراوانکردنی ڕووبەری دیاریکراو بۆ ژنان لەرۆژنامەکاندا، فراوانکردنی بابەتەکانو دامەزراندنی پێگەیەکی نیشتمانی بۆ ڕاگەیاندنی تایبەت بەژنان بۆ بەدواداچوونی

پەیامەکانی راگەیاندنی بینراوو بیستراوو خوێندراو، کارکردن لەپێناو هێنانەئارای گۆڕانێکی نەوعی لەوێنە کلاسیکییەکەی ژندا.

15 - هۆشیارکردنەوەی ژنان سەبارەت بەرۆڵیان بەرامبەر بەمەسەلەکانی ژینگەو پتەوکردنی گیانی بەشداریکردن بۆ پاراستنی ژینگەو چاککردنی، لەبەرئەوەی یەکێک ە لەقوربانییەکانی پیسبوونی ژینگە کە لەئاکامی شەڕەکانەوە دروستبووەو بووەتە هۆی زیاتر تووشبوون بەجۆرەکانی شێرپەنجەو خراپی ئەو ژینگەیەی ژیانی تێدا بەسەردەبات.

16 - جێگیرکردنی رۆشنبیری جۆر لەبابەتو پرۆگرامەکانی خوێندنداو سەقامگیرکردنی ئەزموونی خوێندنگا تێکەڵاوەکانو خوێندنگاکانی نابینایانو دامەزراندنی بنکەکانی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواریو جەختکردنەوە لەسەر قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری کۆمەڵایەتی.

17 - هاندانی ژنان بۆ بەشداریکردن لەئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنە شارەوانییەکاندا.

18 - هاندانی ژنان بۆ بەشداریکردن لەسەندیکاو یەکێتیو کۆمەڵەکانو کارکردن بۆ ئەوەی پێگەی سەرکردایەتی بگرن.

19 -پێکهێنانی دەستەیەکی نیشتمانی کەسەرجەم رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت بەکاروباری ژنان لەخۆبگرێت لەپێناو یەکخستنی گوتارو چڕکردنەوەی کارەکانیو زیادکردنی فشارەکانیو رێکخستنی چالاکییەکان، بەشێوەیەك لەتوانایدا بێت بەدوای رێگرەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ستراتیژەکاندا بچێت.

20 - سازدانی کۆبوونەوەی دەوری لەنێوان رێکخراوەکانی تایبەت بەمافەکانی ژنانو مافەکانی مرۆڤ یان لەژێر هەر ناونیشانێکی تردابێت لەپێناو یەکخستنی بیروڕاو بەشداری هەمووان دەربارەی بڕیارێکی تایبەت بەژنان.

21 - سازدانی کۆبوونەوەی دەوری لەگەڵ وڵاتانی عەرەبیو وڵاتانی دراوسێو وڵاتانی هاوڕێ بەمەبەستی وەرگرتنی هاوکاری لەپێناو گەیشتن بەگوتارێکی هاوبەش، چونکە نەهامەتی هاوبەش کۆمان دەکاتەوەو یەك کێشەمان هەیە.

22 -بەشداری ژنان لەچارەسەری ململانێکاندا لەبەرئەوەی لەهەموان زیاتر پریشکی زیانی بەردەکەوێت، لەبەرئەوەی خراپترین شێوازەکانی توندوتیژی کەژنانی عێراق دوچاری بوون بریتییە لەو توندوتیژییەی کە لەئاکامی جەنگو ململانێکانەوە لەرابردوو ئێستادا بەردەوام بۆماوەی چەندین ساڵ بەخۆیەوە بینیوە.



23 - پتەوکردنی چالاکیو بەرنامەکانی دامەزراوە تەندروستییەکانو ئەوانەی پەیوەندی راستەوخۆیان بەژنانەوە هەیە، وەك عەیادە پزیشکییەکانی وەچە خستنەوەو سەنتەرەکانی ئاشکراکردنی شێرپەنجەی مەمكو نەخۆشخانەکانی منداڵبوونو چاودێری دایکایەتیو منداڵو چاودێری کچانی گەنج.

24 - هاندانی ژنان بۆ خوێندن لەهەموو بوارەکانی فێرکردن لەگشت بوارەکانی کارکردندا.

هاندانی ژنان بۆ بایەخدان بەگشت جۆرەکانی زانستی ئایینیو ئابوریو بازرگانیو رۆشنبیریو هونەریو تەکنەلۆژی لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی تواناو کارامەییان.

## هەڵسەنگاندنی ژنان لەناوەندە سیاسییەکاندا
## پێگەی ژنانی عێراقی لەسایەی گۆڕانکارییە سیاسییە نوێیەکاندا

خانمی وەزیر: سورەیا یوحەنا ئیشۆ (باسکال وەردە)

### ثيَشةكی
### ذنان لةكؤنء نويَدا بابةتی حوكمة ستةمكارةكان:

ژنان لەمێژوی وڵاتی نێوان دوو روباری کۆندا، وەك چۆن لەسەردەمی ئێستاماندا، بابەتی گفتوگۆیەك بووە کەبێبەش نەبووە لەبڕیاری ستەمکارانە، ریشاڵەکانی پەراوێزخستن‌و کەمکردنەوەی پێگەی ژنان، نەك هەر ئەوە بەڵکو لەبەهاو شکۆمەندی وەك مرۆڤ رەگی داکوتاوە، ئیتر لەرێگەی دابونەریت‌و عورفەکانی ژیانی رۆژانەوە بێت یان لەمیانەی یاسا دانراوەکانی تر کەبەردەوام رووبەڕووی ژنان بووەنەتەوەو، ئاستەنگی لەرێگەی خەباتیان داناوە، لەچوار دەیەی رابردودا چەندین جۆری مومارەساتی دڕندانەوەی وەك ئەشکەنجەدانی جەستەیی‌و دەرونی‌و ترساندن‌و بەتاڵانبردنی ئازادییەکان‌و هەموو مافەکان‌و سەربڕین‌و راگواستن‌و زیندانیکردن...تد پیادەکراوە.

سەرەڕای بەپیرەوەچونی ژنان بەرەو ئازادی‌و گەشەسەندن بەهاوکاریکردنی ژمارەیەك لەپیاوان کە لەناو حزبەکاندا بن یان بێلایەن بن، ژنانی عێراق لەچەند ساڵی رابردوی پێش گۆڕانکاریدا چەندین دەسکەوتی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیریی‌و نەتەوەیی‌و سیاسییان بەدیهێناوە لەپێناو پشتگیریی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کەئامانجی روخاندنی دیکتاتۆریەت‌و بەرقەراربونی ئاشتی‌و ئازادی‌و دیموکراسی بوو لەعێراقدا، ژنانی عێراق لەو بڕوایەدابوون بەلاچونی رژێمی دیکتاتۆری عێراق دەرگایەکی نوێ دەکرێتەوە کەناوی "ئازادی ئینجا دیموکراسی"یە، بەڵام پاش بەدیهاتنی بەشی یەکەمی خەونەکە کەهەرگیز بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات واتە (روخانی صەدام) واقیعی ژیانە کەچەندین رێگری لەبەردەم ژناندا قوتکردەوە کەپیاوی عێراقی دەیتوانی لەرێگەیدا نەیچەقاندایە، بەجۆرێك سەر لەنوێ بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو ژنانی عێراق لەیەکەم پێکهاتەی سیاسی نیشتمانی دوای جەنگدا پەراوێزخرانەوە، هاریکاران، نەك هەر ئەوە، بەڵکو ئاسودەکان بەم بارودۆخە نادادپەروەرانە خودی عێراقییەکانن‌و، بەدیاریکراوی کۆمەڵە سیاسییە جیاوازەکانن،

ئەوانەی بەشداربوون لەپرۆسەی گفتوگۆکان سەبارەت بەمافی ئەندامێتی ئەنجومەنی فەرمانڕەوایی لەعێراقی ئەوکادا.

هەرچی بوونی رەگەزی مێینەیە لەو دامەزراوە زۆر گرنگەدا کە بەکەمتریش لەدیکۆرم دادەنا، ئامانج لێی پڕوپاگەندە بوو، بێگومان، تەنانەت ئەم بوونەش بەدەستپێشخەری‌و بەشداری لەلایەن حزبەکانی ناو گۆڕەپانی عێراقەوە نەبوو، سەرەڕای ئەوەی هەریەك لەو حزبانە چەندین ئەندامی ژنی لەخۆگرتووە، بەڵکو ئەمە بەپێشنیاری هاوپەیمانان بوو.

لەکاتێکدا ئەم ئەنجومەنە بایەخی پێویستی بەمەسەلەی هەمەچەشنی نەتەوەیی‌و سیاسی‌و ئایینی‌و تەنانەت عەشایەری داوە وەك رێزلێنان لەو پێکهاتە هەمەچەشنەی کۆمەڵگەی عێراقی لێدروستبووە. ئەو مەسەلەیەی لەگەڵ گیانی دەقە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەمافی مرۆڤدا دێتەوە، وەك جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤو هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە ئابوریی‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیرییەکان‌و تایبەت بەمافە مەدەنی‌و سیاسییەکانی ساڵی 1966و پرۆتۆکۆلی پاشکەوتی پەیماننامەکە، ئەم هەنگاوانە جێگەی ستایشن، چونکە نەتەوە ژمارە کەمەکانی وەك کلدۆ ئاشوری‌و سریانی‌و تورکمان‌و ئەوانیتر، ئەوانەی لەچەندین سەدەی رابردودا بۆ یەکەمجار هەلی ئازادییان بۆ رەخسا لەپێناو سەلماندنی مافەکانیان لەدەستوردا لەسەر گشت ئاستە نەتەوەیی‌و سیاسی‌و یاسایی‌و ئایینی‌و کۆمەڵایەتی‌و کارگێرییەکان‌و ئەوانیتر، وەك چۆن ئەو کەشوهەوایەی مژدەی دیموکراسی بۆ عێراق پێیە، دەروازەی بەرووی کۆبونەوەو ئازادی رادەربڕین‌و راگەیاندنی ئازاددا کردەوە، بەجۆرێك وایکرد بڕیاران‌و بەرپرسان بیروڕا سەبارەت بەمەسەلە چارەنوسسازەکان بەیەك ئامانج لەپێناو عێراقی نوێدا بگۆڕنەوەو، هەوڵبدەن بۆ هێنانەئارای گیانی پێکەوەژیانی پێویست بۆ گەیشتن بەچارەسەر سەبارەت بەمەسەلە بنەڕەتییەکانی بواری یەکێتی‌و یەکگرتوویی‌و نەتەوەیی‌و پەیوەستە ئیجابی‌و هاوبەشەکان لەنێوان توێژە جیاجیاکانی پێکهاتەی گەلی عێراقدا بەچاوپۆشی لەدابەشبوونی تایفی یان مەسەلە بنەڕەتییەکانی تر.

بەڵام ئایا ئەم هەنگاوانە بەرەو دیموکراسی پێویستیان بەژینگەیەکی تەندروست‌و ئازادتر نییە؟..

پێدەچێت بەلابردنی کۆتوبەند لەدەست‌و قاچی هاوڵاتی عێراق دوربکەوینەوە لەپەنابردنەبەر پتەوترکردنی ستەم لەمیانەی شێوازی "لەپشت پەردە"وەو کێشان بەیەك تەرازوو. لەو بڕوایەداین دادپەروەری راستەقینە ئەگەر هەبێت لەسەریەتی کار بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە بکات، یان هەر لایبات بەتایبەت لەسەر ژنان، لەبەرئەوەی لەهەموو ئەم نەتەوانەدا ژنان هەن‌و هەر بۆیە دەبنە بەشە گەورەکەی کۆمەڵگە. لێرەدا مەسەلەکە پەیوەستە بەهێنانەئارای کۆمەڵگەیەکی ئازاد پێش



ئەوەی باس لەکۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بکەین، بۆ خۆلادان لەدیموکراسیەتی دیکتاتۆریەتی زۆرینەو زاڵبوونی بەمەبەستی فەرمانڕەوایکردنی دارستان لەلایەك‌و جیاکاری رەگەزی لەپێناو جۆری رەگەز (جێندەر)دا لەلایەکی ترەوە.

بەوەی کەژنان یەکەمی زیان لێکەوتوەکانن‌و لەروی ژمارەشەوە لەهەمووان زیاتر مافیان پێشلکراوە، بەتایبەت بەهۆی رەگەزەوە، نەهامەتی ژنێکی سەر بەنەتەوەیەکی بچوك زیاترە لەبەر چەندین هۆ، لەوانە: ئینتمای نەتەوەیی‌و ئایینی‌و رۆشنبیریی، سەرباری ئەوەی مێینەیە.

بەڵام بەشداریکردنی لەگفتوگۆو توێژینەوەدا هەلۆەستەیەکی مێژووییە وەك نووسینی دەستورو دەنگدان بەئازادی‌و خۆپالاتن هیچ نییە جگە لەئاماژەیەکی ئیجابیانەی پەرەسەندنی هزری‌و هۆشیاری‌و لێپرسراوێتییە بەرامبەر بەزیاتر لەنیوەی کۆمەڵگە. داواکاری ژنانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی هۆگەلی کارای هاوشێوەی سیستمی "کوتا" وەك زۆرینەی گەلانی جیهان، لەبەر راهاتنی عەقڵیەتی پیاوان، ئینجا ژنانیشە بۆ سودوەرگرتن لەچاکەو شارەزاییە زانستی‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکانی ژنان لەگەڵ بوارەکانی تردا، زەرورەتێکی زۆر پێویستە تەنانەت لەسەر ئاستی حزبە سیاسییەکانیش لەپێناو هەستانەوەی وڵات‌و دەستگرتن بەسەر بەفیڕۆچونی وزەکاندا کە بەدەست بارودۆخی ئاسایشەوە دەناڵێنێت‌و وادەکات کارامە عێراقییەکان، عێراق بەجێبهێڵن‌و لەپەرتەوازەیی‌و ئاوارەیدا بمێننەوە، ئەمەش بێگومان نەهامەتییەکە زیاتر دەکات‌و، بەلاوەنانی زیاتر لەنیوەی کۆمەڵە کەژن پێکیدەهێنێت، لەبەرئەوە لەتواناماندایە ژنان‌و پیاوان پێکەوە هیواکانمان بەدیبهێنین‌و رێگە بەرەو ئایندەی گەلی عێراق‌و چارەنوسی یەکێتییە نیشتمانیەکەی بکەینەوە، ئەسپینۆنزا دەڵێت: ".. بەزیادبونی ئەندازەی بەهرەمەندبونی تاکەکەسەکان لەئازادی دەوڵەتدا، بەختی دەوڵەت لەیەکێتی‌و توانای ناوخۆیی لەبەرەنگابونەوەی دوژمندا گەورەتر دەبێت.." کتێبی (المذهب الاحرار)، ساڵی 1911"، پێدەچێت هەمانشت بۆ ئێمەی عێراقیش گونجاوبێت.

## بەشی یەکەم
## ژن لەمێژوی کۆندا (رافیدەین):

ژن بەدرێژایی چەرخەکان هەر لەسەرەتای لەکۆمەڵگە بەراییەکان‌و بەتێپەڕبوون بەشارستانییەتەکانی خۆرهەڵاتی نزیکی دێرین، ئینجا شارستانیەتی فیرعەونی‌و تا بەشارستانیەتی یۆنانی کۆن دەگات، بەچەندین ماف‌و ئیمتیازات بەهرەمەندبووە، لەسەرەتای شارستانییەتی سۆمەریدا مافی بەشداریکردنی لەکاری بازرگانی‌و شایەتیدان لەدادگا هەبووە، سەرباری ئەوەی کەتوانیویەتی کۆیلەو بەندە بکڕێت‌و بەخێوکردنی منداڵ لەئەستۆبگرێت‌و چەندین کاری سەربەرستی تر، وەك چۆن مافی سەپاندنی ویستی هەبووە بەسەر مێردەکەیداو بەرێگرتن لەوەی

کەبچێتە ماڵەکەی، لەم حاڵەتەدا مێردەکە دەبوو بچێتە ماڵی باوکی ژنەکەی یان ژنەکە لەماڵی باوکیدا دەمێنێتەوەو مێردەکەی ناوبەناو سەردانی دەکات، هەروەها مافی بەهرەمەندبونی لەموڵکەکانیدا هەبووە بەبێ دەستێوەردانی مێرد یان براکانی.(5)

ئەگەرچی ئەم مافو ئیمتیازاتانە بەتێپەڕبونی شارستانییەتەکان پاشەکشەیانکردوە، بەئەندازەیەك کەگەیشتوەتە داڕوخانێکی باوەڕنەکراوو پێگەیەکی بەدەستەوە نەماوە کەبوونو سەربەخۆیی خۆی بەدەست بێنێت، هەمیشە وەك پاشکەوتووی پیاو دەردەکەوێت، یان مێرد، یان باوك، یان برا یان بەهەر شێوەیەکی خزمایەتی، سەرباری گشت ئەو ئیمتیازانەی لەگەڵ پێگەی ژن لەکۆمەڵگەدا هاتوون، بەزیادبونی ئەم پێگەیە زیاددەکاتو بەکەمبونەوەشی کەمدەکات.

## مافو ئیمتیازاتەکان لەمیانەی سیستمی باوکسالاریدا:

هەرچی سیستمی باوکسالاریی باوی خۆرهەڵاتی نزیکی دێرینە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کەپیاو پایەی سەرەکی دەسەڵاتی ئەم سیستمەیە، سەروەری هەڵوێستەکانەو ئەنجامدانی هاوسەرێتیو هەڵوەشاندنەوەی لەدەستی ئەودایەو مافی هێنانی زیاتر لەیەك ژنی هەیەو رەچەڵەکی منداڵ بۆ ئەو دەگەڕێتەوەو لەمافی میراتدا نێرینە لەمێینە جیادەکرێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی پیاو بەجیاوازییەکی زۆر لەژنان زیاتر لەدەسەڵات بەهرەمەند دەبوون، بەجۆرێك ژنان مافی هەڵبژاردنیان لەهاوسەرگیرییو جیابونەوەدا نەبووەو تەنانەت مافی سەروەرێتی بەسەر خۆیەوە نەبووە، سەروەری ئەو بریتی بووە لەوەی لەماڵە باوکو براوە پاش پرۆسەی هاوسەرگیرییەکە بگوازێتەوە بۆ ماڵە مێرد.

## رێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی بەیاسا (حامورابی) :

یاسا لەخۆرهەڵاتی نزیکی دێریندا بایەخێکی تایبەتی بەژن داوە، بەجۆرێك هاوشان بووە لەگەڵ گەشەسەندنو بەمەدەنیبونی پلەبەندیدا، هۆی ئەو بایەخدانە تایبەتەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەمەسەلەکانی هاوسەرگیرییو تەڵاقو نەوەخستنەوە گرنگترینی ئەو کاراکتەرانەی ژیانی ژن پێکدەهێنن. دەبینین مادە یاساییەکانی پەیوەست بەهاوسەرگیرییو تەڵاق لەیاسای حامورابیو یاسای ئیشنونا بەرونی ئاماژە بەپێویستی تۆمارکردنی هاوسەرگیریی نێوان ژنو پیاو لەگرێبەستێکی فەرمیدا دەکات، بەبێ ئەو تۆمارکردنە ژن بەهاوسەری ئەو پیاوە دانانرێت، ئەگەرچی لەماڵەکەشیدا بێت.

(5) - Gordon B. Sumerian , proverb, pp, (126) NO. 1- 160 pp. 282 , NO, 2- 1601.



وەك چۆن مافی داواکردنی تەڵاقی بەژن رەوا بینیوە لەحاڵەتێکدا بەجێیهێشت یان خۆراکی پێویستی بۆ دابیننەکرد، ئەمەش لەخۆیدا بەدەسکەوتو پاڵپشتێکی پێگەی ژنان دادەنرێت، لەبەرئەوەی لەحاڵەتی تەڵاقدا مافەکانی بۆ دابیندەکات کەئەگەر پەیوەستنامەکە بەشێوەیەکی فەرمی تۆمارنەکرایەو هەردوولای پابەند نەکردایە، ئەو مافانەی دەست نەدەکەوت.

لەگرنگترین مافە داراییەکانی ژنان لەهاوسەرگیریدا مارەییەکەیەتی یان (شیرکتم)، ئەوەی باوکی کچەکە لەکاتی هاوسەرگرتندا پێشکەشی دەکات وەك بەشێك لەمیراتی باوکیو ئەمەش جۆرێکە لەدابینکردنی دارایی بۆ ژیانیو پاش مردنی بۆ منداڵەکانی.

## ژنانو ناوەندی سیاسیو دادوەریی:

سەرباری گشت ئەم دیاریکردنانەی مافەکانی ژنان، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەسەر ئەوە جەختدەکەنەوە کەژن لەخۆرهەڵاتی نزیکی دێریندا رۆڵی سیاسی زۆر گرنگی گێڕابێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خەباتو بەهێزی کەسێتیو توانا فکرییو سیاسییەکانیان لەمیانەی هۆیە بەردەستەکانی ئەو سەردەمەوە.

بەگوێرەی گێڕانەوە کۆنەکان شاژن کو–پاپا فەرمانڕەوای شاری (کیش) بووە، هەروەها شاژن شینۆ خێزانی (زیمری – لیم) بەناوبانگترین پادشای شاری ماریو بەهێزترین کەسێتی بووە پاش کەسێتی مێردەکەی، لەئامادەنەبونی ئەودا شارەزای فەرمانە فەرمییەکان بووە، وەك چۆن بەهەمان بەهێزییەوە چەندین ژنی تر دەرکەوتون، ئەگەرچی نازناوی شاژنیان نەبووە، لەچاخی سەرەتادا لە(لەجەش) باراناهترا هاوسەری لۆجالاندا–ی فەرمانڕەوا دەرکەوتو دوای ئەویش شاج–شاج ژنی ئاوەرد کامینا دێت، هەندێك لەو بڕوایەدان ژنان گەیشتبنە ئاستی دادوەری لەناو پەرستگاکاندا، بەئیعتیباری ئەوەی دادوەری پەیوەست بووە بەگەورەیی تەمەنەوە، نەك رەچاوکردنی رەگەز، کەئایا نێرە یان مێ، عەشتار ئاومۆ یەکێکە لەو نمونانە، هەروەها ژن مومارەسەی خوداپەرستی کردوەو بووەتە هاوسەری خواوەندو هاوشێوەی پیاوان سەرقاڵی بازرگانی بووە، بۆ نمونە ژنێك بەناوی ئامات شەمش لەسەردەمی فەرمانڕەوایی پادشا "شامشۆ ئیلۆما" دەرکەوتووە کەخۆی بۆ خواوەندی رۆژ تەرخانکردوەو چووەتە کۆمپانیایەکی بازرگانییەوە لەگەڵ دوو پیاودا کاریکردوەو، بەشە سەرمایەکەی بەشێك بووە لەزیو کە لەگەنجینەی پەرستگای خواوەند وەریگرتبوو.

بەهەمانشێوە ژنان ئازادبوون لەمومارەسەکردنی هەر کارێکی وەك فرۆشتنی مەیو رێکخستنی قژو پاسەوانی دەرگا، شوانیو هەندێکجار نووسین لەسەر تابلۆ بەنووسینی بزماری، ئاشکرایە کەئەمانە

بەكاری سوكو بێبەها دادەنراو لەسەر ژنان كورتدەكرایەوە وەك توێژی خوارەوە بەراورد لەگەڵ توێژی باڵای ژناندا، ئیتر لەكاهینەكان بن یان ئەوانەی پەیوەستی بنەماڵەی فەرمانڕەوا بوون.

**هەنطاوی واقیعی بۆ بەشداریكردنی ذن لەمەسەلە ضارەنوسسازەكان لەسەردەمەكانی دواییدا:**

بێگومان پاش ئەوەی داوای ژنان بۆ ڕێزگرتن لەئابڕومەندییان كاریگەری خۆی دانا، بیری ناوەندی سیاسی لەویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا بەخەباتی سۆزان براوفێڵو چەندین پێشەنگی تری داواكردنی یەكسانیو مافی ژن قەڵسبوو، لەماوەی بەشی كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم وەك چۆن هەمانشت لەچەند وڵاتێكی ئەورپا رویدا، یەكەم وڵات كەرێگەیدا بەخۆپاڵاوتنی ژنان بۆ هەڵبژاردن ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا بوو لەساڵی 1888. تەنها پاش 32 ساڵ، واتە لەساڵی 1920. مافی هەڵبژاردنی بەخشییە ژنان.[6]

و فیللەندا ساڵی1906 یەكەم دەوڵەت بوو مافی بەشداری هەڵبژاردنو هاوكات پاڵاوتنی بەخشییە ژنانو هەریەك لەدانیماركو ئیرلەنداش ساڵی 1915 بەدوایدا هاتن.

لەكاتێكدا ژمارەی بەشداربوانی ژن لەوڵاتانی عەرەبیدا كەمبوون، بەڵكو لەهەندێك لەو وڵاتانەدا رێگە بەژنان نەدراوە گرنگترین مافی بنەڕەتی خۆیان پیادەبكەن، كەبریتییە لەمافی مەدەنی، واتە هەڵبژاردنو خۆپاڵاوتن وەك كوەیتو ئیماراتو سعودیە.

لەگەڵ ئەوەشدا لەزۆرێك لەوڵاتانی جیهانیو لەسەر هەموو ئاستەكان دەبینین هەوڵی زۆر لەئارادایە بۆ تێكەڵكردنی ژنان بەپێگەكانی بڕیاردان، ئەویش لەمیانەی بەكارهێنانی سیستمی شارستانی كە لەروی یاساییەوە پابەندبوون دەسەپێنێت وەك سیستمی كوتا، لەپێناو راهێنانی عەقڵیەتی پیاوانو ژنان لەسەر تێڕوانینێكی واقیعیو هەقیقەتی بەهای ژن وەك بونەوەرێكی مرۆیی هاوشێوەی پیاوان لەلایەكو، بەها بەرهەمهێنەكەی لەروی فكرییو فیزیاییو مادیو مەعنەوی لەلاكەی ترەوە، بەڵگە لەسەر ئەم راستییە، ئەگەرچیش هەنگاوی هێواشی هەڵگرتووە، بەڵام ئیجابی بووە، كەئەویش بریتییە لەرێژەی ژنانی ئەندام پارلەمان لەجیهاندا كە لەساڵی1945دا تەنها 3٪ بووە زیادیكردووە بۆ 11.6٪ لەساڵی 1995 و 15٪ لەئێستادا.

بەڵام لەعێراق، پاشەكشەكە زۆر بەرونی دیارەو بارودۆخەكە پاش دوو ساڵ لەگۆڕانكارییەكان زیاترو زیاتر خراپ دەبێت، چونكە لەساڵی پەنجاكاندا عێراق یەكەم دەوڵەت بووە لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ژن تیایدا گەیشتوەتە پۆستی بەڵام لەعێراق، پاشەكشەكە زۆر بەرونی دیارەو بارودۆخەكە پاش دوو ساڵ لەگۆڕانكارییەكان زیاترو زیاتر خراپ دەبێت، چونكە لەساڵی

[6] - گۆڤاری Interparliamentarian Union



پەنجاكاندا عێراق یەكەم دەوڵەت بووە لەسەر ئاستی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ژن تیایدا گەیشتوەتە پۆستی وەزیر، بەڵام دوای ئازادبوونو بەڵكو دوای پێداگری ژنانی عێراق لەسەر چەسپاندنی مافەكانیان، جێبەجێكردنی رێژەی سەپێنراو لەلیستەكاندا هەنگاوێكی نەوعیو مێژویی ژنانی عێراق بوو لەمیانەی چەسپاندنی رێژەی 25٪ی ژنان بۆ چوونە ناو پارلەمان. لەكۆی 275 كورسی 88 كورسی بۆ ژنانی ناو پارلەمانی هەڵبژێردراوی كانونی دووەمی 2005 بووە، واتە ئەو رێژەیەی ژنان لەپارلەماندا بەدەستیان هێناوە دەگاتە 31٪ی كۆی ئەندامانی ناو پارلەمان! وەك چۆن لەماوەی دوو ساڵدا بەردەوام لەكۆششدا بووە، بەچەشنێك لەئەنجومەنی جێبەجێكردنی یەكەم وەزارەتو كاتی وەرگرتنەوەی دەسەڵات 6 وەزیری ژنی لێكەوتەوەو ژمارەكە بەتەواوەتی لەحكومەتی دوای ئەویشدا جێگیربوو.

جێگەی ئاماژەیە ژنانی عێراق تەنها لەسنوری دیاریكردنی كوتا بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی دەستەوەستان نەبوون، بەڵكو داوایانكردوەو بەردەوامبن لەسەر داواكردنی هەمان رێژە لەسەرجەم ناوەندەكانی بڕیاردانو لەناویاندا پارتە سیاسییەكان. بەڵام دیاردەی لیستەكانی هەڵبژاردن كەبڕیاروایە بەم نزیكانە ئەنجامبدرێت، وادەرناكەوێت ژنان خۆیان بەدەستەوە بدەن، ئەمەش بۆ هاتنی ناوەكانیان دەگەڕێتەوە نەك تەنها لەچوارچێوەی سیستمی كوتا، بەڵكو لەسەر چەندین لیست لەپارێزگاكاندا، ئەمەش بەتۆماركردنی سەركەوتنێك لەبەرژەوەندی ژنانی عێراقو هۆشیارییان سەبارەت بەلێپرسراوێتی سەرشانیانو هەروەها بەتێگەیشتنی پیاوان لەبەهای ژنان، دادەنرێت. ئەم بەدیهاتنە تەدریجییە بەرهەمی كاریگەری كۆششی دەستەبژێری ژنانە بەگشتیو، ئەوەش بەهاتنەپێشەوەی ژنان بووە لەكەشوهەوایەكی پڕ لەململانێی بەرەو سندوقەكانی دەنگدان لەهەڵبژاردنی یەكەمداو راپرسی لەسەر دەستورو وەك چۆن لەخۆپاڵاتنیشدا.

## بەشی دووەم:

### ئاستەنطی طۆڕان لەدیكتاتۆریەتی درندەوە بۆ سیستمی دیموكراسی:

بۆسویە (Bossuet) دەڵێت: "من هەر كاتێك لەناخی خۆمدا بەشوێن ئەو هۆیەدا دەگەڕێم كەپاڵنەری كاركردنمە، هەست بەوە دەكەم هیچ پاڵنەرێك بۆ كارەكانم نییە جگە لەئازادی خۆم، ئەوە لەنمونەی ئەم هەڵبژاردنەدا كورتدەبێـتەوە".[7]

ئازادی عیللەتی ئەو گۆڕانە بوو كەگەلی عێراق بەدرێژایی چەند دەیەیەك خەباتی سەختی لەپێناودا كردوەو ئامانج لێی روخاندنی رژێمی فاشی بووە، روخاندنێك كەلەرەگەوە بێتو هاوڵاتیانی عێراق گشت هۆیەكانیان لەدژی بەكارهێنا بۆ دەربازبون لەو مومارەسە رەمەكیانەی كەگەیشتبووە ئاستی

[7] - Bossuet Traite Du Libre Arbitr. Ch. 11

توندوتیژیو کۆنترۆڵکردنی بەترساندن کەجێگەی قبوڵکرنی عەقڵ نەبوو، ئەو خەوە بەدیهات لەکاتێکدا زۆربەی هاوڵاتیانی عێراق چاوەڕێی بەدیهاتنی نەبوون، کەئەویش بریتیبوو لەرزگاربوون لەجەلادی زیندانی گەورە (عێراق) لەرۆژی 9ی نیسانی 2003 لەئاکامی قوربانیدانی هاوڵاتیانی عێراقو دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکاو بەریتانیا کەعێراقییەکان وەك هەلێك بەکاریانهێنا بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان، واتە رزگاربوون لەرژێمی فاشیستو خوێناوی کەژیانو پارەی عێراقییەکانی بەهەدەردا.

بەڵام پرسیاری بنەڕەتی کەخۆی دەخاتەروو ئەمەیە، ئایا هاوڵاتیانی عێراق بەم خێراییە لەدەستی ئەو کلتورە دەربازیان بووە کە لەپەروەردەی سەپاندنو رەتکردنەوەی دەسەڵاتی یاساو دەستگرتن بەکورسیو بەندایەتیو ژێردەستەییو رێزنەگرتنی بیری ئازادو بیروبۆچونی ئازادو پێشنەکەوتنو چەسپاندنی دەمارگیرییو بەردەوامیدان بەمومارەسەکردنی بنەماکانی فەرمانڕەوایی گونجاو لەگەڵ جەنگ یان بەجەنگە یەك لەدوای یەکەکان کەعێراقی تێدا ژیاوە، بۆیان ماوەتەوە؟..

ئایا چەمکی دیموکراسی ئاراستەی راستەقینەی لەبیری مرۆڤی عێراقیدا لەریزی توێژە کۆمەڵایەتییە ئاساییەکانو تەنانەت لەهزری خودی توێژی دەستەبژێردا وەرگرتووە.

نمونەیەکی زیندوو کەتەنها چەند رۆژێکی بەسەردا تێپەڕیوە، لەیەکێك لەجادە فراوانەکانی موسڵدا شۆفێرێکی سەرپێچیکاری یاساکانی هاتوچۆمان بینی کە بەئاراستەی پێچەوانەو قەدەغە دەهات، دەمانویست خۆمانی لێدەربازبکەینو زۆرمان نەمابوو تووشی روداوێکی دڵتەزێن بێینو پاش تێبینی شۆفێری ئۆتۆمبیلەکەمان: "بەرێزم بۆچی بەسایدی قەدەغەدا دەڕۆیت، خەریکبوو ئێمەو خۆشتان لەناوبەریت"، کابرای سەرپێچیکار لەوەڵامداو لەکاتێکدا خۆی بەخاوەنی هەق دەزانی وتی : "ئەمە دیموکراسییە، هاوار بکەیت بەسەرمدا؟ !" سەرباری ئەوەی لەسەرپێچییەکەی دڵنیایەو بەخۆبەزلزانینی تێکەڵ بەنەزانیو تەنانەت بەپەروەردەی بێویژدانی هەستدەکات هەمیشە هەق لەلای ئەوە، ئەگەرچی لەراستیدا تاوانباریش بێت، دەیویست خۆی بسەپێنێت لەمیانەی شیکردنەوەی چەمکی دیموکراسی لەروانگەی خۆیەوە.

ئەمە حاڵی هاوڵاتی عێراقییە، هیچ بەلامەوە سەیر نییە کەکاتێك هەڵسوکەوتی کەسێك کە لەنەزانینو تێنەگەیشتنی لەچەمکی دیموکراسی بەمشێوەیە دەبینم، ئەمە حاڵی ئێمەیە لەگەڵ دیموکراسی تەنانەت لەنێو توێژی دەستەبژێردا، ئیتر لەدەسەڵاتی سیاسیدا بێت یان ناوەندی رۆشنبیری یان ئابوریی یان کۆمەڵایەتی یان ناوەندە ئیدارییەکانی تر.

## ئازادی سیاسی وەك یەکێتیء هێز بۆ دەوڵەت:



ئەگەر مەسەلەکە پەیوەست بێت بەهێنانەئارای سیستمێکی دیموکراسی راستەقینە لەعێراق، پێویستە سیاسەتمەداری عێراقی بەئاگابێت لەوەی دەسەڵات کاتییە، ئەگەرچی ماوەیەکی زۆریش بخایەنێتو خزمەتی گشت هاوڵاتیانە لەرێگەی ئەم هاوڵاتییە یان کۆمەڵێك لەهاوڵاتیانەوە وەك ئەرکی سەرشانیان بەرامبەر بەنیشتمانەکەیان لەئێستا یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەدڵسۆزی بۆ پرەنسیپی پیادەکردنی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات کەبنەمایەکی سەرەکی سیستمی دیموکراسییە، ئەگەر گوزارشتەکە راست بێت، تەنانەت دەسەڵاتی باوکایەتی بەتەواوبونی ئەرکو واجبی پەروەردەکردنو بەختەوەرکردنی نەوەکان تا گەیشتن بەتەمەنی پێگەیشتن رۆڵی تەواودەبێتو، ئەوانیش گەیشتونەتە ئەوەی لێپرسراوێتییە کەسییەکانیان لەئەستۆبگرن، بەواتای ئەوەی بوونەتە کەسانێکی پێگەیشتوو ئازادو دەتوانن بۆ خۆیان ئاراستەی خۆیان دیارییبکەن. لێرەوە، دەسەڵات مانای خستنەژێر رکێفی هەتاهەتایی یان کۆنترۆڵکردن یان دەستبەسەرداگرتن نییە، چونکە دەسەڵاتی باوکایەتی کەوێنەی هاوشێوەی واقیعی کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتە بەتایبەتی، بریتییە لەو دەسەڵاتەی کەدەکەوێت لەگەڵ دەستکەوتنی ئامادەیی پێویست لەلایەن کەسێکەوە بۆ مامەڵەکردن بەکەسێتیو لێپرسراوێتییەکەیەوە (فەلسەفەی لۆك (1704–1632)، کتێبی کێشە فەلسەفییەکان).

هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەمان بۆ بیری سیاسی، دەبینین کێشەی ئازادی جێگەی بایەخی زۆرینەی بیریارە سیاسییە نوێیەکان بووەو لەسەروی هەموویانەوە ئەسپینۆزا، لۆکو مۆنتیسکۆو رۆسۆو بنتامو جۆن ستیوارتو ئەوانیتر، بەڵام لەسەدەی بیستەمدا فەیلەسوفانی خاوەن ئەنگیزەی جیاواز بایەخیان پێداوە، لەوانەیە گرنگترینیان هەبهۆس (لەکتێبە بەناوبانگەکەی لەساڵی 1911 لەژێر ناونیشانی رێبازی مەسەلە)، جۆن دیوی ( John Dewey) لەکتێبەکەی بەناوی (لقگەرایی لەکۆنو نوێدا) کە لەساڵی 1930 دەرکەوتووەو لەوانەیە بۆمان بلوێت ئەسپینۆزا بەیەکەم مژدەدەری رێبازی ئازاد دابنێین، چونکە ئەو سیاسەتی هێزەی هۆبز بانگەشەی بۆ دەکرد؟

لەسەردەستی ئەو گۆڕا بۆ سیاسەتی ئازادی، وەك چۆن لەم وتەیەدا دەردەکەوێت: "ئەو هێزەی لەکۆمەڵگەدایە بریتییە لەئازادی گەورە". لەکاتێکدا هەبهوس بانگەشەی ئەوە دەکات هەموو دەسەڵات بدرێتە دەست یەك کەس. ئینجا، رێبازە سیاسییەکەی کارکردن بووە لەسەر ئەنگیزەیەکی دەستبەسەرداگرتنی رەها، کەچی دەبینین ئەسپینۆزا پێچەوانەکەی پەسەنددەکات، بەئەندازەی زیادبوونی بەهرەمەندی تاکەکانی دەوڵەت لەئازادیو یەکسانی، بەختی خودی دەوڵەت لەیەکێتیو توانای لەناوخۆدا زیاددەکات لەرووبەڕووبونەوەی دوژمناندا.

هەر کاتێك تاکەکەس ئارەزوی ئازاردانو ستەمکردنی لەئەوانیتر لەلا کەمبووەوە، کۆمەڵ زیاترو ئاسانتر هەلی یەکگرتنی لەنێودا دروستدەبێت.

## کام دەستور لەجیهاندا وەك دەسکەوتێکی هەڵبژاردن نوسراوەتەوە؟

لەیەکەم بانگێشتکردنم بۆ گفتوگۆکانی تایبەت بەدەستوری کاتی پێش زیاتر لەساڵێك لەبەغدا هەستکردنم بەدڵتەنگیو ستەم هێندە قوڵبوو توانای رونکردنەوەیم نییە.. ئەوەی لەتوانامدایە بیڵێم ئەوەبوو کەئەی خودایە لەزەمەنی ئێمەداو لەکاتی لەدایکبونمانەوە لەستەمو بەرپرسیارێتییەکداین کە لەسەروی توانای خۆمانەوەیە، ئایا نەدەکرا لەکاتی کردنەوەی چاوەکانمان بەرووی جیهاندا ببینین کەخاوەنی دەستورو دەوڵەتو ژیانی سیاسی سەقامگیرین وەك چۆن لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا هەیە؟ دەزانین نەوەی یەکەم شارستانیەتین کەیاسای داڕشتوەو خێزانو کۆمەڵگەی رێکخستووە. مەسەلەی نووسینەوەی یاسای بنەڕەتی وڵات چەندە ئەستەمە، بۆچی بەدیاریکراوی لای ئەم نەوەیەی ئێمە؟

هاوڵاتیانی عێراق بەژنو پیاوەوە، لەسایەی بارودۆخێکی ئەمنیو ئابوریی ناهەمواردا هەوڵێکی زۆریانداوە بۆ پەرەپێدانی چەندین پێشنیار کەبەرهەمی بیرکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانە لەسەرتاسەری عێراقدا لەمیانەی نووسینەوەی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت 2003 – 2004 و ئەمەش جوانترینی ئەو کارانە بوو کەهاوڵاتیانی عێراق لەبەدیهاتنی میکانیزمێکدا کەهەمووان هەست بەوەبکەن کەبانگێشتی بەشداریکردن کراون، هەریەك بەپێی تواناو پسپۆڕی خۆی، داڕشتنی ئەو دەقەی کەئێمە ئەمڕۆ لەسایەیدا گەیشتوینەتە رۆژی پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەییو ئەوەی لەدوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیو حکومەتی نوێ هەمواردەکرێت.

ئەمەش بەئامانجی بەردەوامبون لەپرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عێراقێك کە لەروی سیاسیو ئاسایشو ئابورییو کۆمەڵایەتییەوە دوچاری داڕوخان بووە، بەڵام دەستوری هەمیشەیی بەراپرسی پەسەندکرا، لەرۆژی 15ی تشرینی یەکەمی رابردوو، نەك تەنها خاڵی نییە لەکەموکوڕی ناماقوڵ، بەڵکو پێویستی بەبنچینەیەکی یاساییە بۆ ناسنامەکەی وەك بەڵگەیەك کە لەسەروی گشت بەڵگە یاساییەکانی تری دەوڵەتەوەیە، دەبوو دەستور پرەنسیپە گشتیو هێڵە گشتییەکانیو ئەگەر راست بێت وەسفبکرێت بەوشك کەپێویستی بەراڤەبۆکردن هەبێت لەرێگای یاسا دانراوەکان کەوەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی عێراقی بێت لەیاسای باری کەسێتیو یاساو بڕیارەکانی تریشدا، بەڵام ئەوەی کەدەکرێت بەشێوەیەکی ئاشکرا تێبینی بکرێت، دوو جەمسەری بەهێزو سەرکەوتوی هەڵبژاردنەکانە، ئەو هەڵبژاردنانە خۆشیان لەکەموکورتیو پێشێلکاری بێبەش نەبوون، بەڵکو ئاراستەو بەرنامە حزبییەکان خۆیان خزاندوەتە ناو دەستور لەبری سەقامگیریی



لەچوارچێوەی یاسادا، نەك هەر شتێکیتر کەناکرێت بەڵکو هەڵەیە وەسفێك بێت کەداواکاری لایەنێك بێت کەمساوەمەی لایەنەکەی بەرامبەری دەکات لەپێناو بەدیهاتنی دەسکەوتگەلێك لەخزمەتی ئامانجی لایەنی کێبڕکێکارەوە، لەبەرامبەردا تێبینی پەراوێزخستنو پەنابردنەبەر پەرتەوازەبونی تایفیو گەڕانەوە بۆ سیستمی ناچارکردنی مەرجەعیەتە مەزهەبییەکان بۆ دەستێوەردان لەکارگەلێك کە لەچوارچێوەی ئەرکە پیرۆزەکانیاندا نییە، ئەویش دەستێوەردانە لەسیاسەت، لەبری ئەوەی دەستور لەلایەن هەموو عێراقییەکانەوە جێگەی قبوڵکردن بێت، چونکە هیچ بوارێك بۆ ستەمکردن بەدەستبەردابوون لەتوێژێك لەسەر حسابی توێژێکی تر لەئارادا نییە، بەشێوازێکیتر، دەبێت بەچەشنێك رێکخرابێت بۆ گشت عێراقییەکان بەبێ جیاوازی یان سنورردارکردن، ئیتر لەسەر ئاستی راستییەکی مێژویی شارستانییەتێك کەتەمەنی نزیکەی حەوت هەزار ساڵە، یان لەسەر ئاستی بوونێکی هەمەچەشنەی رەهەندەکان لەقۆناغەکانی خۆشیو ناخۆشی بەشێوەیەکی یەکسانی دوور لەهەر شێوازێکی توندڕەوی.

بیانووی ئەم هەڵسوکەوتە بریتییە لە "چی بکەین؟ کەببێتە مایەی ئیستحقاقی هەڵبژاردن!" ئایا ئەمەیە دیموکراسی، بێگومان ئەمە گەورەترین بەڵگەیە لەسەر تێنەگەیشتن لەچەمکی دیموکراسی، نەك بەتەنها تێنەگەیشتن لەوشەی دیموکراسی، بەڵکو بەهەمان شێوە بەڵگەیە لەسەر بیانوو هێنانەوە بۆ ئەو تاوانکارییەی دەرهەق بەدەستور کراوە وەك یاسایەکی بنەڕەتی کەمافەکانی تاكو هاوڵاتیان بەشێوازێکی بابەتیانە دابیندەکات ئیتر ئاراستەی سیاسی ئەو کەسانە بێت کەبۆ نووسینەوەی دامەزراون یان هەرچییەك بێت، چونکە دەستور هەمیشەییەو لەخزمەتی نەوەکاندا بۆ ماوەیەکی زەمەنی دورو درێژو جیاواز دەمێنێتەوە، لەم روانگەیەوە لێپرسراوێتییەکی گەورەیە کەدەوڵەت بەچاکترین شێوە بەبێلایەنی تەواوەوە لەئەستۆی بگرێت، لەبەرئەوەی بەسەر هەموواندا جێبەجێ دەبێت تەنانەت بەسەر ئەوانیشدا کەبیروڕا، یان نوێنەریان لەداڕشتنەوەیدا نییە.

هاوڵاتی عێراقی چۆن لەکتوپڕێکدا توانای پیادەکردنی دیموکراسی دەبێت، لەکاتێکدا لەهەموو ژیانیدا چرکە ساتێك مومارەسەی نەکردووە، بەتایبەت لەدەیەکانی دواییداو لەغیابی دامەزراوەی چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنیو راهاتوو لەبەرگریکردن لەمافەکانی مرۆڤو گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، ئەوانە بەقوتابخانەی دیموکراسی دادەنرێن، چونکە توانای گوزارشتکردن لەبیروڕا بەئازادیو گفتوگۆی ئازاد سەرەتا لەبازنەی بەرتەسکەوە دەست پێدەکات، لەخێزان، یان کۆمەڵ یان لەرێکخراودا ئینجا لەهەڵبژاردنی دەستە سیاسیو یاسا دانەرەکانو ئەوانیتر، بەڵام لەبارودۆخی ئێستای عێراقدا بۆ نمونە زۆر ئاستەنگە هەڵبژاردنێکی ئازادو بێخەوش ئەنجام بدرێت، بەهۆی نائامادەیی چاودێری نێودەوڵەتی لەلایەكو، مومارەساتی نایاسایی کەهەندێك لەحزبە عێراقیەکان

پیادەی دەكەن لەلایەكیترەوە، وەك چۆن ئەزموونی هەڵبژاردنی یەكەمو زیانەكانی كە لەئاكامی بێبەشكردنی هەزاران هاوڵاتی عێراقی لەناوچەكانی نەینەواو چەند ناوچەیەكی تر كەوتەوە، كەزۆرینەی دانیشتوانی نیشتەجێی ئەو ناوچانە كلدۆ ئاشوریو سریانین، بێبەشكرانو بەمەش نوێنەرایەتیكردنی دادپەروەرانەیان لەئەنجومەنی نیشتمانیدا لەدەستچوو بەهۆی گەندەڵی پرۆسەی هەڵبژاردن بەبێ لێپرسینەوەی هیچ لایەنێك سەرباری چەندین بەڵگە كە لەبەردەستدابوو، لەم بارەدا ئەركی كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی بەناو سەربەخۆ ئەوەیە كەوەك لاوازترین هەنگاو ئەم مەسەلەیە چارەسەربكات، ئەمەش بۆ وریابوونەوەیە لەو كارانە لەهەڵبژاردنەكانی داهاتوودا، بەڵام بەبێدەنگو بەشێوەیەكی نالێپرسراوانە چاوپۆشیكرد لەو واقیعەو ئەنجامەكەی ئەوە بوو كەچەند توێژێكی ستەملێكراو باجەكەیان داو بەمەش وەك پێشتر ستەمیان لێكراوە لەسایەی دیموكراسیەتێكدا كەشێوازەكانی لەرژێمی پێشووەوە وەرگرتووە، ئەمەش وایكردووە بەردەوامی بەژیانی ستەملێكراوی بداتو ئەنجامەكەشی بریتییە لەدانانی كاریگەری سەلبیو نەمانی متمانە لەنێوان ئەو توێژانەدا بۆ قۆناغەكانی داهاتوو.

لەئەنجامیشدا عێراقیەكان تا هەنووكە دوورن لەمومارەسەكردنی دیموكراسیو ملكەچی بۆ سەروەری یاسا، لەبەرئەوەی ئەو قوتابخانانەی ئێستا لەدەسەڵاتدان شایەتی بوونو بەشێوازەكانی حزبایەتیو دابەشكردنێكی سەرنجراكێش لەسەر ئیدارەكردنی وڵاتێك كە لەخراپترین بارودۆخی ئەمنیدایە، لەگەڵ ئەمەو، بەتێڕوانین بۆ ئەو گۆڕانكارییە سیاسییانەی كەبەراورد ناكرێت بەرابردوو، قورسایی ئەو ماڵ وێرانییەی كەرژێمی روخاو لەپاش خۆی بەجێیهێشتووە هێشتا عێراقییەكان لەسەر رێگەی درووستن بەرەو بەدیموكراسیكردنی عێراقو عێراق دەبێتە نمونەیەكی زیندوو لەناوچەكەدا، هەربۆیە هەڵبژاردن لەپێویستییەك زیاترەو، هاوڵاتیان سورن لەسەر راهاتن لەسەر پرەنسیپەكانی دیموكراسی، ئەگەرچی قۆناغەكانی سەرەتایی بێكەموكورتی نەبووە، گشت هاوڵاتیانی عێراق ئارەزووی بەدیهاتنی دیموكراسین، چونكە ئەوان لەدیموكراسیدا باشترین سیستمی فەرمانڕەوایی دەبینن، لەبەرئەوەی فەرمانڕەوایی گەل لەرێگەی گەلەوە بەرهەم دەهێنرێت، وەك چۆن ئەبراهام لینكۆڵن وتوویەتیو جەختی لەسەر كردووەتەوە: "دیموكراسی بریتییە لەفەرمانڕەوایی گەل كەگەل بۆ خزمەتی گەل دایدەمەزرێنێت"و باشترین سیستمە، لەبەرئەوەی بڕوای بەدەسەڵاتی یاسا هەیەو رێزی لێدەگرێت، بەچەشنێك مافی هەمووانو هەروەها مافی دەسەڵاتیش دابیندەكات، وەك چۆن لەخەسڵەتە زۆر چاكەكانی دیموكراسی خۆی لەئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا دەبینێتەوە تاوەكو بوار لەبەردەم ژنانو پیاوانی وڵاتدا بڕەخسێنێت بۆ مومارەسەكردنی مافە مەدەنیو سیاسییەكان لەهەڵبژاردنو خۆپاڵاوتن بۆ خزمەتی گشتی وەك



خزمەتەكانی ترو مومارەسەكردنی ئازادی سیاسی، بەڵام دووبارەی دەكەمەوە ئەم مەسەلەیە پێویستی بەخۆپێگەیاندنو راهێنان هەیە، هەر لەپۆلە یەكەمەكانی قوتابخانەی سەرەتاییو لەكاتی تاقیكردنەوەی دەربڕینی بیروڕا لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی پۆلو نوێنەرەكەی بۆ نمونە، تا دەگات بەپێكهێنانی رێكخراوە چالاكو شارەزاكان لەهۆشیاركردنەوەو راهێنان لەسەر دیموكراسی لەسەرجەم دامەزراوەكاندا بەبێ جیاوازیكردنو دوور لەشێوازەكانی توندوتیژیو ترساندنو ناچاركردن، تا هاوڵاتی عێراقی فێربێت كەدەنگدانەكەی پێویستەو مەسەلەیەك نییە ئەوانیتر بیزانن، بەڵكو بڕیارێكی كەسییەو بەئازادیو نهێنییەكی تەواوەوە تەنها بەگوێرەی دەسەڵاتو هەڵبژاردنی پاڵێوراوەكە دەیدات.

## ئازادی سیاسیء بةشكةوتةی ذنانی عیَراق لةثةراویَزخستندا:

ئۆپۆزسیۆنی عێراق پێش شەڕ لەكۆبوونەوەی لەندەنداو، پاشتریش دوای ئەوەی لەعێراق دەسەڵاتی گرتووەتە دەست. لەئێستاداو بەتایبەت لەپێكهاتەی ئەنجومەنی حوكم ئیسپاتی درك نەكردنی كرد بەرۆڵی ژنان لەپرۆسەی دۆزینەوەی چوارچێوەیەكی قبوڵكراوو دەوڵەمەند بۆ ئازادی سیاسی كەشتێكی نوێو تازەیە لەناو فەرهەنگی عێراقدا، "هەڵسەنگاندن" پێشوەخت بەستەمێكی روونەوە كراوە، تاوەكو نەڵێم بەهەڵوەشاندنەوەی بوونی ژنان لەمەیدانی بڕیارداندا‌و هەروەها لە دابەشكردنی پۆستە وەزارییەكانی یەكەمدا، بێگومان ئەم مەسەلەیە بەبڕیارێكی ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە 132ی ساڵی 2000 نیگەرانی سەبارەت بەژنان دوپاتیكردووەتەوە لەگەڵ زەرورەتی دانانی مافەكانیان لەچوارچێوەی پرەنسیپە گشتییەكانی هێزدا، زەرورەتی بەكردەوە بەشداری پێكردنیان لەپرۆسەكانی پاراستنی ئاشتیو پێدانی رۆڵی دیار لەهەموو بوارەكاندا لەوانە ناوەندی بڕیاردانو نوێنەرایەتیكردنی دیبلۆماسی لەسەر ئاستی نیشتمانی بێت یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

وەك چۆن رێكخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیش نیگەرانی خۆی بەبەرامبەر بە لەبەرچاونەگرتنی بیروڕای ژنانی عێراق دەربڕیوە لەبونیادنانەوەی وڵات، هەروەها پەراوێزخستنیان لەگفتوگۆ چارەنوسسازەكانی پەیوەست بەچارەنوسی نەوەكانیان لەكوڕانو كچان، ئایا ئێستا بەڕوونی دەرنەكەوتووە كەخودی ناوەندی سیاسی عێراقی پێویستی بەهۆشیاربوونەوەی زیاترە لەبواری دیموكراسیو ئازادی سیاسیدا؟! هێزی گەورەی شار بەبڕوای "ئاستیون" بریتییە لە ئازادی شارەكە، نەك ئامانجی گەورەی دەوڵەت یان حزب لە دەستگرتن بەسەر تاكەكاندا لەرێگەی هێزو توندوتیژیو تیرۆر، بەڵكو ئامانجی گەورە كەپێویستە بەرەو رووی بڕواتو كاری لەپێناودا بكات ئەوەیە كەگەورەترین بەش لەئاسایشو ئۆقرەییو ئازادی بۆ تاكەكەس فەراهەم بكات، بەو واتایەی

کەدەوڵەت، یان کۆمەڵگەی ڕێکخراو بریتییە لەهۆی پێویست بۆ قەیرانی گەشتن بەقۆناغی ئازادی، ئەمەیان ئەگەر نەڵێین خودی دەوڵەت شورایە بەرووی پاشاگەردانیو ستەمو تیرۆردا، بەڵام لەبازنەی بیروڕا یان بیرکردنەوە زۆر دوورە لەوەی کەدەستبەرداری ئازادییەکەی بێت، ئەوەی بۆ دەوڵەت داواکراوە ئاشتییە، لەکاتێکدا ئەسپینۆزا داواکارییەکەی ئازادی بووە، هەر بۆیە دەڵێت: "ئەگەر ناوی ئاشتیمان لەبەندایەتیو بەربەرەکانیەتو گۆشەگیری نا، ئەوکات هیچ شتێك ئەوەندەی ئاشتی نابوت نابێت، بەڵام ئاشتی تەنها بەمانای نەبوونی جەنگ نایەت، بەڵکو هاوکات بریتییە لەیەکگرتنی عەقڵەکانو گونجانی دەروونەکان".

ئەمەیان ئەو قۆناغەیە کەهاوڵاتی عێراقی بۆ ئایندەیەکی باشترو رازاوە بەمافو ئازادییە بنەڕەتییەکان خەونی پێوە دەبینێو ئەویش بەتێپەڕاندنی گۆڕەپانی سیاسی لەلایەن تەواوی کۆمەڵگاوە یان وەك ئەوەی کەترۆتسکی دەربارەی دیاردە شۆڕشگێڕییەکان دەڵێت: "شکاندنی ئەو مەیدانەی بڕیاری چارەنوسمانی تێدا دەدرێت لەلایەن جەماوەرەوە" ئەم ئاکامە بوو کەشۆڕشی فەرەنسی بەرهەمی هێناو لەوانەیە ئێمەش زۆر پێویستمان پێی هەبێت، من لەو بڕوایەدام ژن بەشێکی تری کۆمەڵگە یان جەماوەرەو کەس مافی ئەوەی نییە مامەڵە بەمافەکانییەوە بکات، چونکە بواری دابەشکردنو گفتوگۆ لەسەرکردنی نییە.

لێپرسراوێتییەکە بەشێوەیەك دەکەوێتە ئەستۆی ژنانی هۆشیار، نەك بەتەنها بەسەرکۆنەکردنو بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، بەڵکو لەرێگەی بانگەواز بۆ بیرکردنەوەو هۆشیارکردنەوە سەبارەت بەناهاوسەنگی رێکخراوو بەئاستی مەترسی هاوکێشەکانی ئەم دواییانە، بەجۆرێك کەجیهان پەراوێزخستنی ژنانو بەکەمتر لەلاوەکی سەیرکردنی لەدەرەوەی مێزەکانی گفتوگۆی تایبەت بەگفتوگۆکانی پەیوەست بەئایندەی عێراق بەخۆیەوە بینیوە، لەسەرەتای کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەلەندەن. تا کۆتایهاتنی بەپێکهێنانی وەزارەت لەبەغدا. لەبەرئەوەی مەسەلەکە پەیوەست بووە بەدیارنەبوونی تەواوی ژنان لەسەرەتای دەست پێکردنی گۆڕانکارییەکانەوە، بۆیە زیاتر لەلایەنو رێکخراوێکی نێودەوڵەتی نیگەرانی خۆیان لەمبارەیەوە دەربڕیوە، لێرەدا باس لەرێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دەکەین لەبەڵگەی ژمارە (MDE14\128\2003 ) بەناونیشانی "عێراق، نوێنەرایەتی کێ؟ مافەکانی مرۆڤو بونیادنانەوەی ئابوری لەعێراق" لە 20ی حوزەیرانی 2003وە راسپاردنی داوە سەبارەت بەرەچاوکردنی بیروڕای ژنان لەبابەتەکانی ئاوەدانکردنەوەو ئابوریداو، هەروەها رێکخراوی ناوبراو لەچەندین راپۆرتیدا نیگەرانی لەئاستی نالایەنی بەشداریپێکردنی ژنان لەناوەندەکانی بڕیارو گفتوگۆ چارەنوسسازەکانی پەیوەست بەئایندەی عێراق دەربڕیووە، بەڵام ئەم مەسەلەیە، واتە



مەسەلەی رێزگرتنی مافی مرۆڤ کە لەخۆیدا مانای رێزگرتنی مافەکانی ژنانەو بەشێوەیەکی نالێپرسراوانە پێشێلکراوە پێویستی بەکەشو هەوایەکی دیاریکراو هەیە کەهەموو هاوڵاتییەکی عێراقی ئارەزووی دەکات، واتە کەشو هەوای ئازادیو دیموکراسی، چونکە رێزگرتنو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئاستی نیشتمانی تەنها لەسایەی سیستمی دەوڵەتێکدا بەدیدێت کەکار بەپرەنسیپی سەروەری یاسا بکاتو ئەمەش پێویستی بەمانە دەبێت:

1 - بوونی دەسەڵاتێکی دادوەری سەربەخۆ کەئەرکەکانی ئەنجامبدات بەبێ دەست تێوەردان، ئیتر دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت یان دەسەڵاتی یاسادانان بەبێ هیچ ترس یان هەڕەشەکردنێك، دادگای دەستوری چاودێری باشترین جێبەجێکردنی پابەندانەی دەستور دەکات.

2 - پرەنسیپی سەروەری یاسا وەکو گرەنتی بۆ رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ، نەك تەنها بۆ بەرگرتن لەخراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی چالاك بێتو لەتوانایدا بێت پارێزگاری حکومەتو یاساو دابینکردنی بارو گوزەرانی کۆمەڵایەتیو ئابوری باشتر بۆ هەموان بکات وەکو زامنکردنی بەشی گشت تاکێك بۆ بەشداریکردن لەپاراستنی ئەم مافانەدا.

3 - بوونی دەسەڵاتێکی یاسادانانی هەڵبژێردراو کە لەبنەڕەتدا ئەرکی دۆزینەوەی بارودۆخ بێت بۆ پشتگیری ئابڕوومەندی مرۆڤو دانانی بەئەندامێکی کۆمەڵگە لەرێگەی داننان بەمافە مەدەنیو سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکاندا.. ، ئەم ئامانجەش بەدی نایەت مەگەر لەرێگەی دانانی دەسەڵاتی یاسادانانەوەو لەمیانەی دەقی دەستوری بنەڕەتییەوە کەچالاکی تەواوی مافەکانی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤو دەقە نێودەوڵەتییە پشتگیرەکانی پێببەخشێت بۆ پێدانی هێزی یاسا پێیان.

4 - هاندانو پەرەپێدانی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو بەتایبەت ئەوانەی بەرگری لەمافەکانی مرۆڤ دەکەنو دەکرێت ببنە ئەڵقەی پەیوەندی لەنێوان کۆمەڵگەو دەسەڵاتدا، بۆ خۆ دورگرتن لەبەدەستەوەدانی تاكو کۆمەڵ بەرەحمەتی دەسەڵات، بەڵکو لەخزمەتکردنی دیموکراسیو پەروەردەو رۆشنبیرکردنی بەمەبەستی چەسپاندنی یاساگەلێك کەرێز لەمافە بنەڕەتیو مەدەنییەکانی مرۆڤ دەگرێت.

5 - تۆمارکردنی پێشێلکارییەکانی مرۆڤ کە لەماوەی چوار دەیەی رابردوودا روویانداوەو لەناویاندا ئەشکەنجەدانو لەسێدارەدانی دەرەوەی دادگاو پەراندنی مل بەشمشێر لەساڵی 2000، بەجۆرێك دەیان ژن بەتۆمەتی لەشفرۆشی تاوانبارکراونو لەناویاندا

هەیە كە بەهۆی سیاسی سەربڕدراوە، وەك چۆن ژنانی بێتاوان بوونەتە قوربانی چالاكی سیاسی پیاوانو حاڵەتی زۆر متمانە پێكراو لەبەر دەستدایە كە بەڤیدیۆ وێنەی دەستدرێژی بۆ سەر ناموسی ژنان گیراوەو رەوانەی كەسێكی نزیكی كراوە لەدەرەوە بۆ فشار خستنە سەری تا دەست لەچالاكی سیاسی دژ بەحكومەت هەڵبگرێت، سەرباری ئەو نەهامەتیانەی ژنانی عێراق لەمیانەی لەدەستدانی مێرد یان برا یان كوڕ لەخێزاندا دوچاری بوونو، لەماوەی چەندین ساڵدا بەهۆی ئاستەنگی ئابوریو كەمبوونەوەی هەلی كارەوە رۆڵی ژنان گۆڕانی بەسەردا هاتووەو زۆرێك لەو ژنانەی لەدەرەوەی ماڵ سەرقاڵی كاركردن بوونو پیشەو بەهرەیان هەبوو لەژێر كاریگەری بارودۆخەكەدا گەڕاونەتەوە ماڵو تەنها سەرقاڵی كاروباری ناوماڵی خۆیان یان كاری دەستی ئەوتۆ بوون كە لەگەڵ ئاستی فێربوونو تواناكانیاندا نەدەهاتەوە.

هەواڵەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە لەم ماوەیەدا ژمارەی ئەو ژنانە زۆر رووی لەزیادبوون كردووە كەمومارەسەی لەشفرۆشیان كردووە، كەژنانو منداڵان زۆرینەی ئاوارە راگوێزراوە ناوخۆییەكانیان پێكهێناوە، ئەم داڕوخانو گۆڕانكارییە یارمەتیدەری زۆری تۆڕو پێشنیارە ناوخۆییەكانی گۆشەگیركردنی رێژەیەكی زۆری ژنان بووەو لەگەڵ دوچاربوونیان بەتوندوتیژیو بەتایبەت توندوتیژی خێزانی، بەرزبوونەوەی رێژەی تەڵاقو كاریگەری جەنگ وایكرد ئەو خێزانانە روو لەزیادبوون بكەن كە لەلایەن ژنانەوە سەرپەرشتی دەكرانو هەروەها ژنان بوونە قوربانی كردەی كوشتنی خێزانی كە بەتاوانەكانی شەرەف دەناسرێن، بڕیاردەرێكی تایبەت بەتوندوتیژی دژی ژنان لەساڵی 2002 دا دەڵێت: لەساڵی 1991 ەوەتا ئێستا (4000) ژن قوربانی پرۆسەكانی كوشتن بوون لەعێراقدا.

## بەشداری ژنانی عێراق لەڕوخاندنی رژێمی پێشوودا:

ژنانی عێراق ماوەی نزیكەی چواردە ساڵە لەهەرێمی كوردستان لەباكوری نیشتمان راستەوخۆ بەشدارییان لەزۆر بواری ژیانی كۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو ئیداریو تەنانەت لەهەندێكجاردا بەشداری سیاسەتیشیان كردووە.

سەرباری چالاكییە كۆمەڵایەتییەكان ژنان فشاریان خستووەتە سەر دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێم لەكاتی شەڕی ناوخۆدا لەنەوەدەكانداو لەنێوان ئەو وەفدانەی سەردانی یەكێتیو پارتییان دەكرد یەكێتی ژنانی ئاشوری هەوڵی ناوبژیوانی داوە لەپێناوی بەرژەوەندی ئاشتیو بەلاوەنانی شەڕو جەنگو باسكردنی ئەو زیانە مرۆییو مادییو مەعنەویانەی گەلێك كە لەوكاتە پێویستی پێی نەبوو.



وەك چۆن بەشداری كارتۆنی ژنان لەئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم (دوو وەزیر)و لەئەنجومەنی نیشتمانی (سیٚ ئەندام پارلەمان) دەستپێكێكی ئیجابی بوو، ئەگەرچی وەك پێویست نەبوو، وەك چۆن داواكاری ژنان بۆ هەمواركردنو هەڵوەشاندنەوەی هەندێك یاسای ستەمكار بەمافی ژنان، وەك یاسای كوشتن بەبیانووی شەرەفو یاسای پەیوەست بەموڵكداریو چەندین تەگەرەی تری ناو یاسای باری كەسێتی، دەستكەوتێكی بەشداری ژنان بووە لەدەربازبوون لەرژێمی پێشوو و كاریگەرییەكانی. ژنان ئەم چالاكییانەو چەندین چالاكی تریان لەسایەی بارودۆخێكی دیاری ئابوری پێویستدا ئەنجامداوەو بەڵگەبوو بۆ بوونی ئیرادەو پێداگریو لێهاتوویيەكی ژنانەی بەرچاو.

بەڵام وەك لەبەشەكانی تری عێراقیشدا هەروایە، ژنان بەبەراورد لەگەڵ رێژەیاندا بەردەوامن لەژیانی پەراوێزخراوو بێبەهاو سەرباری ئەو دەستكەوتانەی بەدەستیانهێناوە، وەك چەسپاندنی سیستمی كوتاو هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری 137، بەڵام دەربارەی بەشداریكردنیان لەو گفتوگۆیانەی چارەنووسی عێراق دیاریدەكەن وەك لیژنەی نووسینەوەی دەستور، ژن لەلیژنەی تایبەت بەنووسینی بنەما سەرەكییەكان دوورخرایەوە، نەوەك دەستی هەبێت لەمەسەلە بنەڕەتییەكانی وەك جۆری سیستمی فەرمانڕەواییو دیاریكردنی هێڵە گشتیەكانی بنەما سەرەكییەكانی دەوڵەت.

ئایا هۆكەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كەئەو ژنانەی لەسایەی سیستمی رێژەی دیاریكراوی یاساییەوە گەیشتوونەتە كورسییەكانی ناو پارلەمان، لەئاستی ئامادەبوانی تردا نەبوون، یان لەبەرئەوەیە لەبیرو هۆشی پیاواندا وەك نەریتێك ژنان دەستیان نییە لەمەسەلە بنەڕەتییەكاندا؟

ئەگەر وەڵامەكە بۆ پرسیاری یەكەمیان بێت، بەو مانایە دێت كە لەسەرمانە ئەنجامەكانی سیستمی كوتا قبوڵ بكەینو بەتایبەت لەجیهانی سێیەمدا كەدەمانوویست بۆ دورگرتن لەپەراوێزكەوتن، دەبێت پەنا بەرینە بەر ئەو حزبو كۆمەڵانەی زۆرترین كاریگەرییان هەیەو بەئاگایان بهێنینەوە لەتواناو كارامەیی ئەو ژنانەی كەهەڵیان دەبژێرن، تەنها بۆ پڕكردنەوەی كورسی نەبێت، هیچ كات كەس پەیوەندی بەو ئەركەوە نەبێت كە لەسەریەتی ئەنجامیبدات ئەم بڕیارە گشتگیرەو پێویستە بەسەر هەردوو رەگەزەكەدا جێبەجیٚ بكرێت.

ژنان لەماوەی نێوان ساڵەكانی 2000–2003دا چالاكییە سیاسیو رۆژنامەوانییەكانیان چڕوپڕ كردوەتەوە بەچەشنێك پەیوەندییان بەهاوتاكانیانەوە كرد لەدەرەوەی عێراق بۆ بەشداریكردن لەكۆڕو كۆبونەوە رۆژنامەنوسیو چاوپێكەوتنە گرنگەكاندا، ژنی عێراقی نەهامەتییەكانی گەلەكەی لەزۆر وڵاتی هەردوو كیشوەری ئەوروپاو ئەمریكاو لەتەلەفزیۆنو رۆژنامەكاندا ئەم روداوانەیان لەپاریسو بەرلینو لەندەنو واشینتۆنو برۆكسلو چەندین شاری ئەڵمانیو فەرەنسیو ئەمریكی

تریش كەئەو كۆنگرانەی لێسازدەكرا، باسكرد. بەشداربوانی ئەم چالاكییانەو كۆنگرە
نێودەوڵەتییەكان پێشتر لەژنانی گشت ئینتما عێراقییەكان بوون، نەتەوەیی‌و ئایینی‌و سیاسی‌و
لەنێویدا بەشداری خودی خۆم بەناوی رێكخراوەكەمانەوە.
لەنێو لوبنانییەكاندا ژنانی سیاسەتمەداری بەناوبگ هەبوون كەسەرسام بوون بەراشكاوی‌و ئازایەتی
ژنانی عێراق ورمابوو، (نائیلة معوض) پارلەمانتاری لوبنانی وتی: "بۆ یەكەمجار دەبینین شاندێك
لەعێراق وەك ئەوەی هەیە هاتبێت، لەكاتێكدا پێشوازیمان لەوەفدی رەسمی‌و ئەوانیتریش كردووە،
تەنانەت كەسایەتییەكان بەهەموو جۆرەكانیانەوە، بەهەموویانەوە پەردەپۆشی واقیعی
راستەقینەی نەهامەتییەكانی گەلی عێراق‌و بەتایبەت ژنانیان دەكرد، ئەوانە ئابڕوبەرن‌و پێویستە
لەكەناڵەكانی راگەیاندنەوە ئیدانەبكرێن". ئەو ژنانە كەتیایاندایە خاوەنی شارەزاییەكی كۆنە كەبۆ
پەنجاكانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوەو زیندانی‌و ئەشكەنجەیان چەشتوەو تا ئێستا لەناوەوەو
دەرەوەی عێراقدان‌و بەردەوامن لەبەشداریكردن لەچالاكی رێكخراوو كەسایەتییەكاندا، وەك ئەوەی
كەهاوپەیمانی نێودەوڵەتی رێكیدەخات لەپێناو دادپەروەری پاڵپشت بۆ باشكردنی بارودۆخ‌و
گۆڕینی بەرەو دیموكراسی، بەڵام پەراوێزخستنی بەردەوام بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی ژنان لەعێراق،
بەجۆرێكە كەزیرەكی ژنانی عێراق پرسیار لەبارەی ئەم پەراوێزخستنە بەمەبەستەوە دەخەنەڕوو.

## هەڵسەنطاندنی نەطونجاو بۆ خەباتی ذنانی عیَراق:

لەوانەیە وەڵامی پرسیاری پێشوو ئەوەبێت، پیاوی عێراق كەسویچی كارەكانی پرس پێكردن‌و
پێشنیارو پۆستەكانی لەدەستدایە، هەڵسەنگاندنی بۆ ژن لەروانگەی خۆی‌و لەچێوەی
هاوكێشەگەلێكەوە كەئامانج لێی پاراستنی پۆستی سەركرداتیكردنە لەدەستی خۆیداو بۆ
هەتاهەتایی بڕوا بوونی بەوەی خۆی تەنها چارەسەرە، لەبەرئەوەی نێرە، لەبەرامبەریشدا
هەڵسوكەوتێكی ژنانەی كلاسیكیانە لەئارادایە، ئەویش ئەوەیە ژنان چاوەڕێن پیاوان بێن‌و بواریان
لەبەردەمدا بكەنەوە بەبێ هیچ دەستپێشخەرییەكی خۆیان.
بەبڕوای من ئەم بارودۆخە لەروی خراپییەوە هیچی لەوەی پێشوو كەمتر نییە، ئەمەش لەبەرئەوەی
پرەنسیپی بونیاتنانەوەی عێراقی نوێ لەسایەی گۆڕانكارییە سیاسییەكانی ئەم دواییە لەهزری
هاوڵاتی عێراقیدا یەكەم هەنگاوی دەرچوونی لەسەر بنەمای تەندروست دروستنەكردوە، بەجۆرێك
كەدەكرێت بڵێین یەكێك لەگرنگترینی ئەم بنەمایانە بریتییە لەداننان بەئابڕومەندی ژنان‌و یەكسانی
لەگەڵ پیاواندا. تێڕوانینی هەڵە سەبارەت بەیەكسانی سەرپێچییەكی یاساییە لەدژی یاسا دانراوە
ئاسمانییەكان كەفێری ئەوەمان دەكات ، یەكسانی لەگەڵ دروستكردنی مرۆڤدا دروستكراوە وەك
ئەوەی (إنا خلقناكم من ذكر وانثى.. ) لەقورئانی پیرۆزدا. هەڵەكە لەخودی تێڕوانینەكەدایە،



كەزۆرجار جیاوازییەكی ئەوتۆی لەگەڵ تێڕوانینی وەك هۆیەك لەهۆیەكانی ژیان، نەك تێڕوانینی
مرۆیانە كەجێگەی متمانەو رێزلێگرتنە، عەقڵیەتی باوكسالاری لەژندا كەهۆی پاراستنی
وەچەخستنەوەو بەجێگەیاندنی كارەكانی ناوماڵ‌و ئاسانكاری بۆ ژیانی پیاوان، دەبینێت،
بەتایبەت ئەم بیركردنەوە لەلێدوانەكانی ئەم دواییەی سەرۆكی رژێمی پێشودا بەروونی
دەردەكەوێت: "كاركردنی ژنان لەدەرەوەی ماڵ بێسودە، چونكە بەهۆی جلوبەگ‌و
ئارایشتكردنەوە بڕە پارەیەكی زۆریان خەرجكردوە، باشتروایە لەماڵدا بمێننەوە". ئەمە پاش
ئەوەی بە"ماجدات" وەسفی دەكردن بۆ زیادكردنی گوزارشتێكی تری سوكایەتی پێكردنی ژنانی
عێراق، كەهیچ بەهایەكی تێدا نەبینییەوە جگە لەبەهای "بەرهەمهێنانی پیاوان" بۆ بەشداریكردن
لەزۆرترین جەنگداو مومارەسەكردنی دڕەندەیی، ئەم كەمكردنەوە لەبەهای ژنی عێراقی لەگەڵ
لەناوچونی رژێمی پێشودا كۆتایی پێنەهات، لەدەسەڵاتی نوێ‌و لەسایەی هاوكێشەو هیوای نوێ
لەوێنەكێشانی چوارچێوەیەكی سیاسی‌و تەواو جیاواز لەوەی پێشوو، واتە چوارچێوەی دیموكراسی
لەكەشوهەوایەكی ئازاددا، پیاوە نوێیەكانی سیاسەت لەعێراقی زۆر تینوو بۆ ئازادی‌و دیموكراسی
بەهۆی خەباتی دوردرێژیانەوەو كورتهێنانیان دەرهەق بەمافەكانی ژنان، مەودای كاریگەبوونیان
بەمومارەسەكانی دەمارگیری سەدامیانەی خۆیان سەلماند، هەڵسەنگاندنێكی دادپەروەرانەیان بۆ
خەباتی ژنانی عێراق نەكردو تەنها بەوەندە رازیبوون كەرێژەیەكی رەمزییان بۆ دابنێن: 3 ئەندام
لەكۆی 25 ئەندامی ئەنجومەنی حوكم‌و لەمەش خراپتر بەبڕوای من ئەوەیە تەنانەت ئەم
ئامادەبوونە رەمزییەی ژنان بەدەستپێشخەری‌و پێشنیاری پیاوانی عێراق (بانگەشەكەرانی
هەڵگیرساندنی جەنگی بەدیموكراسیكردنی عێراق‌و دامەزراوەكانی) نەبووە، بەڵكو دەستپێشخەری
دانانی ژن لەئەنجومەنی ناوبراو لانیكەم بۆ رواڵەتی رۆژنامەوانی‌و پڕوپاگەندە لەلایەن
هاوپەیمانانەوە بوو.
ئەمەش بێگومان لەبەرئەوەی هیچ حزبێك لەلیستەكەیدا ژنی بۆ وەرگرتنی ئەم پۆستە
دیارینەكردوە، گۆڕانكاری بەگۆچانی سیحری نایەتەئاراوە، لەبەرئەوەی ژنان‌و پیاوان لەماوەی
دەیەكانی رابردودا لەكەشوهەوایەكدا پێگەیشتون كەرێگەخۆشكەری نایەكسانییە لەنائامادەیی
دادپەروەریدا، نائامادەییەك كە لەسەردەمی رژێمی پێشودا هەبووە لەمێژودا وێنەی نییە، بەجۆرێك
دەسەڵاتی جێبەجێكردن مومارەسەی دەسەڵاتێكی دەكرد كەهیچ پەیوەندییەكی
بەدادپەروەرییەوە نەبوو، تەنانەت هەقی نەبووە بەشوێنكەوتنی كێشەیەكی دیاریكراوەوە، بەوەی
ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشی شووم كەسەرۆكەكەی سەدامی تاوانبار بووەو تەنها خۆی
حوكمڕانی كردوەو دادوەرو بڕیاردەربووەو دەستی لەژیانی گەورەو بچوكی هاوڵاتیانی عێراقی

وەرداوەو، بەپێی یاسایی مەدەنی یان عەسکەری بێت، ئەم دامەزراوەیە ڕێڕەوێکی سەربازی گرتووە، لەکاتێکدا نەسەرۆكو نەئەوانەشی لەگەڵیدا بوون پسپۆڕی هیچ بوارێکی سەربازی نەبوون، بەڵکو ئاراستەی عەسکەرتاریەتیان بۆ لەناوبردنو تێکدانی ژیانی عێراقییەکان بەکارهێناوە بەبێ ئەوەی تەنانەت حسابێك بۆ تەمەنیش بکەن، بەچەشنێك بەهەزاران منداڵو پیر لەماوەی دەیەکانی رابردودا لەژێر رەحمەتی شێتگیریی ستەمو ملکەچکردنو دەستبەسەرداگرتنی بێوێنە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ژیاون.

ئەوەی لەم روانگەیەوە دەمەوێت روونیبکەمەوە: ئاسایی نییە کەنەوەیەك لەدەرەوەی ئەم بازنە دۆزەخییە بەو شێوەیەی سەمیر خەلیل لەکتێبە وەرگێڕاوەکەی لەئینگلیزییەوە بۆ فەرەنسی باسیکردوە "عێراق: دەزگایەکی دۆزەخی" یە(Irak; la machin infernale).

ئەوانەی بوونەتە ئەلتەرناتیڤی رژێمی پێشوو، ئەگەرچی تێکۆشەرو دیموکراسیخوازی ناو حزبە سیاسییەکان یان کەسایەتی سەربەخۆ بن، لەگەڵ رێزی تەواو بۆ هەریەکەیان، کاریگەری سیاسەتەکانی رژێمی پێشویان لەسەرە، هەندێکیشیان چەندین خەسڵەتی هاوشێوەی خەسڵەتەکانی حزبو سیستمەکەی دەرهەق بەمافەکانی ژنانو کێشەکانی تر، تێدایە، لەو پێوەرانەی رژێمی پێشوو دایدەنا هەمیشە بەهاکانی ژن بەرەو دواوە دەکشانەوە. لەمیانەی دەرچواندنی چەندین بڕیارو یاسای ستەمکار بەزیندانیکردن بۆ ماوەیەکی زۆر یان سەپاندنی سزای لەسێدارەدان بەسەر ژمارەیەکی زۆری ژنانداو لەناویاندا منداڵگەلێك کە بەبێ هیچ حسابێك لەبری باوك یان براکانیان برابوون، لێرەدا بۆ نموونە باس لەتانیا جەرجیس دەکەم کەئێستا لەئەمریکا دەژی، ماوەی پێنج ساڵ لەزیندانی ئەبو غرێب نەهامەتی زیندانی بینیوە لەکاتێکدا بە( 15) ساڵ زیندانیکردن سزادرابوو، لەتەمەنی 14 ساڵیدا زیندانیکرا، تەنها لەبەرئەوەی براکانی ئۆپۆزسیۆن بوون، ئەمە بەڵگەیەکی زیندوەو لەسەر کاسێت تۆمارکراوەو دەرچوونیشی لەزیندان لەمیانەی هەڵەیەکی ئیدارییەوە بوو کەدووجاریش دوبارە بووەتەوە، بەجۆرێك لەجاری دووەمدا نەوەستاون تاوەکو بزانن هەڵەی ئیدارییە، واتە (تانیا)یان لەبری کچێکی کورد ئازادکردووە، یەکەمجار دوای ئەوەی زانیبوویان کلدۆئاشورییە مافی ئازادبونەوەکەیان لێوەرگرتبووەوە، بەڵام بۆ جاری دووەم بەهۆی زیرەکیو لێهاتوییەوە پاش ئازادبونی لەئەبو غرێبەوە دەستبەجێ بەرەو سنورەکانی تورکیا رۆیشتبوو تا لەتاراوگە بەخێزانەکەی بگات.

نموونەیەکی تر کەسڕینەوەی بەهای ژنانو حساب بۆ کردنیان بەکەمتر لەئامرازێك بەو بڕیارانەی کە لەدژی ژنان پیادەکراون، وەك: بڕیاری ژمارە 474 بەرواری 15ی نیسانی 1981 کەتیایدا هاوڵاتیانی عێراق هاندەدات بۆ تەڵاقدانی ژنەکانیان کە بەڕەچەڵەك ئێرانین بەرامبەر بەبڕێك پارە،



بۆ سەرباز 4000 (چوار هەزار) دینار، بۆ مەدەنی 2500 (دوو هەزارو پێنج سەد) دیناری عێراقی لەکاتی جیابونەوە لەژنەکانیان کە بەڕەچەڵەك ئێرانین.

ئەم تێڕوانینە دەمارگیرییە دژی ژنان کاریگەری لەسەر دەرونی ژمارەیەك هاوڵاتیانی عێراق داناوە، بەڵگەی ئەوەیە پێگەی ناوەندی بڕیاردان، هاوشێوەی ئەوەی لەحزبە سیاسییەکاندا هەیە، بەشێوەیەکی رونو بەردەوام مومارەسەی پەراوێزخستنو نائامادەیی ژنانو تەنانەت لێدانی رەمزو هەڵسوڕاوەکانیان دەکرێت بۆ بردنە پێشەوەی ژنانی بێتوانا، ئەوانەی ملکەچی بەرنامەکانیانن‌و شتێك ناڵێن بێجگە لەوەی فەرمانیان پێدەکرێتو ئەوەش لەپێناو پێدانی شایەتییەك، کەمن بەشایەتی درۆی دەزانم بۆ ئەوەی زۆر بەئاسانی بڵێن: "بینیتان؟.. ئەوانە ژنن‌و ناتوانن هیچ شتێك بکەن، بەفلانو فیسار تاقیمانکردنەوە، لەتوانایاندا نییە پۆستە گشتییەکان لەئەستۆبگرن‌و". تا کۆتایی لەم جۆرە قسانە، لەکاتێکدا خودی پیاوان ئەو ئاستانەیان بەدەستهێناوە بۆ ئەوەی هەموو ژنانی پێ بپێون، ئەم حاڵەتە رەتدەکرێتەوەو ناکرێت ژنانی عێراق بەم بارودۆخە رازیبن.

هەمیشە بیانوویەك هەیە بۆ نائامادەیی ژنان:

ئەگەر بەڵگە بخرێتە بەردەست بۆ وەڵامی پرسیارە سروشتییەکەی سەرەتا، کەمی رێژەی ژنان لەئەنجومەنی حوکمی هەڵوەشاوەدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ وەڵامی خێرا ئەوەیە، لەناو حزبەکاندا تەنها ئەمینداری گشتی بانگێشتی ئەم دامەزراوە گرنگە کرابوو، ئەم مەسەلەیە نابێتە مایەی بڕوابوونی تەواو، بەتایبەت سەبارەت بەبەبونی ئێستای ژن کەرێگریی لێناکرێت لەوەی سەر بەحزبێك بێت یان سەربەخۆ بێت، بەڵکو کێشەیەکی سیاسیو مەترسیدار لەئارادایە کەئەویش ئەوەیە حزبە عێراقییەکان بۆ لەلیستەکانیاندا پاڵێوراوی ژنیان نەبوو؟ یان حزب لەعێراقدا ئەولەویەت بەنێر دەدات لەپێدانی پۆستەکاندا، بەبێ هیچ شەرمێك لەجێبەجێنەکردنی دادپەوەری لەگەڵ ژنان سەرباری خەباتو تیکۆشانیانو جدیەتی ژمارەیەکی زۆری ژنان لەناو حزبەکانداو لێرەدا بوونی ژنان بەکارهێنانێکە هاوشێوەی کارتی یاریکردن کە لەکاتی زەرورەتدا بۆ پڕوپاگەندە دەردەهێنرێت.

هاوکات کارەکە مایەی سەرنجو تێڕامان نییە، لەبەرئەوەی ستەمو پێشێلکاری لەوڵاتانی تریش رویانداوەو لەناویاندا دەوڵەتی دیموکراسیش هەیە، بەڵام ئەمە هەرگیز بیانوو نییە بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی خراپ بکەینە نمونەی باڵا، هەموو حزبەکان لەسەر ئەم پێوەرانە کۆکن، چەند حزبێك نەبێت کەبوێرانە ژنیان کردوەتە سەرۆکی لیستەکانیان.

لەم روانگەیەوە دەڕوانینە حەقیقەتی بونیادنانەوەی عێراق کە لەسەر دینامیکیەتی هیواو گەشبینیو توانای مرۆییو ماددی دابمەزرێت کەهاوکاری گەشەسەندنی بزوتنەوەی ژنان

بەتایبەتی‌و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی بێت، بەڵام ئەو زۆرینەی کەدەمێنیێتەوە بۆ مەبەستێکی گرنگ کەمەبەستی ئیعلامییە لەئامێزی دەگرێت، واتە بۆ جۆرێك لەشایەتیدان لەسەر گەشەسەندنی دیموکراسی، کە لەوانەیە بەشێوەیەکی ستراتیژی‌و کاتی بێت، بەڵام لەواقیعدا بڕوایان بەمرۆڤبونی ژنان نییە مەگەر بەشێوەیەکی بەشەکی (جزئی) نەبێت بەئەندازەیەك متمانەیان بەژنان تەنها پێوەری تواناکانیەتی کەزۆرجار لەسەروی توانای پیاوانەوەیە، بەڵکو تەنها بریتییە لەجۆرێتی‌و گەورەیی کە بەهۆی کۆششەکانییەوە پێی جیادەکرێتەوە.

یەکێك لەپسپۆڕانی کاروباری دیموکراسی‌و هەڵبژاردن لەمیانەی کۆبونەوەیەك لەمبارەیەوە دەیوت: "پیاوان چەندین رۆڵی خراپ دەگێڕن لەزنجیرەبەندی ناوەکان لەسەر لیستەکاندا، بەجۆرێك ژنان دەخرێنە کۆتایی لیستەکانەوە بۆ ئەوەی بەنەهێنانی دەنگی کۆمەڵەی زۆری دەنگدار کاریگەربێت کەزۆرجار کەسێتی‌و مێژوی پاڵێوراو (ژن، پیاو) نازانن، وەڵامەکە بەزنجیرەبەندی دەبێت ئیتر لەمیانەی سیستمی کوتاوە بێت یان هەر سیستمێکی تر". مەسەلەکە خۆی لەکرۆکی بڕوابوونی پیاوان بە بەمرۆڤبوونی ژن وەك مرۆڤێك دەبینێتەوە. تا نەڵێم یەکسانی ژن لەگەڵ پیاو بەکەرامەتی مرۆڤایەتیانە نەك بەسیفاتە فیزیاوییەکان یان سیفاتەکانی تر، بەچەشنێك پیاوان بڕوا بەوە ناهێنن کەوا ژنان بەهەمان ئازادی پیاوان لەدایکبوون بەگوێرەی گێڕانەوەی سەدەی کۆن: " خودا مرۆڤی لەسەر شێوەی (پیاوو ژن) دروستکردوەو بەرەکەتی پێبەخشیوون‌و دەسەڵاتی پێداون پێیوتون سەرزەوی پڕبکەنەوەو دەست بەسەر گشت شتەکانی سەریداو ئەوەشی لەژێریدا دەجولێ، بگرن." (سەفەر تەکوین: ( 29–271) لەروانگەی خۆگێلکردن لەراستییەکان بەدیاریکراوی لێرەوە خۆگێلکردن لەبەهای ئەویتر دەستپێدەکات‌و بەرهەمی دەمارگیریی‌و لەخۆباییبوون لەدژی هەر کەسێك پیادەدەکرێت ژن بێت یان پیاو.

عێراقیش هاوشێوەی سەرجەم وڵاتانی جیهان ئیمزای لەسەر مادەکانی جاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ کردووە کەدەقێکی نایابی تێدایە: "هەموو مرۆڤەکان بەئازادی لەدایك دەبن‌و یەکسانن لەئابڕومەندی‌و مافەکانداو عەقڵ‌و ویژدانیان پێبەخشراوەو لەسەریانە وەك برا مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن (مادەی یەکەم)و مادەی دووەم دەڵێت: "هەموو مرۆڤێك مافی بەهرەمەندبوونی هەیە لەگشت ماف‌و ئازادییەکانی ناو ئەم جاڕنامەیە بەبێ هیچ جیاوازییەك لەنێوان ژنان‌و پیاواندا.."و چەندین دەقی تر کەبەڵگەن لەسەر هەڵەبونی چەمکی کۆنەپەرستانەو دروستکراوی سنورداركردنی ژنان کەهاوکات هاوڕێیە لەگەڵ ترس‌و شەرمکردن، بەڵکو تەنانەت هەندێکیان لەملانێ لەگەڵ ژندا هەست بەهەڕەشە دەکەن.. هۆی ئەم هەستکردنە هیچیتر نییە بێجگە لەکەمکردنەوەی بەهای



مرۆڤو یەکسانی کە لەبەهای مرۆڤدایە وەك مرۆڤ، مەسەلەیەکە کەدەبێت لەبەرچاو بگیرێت بەبێ بەهەندوەرگرتنی ئەوەی لەم رەگەز یان لەو رەگەزەیە.

## تێروانینی راستەقینە بۆ ئەویتر

چۆن دەکرێت تێڕوانین بۆ ئەویتر راستەقینە بێت؟ مالبرانش دەڵێت: ناکرێت پێکگەیشتن لەگەڵ ئەویتر راستەقینەو تەندروست بێت مەگەر تەنها ئەو کاتانەی کەخۆم لەیەکەم هەڵسوکەوتی سروشتی خۆم رووتدەکەمەوە بەرامبەر بەویتر، واتە تێپەڕاندنی خۆم‌و حساب نەکردنی خۆم وەك تەنها مەرجەعیەتی مرۆڤایەتی، بەڵکو داننان بەلایەنە مرۆییەکانی ئەویتر بەجیاوازییەکانییەوە لەگەڵ من" کەواتە پێکگەشتن دەکرێت بوونی هەبێت، بەڵام پێویستی بەکارو کۆشش‌و ئیعترافپێکردن هەیە وەك مرۆڤێك وەك خۆم، ئینجا چۆن دەتوانرێت لێکبگەین؟ ئەمە بارودۆخی کریستۆڤەر کۆلۆمبۆس بوو بەرامبەر بەو هندییە سورانەی دۆزینییەوە ئەوانە کێن؟ ئایا ئەوانەش وەکو من مرۆڤن؟ ئەم پرسیارانەی لەخۆی نەکرد، بەڵکو چووە ناویان‌و خۆی وەك مستەوتنێك لەبەرامبەر هیندییەکاندا سەپاند.

ئەگەر شیتەڵکردنی تۆدۆرۆف–مان بۆ "داگیرکردنی ئەمەریکا"و مەسەلەی ئەویترمان زانی، حاڵەتی لەبار بۆ پێکگەیشتنی راستەقینە کەئەو لێی تێدەگات، واتە حاڵەتێك لەپەیوەندی لەگەڵ ئەویتر کەجیاوازی‌و یەکسانی لەگەڵدا دەپارێزێت سەرباری ئەوەی کەبۆ خۆی دەزانێت کە بەتەواوەتی کاراکتەرێکی ترە،و سپێرنسیۆر ( SPERRNSSEUR) لەوتارێکدا کە لەگۆڤاری شیتەڵکردنەوەی دەروونی ساڵی 1981 کشاندوویەتییەوە بەناونیشانی (حەقیقەتی ناوەند بێدەنگ دەبێت) دەڵێت: "پێکگەیشتن بەڵگە نییە، بەڵکو تاقیکردنەوەیە" تێپەڕبوون بەم تاقیکردنەوە زاتییە دەوڵەمەندەدا، رووندەکاتەوە کەدەشێت لەمیانەی پێکگەشتنی راستەقینە لەگەڵ ئەویتردا بێتە ئاراوە.

بێبایەخی لەبوار نەدان رێگە بە " ON" کە بەفەرەنسی واتە "من + ئەوان" یان "ئەوانی نادیار" بەگەشەسەندنی دیکتاتۆریەت دەدات کەمومارەسەی دەسەڵاتی رەها بکات‌و ئەمەش رەتکردنەوەی ئەویتری وەك بوونەوەرێکی تەنهاو جیاواز لێدەکەوێتەوە، مرۆڤی کۆمەڵایەتی دیلی ئەوانیترەو پێکگەیشتنی راستەقینە لەم حاڵەتەدا بەدینایەت بەدەقی (IETRE ET LETEMP) ( HEI DEGGER) "بونەوەرو زەمەن"و بەبڕوای من گرفتەکە لێرەدا خۆی لەبایەخنەدان بە (بچوککردنەوەی ژنان) لەلایەن پیاوانەوە دەبینێتەوە.

کەواتە پێکگەیشتنەکە راستەقینە نابێت، لەبەرئەوەی بابەتی نییە، چونکە یەکەم: ملکەچ‌و خنکاوی هەڵسوکەوتی سەرەتایی سروشتییە کەخۆی لەکۆمەڵە حوکمڕانێکی سەرەتایی بونەوەری

ژناندا دەبینێتەوە، نەك وەك بوونەوەرێکی مرۆیی لەخودی خۆیداو بۆ خۆی، بەڵکو وەکو بەشێك کە بەلایەوە گرنگەو وەك خۆی تەماشای دەکات بەبێ ئەوەی هەست بەبوونە تەواوو کامڵەکەی بکات وەك بوونەوەرێکی مرۆیی کە لەبونیدا سەربەخۆیە، ئەم حاڵەتە لەرووی تێڕوانینی فەلسەفی قوڵو مەعریفەی دەروونی واقیعی کارەکەوە کەموکوڕی هەیە، بەجۆرێك وای لێدەکات ستەم لەحەقیقەت بکاتو پەردەپۆشی بکات بەوەی کەژن لەو کەمترەو، خۆی (پیاو) لەدەرەوەی چوارچێوە یان پەیوەندی هێزەوە نابینێت، واتە لەمیانەی پێکگەشتن لەگەڵ ژندا، پیاو بەتەنها خۆی بەباڵاو قبوڵکراو لەهەموو شتێکدا دەزانێت، ئەم هەستە بەرامبەر بەژن لەو سەرچاوەیەوە هەڵدەقوڵێ کەمێینەیە، لێرەوە لەئەندازەی مەترسیو قووڵی دەمارگیری بەهۆی رەگەزەوە تێدەگەینو هەموانیش دەزانین ئەم مەسەلەیە لەلایەن عورفی نێودەوڵەتییەوە بەتەواوەتی رەتدەکرێتەوە لەبەرئەوەی لەواقیعدا کەمکردنەوەی بەهای ژنە کەپێش هەر شتێك مرۆڤە.

سەرباری ئەم واقیعە تاڵە، چەندین ژن فێربوونو ئاستی زانستیو رۆشنبیری بەرزیان بڕیوە، پیاو بەلایەوە ئەستەمە ژنێکی قبوڵ بێت کە لەسەرووی خۆیەوە بێت یان بەرکابەری خۆی بزانێت، بۆیە پەنا دەباتە بەر ژمارەیەك شێوازی گۆشەگیرکردنو دژایەتیکردن تا ناچاری کشانەوەی بکاتو، لەدیارترینی ئەم شێوازانە، دانانی بوونی ژنان بەکەمو رواڵەتیو بەشداری پێنەکردنیان لەبوارە جیاجیاکانی ژیانو بەتایبەت سیاسەتدا، هەر ئەمەش بوو بەم دواییانە روویدا سێ ژن نوێنەرایەتی زۆرینەی کۆمەڵگە بکات بەرامبەر بە 22 پیاو تاوەکو ئەندامەکان بگاتە 25ئەندام، بێگومان ئەم بوونە تەنها پڕکردنەوەی بەشێکی پێداویستی پڕوپاگەندەو رازیکردنی داواکارانو سەرباری بەڵێنی ئایندە، بەمشێوەیە لەئەنجومەنی حوکمدا تەنها سێ ژن ئەندام بوون، چالاکترینو بەتواناترینیان (دکتۆرە عەقیلە هاشمی) بەرەحمەت بێت تیرۆر کراو تەنها دوو ژن لەئەنجومەنەکەدا مایەوەو لەناو وەزارەتەکانیشدا تەنها وەزیرێکی ژن مایەوە لەکۆی زیاتر لەپێنج وەزیر کە لەلایەن هاوپەیمانانەوە پێشنیار کرابوو نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەبەغداد پشتگیری دەکرد. ئا بەمشێوەیەش لەدواییدا بەردەوام دەبن.

وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، نوێنەری حزبە عێراقییەکان لەهەوڵی هەر بیانوو یان کردنەوەی هەر دەزگایەکدا بوون بۆ دوورخستنەوەی ئەو ژنانەی خاوەن لێهاتوویی بوون، بیانوو هێنانەوە بۆ پێشکەشکردنی ژنان لەلیستەکانیان وەك کارێکی بەئەنقەست، کاریان لەسەر کەمکردنەوەی بەشی ژن دەکرد لەپۆستە وەزارییەکاندا تا بەڵگەبێت بۆ زیاتر لەخاڵێکی لاوازو مەترسیداری وەك:



1. پێداگری لەسەر پتەوکردنی شێوازەکانی دواکەوتوویی، چونکە بەشداریکردنی ژن بەفراوانترین توانایەوە بەڵگەی گەشەسەندنی کۆمەڵگەو ئاستی هەستکردن بەلێپرسراوێتیو هاوکات تێگەیشتنی پرەنسیپەکانی دیموکراسییە.

2. بەڵگەیە لەسەر ترسی پیاوان لەرکابەری ژنان بۆیان.

3. دەتوانرێت پێشنیارەکانی ژنان بەهۆی کەمی نوێنەریانو نەبوونی هاوسەنگی لەتواناو لێهاتوویدا بەئاسانی بخنکێنرێت، بەدرێژایی ماوەی رابڕدوو ئەمە بارودۆخی ژنانی عێراق بووە، بەڵام ئێستا بەهۆی سیستمی کوتاوە ژمارەکە هەیە، بەڵام ترسەکە لەوەدایە کە لەسەر حسابی توانای سیاسیو ئەو هەڵسوڕاوانەی ژنان بێت کەدەبێت لەبڕیارداندا بن، ئەویش لەئەنجومەنی نیشتمانیو ئەنجومەنی جێبەجێکردنو هەروەها ناوەندی دادوەریی کەتا ئێستا دەروازەکانی بەرووی ژندا داخراوە، ژمارەیەك ژنی لێهاتوو ویستیان بچنە پەیمانگای دادوەری تایبەت بەیاساو دادگاکان بەمەبەستی تاقیکردنەوەی بەختیان بەئامانجی ئەوەی لەیەکێك لەخولەکاندا ببنە دادوەر، کەچی تەنانەت یەك ژنیش سەرنەکەوت، لەگەڵ ئەوەی ژمارەیان نۆ ژن بوو، ئایا راستە هەموو ئەو ژنانە بێ تواناو ناکارامە بوون؟! یان مەسەلەکە وەك ئەو هەڵبژاردنانەی لێهاتووە کەرێژەی 99.99٪ و زیاتری تێدا بەدەستدێت؟! کەی کار بەرێزگرتن لەسەروەری یاسا دەکەین؟ ئایا پاش نووسینی یاسای نوێ کەرونکردنەوەی بڕگەکانی دەستور دەبێتو ئەمەش کارێکی ئاسان نییە لەگەڵ ئەو هەموو ناکۆکیو پێچەوانەییەی لەبابەتەکانیدا هەیەو دەترسم سەرباری ئەو یەکسانییەی ئاماژەی پێدراوە بەشی ژن لەو دەستورەدا روون نەبێت.

4. حاڵەتی نائامادەیی ژنان بەئەندازەی قوڵی رەگەکانی پەروەردەی رژێمی پێشوو لەدەستگرتن بەدەسەڵاتەوە لەپێناو دەسەڵاتدا دوور لەهیچ بنەمایەکی ئاڵوگۆڕکردن کەبەرهەمی ئارەزووی گۆڕانە لەدەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی تاکە کەسێکەوە بۆ دیموکراسی، واتە فرەییو ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات بۆ رێزگرتن لەبیروڕای ئەویتر.

ئەم خاڵانەو چەندین مەسەلەی تر کەپێویست بەباسکردن ناکات هیچ نین جگە لەکەمکردنەوەی رێزی ژنان لەلایەكو هاندانی دواکەوتوویی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری لەلایەکی ترەوە، بەوەی ژنان رێژەی زیاتر لە 55٪ یان رێژەی 60٪ی کۆمەڵگەی عێراقی پێکدەهێننو کاریگەرییە سەلبییەکان رەنگدانەوەی تەواویان لەسەر کۆمەڵگە دەبێت، گۆڕینی ئەم عەقڵییەتە رووناداتت ئەگەر لەبنەمای یاسایی لەناو دەستورو یاسا نوێیەکاندا بەشداری نەکات.

## بەشی سێیەم

## کەواتە ضارەسەر ضیية؟

ئایا ئێمەی ژنان لەسەرمانە خۆمان بەدەستەوە بدەین؟ بارودۆخەکان هەرچۆنێك بن‌و بەڵگەکان هەرچییەك بێت ناکرێت بیانوو بۆ ئەم پێشێلکاریانەو ڕەتکردنەوەی ژنان لەبەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بەرامبەر بەنیشتمان‌و نەوەکانی داهاتووی، بهێنینەوە، پابەندنەبوونی دەوڵەتان یان دەستەی فەرمانڕەوایان بەجاڕنامەی گەردونی مافی مرۆڤ ساڵی 1948ەوە کە بەروونی یەکسانی لەبەهرەمەندبوون لەماف‌و ئازادییە بنەڕەتییەکاندا دوپاتدەکاتەوە، هەستنەکردن بەگیانی لێپرسراوێتی، هیچ شتێك بیانوو بۆ پێشێلکاری ناهێنێتەوە کەبناغەکەی بارودۆخی سیاسی یان یاسایی یان نێودەوڵەتی وڵاتەکە یان ئەو پارچە زەوییەی تاکەکەس ئینتیمای بۆی هەیە، ئیتر ئەو جێگەیە سەربەخۆ بێت یان لەژێر چاودێری‌و داگیرکاریدا بێت یان ئایا فەرمانڕەوایی لەدەستی خۆیدا بێت یان نا، بیانووی لەم جۆرە ڕەتدەکرێتەوە وەك وەڵامێك بۆ بەشدارییپێنەکردنی ژنان لەپێناو ئەم بارودۆخە یان ئەویتریان..

هۆیەکان زۆرن‌و ژنان‌و پیاوانی هۆشمەند لەسەریانە گشت هۆیە نیشتمانی‌و نێودەوڵەتی‌و هەرێمییەکان بەکاربهێنن بۆ ئەوەی پێکەوە کار بۆ چەسپاندنی پرەنسیپی یەکسانی بکەن، دەسپێك لەرێزگرتنی ژنەوە نەك تەنها وەك پایەی خێزان، بەڵکو لەبەرئەوەی بەبێ ژن هاوسەنگی نایەتە ئاراوەو هاوکات ژن پایەی کۆمەڵگایە، نەك بەتەنها لەرووی ژمارەوە، بەڵکو لەرووی جۆریشەوە با نەچین لەهۆکارەکانی ناهاوسەنگی ژمارەیەکی زۆرو توانای بەهەدەرچووی ژنانە، وەك چۆن کاراکتەرێکی بنەڕەتییە لەبەردەوامبوونی خراپبوونی بارودۆخی جیهاندا بەوەی زیاتر لەنیوەی جیهان بەنالێپرسراوێتی مەحکوم کراوە کە لەگەڵ پێشەکی دەقە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤو مافەکانی ژنان کۆکە کەدەڵێت یەکێك لەگرنگترین هۆیەکانی بەرقەرارنەبوونی ئاشتی‌و ئۆقرەیی لەجیهاندا بۆ نەبوونی ژنان لەناوەندی بڕیاردان‌و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری دەگەڕێتەوە.

پاش ئەوەی ئەم راستییەمان زانی، چاوەڕێی چی دەکەین لەهەنگاو هەڵگرتن بەرەو دابینکردنی رێگەکانی ئاشتی‌و ئازادی لەم بارودۆخەی تێیدا دەژین؟ پێدەچێت چارەسەر لەپیادەکردنی فشاری نوێ‌و جدیدا بێت لەسەر ئەنجومەنی نیشتمانی‌و داڕێژەری یاسا نوێیەکان تا هۆشیارییان لەگرنگی‌و بایەخی بەکارهێنانی هۆیە رەواکاندا هەبێت، ئەوانەی لەناوخۆداو لەئاستی نێودەوڵەتیدا پێویستە بگیرێنەبەر لەپێناو چەسپاندنی رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤو سەرباری هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بەمافە ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیرییەکانی ساڵی 1966و، مافە مەدەنی‌و سیاسییەکانی ساڵی 1966و پرۆتۆکۆلی پاشکۆی ئەم دوو پەیماننامەیە کەپێویستە



جێبەجێ بکرێن‌و ئەو دەوڵەتانە پیادەی بکەن کەخۆیان لایەنێکن لێی، عێراق لەساڵی 1971ەوە لایەنێکی ئەو پەیماننامەیەیە، جگە لەپرۆتۆکۆلی پاشکۆی پەیماننامەکان کەعێراق پەسەندی نەکردووە، لەبەرئەوەی میکانیزمی بەدواداچوونی جێبەجێکردنی بنەماکانی پێشووترەو پشتیوانی جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤە کەجەخت لەسەر ئەم ئاستە سەرەکییەی مافەکانی تاکەکەسی دەکات، بۆیە لەسەرمانە داوا لەدەسەڵاتی نوێ بکەین چاوی پێدابخشێنێتەوەو ئیمزای پرۆتۆکۆلی ناوبراو بکات، بۆ دەستکەوتنی هۆگەلی تایبەت بەجێبەجێکردنی بنەماکانی هەردوو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکەو جاڕنامەی ساڵی 1948.

هەروەها گشت ماددەکانی تایبەت بەژنان لەرێککەوتننامەی CEDAW، واتە قەڵاچۆکردنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان، کەعێراق تیایدا ئەندامە، ئەم رێککەوتننامەیەو چەندینی تر لەجاڕنامەو پەیماننامەو رێککەوتننامەی تایبەت بەژنان سەرباری کۆنگرەی پەکین‌و راسپاردەکانی هێزی زیاتر دەبەخشنە رەوایەتی نێودەوڵەتی‌و داوای جێبەجێکردنی دادپەروەرانەی رێز گرتنی بەکردەوەی ئابڕومەندی مرۆڤ دەکەن.

بێجگە لەوانەش رێککەوتننامەی مافە سیاسییەکانی ژن لەساڵی 1952و رێککەتننامەی یەکسانی لەکری‌و رێککەوتننامەی رەزامەندی لەهاوسەرگیریداو رێککەوتننامەو بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەربارەی چەسپاندنی سیاسەت‌و بابەتەکانی راهێنان سەبارەت بەپاراستنی ژنان‌و ماف‌و پێداویستییە تایبەتییەکانی، بەهەمان شێوە سەبارەت بەبەشداریکردنی ژن لەگشت رێوشوێنەکانی پاراستنی ئاشتی‌و پرۆسەی ئاشتیدا وەك بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە 1325 کە لەدانیشتنی ژمارە 3 لە 31 تشرینی یەکەمی ساڵی 2000دا دەریکردووە.

دەکرێت ئەم دەقانە لەزۆر شوێندا خزمەت بکات‌و لەسەر ئاستی جیاوازیش کاری بۆ بکرێت لەوانە:

1 - دانانی پرەنسیپەکانی لەماددەکانی دەستوری نوێ‌و یاسا دانراوەکاندا.

2 - دانانی بەرپرسان لەبەردەم ئەو لێپرسراوێتیانەی سوێندیان لەسەر خواردوە.

## هەلَويَستى ذنانى عيَراق لةمةسةلة بنةرِةتييةكانيان وةك نووسينى دةستور:

ئەگەر داواکاری ژنان بریتی بێت لەبەدەستهێنانی ماف‌و بەهایان بەشێوەیەکی سروشتی لەگشت بوارەکانی ژیاندا، ئەوا بێگومان ئاساییە هەڵوێستی زیندوو رۆڵی سەرەکییان هەبێت لەسەرجەم مەسەلە بنەڕەتییەکانی وەك نووسینەوەی دەستورو هەموارکردنی‌و، هەروەها لەمەسەلەکانی تریشدا، چۆن دەبێت پێچەوانە بێت لەکاتێکدا وەك هاوڵاتی‌و دایك‌و لێپرسراو بەرامبەر بەگەل‌و کۆمەڵگە بەگشتی ئامادەیی هەیە لەمیانەی هەموارکردنی پێویستی دەستوری نوێ، چەند زۆرن لەم قۆناغەی ئێستای عێراقداو، ژنان رۆڵی سەرەکیان هەیە لەدەربڕینی بیروڕاو پێشنیارەکانیان

لەبابەت مەسەلەكانی پەیوەست بەكرۆكی یەكێتی نیشتمانیو لەناویدا بەتایبەتی مەسەلەكانی پەیوەست بەچارەنوسی سیاسیو ئابوری عێراق.

ئەمەش سەرباری ئەو پێشلكارییانەی دەرهەق بەمافەكانی دەكرێت، ژن گرنكە بۆ یەكگرتنو گۆڕینی كۆمەڵگەی نوێو ئازادكردنی لەعەقڵیەتی دەستگرتن بەدەسەڵاتەوەو ئەوانەی كەپەنادەبەنە بەر بەهاكان لەپێناو گەیشتن بەو مەرامانە، بەبێ جیاوازیكردنو لەناویاندا پەنابردنەبەر بەها رۆحییەكان لەلایەن لایەنە تەفرەدەرەكانەوە، پێویستە ژن بەشێكی زیندوی گشت ئەوانەی لەو بڕوایەدان كەچارەسەر لەرێگەیانەوە دێت، ژن پێشنیارو میكانیزمەكانی پێشكەشكردوەو بەردەوامە لەپێشكەشكردنی بۆ فشارخستنەر سەر بڕیار بەدەستان.

وەك چۆن یەكێك لەخاڵە گرنگەكانی مومارەسەكردنی مافە دەستورییەكان بریتییە لەدادگای دەستوری كەپێویستە ژنانی خاوەن شارەزایی لەخۆبگرێت، هەروەها ناكرێت ناوەندی دادوەریی بەردەوام بێت لەپەراوێزخستنی ژنانی دادوەری شارەزای بوارەكە.

## ئیَطەی ذنانی عیَراق لەطەشەسەندنی كۆمەلآیەتیدا:

ژنان بەدرێژایی مێژوی دۆڵی رافیدەین رۆڵێكی سەرەكییان هەبووە لەگەشەسەندنی كۆمەڵایەتیو ئابوریدا، ئەویش بەكاركردنیان لەدەرەوەی ماڵ، وەك چۆن لەناوەوەی ماڵ كردوویانە. ئەگەر رۆڵی ژن لەدۆزینەوەی هۆیەكانی باشكردنی ئاستی بژێویو كۆنترۆڵكردنی ئابوری ماڵ هاوكاری پیاو بێت لەبەكارهێنانی پارەكەی لەخزمەتو پێشخستنی خێزانەكەیدا، هەروەها بەوەزیفەكەی نەك تەنها هاوكاری ئابوریی پێشكەش بەهاوسەرەكەی دەكات، بەڵكو مومارەسەری دادپەروەری دەكات لەئاست نیشتمانەكەی بەبەشداریكردنی لەگەشەسەندنی ئابورییو كۆمەڵایەتی، بەهەمانشێوە لەدژایەتیكردنی هەژاریدا، بەڵكو تەنانەت لەبەدیهاتنی ئابڕومەندیو بونیاتنانی كەسێتییەكی لێپرسراو بەرامبەر بەخۆیو منداڵەكانیو دەوروبەرو كۆمەڵگەكەی. لەم چەند دەیەی دواییدا ژنان دووچاری بێكارییو بەكاربردن بوونەتەوە لەسایەی رژێمێكدا كە بەجۆرێك لەبەهای ژنی كەمكردوەتەوە تا پلەی سوكایەتی پێكردنیو سوكایەتیكردن بەوزەكانی گەشەسەندن كەهەیەتی.

## ریَكخستنەكانی ذنانی عیَراق:

لەنیوەی سەدەی رابردووەوە ژنانی عێراق چەندین هەنگاوی هاوبەشیان لەگەڵ پیاوان هەڵناوە بۆ سەلماندنی ناسنامەكانیان وەك تێكۆشەرو وەك بەشداربوو لەبونیادنانی دەوڵەتی نوێ لەپێشو لەپاش داگیركردنی ئەوكاتەی بەریتانیا. كۆمەڵەی ژنانیان هەبووە كەوەك كۆمەڵەی حزبی، پاشكۆی ئەو حزبانە بوون كەبوونیان هەبووە وەك ئەوەی حزبی شیوعی یان ئەوانەی كە لەگەڵ پارتە كوردییەكاندا بوون. هەندێك لەو ژنانە گەیشتنە پۆستی وەزارەت بۆ ئەوەی ببنە یەكەم ژن لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا كەبگەن بەو پۆستە، ئەوانیتریش كەچوونەتە ناو ژیانی حزبو بزوتنەوە



ئازادیخوازەكانو قوربانی بێوێنەیان داوە، ئیتر لەزیندانو گرتوخانەكاندا بێت یان لەدژی سیاسەتی لەناوبردنی رۆڵی ژنان بێت، وەك چۆن لەسەردەمی رژێمی پێشودا زۆر ژن دەركەوتن، بەڵام زۆری نەدەخایاندو لەبەرچاو وندەبوون بەهۆی گۆڕینی كۆمەڵەی ژنان لەجموجۆڵی رێكخراوی خوێندكارانی كۆلێژی یاساوە بۆ ئامرازێك بەدەست دەستگەلێكەوە كەچەندین جۆری سوكایەتیكردنیان لەدژی ژنان پیادەدەكرد.

پاش راپەڕینی ئازار 1991 لەهەرێمی كوردستان، لەباكوری نیشتمان كۆمەڵێك رێكخراوی ژنان بوژانەوە كە لەپەنجاكاندا دامەزرابوون، لەوانە هەندێكیان پەیوەندیان بەحزبی سیاسییەوە هەبووە وەك یەكێتی ئافرەتانی كوردستانی سەر بەپارتی دیموكراتی كوردستانو ژنانی عێراقی سەر بەحزبی شیوعیو، وەك چۆن چەندین سەندیكای تایبەت بەژنان دامەزران كەپێكەوە خەباتیان بۆ خزمەتی ژنانو بەرزبونەوەی ئاستیان دەكرد، نەك تەنها لەكێڵگەی گەشەپێدانی كۆمەڵایەتیو ئابورییو بڵاوكردنەوەی رۆشنبیری مافەكانی مرۆڤ، بەڵكو پشكیان هەبوو لەپەرەسەندنی هۆشیاری نیشتمانیو نەتەوەییو بیریی سیاسی كە لەمیانەی داواكاری جۆراوجۆرەوە گوزارشتیان لێكردووە، ئیتر ئەوانە تایبەت بەهەمواركردنە یاساییەكان بێت یان لەچەسپاندنی چەمكی رێزگرتنی مافەكانی ژنانو بەشداری پێكردنیان بێت لەبڕیاردانی سیاسیدا.

وەك چۆن ژنان توانیویانە لەرێكخراوەكاندا تواناكانیان پێبگەیەنن لەكاتێكدا رێكخراوگەلێكن بەتایبەت سەربەخۆكانیان لەرووی ئابورییەوە توانایان نییە، لەگەڵ ئەوەی كە بەهاوكارییەكی رەمزییو كەمی ماددیو مەعنەوی كە بەپچڕپچڕی لەلایەنگرانی مافەكانی ژنان لەلایەن رێكخراوە ناوخۆییو بیانییەكانەوە پێیاندەبەخشرێت، بەردەوامیان بەچالاكییە جۆراوجۆرەكانیان داوە، لەسەر ئاستی تایبەت بۆ هەر رێكخراوێك، وەك یەكێتی ژنانی ئاشوری كەساڵی 1992 دامەزراوەو بەردەوامبووەو تا ئێستاش بەردەوامە لەسەر بەجێگەیاندنی چالاكییە رۆشنبیرییەكانی دەربارەی دیموكراسیو كاروباری كۆمەڵایەتی بۆ هەموو توێژەكانی عێراقو چەندین چالاكی تری پەیوەست بەمافەكانی منداڵ (وەك دایەنگە) لەپێناوی خزمەتی ژناندا ئەنجامداوە، ئەمە لەگشت شارەو سەرەكیو گوندو ناوچەكانی باكوردا هەیە. لەسەر ئاستی هاوبەشیش چەند رێكخراوێكی ناوەندی هاوبەشی وەك (ماڵی خانزاد) لەهەولێرو لەچەند شوێنێكی تر بۆ هاوكاریكردنی ئەو ژنانە دروستكردوە كەدوچاری بارودۆخی ئاڵۆز بوون بەهۆی توندوتیژی خێزانەوە یان بەهۆی هەر بارودۆخێكی تری دژ بەژنانەوە بێت.

چەندین دەسكەوت بۆ بوونی ژنانی زیندوو كارا لەسایەی بارودۆخێكدا كەهەمیشە لەروی ئابورییو مەعنەوییەوە ئاسان نەبووە، بەدەستهاتووە. بەشداری فیعلی ژنانی ناو ئەم رێكخراوانە لەكۆنگرە

جیهانیو ناوخۆییەکاندا بەدیدەکرێت وەك کۆنگرەی بەیروت ساڵی 2002 و چەندین کۆنگرەی تر کە لەهەولێرو دهۆكو چەند شوێنێکی تر سازکراون، وەك دوایەمین کۆنگرە کە لەبەغداد لەتەمموزی 2003دا کەزیاتر لە 100 ژن بەکردەوە بەشداریان تێداکرد هەر لەئامادەکارییەوە تا دوایەمین لێدوانەکان لەسەری. رێکخراوەکانی ژنان کەبەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکدەهێنن بەردەوامن لەپێشکەشکردنی خزمەتەکانیان بۆ هەموو ژنان، بەبێ جیاکاری بەهۆی تایفە یان هەر شتێکیترەوە بێت.

## ئایا ثیَوةری شارستانی لةئامادایة بؤ ضارةسةری بارودؤخی ذنانی عیَراق:

لەوانەیە بۆمان بلوێت کە بەپشت بەستن بەنمونەی شارستانیو شارەزای هاوچەرخ، بیرۆکەیەك بهێنینەئاراوە کەپشتگیری لەخەباتی ژنان بکاتو، بیرۆکەو هاوسەنگی شارستانی ئەوتۆی لێبکەوێتەوە کەچ پیاوانو چ ژنان لەتوانایاندا بێت لەعێراقدا لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی دەوڵەت جێبەجێی بکەن، وەك چۆن لەسەر ئاستی حزبە سیاسییەکان جێبەجێی دەکەن، لەوانە:

سیستمی کوتا ( Quota)، واتە رێژەی بڕیاردراو لەچەسپاندنی لەخۆگرتنی ژنان لەپرۆسەکانی هەڵبژاردن یان شێوازەکانی دابەشکردنی پۆستە گشتییەکان بۆ نموونە:

لەکۆنگرەی "دەنگی نەبیستراوی ژنانی عێراق" کە لەبەغداد لەتەمموزی ساڵی 2005 سازدرا، ژنانی عێراق داوای چەسپاندنی رێژەیەکیان کرد کەکەمتر نەبێت لە 30٪ی کورسییەکانی گشت دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی عێراقی لەیاسادانانو جێبەجێکردنو کارگێڕی بەهەموو شێوەکانییەوەو تەنانەت لەلیژنەکانی کەهەنوکە سەرقاڵی چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسین وەك ئەوەی تایبەتە بەنووسینەوەی دەستوری عێراقی نوێ، لەوانەیە ئەم هەلە دەروازە بەرووی ژناندا بکاتەوە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان بەرامبەر بەکۆمەڵگە لەلایەك، هەروەها راهێنانی پیاوان بۆ قبوڵکردنی ژنان بەشێوەیەکی سروشتی لەسەرجەم ئاستەکانی لێپرسراوێتیدا لەلایەکیترەوە، بۆ نا؟ ژنان لەخەباتکردن بەردەوام بوون تا بەدەستهێنانی رێژەیەك کە 25٪ کەمتر نییەو، جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە چەندین سودی هەبووە، بۆ نموونە راهێنانی ناوەندی سیاسی لەقبوڵکردنی ژنان لەناو پرۆسەی سیاسیدا لەیەکەم ئەنجومەنی هەڵبژێردراو پێش یەك ساڵ، تەنانەت ئەگەر لەسەر حسابی جۆرو تواناش بووبێت، بەڵام لەهەڵبژاردنی داهاتودا کە لەکانونی یەکەمی 2005دا ئەنجامدەدرێت ژمارەیەکی زۆری لیستەکان، ژنان سەرۆکایەتی دەکەنو نەبووەتە زەرورەت ژنێك لەدوای دوو پیاوەوە بێت، بەڵکو وارێککەوتووە ژمارە دوو ژنێك بووەو بەناچاری ژمارە سێش دەبوو ژن بێت، ئەمە بەهەنگاوێکی نەوعی دادەنێمو لیستی رافیدەین ئەو بارودۆخە ئیجابیو مژدەدەری خێرو خۆشیەی دا بەگشت عێراق.



ئەم رێگەیە سەبارەت بەژنان تایبەت نییە بەعێراق، بەڵکو حاڵی ژنانە لەوڵاتانی تریشدا کەتیایاندایە پێشکەوتوو گەورەو خاوەن شارەزایی دیموکراسییە وەك وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەرێژەی 10٪و فەرەنسا کەدەسەڵاتەکەی پەنایبردووەتە بەر سیستمی کوتا لەساڵی 1999 وەك چارەسەرێك بۆ نائامادەیی ژنان لەناوەندەکانی بڕیارداناو، لەمیانەی هەموارکردنێکی دەستوری کەحزبە سیاسییەکان ناچاردەکات ژمارەی نیوەو رێژەی 50٪ی نوێنەری لیستەکانی هەڵبژاردنیان بۆ ژنان بێت، وەك چۆن ئەرجەنتین ساڵی 1991 سیستمی کوتای بەتەوزیمی لەهەڵبژاردنی نیشتمانیدا دانا، بەجۆرێك کوتای چەسپاند کەرێژەی پاڵێوراوانی ژن لەلیستەکاندا 30٪ کەمتر نەبێت لەگەڵ بواری بردنەوەدا، هەر لیستێك ئەم بنەمایە جێبەجێنەکات پەسەندناکرێت.

لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی شارەوانی باشوری ئەفریقا پارتە سیاسییەکان ناچارکران رێژەی 50٪ی لیستەکانیان بۆ هەڵبژاردنەکانی ناوخۆ لەپاڵێوراوانی ژن بێتو لەهەڵبژاردنەکانی ناوخۆی هەردوو ساڵی 1992و 1998 لەنامیبیا رەوایەتی درایە پرۆسەیەك کەداوا لەپارتە سیاسییەکان دەکات رێژەیەك کەمتر نەبێت لەرێژەی 30٪ی پاڵێوراوان لەلیستەکانیاندا بەشداری پێبکەن، هەورەها لەتانزانیا کەرێژەی 20٪ی کورسییەکانی ئەنجومەنی نیشتمانیو 25٪ی کوردسییەکانی ناوخۆ بۆ ژنان تەرخاندەکاتو هیندستان 33٪ی کورسییەکانی حکومەتی ناوخۆی بۆ ژنان دیاریدەکات.

بێجگە لەحکومەتو وڵاتان، نمونەی کوتای تر لەناو خودی حزبە سیاسییەکاندا هەیە، وەك حزبی کۆمەڵایەتی دیموکراسی لەسوید کە لەساڵی 1999وە ئەم بنەمایەیان خستووەتە ناو پرۆگرامەکەیانەوە "هەر دووانییەك لەلیستەکەدا ژنێکە" ( the Zipper or zebra principle). حزبی کار لەنەرویج کوتای بەرێژەی 40٪ داناوە لەساڵی 1983و حزبی دیموکراتی کۆمەڵایەتی لەدانیمارك کوتای بەرێژەی 40٪ لەهەڵبژاردنە ناوخۆییو هەرێمییەکاندا لەساڵی 1988و کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی لەباشوری ئەفریقا کوتای بەرێژەی 33٪ داناوەو حزبی فەریلیمۆ لەمۆزەنبیق کوتای بەرێژەی 30٪ لەلیستەکانی هەڵبژاردندا داناوە، هەروەها لەبەریتانیا حزبی کار لەساڵی 1993 سەرجەم ژنانی داخلی لیستە کورتەکان کردووە بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی ژنان کورسی گرنگیان لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی 1997دا هەبێت.

چونکە ناپاکی، واتە کینە بواری هەیە تەنانەت لەو بارانەشدا کەناوی ژنان لەلیستەکاندا بەپێی سیستمی کوتا پێشکەشدەکرێت، کاتێك کەناوەکان بۆ وەزیفەگەلێك دادەنرێت کەبایەخو دەسەڵاتو گرنگییەکی ئەوتۆی ماددیو مەعنەویی نییە، یان تەنانەت ریزکردنیان لەکۆتایی لیستەکاندا.

## ثوختة

ئەگەر بمانەوێت بەراودێك بکەین لەڕوی بارودۆخی ژنانی رافیدەین لەکۆندا، دەبینین هەڵسەنگاندنەکە زۆر شارستانیتر بووە لەم سەردەمەی ئێستامان، هەڵسەنگاندنی ژنانی عێراق شیاوی کۆششو تواناکانی نییە، بەڵکو زۆرجار دەبێتە قوربانی حساباتەکانی پیاوان، تەنانەت لەکاتی چوونە ناو جیهانی بڕیاردانی سیاسی یان ئیدارەکردنەوە بیروڕاو ئەرکەکانیشی لەریزبەندییە لاوازەکاندا دادەنرێت، وەك لەعێراقدا کە بەبەشەکەی دەوترێت "پۆستە نا سیادییەکان" تەنها لەبەرئەوەی ژنن‌و لەلایەن پیاوانەوە جێگەیان بۆ دیاریدەکرێت کە بەبێ ئامادەبوونیان کۆبونەوتەوەو تا دواتر پێیان بڵێن وەزیر، یان هەر پۆستێکیتر، کەچی پیاوان لەبیریان چووە یان خۆیانیان لێبەدورگرتووە کەبڵێن ئەم کارەش بەشێکە لەگەندەڵی، کە لەراستیشدا وایە.

عێراقییەکان بەبێ جیاوازی داوایان لێدەکرێت شوێن پێی ئەو وڵاتانەی تر هەڵگرن کەژنان تیایدا گەیشتوونەتە پۆستە سیادییەکان کە لەسەروی زۆرێك لەپیاوانی پێش خۆیانەوەن، ئەمەش لەبەرئەوەی ژنی عێراقی بە"توانای زانستیی‌و رۆشنبیریی‌و گیانی دەستپێشخەری، کەناکرێت بەراوردبکرێت بەهیچکام لەهاوشێوەکانی لەو وڵاتانەی باسکران" جیادەکرێتەوە، سەرباری ئەو نەهامەتیی‌و ستەم‌و کەمکردنەوەیە لەبەهاکانی کە لەسەر ئاستی خێزان‌و کۆمەڵگە بەدەستییەوە نالاندویەتی‌و تا هەنوکەش بەدەستییەوە دەناڵێنێت (شایەتی Congress Women 8 لەبەغداد).

بێگومان سیستمی کوتا پشکی دەبێت لەزیادبوونی ژمارەی ئەو ژنانەی کەبواریان لەبەردەمدا دەکرێتەوە بۆ چوونە ناوەندەکانی بڕیاردانەوە، ئەگەرچی بوونیان کەمینەیەکی بچوکەو مایەی شەرمکردنە، رێژەی ژنان لەناوەندی یاسادانانادا لەسەر ئاستی جیهان تەنها 15٪ یە، ئەم پێشکەوتنە لەهیچ باشترە، بەرزترین رێژەی بەشداری ژنان لەپارلەمانی سویدیدایە کەگەیشتوەتە (45.3٪)ی کورسییەکانی، لەکاتێکدا هەندێك ئەنجومەن تەنها کورسییەکیان بۆ ژنان نییە وەك بەحرێن.

هاندانی ژنان لەلایەن پیاوانەوە، واتە متمانەبوونیان پێیان گرنگی رۆڵیان دەردەخات نەك تەنها لەمێژوی کۆندا، بەڵکو لەسەردەمی نوێشدا، بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئاستی یەکسانی سروشتی نێوان ژنان‌و پیاوان لەناوەندی سیاسیدا، ئەمەش بەهۆی هەڵگرتنی کینەی بەئەنقەست لەدژیان لەمیانەی زیاتر لەوڵاتێکی جیهان، وەك ئەم نمونانە کەجێگەی بایەخمان دەبێت:

- ئەندێرا گاندی: سەرۆك وەزیری هیندستان 1966–1977و 1980–1984 کەباوکی جەلال لال نەهرۆ سەرۆك وەزیرانی هیندستان بووە لەسەردەمی سەربەخۆییەوە لە 1947–1964.



- کۆرازۆن ئەکینۆ: سەرۆکی فلیپین 1986–1992 کەمێردەکەی بینینۆ ئەکینۆ سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی دژ بەدیکتاتۆر فێردیناند مارکۆس بووەو لەساڵی 1983 تیرۆرکراوە.
- بینازیر بۆتۆ: سەرۆك وەزیری پاکسان 1988–1990و 1993–1996و یەکەمین سەرۆك وەزیرە لەوڵاتێکی ئیسلامیداو یەکێکە لەو ژنانەی وەك وەزیری ئابوریی زۆر سەرکەوتووە، کچی زولفقار عەلی بۆتۆ سەرۆك کۆمار 1971–1973 و سەرۆك وەزیر 1972–1977.
- گلۆریا ماگاباگال ئارۆیۆ سەرۆکی فلیپین لەساڵی 2001ەوە باوکی یەکەم سەرۆکی فلیپینی سەربەخۆ بووە.

تەنها لە 50 وڵاتی جیهاندا ساڵی 1997 رێژەی بەشداری ژنان گەیشتوەتە 20٪ لەوەزارەتە جیاوازەکاندا، لەسوید 50٪ و نەرویج 42٪ و فیللەندا 41٪ سیشیل 41٪ و باربادۆس 39٪ و دانیمارك 35٪ و سریلانکا 26٪ و کامبیا 25٪و هۆڵەندە 24٪ و نەمسا 22٪ و لۆکسەمبورگ 21٪ و باماهاو بوتان‌و فیجی‌و وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەمویان 20٪ و بێجگە لەسوید هیچ وڵاتێك نییە لەم روانگەوە مافی ژنی دابێت، ئایا ئەم نمونانە وامان لێناکات بەپیاوو ژنەوە بیر لەگرفتی ژن بکەینەوە کە لەکینەو ستەمی روونەوە سەرچاوەدەگرێت، نەك لەبیرۆکەی کەمی دانراو لەلایەن پیاوانەوە بۆ ژنان‌و ئەوەی رەگو ریشەی لەگشت بوارەکانی ژیانی رۆژانەدا رۆچووە، لەناویدا بەشداریکردن لەروداوە هەنوکەییەکانی وەك کۆنگرە یان هەر کۆڕو کۆبونەوەیەك کەباسی ئەو یان باسی غەیری ئەوی تێدادەکرێت.

رەخساندنی هەل لەبەردەم ژنانی زۆر نزیك لەدەسەڵات لەکۆن‌و نوێدا خراپی‌و بیرکردنەوەی هەڵەو بەکەم سەیرکردنی ژنانی سەلماندوە، بەچەشنێك توانیویانە ئەو قەدەغەو رێگرانەی کەپیاوان لەسەر رێگەی ژنان دایانناوە، هەڵیگرن‌و، بەشێوەیەکی سروشتی ببنە ئەلتەرناتیڤی پیاوەکانیان لەسیاسەتەدا بەئەندازەی تۆمارکردنی چەندین لاپەڕەی پڕ لەدەسکەوت‌و پاڵەوانێتی کەکاریگەری لەسەر سەردەمی نوێ هەبووە، ئەمەش سەرباری کەمی ژمارەی ئەو ژنانە.

ئەو پرسیارەشی کەهەندێك دەیکەن، ئایا ئەو ژنانە بۆ خۆیان توانایەتی‌و شیاوی خۆیان سەلماندوە یان بەهاندان‌و پشتگیریی پیاوان وەك کارتێك بۆ دورنەکەوتنەوەی دەسەڵات لەخۆیان لەبەر نزیکیان لەخۆیانەوە دایانناون؟.. رێگەو شێوازەکانی دەسەڵاتدانە دەست ژنان هەر چۆنێك بێت، گرنگ ئەو کردەوە واقیعیەیە کەژنان لەڕوی توانای بیریی‌و سیاسییەوە لەسەروی وەسفەوە سەلماندویانەو مێژوو شایەتی وردی‌و باش بەجێگەیاندنی لێپرسراوێتی‌و ئەرکی مەدەنی‌و سیاسییە

کەمافێکە لەمافە بنەڕەتییەکانیان، ئەوەی کەپێویستە هەموو ژنو پیاوێك بیزاننو دانی پێدابنێن ئەوەیە مێینایەتی رێگری نەبووە لەوەی مرۆڤێکی کامڵو رکابەرێکی سروشتی پیاوانو ژنانی تریش بێت، ئەگەر ئەمە لەمەسەلە بنەڕەتیو ئاساییەکاندا وابێت، ئەوا ژنی عێراقی لەسەریەتی لەسایەی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی عێراقدا رۆڵی خۆی لەسەرجەم بوارەکاندا بگێڕێت لەپێناو چەسپاندنی یەکێتیو هاوسۆزی نیشتمانی لەیەککاتدا.

ئەگەر ئازادی نەبێت، واتە سەرەتای هاتنەئارای کۆمەڵگەیەکی ئازاد ئامانجی سەرەکی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی عێراقەو ناکرێت بەبێ ئازادی شتێك لەبارەی دیموکراسییەوە بوترێت، بەڵکو پێویستە قسە لەسەر سیستمێکی سیاسی بکرێت کە لەسایەیدا مافو ئازادییە سەرەکییەکانی گشت مرۆڤەکان پارێزراو بێت، بەشێوەیەکیتر دیموکراسی کەشوهەوای گونجاوی پێگەیشتنو گەشەسەندنی ئازادیو یەکسانییە، بەجۆرێك سێ کاراکتەری گرنگ بۆ ژیانی هاوڵاتی فەراهەم دەبێت لەوانە: (ئاستێکی بەرزی گەشەسەندنی ئابوریی، رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤو هاوڵاتی، ئەندازەیەکی گەورەی چاودێری کۆمەڵایەتی).

لەم بارودۆخەی ئێستای عێراقدا هەریەك لەسەرکردایەتی نوێو گەل پێویستیان بەکاتێکی زۆر بۆ راهاتن لەسەر سیستمی دیموکراسی زۆر نوێ هەیە، بەوەی ژنانو پیاوانێکن کەژیانی ئازادیان تاقینەکردوەتەوەو بەتەواوی نەزانن لەئاستماناو مەبەستەکانی دیموکراسیو سەروەری یاسادا، ئەمەش لەبەرئەوەی بەدرێژایی ماوەیەکی زۆر لێی بێبەش بوون.

پێویستە لەلایەن ژنانو پیاوانەوە دەستور بنوسرێتو هەمواریش بکرێتو لەلایەن هەردوو رەگەزەکەوە چاودێری جێبەجێکردنی دەستورو یاساکان بکرێت لەرێگەی دادگای دەستورییەوە کەدادوەرو پارێزەری ژنو پیاویان تێدا دابمەزرێت لەئاستێکی بەرزی تواناو لێهاتویی پاکدا، بەبڕوای من ئەم مەسەلەیە مافی هەموو تاکەکان دابیندەکات، زیاتر لەوەی دادگایەك دابمەزرێت لەخەڵکانی پسپۆڕ کەئەستەمبێت بەلایانەوە لەبەر چەندین هۆ مومارەسەی بێلایەنی بکەن.

رێگەکە ئەستەمو دورە، بەڵام بڕینی مەحاڵ نییە.

بەڵام لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە ژنان لەسەریانە لەهەموو وڵاتانەوە هانی کاری هاوبەش بدەن لەپێناو گەیشتن بەهاوکاریی جدیو هەماهەنگی راستەقینە لەچارەسەرکردنی کێشە هاوبەشو تایبەتەکانو پەیوەست بەرێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ.

**خوا هاوکاری ژنانو پیاوانە پێکەوە**



# بەرەو بڵاوکردنەوەی
# رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ و ژنانو بەدیهاتنی ئاشتی

**دکتۆر: مەیسون ئەلدەملوجی**

## پێشەکی

بێگومان رۆشنبیری گرنگییەکی ئەندامیو کارای هەیە لەچەسپاندنی مافەکانی مرۆڤو ژنداو دواجار ئاشتی خوازراو لەکۆمەڵگەی عێراقیدا، گشت ئەو چەمکانەی دەمانەوێت لەعێراقی نوێدا وێنەیان بکێشین، لەدەستورو یاساو دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هەمووی بەمەرەکەبی سەرکاغەز دەمێنێتەوە ئەگەر رۆشنبیرییەکی رەگداکوتراوی میللی گشتگیرنەبێت کە لەژیانی رۆژانەدا مومارەسەی ئەو چەمکانە بکاتو بڕوای پێی هەبێتو بەرگری لێبکات.

رۆشنبیری کۆمەڵگەیی بریتییە لەکۆمەڵە بەهایەك کەرەنگدانەوەی کۆمەڵگەو چەمکەکانیەتی لەقۆناغێکی مێژوییداو، سروشتێکی ئەندامی ناجێگیری هەیە، بەگەشەسەندنی کۆمەڵگە گەشەدەکاتو بەپوکانەوەی کۆمەڵگە دەپوکێتەوە، وەك چۆن خەسڵەتی گەشەسەندنی هێواشی هەیەو ناتوانرێت بەگۆچانێکی سیحری لەرۆژو شەوێکدا بێتەئاراوە، چونکە بەتەنها بریتی نییە لەنووسینی هۆنراوەیەك، یان وەرگێڕانی کتێبێك، یان دانانی ئاواز بۆ گۆرانییەك، بەڵکو بەرهەمی کارلێکردنی ئەفراندنو داوای تاکەکەسی کۆمەڵەکانە لەگەڵ کاراکتەرەکانی ئابورییو کاریگەرە هەرێمایەتیو جیهانییەکانو دابو نەریتو عورفە ناوخۆییو بەها ئەخلاقیو ئایینیو رۆحیەکان،

سەرباری سیاسەتی نێودەوڵەتی لەبوارەکانی خزمەتگوزرایی‌و رۆشنبیریی‌و مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی تایبەتی.

## ڕیطرةكانى رؤشنبيرى عيَراقىء كةليَنةكانى شارستانى:

بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق بەدەست کۆمەڵێك ململانێی ناوخۆیی‌و هەرێمی‌و جیهانییەوە دەناڵێنێت، جارێك بەدیاردەکانی توندوتیژی دەردەکەوێت، جارێك بەپێشێلکاری مافەکانی مرۆڤو، جارێکیتر بە سەرکوتکردنی فکری‌و جەستەیی، سەرەڕای ئەوپاشماوە قورسەی کەچەندین سەدەیە بەهۆی داگیرکاری‌و جیاوازی خزمەتگوزاری لەنێوان شارو گوندەکاندایە کە سێ دەیەی لێوانلێو لەستەم‌و عەسکەرتاریەت‌و ئابلوقەی ئابوریی‌و فکری بەدواداهات‌و کەکاریگەری سەلبی هەبووەو بووەتە مایەی داڕوخانی بەها کۆمەڵایەتییەکان‌و لەنێویدا رۆشنبیری رێزگرتن لەمافەکانی ژن‌و کشانەوەی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی‌و تاکەکەسی پێکەوە. کشانەوەی رۆشنبیری بووەتەمایەی دروستبونی چەندین کەلێن لەناو کۆمەڵگەی عێراقیدا، کەپێویستە پێش قسەکردن لەسەر گەشەسەندنی رۆشنبیری عێراقی ئەو کەلێنانە بناسێنین بۆ ئەوەی چارەسەری گونجاو بدۆزینەوەو بۆمان بلوێت بەهای نوێ بچەسپێنین کەپشتگیری پرۆسەی ئاشتی‌و بونیاتنانەوە بکات، لەو کەلێنانەدا:

## كةليَنى نيَوان ثةرةسةندنى رؤشنبيري جيهانىء دابونةريتة ناوخؤييةكان

تێڕوانینی ناوخۆیی بەدەست دوفاقی لەوەرگرتنی پەرەسەندنی رۆشنبیری جیهانی‌و بەکاربردنی بەمەبەستی باشکردنی ئاستی بژێوی تاکەوە دەناڵێنێت. بۆ نموونە، تەکنەلۆژیای جیهانی کەرەنگدانەوەی کرانەوەی فکریی ئەو کۆمەڵگەیە کەدایهێناوە یان ئاشکرایکردوە، وەك کارەباو دەواودەرمان‌و تەلەفۆن‌و تەلەفزیۆن‌و چاویلکەی پزیشکی‌و کۆمپیوتەرو ئۆتۆمۆبیل‌و فڕۆکە.. هتد، بەشێکە لەرۆشنبیری رۆژانە کەناکرێت دەستبەرداری بین، کەچی هاوکات رۆشنبیری ئەو فکرە رەتدەکاتەوە کەئەو تەکنەلۆژیایەی بەرهەمهێناوەو گومانی لەبەهاکانی هەیە، ئەم روانگەیەمان بەئاشکرایی لەداڕشتنەوەی دەستورو سڕینەوەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤو ژن‌و منداڵ بەتەواوەتی‌و دانانی بەهاوردە بۆ ناو پرەنسیپەکانمان، دەبینی. سەرباری ئەوەی کۆمەڵگەی عێراقی بەسەرجەم توێژەکانییەوە رۆڵی ژنانی وەك مامۆستاو فەرمانبەرو پزیشك‌و ئەندازیارو وەزیر قبوڵکردووە. ئەوەندە هەیە تاهەنوکە لەپێدانی ئازادی بەژنان لەهەڵبژاردنی چۆنیەتی ژیانیان دەترسێت، بەڵکو تەنانەت تێخزاندنی لەگەڵ ترسی سێکسی کەدەبێتەمایەی داڕوخانی خێزان‌و دواجار کۆمەڵگەو لەناوچونی بەهاکانی.

## كةليَنى نيَوان رؤشنبيرى طوندنشينء رؤشنبيرى شارء، بةديَهاتكردنى شارةكان:

رۆشنبیریمان گیرۆدەی کەلێنێکە لەگۆشەنیگای رۆشنبیری لەنێوان فکری شارنشینی کە بەدینامیکیەتی پەیوەندییە لێکدراوەکانی لایەنە کۆمەڵایەتی‌و ئابورییەکان جیادەکرێتەوەو ئەمەش



وایکردوە زیاتر قبوڵی گۆڕانکاری‌و گەشەسەندن‌و داهێنان بکات‌و، لەنێوان بیرکردنەوەی گوندنشینی کە بەخەسڵەتی بەرداوامبونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی‌و ئابورییە سادەکان دەناسرێتەوە کەزیاتر وابەستەی پابەندبونە بەدابونەریتە ناوخۆییەکانی‌و بەتایبەت ئەوانەی تایبەتن بەرۆشنبیری ژنان، وەك کوشتن لەپێناوی شەرەف‌و چەندینی تریش.

کاراکتەری زۆر هەن، لەوانە جیاوازی سیاسەتە ئابورییەکانی نێوان پەرەپێدانی شارو گوندەکان کەوایکردوە کۆچێکی بەرفراوان لەگوندەکانەوە بۆ شار دەستپێبکات‌و، بەسروشتی خێزانی گوندنشین کە لەرووی ژمارەوە لەخێزانی شار زیاترەو ژمارەی کۆچبەرانی گوندەکان لەژمارەی بنەڕەتی خەڵکی خودی شارەکە زۆر زیاتر بووە، ئەمەش وایکردوە رۆشنبیری خەڵکی گوندنشین لەشاردا بەسەر رۆشنبیری خەڵکی شاردا زاڵبێت. دواجار ئەگەر بەراورد لەنێوان قەسیدەی پەنجاکاندا کەخۆی لەحەیدەری‌و سەیاب‌و مەلائیکەو نەواب‌و ئەوانیتر کە لەدەرەوەی عێراقن، وەك نزار قەبانیدا، دەبینێتەوەو لەنێوان قەسیدەی ئەمڕۆدا بکەن، تێبینی گۆڕان دەکەین لەچەمکەکانی ئەفراندندا کەخۆی لەکورتبونەوەی مادەی گوزارشتکردندا دەبینێتەوەو ئەویش خەریکە لەستایشدا کورتدەبێتەوە.

## كةليَنى رؤشنبيرى رؤلَى كؤمةلآيةتى نيَوان ذنء ثياوء ذنء ذن

ئەو بارودخەی عێراقی پێدا تێپەڕیوەو بەتایبەت ئەوانەی شەڕەکان‌و ئابڵوقەی ئابوری‌و کۆچکردنی رێژەیەکی گەورەی پیاوان، لێپرسراوێتی خێزانی‌و ئابوریی‌و پەروەردەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و...تد خستوەتە ئەستۆی ژنان، وەك چۆن بارودۆخی هەنوکە بواری لەبەردەم ژناندا رەخساندوە بۆ وەرگرتنی پۆستە باڵاکانی دەوڵەت، لەگەڵ ئەوەشدا تێڕوانینی کۆنی رۆڵی کۆمەڵایەتییانەی ژن هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی باری کۆمەڵایەتی گەشەینەکردوە، بەڵکو لەقۆناغی پەنجاکانەوە کشانەوەی بەخۆیەوە بینیوە، بۆ نمونە ئەگەر بەراورد لەنێوان گۆرانییەکی ئەو رۆژگارەو گۆرانییەکی ئەم رۆژگارەدا بکەین، دەبینین لەلایەك گۆرانیبێژانی کچ بەشێوەیەکی گەورە رویان لەکەمی کردوەو، هەروەها روانگەی کۆمەڵگە بۆ ژن لەمیانەی گۆرانییەوە پاشەکشەی کردوە، بۆ نموونە شاعیری عێراقی ژن دەچوێنێت بەپرتەقاڵ ( البرتقاله)، لەکاتێکدا بەدەست نەبوونی ئۆقرەیی‌و خزمەتگوزارییەوە، بەدەست ململانێی سیاسەتمەدار لەپێناو بەشداریکردن لەکێشانی وێنەی شێوەی ئایندەی بونیاتنانەوەی عێراقدا دەناڵێنێت.

وەك چۆن خودی ژنیش رۆڵی هەیە لەسەپاندنی تێڕوانینی کلاسیکیانەی رۆڵی کۆمەڵایەتی خۆیدا، سەرەڕای ئامادەیی کۆمەڵێکی زۆر لەرێکخراوەکانی ژنان کەداوای مافەکانی ژنانی عێراق دەکەن لەیەکسانی‌و بەشداری راستەقینە لەژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیدا، ئەگەرچی ژنان خۆیان (زۆرجار)

دژی ئەم تێزە دەوەستنەوەو لەکۆمەڵەی نیشتمانیدا دەچنە ریزی پیاوەکانەوەو رێکخراوەکانی ژنان بەئیباحییەت تۆمەتباردەکەن، بۆ نموونە.

کەلێنی نێوان سیاسەتی رۆشنبیری وەزارەتە جیاوازەکانی حکومەتی عێراق

عێراق نزیکەی 3 ساڵە بەقۆناغێکی گواستنەوەی سەختدا گوزەردەکاتو، وەزارەتەکانی بەشێوەی بەشی تایفیو حزبی لەسەر پرەنسیپی رێکەوتن(توافق) لەنێوان لایەنو پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی عێراقدا دابەشدەکرێت تا ئەو کاتەی قۆناغی گواستنەوە تێدەپەڕێنێت، هەنوکە هەر وەزیرێك (ژن یان پیاو) سیاسەتی حزبەکەی لەناو وەزارەتەکەیدا جێبەجێدەکات، سەرباری رۆڵی وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری ژنانو چالاکییەکانی، بەڵام پێکدادانی روانگەی رۆشنبیری حزبەکان بووەتە رێگر لەبەردەم دانانی ستراتیژێکی گشتگیر بۆ دەوڵەتی عێراق.

**راسپاردەکان:**

پاش چەند هەفتەیەکی تر لە 15ی کانونی یەکەم/ دیسەمبەری 2005دا کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ خولێکی چوار ساڵە هەڵدەبژێردرێت، کار لەسەر هەمووارکردنی برگەکانی دەستور دەکات، ئینجا 50 یاسا دەردەکات بۆ شێوەی دەستورەکەو چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەنەخشێنێ، بۆیە راسپاردەکانمان لەسەر رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدابڕاندن لەکوتلە سیاسییە هەڵبژێردراوەکان کورتنابێتەوە، راسپاردەکان بریتیین لە:

1. دابینکردنی خێرای خزمەتگوزرای بۆ گەل، لەناویاندا ئاسایشو ئاوو کارەباو ئاوەڕۆو تەندروستیو فێرکردنو ژینگەو فەراهەمکردنی هەلی کارکردن.
2. رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤو پەسەندکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان بەشێوەیەکی تایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بەمافەکانی ژنانەوە.
3. پەسەندکردنی ئازادی رادەربڕین بەهەموو شێوەکانییەوە، فرەیی فکریی بۆ هەموو هاولاتییەکی عێراقی.
4. پشتبەستن بەتواناو پاکی لەوەرگرتنی پۆستە وەزارییەکاندا، دور لەدابەشکردنی تایفیو حزبی، بەتایبەت لەهەردوو وەزارەتی ژنانو رۆشنبیریدا.
5. پشتبەستن بەلێهاتوییو پاکیو شارەزایی دادوەریی لەئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵی، دور لەدابەشکردنی تایفیو حزبی.
6. پەسەندکردنی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپێناو بەدیهاتنی سیاسەتێکی رۆشنبیری لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە.



7. چالاککردنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەپای رۆڵگێڕانیان لەئاڵوگۆڕی فکری لەگەڵ جەمسەرە چالاکەکانی کۆمەڵ ، بەتایبەتی سیاسیو ئایینیو رۆشنبیریو عەشایەرییەکاندا.

## ئەو شێوازانەی دەوڵەت لە پێناو هەڵسانەوەی ژناندا دەیانگرێتەبەر

**پارێزەر: تەئمیم ئەلعەزاوی**

### پێشەکی

ژنانی عێراق دوچاری ئاستەنگی گەورەو تێکچڕژاو بوونەتەوە، دەتوانین بڵێین سەرباری هەژاری توانا بابەتییەکانی،توانیویەتی بەلێهاتوییەوە بەرەنگاری ئەو ئاستەنگانە ببێتەوە، بەپشتبەستن بەتوانا زاتییەکانی خۆی لەبەرەنگاربونەوەی پێشکەوتنی ستەمکارانەی جیهانی، ئینجا بەبێ هیچ توانایەکی ئابوریی یان یاسایی کە لەئاستی خواستدا بێت. روانگەی پەیماننامەی قەڵاچۆکردنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژ بەژنانو راسپاردەکانی کۆنگرەی پەکینو راسپاردەکانی هەزارەی گەشەپێدان، کۆمەڵە روانگەیەك بوون لەپێناو دانانی ستراتیژێك بۆ پێشخستنی ژنان لەسەرتاسەری جیهاندا، پابەندییەکی نێودەوڵەتی بوون، پێویستە خێزانەکانی وڵاتانی جیهانی رێزی لێبگرنو پابەندی بنەماکانی بن. ئەمەش ئاماژەی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەی بەردەستانە، لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێك حاڵەتی تایبەتمەندی لەهەندێك لایەنی ئەم ئامانجانەدا، ئەمەش بۆ چڕبونەوە لەسەر واقیعی عێراقو لەبەرئەوەی لەو بارودۆخە نزیکترە کە بەهۆی شەڕو جەنگەکانەوە تێی پەڕاندوەو ئەو ئابلۆقە ئابورییەی زۆری خایاندو گەورەترین کارەساتوماڵوێرانی لەگەڵ خۆی هێنا.

### بەشی یەکەم:

### ئامانجە ستراتیژییەکانی پێشخستنی ژنان:

پەیماننامەی قەڵاچۆکردنی گشت شێوەکانی توندوتیژی دژی ژنانو بڕیارەکانی کۆنگرەی پەکین ساڵی 1995و بڕیارەکانی کۆنگرەی هەزارەی گەشەپێدان ئەو ئامانجانە لەخۆدەگرێت کەبەڵگەی تێروتەسەلی گشت جۆرو مەسەلەکانی پەیوەست بەیەکسانی جۆرو کۆمەڵایەتی. یارمەتیدەرمان دەبێت لەدۆزینەوەی ڕێڕەوی گەیشتن بەم ئامانجانەو، دیاریکردنی شێوازی دیاریکراو، کە لەمیانەیانەوە پەیوەستی لەنێوان ئەم ئامانجانەدا دێتەئاراوە، بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

## یەکەم: ریشەکێشکردنی هەژاری سەختء برسێتی:

برسێتیو هەژاری لەگەورە ڕێگرەکانی بەردەم ئەو وڵاتانەن کەدەیانەوێت بەرەو دەرەوەی چوارچێوەی هەژاری هەنگاوهەڵگرن، بەهۆی نەبوونی شارەزاییو توانای مرۆیی، کەئاستەنگی بەردەم نەهاتنەئارای یەکسانییە لەجۆری کۆمەڵایەتی، بەجیاکردنەوەی یەکگرتنی زۆرێك لەژنانی دەرچووی خوێندنی سەرەتاییو ئامادەییو زانکۆییو خزمەتگوزاری تەندروستیو کۆمەڵایەتی گشتگیرو بەشداری لەچوارچێوەی هێزی کاری ناو بازاڕو، دواجار کورتهاتنی زۆر لەشارەزایی کەئابوریی نیشتمانی پێویستی پێیەتی. لەئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی کۆمەڵەی کاری تایبەت بەهەزارە سەبارەت بەهەژاری ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە هەژاری گەورەترین ڕێگری بەردەم بەدیهاتنی گەشەسەندنە، کەبووە بەهۆی بێبەشبوونی توێژێکی گەورەی دانیشتوان، واتە ژنان، لەمافە بنەڕەتییە مرۆییەکانیان.

بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخی ئاسایشو ئابوریو جەنگە بەردەوامەکانەوە، توێژێکی گەورەی ژنان، ئەوانەی بێکاربوون، یان بەخێوکەرەکانیان لەناوچووە، پەنایان بردوەتە بەر دیاردەی سواڵکردنو بێکاریو تەنانەت بەموچەی چاودێری کۆمەڵایەتیش ژیانیان دابین نەبووە، چجای کەڵەکەبوونی کاراکتەرەکانی تری وەك نەبوونی پەناگەیەکی ئارامو کەمی هۆکارە ڕێگەخۆشکەرەکان بۆ کارکردن لەدەرەوەی ماڵ، کەهۆیەکیترە بۆ کارنەکردنی ژنان، بەهۆی نەبوونی دایەنگە بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانیان لەکاتی هاتنەدەرەوەیاندا، زۆرێك لەوانە لەهاوبەشیکردنی منداڵەکانیاندا چارەسەری کێشە ئابورییەکانیان دەبیننەوە، وەك چۆن زۆرێکیان منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان دەهێننە دەرەوە بۆ سواڵپێکردن لەشەقامو ڕێگەکاندا. دیراسەیەکی یونسێف دەریخستوە ژمارەی کچانی تەمەن منداڵ لەسواڵکردندا زیادیکردوە بۆ ڕێژەی 23٪ کچ بەرامبەر 2.8٪ی کوڕان (حاڵەتی عێراق).

توانای حکومەتو پرۆژە ئابورییەکانی چارەسەری تەواوی ریشەکێشکردنی هەژاریو برسێتی لەباردا نییە، بەڵکو پێویستی بەچاکبوونی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکە دەبێت بەرەو یەکسانییەکی دادپەروەرانە لەگەیشتن بەخۆراكو چاودێری تەندروستیو ڕاهێنانی ژنان لەسەری بەپێی کۆمەڵە



سیاسەتێکی نەخشە بۆکێشراو کەدەوڵەت لەئەستۆی دەگرێت، لەپێشەوەی ئەولەویاتی ئەم سیاسەتانەوە دەبێت ژنان بەسەربەخۆبونی ئابوری خۆیان بگەن لەپێناو پاراستنی پێویستییەکانی خۆیانو منداڵەکانیان.

بۆیە ئەرکی حکومەتە کەپابەندی گشت ڕێوشوێنەکانی دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنانو توانای دەستکەوتنی سەرچاوەی ئابوریی بێت بۆیان، کەپێداویستییەکی سەرەکی دابەزینی ئاستەکانی هەژارییە، وەك چۆن لەسەریەتی لەچوارچێوەی یاساو سیاسەتو پرۆسە کارگێڕییەکانیدا یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی لەسەرجەم بوارەکانی کاردا دەستەبەربکات، بۆئەوەی ژنانیش هاوتا لەگەڵ پیاوان هەلی کارکردنیان بۆ بڕەخسێت، هەروەها دەستکەوتنی مافی یەکسان لەپەیوەستنامەو موڵکداریدا، لەچوارچێوەی ژیانی ئابورییو هاوسەرگیرییو ژیانی خێزانیو هەلڕەخساندن بۆ گەیشتنی بەبازاڕو کارتی دڵنیایی ( الائتمان)و تەکنەلۆژیاو بایەخدانی زیاتر بەژنانی گوندنشین لەپێناو زامنکردنی مافی یەکسان لەسەربەخۆیو خاوەندارێتی زەوی کشتوکاڵی. سەرباری ئامادەکردنی بارودۆخی ژیانو گوزەرانێکی گونجاو لەروی پاکوخاوێنیو نیشتەجێبونو ئاوو کەرەستەی بەردەست.

## دووەم: خوێندنی بنەڕەتی طشتطیر:

مەبەست لێی فێربونی خوێندنەوەو نووسینە، هەروەها ئەو بابەتە گشتیانەی کە لەچوارچێوەی پرۆگرامەکانی خوێندنی سەرەتایدا دەوترێتەوە، تواناکانی ژنانی عێراق بۆ وەبەرهێنانی ئەو هەلانەی خوێندن کە لەبەردەمیاندا رەخساوە، زیادیکردوە، لەمیانەی خوێندنی بەخۆڕاییو تەوزیمی بەهۆی دەرچونی یاسای فێرکردنەوە، هەڵمەتی قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواریو بەخۆڕاییبوونی خوێندن لەئەنجامی چاکسازی لەسیتسمی یاساکان لەهەفتاکانی سەدەی رابردوودا. ئەم یاسایانە چوارچێوەیەکی یاساییان فەراهەمکردوە بۆ ناچارکردنی ژنان بۆ رووکردنە خوێندن، سەرەڕای رۆشنبیری باو کە لەزۆربەی ناوچەکانی عێراق هاندەری جیاکارییە، بەتایبەت لەناوچە گوندنشینەکاندا کەمومارەساتی عەشایەری بەسەریاندا زاڵە، کەتیایاندا ژنان بەشێکی گەورەی هێزی کار پێکدەهێنن، هێزی کاری بێ مووچە لەکەشتیارو بێستانەکاندا، بەوەی کاری کشتوکاڵی، کاری سەرەکی گوندەکانەو پێویستی خێزانەکانە بەهەموو ئەندامەکانیان وەك هێزی دەستی کار، سەرباری سەرقاڵبونی ژنان بەخزمەتکردنی ماڵو بەخێوکردنی منداڵەوە، ئەمانە بەر لەخوێندنی ژنان دەگرن. بەجۆرێك خەریکبوونی ژنان بەخوێندنەوە وادەکات خێزان رەگەزێکی سەرچاوەی داهاتی لەکیس بچێت. بەهۆی ئابڵوقەی ئابوریی کە لەئەنجامی داگیرکاری عێراق بۆ سەر کوەیت لەساڵی 1990بەسەریدا سەپا. کارکردن بەیاسای خوێندنی تەوزیمیو نەهێشتنی نەخوێندەواریو

بەخۆڕاییبوونی خوێندن راگیران، کەبووەهۆی دابەزینی رێژەی فێرخوازان بەتایبەتی لەریزی ژناندا، تێکڕای گەشەسەندنی رێژەی چوونەبەر خوێندنی کچان لەنێوان سالآنی ( 1987–1990) گەیشتبوە 3.8٪، بەلآم ئەم رێژەیە لەنێوان ساڵەکانی ( 1990–1998) دابەزیوە بۆ رێژەی 1٪ و بەپێی روپێوێکی یونسێف رێژەی ئەو مندالآنەی خراونەتە بەر خوێندنی سەرەتایی بۆ ساڵی خوێندنی (2000–2001) گەیشتوەتە 91.9 لەشارەکاندا بەرامبەر بەرێژەی 83.1٪ی کچان، رێژەی 23.1٪ یان بەهۆی سەرقاڵبوونیان بەکاروباری ماڵەوە وازیان لەقوتابخانە هێناوە، وەك چۆن فۆرمی بیروڕای دایکان دەریخستوە رێژەی 79.5٪ شارنشینان زۆر بەتوندی جەخت لەسەر خوێندنی کچان دەکەنەوەو رێژەی 15.2٪ بەجۆرێك لەجۆرەکان رازین، ئەم رێژەیە لەلای هاولآتیانی گوندنشین بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، بەلآم سەبارەت بەو ژنانەی دەخوازن کچەکانیان خوێندنی زانکۆیی تەواوبکەن رێژەیان لەشاردا دەگاتە 65.1٪ و، لەگوندەکانیش دەگاتە 32.1٪ هەروەها لێکۆڵینەوەکە ئاماژەیکردووە بەوەی کەرێژەی 9.3٪ی ژنانی شارنشین خوازیارن کەکچەکانیان دوای تەواوکردنی سەرەتایی دەست لەخوێندن هەڵبگرن، لەبەرامبەردا رێژەی 34.1٪ گوندنشین هەمان خواستیان هەیە.

لێپرسراوێتییەکی تری راستەوخۆی حکومەت بریتییە لەدەستەبەرکردنی یەکسانی لەگشت ئاستەکانی خوێندندا بەسەرجەم قۆناغەکانی سەرەتاییو ئامادەییو زانکۆو، سەرباری نەهێشتنی نەخوێندەواری لەنێو ریزەکانی کۆمەڵگەو فێرکردنی پیشەیی. ئەم پرۆسەیە بەتەنها بەچوونەبەر خوێندنی مندالآندا کورتنابێتەوە، بەڵکو پێویستی بەگرتنەبەری رێوشوێنی ئەوتۆیە بۆ هاوکاریکردنی مێینە بۆ ئەوەی بتوانێت خوێندنەکەی لەسەر بنەمای یەکسانی جۆری کۆمەلآیەتی تەواوبکات، هەروەها بایەخدان بەلابردنی لەمپەرەکانی بەردەم چوونەبەر خوێندنی کچانو پەرەپێدانی پلانەکانی پەیوەست بەملایەنەوە.

## سێیەم: هاندانی یەکسانی لەجۆری کۆمەلآیەتیدا:

پەیماننامەی قەلآچۆکردنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنانو کۆنگرەی پەکین ساڵی 1995 خراونەتەگەڕ لەپێناو دانانی پلانی گشتگیر بۆ هەموو جۆرە رێوشوێنێکی پێویستی کارکردن لەسەر لابردنی رێگرەکانی بەردەم یەکسانی جۆری کۆمەلآیەتی، بەجۆرێك چەندین بابەتی لەخۆگرتووە، نەهێشتنی توندوتیژی لەسەر بنەمای رەگەز، وێنەی کلاسیکیو رۆشنبیری باوو بازرگانیکردن بەلەشفرۆشییەوە، کەناڵەکانی راگەیاندنو پەیکەربەندی حکومەتو فێرکردنو رێکخستنی خێزان، ژیانی گوندنشینیو کارکردنو ململانێی چەکدارییو، ژیانی سیاسیو هەژارییو ژینگەو هاوسەرگیرییو پەیوەندی خێزانی، ئینجا جاڕنامەی هەزارە بەشێوەیەکی تایبەت جەختکردنەوەیە



لەسەر چەسپاندنی پەیماننامەی سیداو، بۆیە ئەم ئامانجە، واتە جێبەجێکردنی پەیماننامەی سیداو لەگەڵ بڕیارەکانی کۆنگرەی پەکین لەسەر گشت ئاستەکان لەباریدایە یەکسانی لەجۆری کۆمەلآیەتیدا بەدیبهێنێت. بەجۆرێك چارەسەری گرفتەکانی یەکسانی پێویستە لەچەندین لایەنەوە بێت، بۆ نموونە، هەوڵەکانی گەیاندنی ژنان بەشوێنی بڕیاردان بەتەنها لەرێگەی دانانی یاسایەك لەو بارەیەوە بەدینایەت، ئەگەر پێشتر رێوشوێنەکانی فێرکردنی ژنانو نەهێشتنی توندوتیژیو وێنە کلاسیکییە باوەکانی ناو خێزان یان ناو کۆمەڵگە نەگیرابێتەبەر. ئەمەش بەو مانایە دێت کەحکومەت بایەخ بەپەیماننامەی سیداوو بڕیارەکانی کۆنگرەی پەکین بدات لەگەڵ جێبەجێکردنی پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان لەپێناو دۆزینەوەی رشتەیەکی دروست بۆ بەدیهاتنی مافە مرۆییەکانی ژن، یەکسانی دووچاری چەندین گرفت دەبێتەوە ئەگەر ئەم بنەما سەرەکییانە جێبەجێنەکرێن، کە ئەویش بریتییە لەگۆڕینی دەستورو یاساکانو دۆزینەوەی پەیکەربەندو پرۆسەگەلێك کەئامانج لێی دروستکردنی رێگەکانی بەدیهێنانی یەکسانی لەروی جۆری کۆمەلآیەتییەوە، وەك چۆن پێوستە پرۆژەکە داوابکرێت بەجۆرێك کەگونجاوبێت لەگەڵ بایەخو گرنگییەکەیدا.

## ضوارةم: كةمكردنةوةى ريَذةى مردنى مندالآنء باشكردنى ئاستى تةندروستى دايكان:

دوو روانگەی بنەڕەتی هەیە لەهێنانەئارای یەکسانی جۆری کۆمەلآیەتیدا، کەبریتین لەقەلآچۆکردنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنانو بڕیارەکانی پەکین. و هەروەها کۆمەڵەی کاری هەزارە، کە لەنێوان تەندروستی دایكو منداڵدا پەیوەندی بەتین هەیە، بۆیە پێویستە خزمەتگوزاری تەندروستی بەشێوەیەکی کارا دابینبکرێت، لەگەڵ دانانی بەرنامەو پلانو ئامارکردنی مردنو هۆیەکانیو دۆزینەوەی چارەسەری گونجاوو بایەخدانی زۆر بەبەرنامەکانی چاودێری دایكو منداڵ پێکەوە، بەپیادەکردنی بەرنامەکانی چاودێری سکپڕو کۆرپە.

هاوکات فاکسینو پشکنینی پێشوەختی شێرپەنجەی پیس ( الاورام الخبيثة)و پشکنینی دەوری مندالآنو چڕکردنەوەی بەرنامەکانی دڵنیایی تەندروستی هەمیشەیی بۆ دایکانو مندالآن، هاندانو راهێنانی ژنان بۆ گەیشتن بەم خزمەتگوزارییە تەندروستییانە، چونکە دابینکردنی هۆیەکان بەتەنها بەس نییە ئەگەر وانەکرێت ژنانو مندالآن بەرەو رووی ئەم خزمەتگوزارییانە بچن، ئەگەر پێویستیشی کرد خزمەتگوزارییەکان ببرێنە لای ئەوان، لەبارێکدا ئەگەر بۆیان نەکرا بگەنە خزمەتگوزارییەکان، بەواتایەکیتر، لەناوبردنی لەمپەرو رێگرەکانی بەردەم بەهرەمەندبوونی ژنان لەخزمەتگوزارییەکان بەهۆی نەبوونی ئازادی تەواوی دەرچوون لەماڵەوە یان دورییان لەسەنتەری تەندروستییەوە.

تەندروستی لەئەولەویاتەکانی بەردەوامبونی مرۆڤەو، بەگوێرەی ئاراستەی کۆمەڵەی کاری هەزارە کەتایبەتە بەیەکسانی جۆری کۆمەلایەتی، پێویستە حکومەتەکان لەسەرەوەی ئەولەویاتەکانیدا ئەو بەرنامەو سیاسەتانە پەیڕەوبکەن کەهانی گەیشتن بەخزمەتگوزاری تەندروستی دەدەن‌و هەروەها شێوازو بەرنامە بەکارهاتوەکانی رێکخستنی خێزان‌و خۆپاراستن‌و چارەسەرکردن لەو نەخۆشییانەی بەهۆی سێکسەوە دەگوێزرێنەوە، لەگەڵ وەچەخستنەوەیەکی ئارامدا.

بەهەمانشێوە ئامادەکردنی سەنتەرەکان بەپسپۆڕانی راهێنراوو، کارمەندی تەندروستی‌و دۆزینەوەی رێگەچارە بۆ گەیشتنی ژنان بەم خزمەتگوزارییانە کەچاودێرییەکی کتوپڕی منداڵبون فەراهەمدەکات لەحاڵەتی روداو یان هەر ئالۆزبونێکی لەناکاو کەهەڕەشە لەژیانی بکات.

هەروەها ئەرکی حکومەتە کار لەسەر فەراهەمکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بکات لەپێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی یەکسان بۆ ژن‌و پیاو، هەردوکیان پێویستیان بەچاودێری تەندروستی هەیەو دەستەبەرکردنی یەکسانی پراکتیکی بەوە دەبێت ژنان بەو خزمەتگوزارییانە بگەن، و لەبەرئەوەی تایبەتمەندێتی ئەو رۆڵەی دەکەوێتە ئەستۆی ژن‌و لێپرسراوێتییەکەی جیاوازە لەلێپرسراوێتی پیاو، مەبەستمان لەسکپڕی‌و منداڵبون‌و چاودێری منداڵ‌و رێکخستنی خێزان‌و پەروەردەکردنی منداڵ، حکومەت لەسەریەتی رێوشوێنی ئەوتۆ بگرێتەبەر کەژنان لەتوانایاندا بێت ئەم رۆڵانە لەئەستۆبگرن، بەدیهاتنی ئەم پێداویستی‌و ناوەرۆکانە بەشێکن لەناواخنی ئەو دوو پەیماننامەیە (سیداو،پەکین) لەروی دابینکردنی چاودێری پزیشکییەوە. جێبەجێکردن‌و دەستەبەرکردنی یەکسانی لەجۆری کۆمەلایەتی زۆر گرنگە کە لەگشت بوارەکاندا بێتەدی لەپێناو ئامادەکردنی ژنان بۆ سودوەرگرتن لەگشت خزمەتەکانی کە لەبەردەستدا هەیە.

## ثێنجەم: ریَطرتن لەبلآوبونەوەی نەخؤشی کەمبوونەوەی بەرطری مرؤیی (ئایدز)و نەخؤشییة بلآوەکانی تری وەك مەلارياء کولیَرا:

بڵاوبونەوەی نەخۆشییە درمەکان بەشێوەیەکی گشتی کار لەسەر ریشەکێشکردنی کۆمەڵگەکان دەکەن ئەگەر ئەو کۆمەڵگایانە بەشێوەیەکی ریشاڵی بەگوێرەی بەرنامەی زانستی‌و پرۆسەی باوی وەك کوتان لەدژی پەتا، دامەزراندنی سەنتەری تەندروستی تایبەتمەندی پێشکەوتوو، پشکنینی دەوری بۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانەی ئەم نەخۆشییانەی لێیەو، چڕکردنەوەی هەڵمەتەکانی تەندروستی لەکاتی دەرکەوتنی توشبوویەك، خولقاندنی ژینگەیەکی ئەوتۆ کەرێگرە لەبڵاوبونەوەی ئەم نەخۆشییانە، کارنەکەن. هەنوکە کۆمەڵێك نەخۆشی لەئارادایە کەگومان زۆرە ژنان تووشی بن بەهۆی ناهۆشیاری خۆپاراستن‌و کەمی شارەزایی لەهەڵسوکەوتی رەچاوکراو، کەیارمەتیدەرو هاریکاری نەخۆشییەکەیە، وەك نەخۆشی ئایدز (کەمی بەرگری وەدەسکەوتوو) بەچەشنێك دابونەریتە رۆشنبیرییەکان نەفامی سێکسی جێگیردەکەن‌و وادەکەن ژنان نەگەنە زانیاری



پەیوەست بەخۆپاراستن لەم نەخۆشییانە، وەك چۆن کلتوری رۆشنبیری رۆڵی هەیە لەسەپاندنی جیاکاری لەچوارچێوەی جۆری کۆمەلایەتی، ئاستەنگە ژن لەگەڵ هاوبەشەکەی بگاتە تێگەیشتنێك سەبارەت بەمومارەسەکردنێکی سێکسی پارێزراو، بەهۆی ترس لەتوندوتیژی‌و پشتبەستنی ئابوریی لەسەر پیاوان کەمایەی فشارە لەسەری بۆ ئەوەی مومارەسەی سێکسی ناپارێزراو بکات، کەدەبێتەهۆی ئەوەی چاودێریکردنی منداڵەکانی بەهۆی پێویستی‌و هەژارییەوە دوچاری لاوازی بێت یان نەتوانایی لەگەیشتن بەخزمەتی تەندروستی‌و سەرچاوەی ئابوری. لەمبارەدا ژنان زیاتر دوچاری پشتگوێخستنی کۆمەلایەتی دەبنەوە لەحاڵەتی توشبوونیان بەنەخۆشی، بۆیە دەبێت ژنان بخرێنە ئەولەویاتی داڕشتنی سیاسەتەکانی پەیوەست بەنەخۆشی ئایدزو نەخۆشییە درمەکانی تر.

لەم روانگەیەوە لێپرسراوێتی حکومەت بریتییە لەرێگرتن‌و نەهێشتنی نەخۆشی ئایدز، یان نەخۆشییەکانی تر، وەك لەبەندەکانی پەیماننامەی سیداوو کۆنگرەی پەکینی پەیوەندیدار بەپەیوەستی نایەکسانی لەجۆری کۆمەلایەتی لەگەڵ نەخۆشییە ترسناکەکانی وەك ئایدزو درمەکانی وەك مەلاریا، هاتووە. هەروەها پێویستە رێوشوێنی ئەوتۆ لەبوارەکانی پەیوەست بەیەکسانی ئابوری‌و ئامادەکردنی ژن بۆ یەکسانی لەهاوسەرگیری‌و پەیوەندییە خێزانییەکان‌و، خزمەتگوزاریی چاودێری تەندروستی‌و نەهێشتنی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەلایەتی‌و سەربەخۆبوونی ئابوری ژن‌و چارەسەرکردنی خەسڵەتە کۆمەلایەتییە باوەکانی جیاکاری، بگیرێتەبەر، لەگەڵ جێگیرکردنی رۆڵی ژنان لەبەشداری سیاسی‌و، بێگومان نابێت گرنگی فێربوونمان لەیادبچێت.

## شەشەم: کؤتایهیَنان بەتوندوتیذی دذی ذنان:

توندوتیژی بریتییە لەبەکارهێنانی هێز بەچەشنێك زیانی ماددی یان ئەدەبی لێبکەوێتەوەو ببێتە مایەی رێگرتن لەجموجۆڵ یان زیانپێگەیاندنی یان راگرتنی، توندوتیژی شێوەی جۆراوجۆری هەیە، لەوانە توندوتیژی کۆمەلایەتی کەژنان بەهۆی دابونەریتە کۆمەلایەتییە کۆنەکانەوە بەدەستییەوە دەناڵێنن ئەم جۆرەی توندوتیژی خۆی لەکوشتن بۆ شەرەفپارێزی‌و رێگرتن لەچوونەبەر خوێندنی کچان ئەگەر ئارەزوشی بکەن، دەبینێتەوە.

دامەزارەکانی توندوتیژی بریتیین لەیاسادانان، کەرێگە بەتوندوتیژی دژی ژنان دەدات بەوەی کوشتنی ژن لەلایەن مێرد یان یەکێك لەمەحرەمەکانییەوە بەهۆی "کردەوەیەکی بەد رەوشتییەوە"، مایەی ئەوەیە سزای سوککراو بیگرێتەوە. توندوتیژی شێوەیەکیتری هەیە، ئەویش توندوتیژی فکرە، تالانکردنی بیرو رێگەنەدان بەهەر بیرێك کەپێچەوانەیەتی‌و ئەگەر پێویست بکات

بەجەستە کۆتایی پێدەهێنرێت. ئەمجۆرەی توندوتیژی لەعێراق لەسایەی نەبوونی ئاسایش‌و بڵاوی تیرۆر، تەشەنەیکردوە.

جۆرێکیتریش توندوتیژی سێکسییەو ئەمجۆرەشیان لەوانەیە لەزۆربارردا ببێتە مایەی کوژرانی قوربانییەکە، ئەگەر لەدەستی تاوانبارەکە دەرچوو، بێگومان بەدەستی کەسوکاری بەبیانوی شەرەفپارێزی لەژێر کاریگەری دابونەریتە عەشایەرییەکاندا بەکوشتن تۆڵەی لێدەکرێتەوە، لەمجۆرەی توندوتیژیدا قوربانی یەکەم‌و کۆتایی ژنانن، ئەمەش بەهۆی مانەوەی ئەو رۆشنبیری‌و دابونەریتەی جیاکاری لەدژی ژنان بەرپادەکات، بۆیە پێویستە رێوشوێنی پێویستی بۆ بگیرێتەبەر ئەویش بەدانانی توندترین سزا بۆ ئەو کەسانەی توندوتیژی بەرامبەر ژن پیادەدەکەن‌و دامەزراندنی دامەزراوەی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەی توندوتیژی بەگوێرەی ئەو تاوانانەی لەلای دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند تۆمارکراون‌و بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری ناتوندوتیژی‌و دانانی یاساگەلێك بۆ گەڕاندنەوەی رێزی مرۆیی بۆ ژنان‌و پێنەدانی مافی کوشتن‌و ئازاردانی لەلایەن پیاوانەوە بەناوی دابونەریتی عەشایەرییەوە، یان ئەوانەی لەژێر بیانووی ئایینەوە ئەو کارە دەکەن، بەبێ تەماشاکردنی ژن وەك مرۆڤێك کە لەروانگە مرۆییەکەوە یەکسانە لەگەڵ پیاودا.

## حەوتەم: دەستەبەرکردنی دروستی ذینطەو سەرضاوەكان:

مرۆڤ مافی خۆیەتی لەژینگەیەکی تەندروستی بێ پیسیدا بژی‌و، حکومەت لەسەریەتی ئەم ئامانجە بخاتە لیستە ستراتیژەکانییەوە، ئەوەش بەدانانی سیاسەتی ژینگەو دانانی پاراستنێکی یاسایی بۆ رێگرتن لەپیسبونی ژینگەو، کارکردن لەسەر پاراستنی‌و جێگیرکردنی بەشداری ژنان لەبەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان‌و پاراستنی ژینگەدا، بێگومان دەبێت ئەم ئامانجە بەشداریکردنی نەتەوەییانەی ژنان بێت‌و رۆڵی سەرەکی تێدا ببینن، چونکە سەرباری دەرچونی یاسای پاراستنی ژینگە(□) ، کەچی ژینگەی عێراق رووبەڕووی چەندین جۆری مەترسی بووەتەوە بەهۆی جەنگ‌و پشتگوێخستن‌و نەبوونی هۆشیاری ژینگەیی. رێژەی تەپوتۆز لەناو شاری بەغداد لەنێوان ساڵەکانی (1996–1998) سێ ئەوەندە زیادیکردوەو رێژەی کەمی ئاو لەساڵی 1999دا گەیشتوەتە 30٪و زیاتر لەنیوەی دانیشتوان لەساڵی 2000دا خزمەتگوزاریی تۆڕی ئاوەڕۆیان نییە.

دیاردەی بەبیابانبوون هەڕەشە لە 92٪ی روبەری گشتی عێراق دەکات. بۆردومانکردنی کێڵگە نەوتییەکان لەساڵی 1991دا کاریگەری لەسەر بێکەڵکبونی نزیکەی 1163 هێکتار زەوی

[8]– یاسای ژمارە (3) ساڵی 1997 پاراستن‌و باشکردنی ژینگە، یاسای تەندروستی گشتی ژمارە ( 89) ساڵی 1981، سیستمی سیانەکردنی روبارە گشتییەکان لەپیسبوون ژمارە 25 ساڵی 1967.



کشتوکاڵی هەبووە، سەرباری زیابونی رێژەی نەخۆشییەکانی توشبوون بەنەخۆشی شێرپەنجەو لەکارکەوتنی گورچیلەکان‌و ناکامبونی کۆرپەو توشبوون بەغودەی دەرەقی‌و سەرەڕای وشکهەڵهاتنی پێست‌و نەخۆشیتر بەهۆی جەنگەکانەوە، 41716 حاڵەتی توشبوون بەم نەخۆشیانە لەباشور تۆمارکراوەو، ژمارەی ناکامبوونی کۆرپە 2386 حاڵەت بووە ساڵی 1994، هەر بۆ هەمان ماوە 10212 حاڵەتی توشبوون بەنەخۆشی شێرپەنجە تۆمارکراوە. کەچی پاش جەنگی 2003 ئامارێکی وردمان سەبارەت بەتوشبوون بەم حاڵەتانە لەبەردەستدا نییە.بەڵام سەبارەت بەسەرچاوەکان‌و لەگرنگترینیان سەرچاوەی ئاوی، پشتبەستنی بەشێکی گەورەی ئابوری عێراق بەکشتوکاڵ، وادەخوازێت پەیوەندی کشتوکاڵی گەشەسەندوو رێکخراو بۆ سودمەندبوون لەسەرچاوە سروشتییەکانی وەك خاك‌و ئاو لەئارادا بێت. یاساکانی عێراق رێگەدەدەن بە بەکرێگرتنی زەوی کشتوکاڵی یان بوون بەخاوەنی بەشێکی بەگوێرەی کۆمەڵە مەرجێکی دیاریکراو، مادام ئەوەی زەویەکەی لەلایە مومارەسەی پیشەی کشتوکاڵداری دەکات، بۆیە پێویستە چاوپۆشی لەوەبکرێت کەوەرگر نێرە یان مێ.

لەئاماری راپۆرتی گەشەسەندنی مرۆیی 2000دا روونبوەتەوە کەرێژەی 20٪ ی ئەوانەی لەهەردوو پارێزگای موسەناو بەسرە لەئاسانکارییەکانی بانکەکان سودمەندبوون بۆ دروستکردنی پرۆژەی کشتوکاڵی‌و فراوانکردنی یان کڕینی پێویستییەکانی بەرهەمهێنان سودمەندبوون، لەژنان بوون. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە ژنان مافی رەهایان هەبێت لەمامەڵەکردن بەو شتانەی یاسا رێگەی پێداوە، چونکە لەچوارچێوەی پەیوەندییەکانی ژینگەی گوندەکاندا هێزی دیسپلینی خێزانە عەشایەرییەکان لەسەروی یاساوەیە، بۆیە دەبێت حکومەت لەسەر هەموو ئاستەکان بایەخی تەواو بەژینگەو سەرچاوەی سروشتی‌و ژنانی گوندنشین بداتو، ئەم بایەخدانە رەنگدانەوەی لەسیاسەتە پیادەکراوەکانیدا هەبێت، ئیتر بەشێوەی بەرنامە دەبێت یان یاسایەك کەدەبێت دابنرێت، لەگەڵ دەستەبەرکردنی ئەوەی کەژنان بۆیان بلوێت بگەنە ئەو خزمەتگوزارییانەو چالاککردنی رۆڵی لەلێپرسراوێتییەکانیدا بۆ پاراستنی ژنان لەکاریگەری پیسبونی ژینگەو گرتنەبەری تەواوی رێوشوێنە پێویستەکان بۆ ئەم مەبەستە.

## هەشتەم: ثەرەثێدانی هاوبەشی جیهانی بۆ طەشەسەندن:

دروستکردنی هاوبەشییەکی بەتین لەنێوان میکانیزمە نیشتمانییەکانی پەیوەست بەژنان‌و لایەنی کۆمەکبەخش زۆر پێویستە، ئەمەش بەوەی میکانیزمە نیشتمانییەکان بەتەنها لەتوانایاندا نییە یەکسانی لەروی جۆری کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی گشت ئامانجەکاندا بەدیبهێنن، بە لەبەرچاوگرتنی کارکردن لەسەر لێکۆڵینەوەی گریمانەکانی رونەدانی پەیوەندی لەنێوان ستراتیژە

داواکراوەکاندا بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی گەشەسەندنی هەزارەو دروستکردنی سیاسەتێکی ئابوریو بازرگانی لەسەر هەردوو ئاستی نیشتمانیو نێودەوڵەتی، وەك ستراتیژەکانی کەمکردنەوەی رێژەی هەژاری.

پێویستە ئەو بڕیارانەی دەردەچن هۆیەك بدۆزنەوە بۆ گەیشتنی دەستکەوتەکان بەدەست ژنانی هەژار، واتا کەمکردنەوەی کەلێنی نێوانیو نێوان پێویستییە دابیننەکراوەکانی، وەك دابینکردنی ئەو کەرەستانەی ژنێکی هەژار دەتوانێت دەستیبکەوێت، بەکردەوە ئەم هاوبەشییە لەنێوان سندوقی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ گەشەسەندنو سندوقی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ نیشتەجێکردنو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ منداڵانو بەرنامەی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتوەکانی پەیوەست بەڤایرۆسی بەرگری مرۆیی (ئایدز) هاتەئاراوە، چەندین هاوبەشی تر لەگەڵ رێکخراوەکانی تری نەتەوە یەکگرتوەکان لەساڵی 2004دا دروستبوو، لەنێوانیاندا رێکخراوی کاری نێودەوڵەتیو سندوقی نێودەوڵەتی گەشەسەندنی کشتوکاڵی، بەڵام هێشتا رێکخراوە ناحکومییەکانی ژنانو تۆڕەکانی ژنان هاوبەشێکی ستراتیژی سەرەکین لەدەستپێشخەرییەکانی سندوقەکەدا، بەهاوبەشی لەگەڵ رێکخراوە ئایینییەکانو، هاوپەیمانێتی رێکخراوە ناحکومییەکانی تر کەبایەخ بەمەسەلەیەکی دیاریکراو دەدەن، ئەمەش لەپێناو فەراهەمکردنی هەلی بەرفراوانو بەردەوام لەپێناو بەدیهاتنی یەکسانی نێوان رەگەزەکانو بەهێزکردنی ژنان.

شارەزایانی مافی مرۆڤ بایەخی زیاتر بەئاراستەیەك دەدەن کەدەوڵەتان پابەندی لێپرسراوێتییە داراییو بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانی بن لەهاوکاریکردنی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانو ئەو هاوبەشییانەی خزمەت بەپێوەرەکانی مافی مرۆڤ، وەك پەیماننامەی سیداو، دەکەن، ئەرکی حکومەت بەتەنها هاوڵاتییەکانی خۆی ناگرێتەوە، بەڵکو پێویستە پابەندی دابینکردنی یارمەتی دامەزراوە داراییە نێودەوڵەتییەکانو رێزگرتنی پابەندییەکانی بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ بێت.

لەلایەکیترەوە پەیماننامەی پەکین بەروونی حکومەت پابەنددەکات کەمەسەلەکانی یەکسانی لەجۆی کۆمەڵایەتی لەمیانەی پابەندییە نێودەوڵەتییەکانییەوە رەچاوبکات، ئەمەش سەرباری ناوەڕۆکی پەیماننامەی سیداوو کۆنگرەی پەکین، لەمەڕ پێویستبونی رۆڵگێڕانی مەرکەزی ژنو بیروڕاکانی لەپرۆسەی بڕیاردانی سیاسی لەگشت ئاستەکاندا.

## نۆیەم: ذنانی عیَراق لەقؤناغی ثاش ململانیَ ضەکدارییەکاندا:

ژنانی عێراق دوچاری حاڵەتێکی تایبەت بوونو زۆر ژنیتریش لەجیهاندا رووبەڕوی بوونەتەوە، وەك چۆن لەسۆدانو کۆسۆڤۆو رواندا و ئەو ناوچانەی تریش کەململانێی چەکداری کاولکار تێیاندا رویداوە، خەڵکێکی زۆر بوونەتە قوربانی، ژنانیش بوونەتە قوربانی، دەربەدەربوون، کوژران،



بەکنیزەك بردنو بەدیلگرتنو لاقەکردنو حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی. ژنانی عێراق پاش روخانی رژێم لە 9ی نیسانی 2003دا لەپێشی ئەوانەوە بوون کەکاریگەری جەنگی نادادپەروەرانە گرتبوونییەوە، کۆمەڵێك بەر بۆردومان کەوتنو کۆمەڵێکیان مێرد یان کوڕەکانیان لەناوچوو، بەناچاریماڵیان بەجێهێشتو پەنایان بردەبەر ئەو جێگایانەی ئاسایشی زیاتری تێدایەو، ئێستاش بارودۆخەکە زۆر باشتر نییە، ململانێ چەکدارییەکان هەمیشە سێبەری سایەی سەری ژنانن، سەرەڕای راسپاردەکانی کۆنگرەی پەکین بۆ بەدورگرتنی ژنان لەم کاریگەرییانە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین حاڵەتی رفاندنو لاقەکردن تۆماردەکرێت کەپاش روخاندنی رژێم تەشەنەیکردووە، بەچەشنێك لایەنی جێبەجێکار نائامادەیی دەسەڵاتی ئەمنی بەهەل زانیوەو ئەمکارانە تا ئێستاش بەردەوامن، بەڵام بەشێوەیەکی کەمتر لەرابردوو. زۆر ژن بەهۆی لاقەکردنیانەوە کوژراونو چەندانی تر لەبری هاوسەر یان براکانیان راپێچی زیندانە ئەمریکییەکان یان بەریتانییەکان کراون، بەتایبەت لەناوچەکانی فەلوجەو ئەنباردا لەزیندانی ئەبو غرێبی (تایبەت بەپیاوان) توندکراونو هەڵسوڕاوانی بواری ژنان لەلایەن توندڕەوو تەکفیرییەکانەوە رووبەڕووی هەڕەشە بوونەتەوە.

وەك چۆن کۆمەڵێك لەژنان کەپۆستیان لەدەسەڵاتدا هەبوو، تیرۆرکراون وەك عەقیلە هاشمیو ئامال مەعمەلچیو ژمارەیەکیش کە لەهەوڵی تیرۆرکردن دەرباز بوون، کۆمەڵێکیتر دەرباز نەبوون، بەڵام ئێستا ناوەکانیان لەبەردەستدا نییە. کەواتە ژنی عێراقی رووبەڕووی بارێکی تایبەت دەبێتەوە کەرێگرە لەبەردەم پێشکەوتنو هەنگاونانی بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی، بۆیە پێویستە لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، نەك عێراق بەتەنها بایەخێکی زۆر بەم لایەنە بدات، لەروانگەی لێپرسراوێتی نێودەوڵەتیو، حکومەتی عێراقیش دەبێت بەرنامەیەکی توندوتۆڵتر دابڕێژێتو لایەنی ئەمنی باشبکاتو دەسەڵاتی دادوەری جێگیرتربکاتو هاوکار بێت لەپێناو لێکۆڵینەوە لەو مەسەلانەی دەخرێنە بەردەمیو یەکلاکردنەوەیان بەخێرایی، لەگەڵ بڕینەوەی توندترین سزا بۆ ئەو کەسانەی تاوانی توندوتیژی دەرهەق بەژنان ئەنجامدەدەن.

هەروەها تێبینی دەکەین ژنی عێراقی بەگشت متمانەو، بەتوانایەکی زۆرەوە لەسەر گۆڕەپانی سیاسیو ئیداری دەرکەوتووەو، توانیویەتی کۆمەڵە ژمارەیەك تۆماربکات کەژن لەجیهانی عەرەبیدا پێی نەگەیشتوون، لەعێراقدا شەش وەزیری ژنو رێژەی 31٪ی پارلەمانتاران ژنانن، لەگەڵ بوونی ئەندامانی ژن لەئەنجومەنی ناوخۆیی پارێزگاکاندا، ئەمەش لەئەنجامی پێداگریو تێکۆشانی بێوچانو هاوکاری حکومەت لەراهێنانی لەسەر یاسادانانو ئیدارەکردن.

## بەشی دووەم:

## ئەو ريَوشويَنانەی عیَراق بؤ ثيَشخستنی ذنان طرتویەتیەبەر:

پاش ئەوەی عێراق لەساڵی 1986دا ئیمزای لەسەر پەیماننامەی قەڵاچۆکردنی گشت شێوازەکانی توندوتیژی دژ بەژنان کردو پاش بەستنی کۆنگرەی پەکین لەساڵی 1995، عێراق ستراتیژێکی نیشتمانی بۆ پێشخستنی ژنانی عێراقی خستەگەر، لەساڵی 1997 لیژنەی نیشتمانی پێشخستنی ژنانی عێراق پێکهاتو بارەگاکەی لەناو وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیدا بوو، ئەوکات وەزیری کار سەرۆکایەتی لیژنەکەی دەکردو ئەندامی لەم وەزارەتانە هەبوو: تەندروستی، خوێندنی باڵا، دادپەروەری، پلاندانان، دەرەوە، هەروەها ئەندامێتی یەکێتی گشتی ئافرەتانی عێراق، پلانی کارەکەی ئەم ئامانجانەی لەخۆدەگرت:

1. پەسەندکردنی بەشداری ژن لەبڕیاردانو وەرگرتنی پۆستە کارگێڕییەکان.
2. بەدیهاتنی یەکسانی لەهەلی فێربوونو راهێناندا، لەگەڵ تێبینی کردنی بەریەکنەکەوتنی بەردەوامبون لەخوێندن لەگەڵ رۆڵی ژنان لەوەچەخستنەوەدا (گوزارشتەکە ئاماژەیەکی ئاشکرایە لەسەر جیاکاری دژی ژنان).[9]
3. سوککردنی باری هەژاریو دامەزراندنی پرۆژە وەك سەرچاوەی داهات بۆ ژنان.
4. پەسەندکردنی سودمەندبوونی ژنان لەخزمەتی تەندروستی.
5. بەشداری ژن لەئیدارەکردنی سەرچاوە سروشتییەکانو پاراستنی ژینگەدا.
6. پەسەندکردنی بەشداری ژن لەپەیکەربەندی دەسەڵاتدا.
7. پێشکەشکردنی هاوکاریو چاودێری بۆ دایکانی کرێکار.
8. بەشداری ژن لەدەرچوونی بڕیارو یاساکانی تایبەت بەژنان.

ئەم لیژنەیە تا کاتی روخانی رژێمی فەرمانڕەوا لەساڵی 2003 لەسەر کارەکانی بەردەوام بوو لەپێناو بەدیهاتنی ستراتیژەکانی پێشخستنی ژنان، راپۆرتەکانی ئاراستەی لیژنەی بارودۆخی ژنو لیژنەی سیداو لەنەتەوە یەکگرتوەکان دەکرد، پاش روخانی رژێم لیژنەیەکی رێکخەری لەمجۆرە نەبوو تا کاتی پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوشێوە کەوەزارەتی ژنان سەرپەرشتی دەکات.

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت بیڵێین، لێپرسراوێتی حکومەت بەکارە بەرامبەر بە بەدیهاتنی ئامانجە ستراتیژییەکانی پێشخستنی ژنانی عێراق، بەگوێرەی پەیماننامەی قەڵاچۆکردنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنانو بەرنامەی کاری کۆنگرەی پەکینو بڕیارەکانی کۆنگرەی هەزارە، لێرەدا وادەخوازێت ئاراستەی حکومەتی عێراقی لەمیانەی دەستورەوە کەپاش راپرسی 15ی ئۆکتۆبەری

[9]- تقیم وضع المراة فی ضوء عمل بکین/ د. کریم محمد حمزة.



2005 پەسەندکراو جێبەجێدەکرێت بخەینەڕوو، بۆ ئەوەی خاڵەکانی رێکەوتنی دەستور لەگەڵ ئامانجە ستراتیژییە ئاماژەپێکراوەکانو خاڵەکانی یەکتربڕینیان دیاریبکەین، کە بەمشێوەیەیە:

مادەی دوو لەپەیماننامەی نێودەوڵەتی پێداگری لەسەر حەتمیەتی دەستهەڵنەگرتن بەتانەدان لەگشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژن دەکاتەوە، بەڵکو گرتنەبەری رێوشوێنی راستەقینە لەپێناو کاراکردنی پەیماننامەکە.[10] مادەی 14ی دەستور سەبارەت بەم چەمکەیەو تیایدا هاتووە:

"عێراقییەکان لەبەردەم یاسادا یەکسانن بەبێ جیاکاری بەهۆی رەگەز یان نەژاد یان نەتەوە یان رەچەڵەك یان رەنگ یان ئایین یان ئایینزا یان باوەڕ یان بیروڕا یان بارودۆخی ئابوری یان کۆمەڵایەتی".

مادەی 2ی پەیماننامەکە بەردەوام دەبێت لەسەر شێوازەکانی دەستەبەرکردنی نەبوونی جیاکاری، وەك رێوشوێنێکی گونجاوی یاسادانو پەسەندکردنی پارێزگاری یاسایی لەمافەکانی ژنانو بەرگرتن لەئەنجامدانی هەر کارێك یان مومارەسەیەکی جیاکاری لەدژی ژنان، هەروەها زامنکردنی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتو دامەزراوەکانو گرتنەبەری گشت رێوشوێنە گونجاوەکانو لەناویاندا یاسادانان بۆ هەموارکردن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو شتانەی لەژێر ناونیشانی عورفەکانو ئەو مومارەسەکردنانەی کەپیادەی چەمکی جیاکارین لەدژی ژنان دەکەن. ئەوەندە هەیە ئێمە دەبینین عێراق تێبینی لەسەر هەردوو بڕگەی (و–ز) لەمادەی 2 هەیە، ئەم دوو بڕگەیە جەخت لەسەر بەکارهێنانی یاسا وەك هۆیەك بۆ قەڵاچۆکردنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان دەکەنەوە.

بەتێڕوانین لەرەشنوسی دەستوری عێراق دەبینین کە بەدەق لەمادەی 14دا جەخت لەسەر یەکسانی لەبەردەم یاسادا بەبێ جیاکاری، دەکاتەوە. بەمەش پابەندبونی خۆی بۆ پرەنسیپی یەکسانی دوپاتدەکاتەوە، بەڵام لەهەمان دەستوردا پێچەوانەییەکی ئاشکرای دەقی ئەم مادەیە لەلایەكو پرەنسیپەکانی پەیماننامەکە لەلایەکیترەوە تێبینی دەکەین، کە لەمادەی 39ی دەستوردا هاتووە:

"عێراقییەکان سەربەستن لەپابەندبوون بەباری کەسێتییان بەگوێرەی ئایینیان، یان مەزهەبەکانیان، یان بیروباوەڕیان، یان هەڵبژاردنەکانیان، ئەمەش بەیاسا رێکدەخرێت".

ئەمە پێچەوانەیە لەگەڵ پەیماننامەکەدا بەوەی کەبانگەشە بۆ پابەندبوون بەپەیوەندییە کەسییەکانەوە دەکات بەگوێرەی ئایین، یان بیروباوەڕ، یان مەزهەبو، پابەندبوون بەدانانی یاسایەك لەو بارەیەوە، واتە هەڵوەشاندنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە 188 ساڵی 1959

[10]– بابەتی پەماننامەکەو بڕیارەکانی پەکین لەپاشکۆدا هاتوە، بۆیە لەناوەڕۆکدا باسی ناکەین.

کەپێگەیەکی زۆر پێشکەوتوی هەیە بەبەراورد لەگەڵ یاساکانی ناوچەکەدا، کارکردن بەبڕگەی (ج) لەمادەی 2 کەتیایدا هاتووە: "نابێت هیچ یاسایەك دابنرێت پێچەوانە بێت لەگەڵ مافو ئازادییەکانی ئەم دەستورەدا". مادەی 13 کەدەڵێت: "یەکەم: ئەم دەستورە بەباڵاترین یاسای عێراق دادەنرێتو لەسەرتاسەریدا جێبەجێدەکرێت بەبێ جیاکردنەوە. دووەم: نابێت هیچ یاسایەك دابڕێژرێت کەپێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم دەستورەداو هەر دەقێك کە لەهەرێمەوە دانرێت یان هەر دەقێکی یاسایی تر کەپێچەوانەی بێت بەپوچەڵ دادەنرێت".

ئەم مادەیە ئاماژەیە بۆ کارکردن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی یاسای بەرکار لەم بارودۆخەی ئێستاو دانانی مەزهەبو بیروباوەڕی ئایینی بەبنەما بۆ بڕیاردان لەپەیوەندییە کەسییەکان، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی عێراقی خاوەنی چەندین تیرەو بیروباوەڕە، ئەمەش بەمانای هێنانەئارای فرە مەرجەعیەت بەگوێرەی مەزهەبو ئایینەکان، واتە خولقاندنی بارێکە لەجیاکاری لەنێوان خودی عێراقییەکاندا، کە لەروانگەی کۆمەڵە پێوەرێکەوە سەرچاوەدەگرێت بۆ شیکردنەوەی باری کەسێتیو، ئەمەش بێگومان راپێچی ئەم کیشانەمان دەکات:

- **نائامادەیی سەقامطیریی دادوەری:**

لەساڵی ( 1959)ەوە واتە لەدەرچونی یاسای باری کەسێتییەوە بارێك لەسەقامگیریی یاسایی لەباری کەسێتیدا هاتوەتەئاراوەو، چەند هەموارکردنێکی بەسەردا هاتووە، کەئەویش لەبەرژەوەندی ژنو خێزانی عێراقی بووە، وەك چۆن دادوەری لەعێراقدا رۆڵێکی کارای هەبووە لەپێگەی پێشکەتووی ژنان لەعێراقداو، بەدەستبەرداربوون یاساو دادگای تایبەتمەندی کارکردوو، بێگومان رووبەڕووی حاڵەتێکی نوێی فرە بنەما (بەگوێرەی مەزهەبو ئایینەکان)ی لەیەکترجیا لەرووی رواڵەتو ئەنجامەکانەوە، دەبینەوەو، ئەمەش دەبێتەمایەی هاتنەئارای جیاکارییەکی روونو پێچەوانەی پرەنسیپەکانی پەیماننامەکە.

- **فرەیی مەرجەعیەت:**

مەسەلەی گەڕانەوەی باری کەسێتی بۆ مەرجەعیەتی مەزهەبو ئاینو دەرچوون لەیاسای باری کەسێتی ژمارە 188ی ساڵی 1959و، ناچارکردنی دادگاکانە بۆ گرتنەبەری ئەم ئاراستانەو بیرکردنەوەکانیانو، ئیجتیهادە فقهییەکان بۆ یەکلایکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان تاکەکانی ناو یەك مەزهەب، یان یەك ئایین. هەروەها دەبێت دادگای باڵا هەبێت لەتانەی پێشکەشکراو سەبارەت بەبڕیارەکانی ئەم دادگایانە، ئەمەش بەمانایی چەسپاندی پەرتەوازەیی لەسەر بنەمای مەزهەبەکان بەشێوەیی یاسایی. سەرەڕای ئەوەی سەرپێچی پەیماننامەکەیە مەترسییە لەسەر



کۆمەڵگە، هەروەها بانگەشەیە بۆ دامەزراندنی دادگای فقهی کە بەگوێرەی مەرجەعییەتەکان بڕیارەکانی دەردەکات، داوا لەدەستور دەکات یاسایەك بۆ رێکخستنی ئەم مەسەلەیە دەربکات، هەتا ئێستاش مەسەلەی رێکخستنەکەی بەنادیاری ماوەتەوە.

## ڕەنسیپە هاوبەشەکانی نێوان دەستورو پەیماننامەکە:

جێگەی ئاماژەیە کەپەیماننامەی قەڵاچۆکردنی جیاکاری لەدژی ژنان بەخەسڵەتێك جیادەکرێتەوە کە لەهیچکام لەپەماننامەکانی مافی مرۆڤدا نەهاتووە، بەچەشنێك لەگرنگی رۆڵی رێکخراوو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەهێنانەئارای گۆڕانکاری بەرەو باشتر بەگوێرەی چەمکی پەیماننامەکە، گەیشتووە. داوا لەوڵاتانی ئەندام دەکات رێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر بۆ قەڵاچۆکردنی جیاکاری لەدژی ژنان کە لەکەسێك یان رێکخراوێك یان لەدامەزراوەیەکدا رودەدات. بڕگەی (5) لەمادەی 2 دەڵێت: "گرتنەبەری گشت رێوشوێنە گونجاوەکان بۆ قەڵاچۆکردنی جیاکاری لەدژی ژنان لەلایەن کەس یان رێکخراو یان دامەزراوەوە". پەیماننامەکانی تر جەخت لەسەر رێوشوێنو مومارەسەی دەوڵەتو دەسەڵاتی جێبەجێکردنەکەی دەکەنەوە. دەستوری عێراق هیچ ئاماژەیەکی بۆ پابەندبوونی کەسێك یان رێکخراو یان دامەزراوە ناحکومییەکان تێدا نییە، ئەمەش ئاماژەیەکیترە بۆ جیاوازی لەگەڵ پەیماننامەکەدا.

پەیماننامەکە یاسادانان بەهۆیەکی پابەند دادەنێت بۆ پێشکەوتنی ژنانو سەرکەوتنی تەواویان لەبوارەکانی سیاسەتو کۆمەڵایەتیو ئابوریدا، لەمادەی (3)دا هاتووە: "وڵاتانی لایەن لەگشت بوارەکانداو بەتایبەت بوارەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو رۆشنبیریو گشت رێوشوێنە گونجاوەکان دەگرنەبەر. بەگرتنەبەری یاسادانانیش بۆ دەستەبەرکردنی گەشەسەندنی ژنانو پێشکەوتنی تەواویانو ئەوەش لەپێناو زامنکردنی مومارەسەکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانو بەهرەمەندبوون لێیان لەسەر بنەمای یەکسانی لەگەڵ پیاودا".

لێرەوە ئەو مادانە دەخەینەڕوو کەدەستوری عێراقی باسیکردوەو زامنی بەدیهاتنی ئەم لایەنانەیە:

1. **بواری سیاسی:** مادەی 20: "هاوڵاتیان پیاوانو ژنان مافی بەشداریکردنیان هەیە لەژیانی گشتیو بەهرەمەندبون لەمافە سیاسییەکان، لەنێویدا مافی دەنگدانو هەڵبژاردنو خۆپاڵاوتن" . هەروەها یەکسانی لەنێوان ژنو پیاودا سەلماندوە لەمومارەسەکردنی مافی سیاسی لەدەنگدانو هەڵبژاردنو خۆپاڵاوتنو، وەك چۆن مادەی 7 لەپەیماننامەکە لەدوو بڕگەکەیدا جەختی لەسەرکردووەتەوە:

أ. دەنگدان لەهەموو هەڵبژاردنو راپرسییە گشتییەکانو ئەهلیەتی هەڵبژاردن، بۆ گشت ئەو دەستانەی ئەندامەکانی بەرێگەی دەنگدانی گشتی هەڵدەبژێردرێن.

ب. ەشداریکردن لەداڕشتنەوەی سیاسەتی حکومەتداو، جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتانە لەوەرگرتنی پۆستە گشتییەکانداو، هەروەها لەبەجێگەیان دنی سەرجەم ئەرکە گشتییەکان لەسەر گشت ئاستەکانی حکومەت.

ج. مادەی 36 لەدەستور بەهەمانشێوە ئاماژەیکردوە بەمەسەلەی بەشداریکردن لەگشت رێکخراوو کۆمەڵە ناحکومییەکان کەبایەخ بەژیانی گشتیو سیاسی دەدەن، کە لەبڕگەی (ج)ی مادەی 7ی پەیماننامەکەدا بەدەق هاتووە: دەوڵەت دەستەبەری ئەوانە دەکات کەپێچەوانەی سیستمی گشتیو ئاداب نین:

یەکەم: ئازادی رادەربڕین بۆ هەموو هۆیەکانی راگەیاندن.

دووەم: ئازادی رۆژنامەنووسیو چاپەمەنیو ئاگانامەو راگەیاندنو بڵاوکردنەوە.

سێیەم: ئازادی کۆبونەوەو خۆپیشاندانی ئاشتیانە کە بەیاسا رێکدەخرێت، هەروەها مادەی 37 کەدەڵێت:

أ. ئازادی دامەزراندنی کۆمەڵەو حزبی سیاسی، یان پەیوەندیکردن پێوەی دەستەبەرکراوەو، بەیاسا رێکدەخرێت.

ب. ابێت هیچ کەسێك ناچاربکرێت بۆ بوون بەئەندام لەحزب یان کۆمەڵە یان ئاڕاستەیەکی سیاسی یان ناچارکردنی بۆ بەردەوامبوونی ئەندامێتی تیایدا.

بەمەش دەبینین دەستوری عێراقی ئازادی بەشداری سیاسی بۆ هەردوو رەگەز دەستەبەرکردوەو ئازادی تەواو بەبێ کۆتوبەند تەنها لەحاڵەتێدا پێچەوانەی سیستمی گشتی یان ئاداب بێت، رێکخستنەکەشی بەیاسا دەبێت. دەستوری دەوڵەت سوربوونی لەسەر چەسپاندنی رۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دوپاتکردوەتەوە، لەدەقی مادەی 43ی دەستورەکەدا هاتووە: "دەوڵەت سورە لەسەر چەسپاندنی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو پشتگیریکردنو



پەرەپێدانو سەربەخۆبوونی، بەجۆرێك لەگەڵ هۆیە ئاشتیخوازییەکاندا بگونجێت لەپێناو بەدیهێنانی مافە رەواکانیو ئەوەش بەیاسا رێکدەخرێت".

ب دەستوری عێراقی شێوازێکی یاسادانانی گرتوەتەبەر بۆ ئەوەی ژنان بتوانن بگەنە ئەنجومەنی نوێنەران ئەویش بەدەقی مادەی 47، بڕگەی چوار:"یاسای هەڵبژاردن ئامانجیەتی رێژەیەك بۆ نوێنەرایەتیکردنی ژنان بەدیبێنێت کە لەچارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کەمتر نەبێت".

بەمەش ئامانجێکی سەرەکی خستووەتە بەردەم یاسای هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی ئەم پرەنسیپە گرنگە لەخۆبگرێت لەپێناو نوێنەرایەتیکردنی ژنان کەلانی کەم لەچارەکی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کەمتر نەبێت. هاوکات سەقفێکی بۆ ئەم نوێنەرایەتیکردنە دانەناوە، ئەگەر توانی لەو رێژەیە زیاتریش بەدیبێنێت، کەواتە دەستوری عێراقی بەم مادەیە پابەندبونی خۆی لەم لایەنەوە بەدیهێناوە، بۆ دەقەکانی پەیماننامەی ئاماژەپێکراو.

2. **بواری کۆمەلآیەتیء تەندروستی:** دەستوری عێراق پاراستنی دایکایەتیو منداڵێتیو پیری دەستەبەرکردوە، بەدەقێك لەمادەی 29، بڕگەی ( 5)دا دەڵێت:" دەوڵەت پاراستنی دایکایەتیو زارۆکیو پیرێتی دەستەبەردەکاتو چاودێری پێگەیشتوانو گەنجان دەکاتو بارودۆخی گونجاویان بۆ دابین دەکات تا بەهرەو تواناکانیان گەشەپێبدەن". بەڵام بڕگەی چوارەمی هەمان مادە گشت شێوەکانی توندوتیژی هەروەها رەمەك لەخێزانو قوتابخانەو کۆمەڵگەدا قەدەغەدەکاتو، کەچی بەروونی جیاکاری قەدەغەنەکردوە، یان بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی پێنەکردوە:"گشت شێوەکانی توندوتیژیو رەمەك لەخێزانو قوتابخانەو کۆمەڵ"دا قەدەغەیە"، شتێکمان

ن نەدی ئاماژەبێت بۆ هەڵگرتنی جیاکاری لەپرۆگرامەکانی خوێندنداو بەمەش دەستور سەرپێچییەکی تری پەیماننامەکەی کردوە.

دەستور مافەکانی ژنو منداڵی لەچوارچێوەی خێزانو لەبوارەکانی تەندروستیو کۆمەڵایەتیدا پاراستووە، لەپێناو ژیانێکی شکۆمەندداو فەراهەمکردنی داهاتێکی گونجاوو شوێنی نیشتەجێبونی گونجاوو هەروەها حاڵەتی پیریو نەبوونی توانای کارکردنو ئاوارەبونو بێکاری، دەستور کار بۆ بنەبڕکردنی ئەم دیاردانە دەکاتو یاسایەکی بۆ رێکخستنی ئەم حاڵەتانە داناوە کەبریتییە لەمادەی 30 . بەڵام مادەی 31 چاودێری تەندروستیو خۆپاراستن لەنەخۆشی لەخۆگرتوە.

نامانەوێت بەخستنەڕووی مادەکانەوە کاتێکی زۆر بەفیڕۆبدەین، چونکە لەئەرکە سەرەتاییەکانی دەوڵەتە بەرامبەر بەهاوڵاتیانو ژنو منداڵ بەتایبەتی، ئەمیش لەبەربوونی چەندین پەیماننامە کەپابەندە پێیانەوە.

3. **بواری فێرکردن:** گرنگی ئەم بوارە لەو روانگەوەیە کەپێشکەوتنی کۆمەڵگەکانی لەسەر بەندە، دەوڵەت لەسەریەتی دەستەبەری بکات، دەبینین دەستوری عێراق لەمادەی 34، دانی بەم مافەدا ناوە.

فێربونی تەوزیمی لەقۆناغی سەرەتاییو نەهێشتنی نەخوێندەواریو مافی خوێندنی بەخۆڕایی بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی عێراقو بۆ گشت قۆناغەکان دەستەبەرکردووە، وەك چۆن ئەمە لەهەردوو بڕگەکەی ئەم مادەیەدا هاتووە:

"**یەکەم:** خوێندن فاکتەرێکی بنەڕەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە، مافێکە دەوڵەت دەستەبەری دەکاتو لەقۆناغی سەرەتایدا تەوزیمییەو، دەوڵەت نەهێشتنی نەخوێندەواری دەستەبەردەکات.

**دووەم:** خوێندنی بەخۆڕایی مافی هەموو عێراقییەکە لەسەرجەم قۆناغە جیاجیاکاندا".

بەمەش پابەندبوونی خۆی بەپەیماننامەکەوە کە لەمادەی 10دا هەیە، سەلماندوە.

4. **بواری شێوازە کۆمەڵایەتیء رۆشنبیرییەکان:** عێراق چەندین دابونەریتی تێدایە کە لەسەرچاوەیەکی عەشایەریو رەچەڵەکییەوە سەرچاوەی گرتووەو دەستور بەپێداگرییەوە باسیکردوەو پەنای بردوەتە بەر ئەوەی لەگەڵ ئایینو یاسادا دەگونجێت. لەگەڵ ئاماژەدان بەقەدەغەکردنی ئەو عورفانەی سەرپێچی مافەکانی مرۆڤ لەمادەی 43ی دەستور دەکەن:"دەوڵەت سورە لەسەر پێشخستنی بنەماڵەو عەشایەری عێراقیو، بایەخ بەو کاروبارانەیان دەدات کە لەگەڵ یاساو ئاییندا دەگونجێتو، بەها مرۆییە چاکەکانی جێگیردەکات بەجۆرێك کەبەشداربێت لەگەشەپێدانی کۆمەڵگەدا، ئەو عورفانە قەدەغەدەکات کەپێچەوانەیە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ". ئەمەش ئاراستەیەکی باشە بۆ قەدەغەکردنی ئەو عورفانەی بوونەتەمایەی جیاکاریو دواکەوتوویی عەشایەریو لەگەڵ بنەماکانی پەیماننامەکەدا مادەی پێنج بڕگەی (أ) دێتەوە.

## ئەو مادانەی عێراق لەئیمزاکردندا تێبینی لەسەریان هەبوو:

عێراق لە13ی ئابی ساڵی 1968 چووە پاڵ پەیماننامەکەو پەسەندیکرد، بەڵام تێبینیی لەسەر چەند مادەیەك هەبوو کەوایدەبینی لەگەڵ ئاراستەکەیدا نایەتەوە:



**یەکەم:** هەردوو بڕگەی (و – ز) لەمادەی دووەم کەتیایاندا هاتووە: بڕگەی (و): "گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاو، لەنێویدا هەمواركردنی یاساکان، یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاساو سیستەمو عورفو مومارەسانەی کەجیاکاری دژی ژنان لەخۆدەگرن". (ز):"هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم بنەماکانی یاسای سزادانی نیشتمانی کەجیاکاری دژی ژنانی تێدایە".

**دووەم:** مادەی (9):

1. وڵاتانی لایەن مافی یەکسان بۆ ژنان بەهەمانشێوەی مافی پیاوان دابیندەکەن لەوەرگرتنی رەگەزنامە یان پارێزگاریی لێکردنیو یان گۆڕینی، و ئەم مافە ئەوەشی بۆ دابیندەکات لەکاتی هاوسەرگیریی لەگەڵ بیانیدا مافەکەی پارێزراو بێت، یان گۆڕینی رەگەزنامەی مێرد لەکاتی هاوسەرگیریدا. کەگۆڕینی ئۆتۆماتیکی رەگەزنامەی ژنیش روودەدات یان نەمانی رەگەزنامە، یان سەپاندنی رەگەزنامەی هاوسەرەکەی بەسەریدا.
2. وڵاتانی لایەن مافی یەکسان بەمافی پیاو دەدەنە ژنان لەمەسەلەی پەیوەست بەپێدانی رەگەزنامە بەمنداڵەکانی.

سێیەم: مادەی (16):

1. وڵاتانی لایەنی پەیماننامەکە گشت رێوشوێنە گونجاوەکان دەگرنەبەر لەپێناو هەڵگرتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان لەسەرجەم مەسەلەکانی پەیوەست بەهاوسەرگیریو پەیوەندییە خێزانییەکان، بەتایبەت لەسەر بنەمای یەکسانی ژنو پیاو:

(أ)

ەمان ماف لەپەیوەستنامەی هاوسەرێتیدا.

(ب)

هەمان ماف لەئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر/ مێرد، نەنووسینی پەیوەستنامەی هاوسەرگیری بەبێ رەزامەندی تەواوو ئازادی خۆی.

(ت)

هەمان مافو ئەرك لەکاتی هاوسەرگیریو لەکاتی هەڵوەشاندنەوەیدا.

(ث)

هەمان مافو ئەرك وەك دایك، بەچاوپۆشی لەباری ژنومێردایەتی، لەمەسەلەکانی پەیوەندیدار بەمنداڵەکانیو لەگشت بارەکاندا بەرژەوەندی منداڵەکە لەپێشترە.

(ج)

ەمان ماف لەوەی سەربەستانەو بەهەستکردن بەلێپرسراوێتی لەدیاریکردنی ژمارەی منداڵەکانی‌و ماوەی نێوان منداڵبونەکان‌و هەروەها لەدەستکەوتنی زانیاری‌و رۆشنبیری‌و هۆیەکانی تر کەوادەکەن مومارەسەی ئەم مافانە بکەن.

(ح)

ەمان ماف‌و لێپرسراوێتی لەمەسەلەکانی پەیوەست بەویلایە، قەوامەو، چاودێر لەسەر منداڵ‌و تەبەنی کردنیان، یان هاوشێوەکانی لەسیستمە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا، کاتێك ئەم چەمکانە لەیاسای نیشتمانیدا هەیەو، لەهەموو بارەکاندا بەرژەوەندییەکانی منداڵەکە لەپێشترە.

(خ)

ەمان مافی کەسی بۆ ژن‌و مێرد، لەناویدا مافی هەڵبژاردنی ناوی خێزان، یان پیشە، یان وەزیفە.

(د)

ەمان ماف بۆ هەردوو هاوسەر لەمەسەلەی پەیوەندیدار بەخاوەندارێتی‌و بەناوەوەبوونی موڵك‌و سەرپەرشتیکردن‌و ئیدارەکردنی، لەگەڵ مافی لێبەهرەمەندبوون‌و مامەڵە پێوەکردنی، بەبێ بەرامبەر، یان بەرامبەر پاداشتێکی بەبەها.

2. مارەبڕینی منداڵ یان هاوسەرگیری هیچ کاریگەرییەکی یاسایی نییەو، گشت رێوشوێنە یاساییەکان دەگیرێنەبەرو لەنێویاندا یاسادانان بۆ دیاریکردنی کەمترین تەمەن بۆ هاوسەرگیریی‌و، تۆمارکردنی هاوسەرگیری لەتۆماری فەرمیدا کارێکی تەوزیمییە.

ضوارةم: مادەی (29)

برگەی 1: هەر جیاوازییەك لەنێوان دوو وڵات یان زیاتری وڵاتانی لایەن دروستدەبێت دەربارەی راڤەکردن یان جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەو، لەرێگەی گفتوگۆوە ناگاتە چارەسەر، ئەمەش لەسەر داوای یەکێك لەوڵاتانی لایەن (الطرف). ئەگەر پاش شەش مانگ وڵاتانی ناکۆك نەگەیشتنە رێکەوتنێك دەربارەی رێکخستنی دادوەری، ئاساییە کە لایەنەکانی ناکۆکییەکە کێشەکە ئاراستەی دادگای دادوەری نێودەوڵەتی بکەن، بەداوایەك بەگوێرەی سیستمی سەرەکی دادگاکە.

عێراق سەرباری ئەو راسپاردانەی لەلایەن لیژنەی قەڵاچۆکردنی جیاکاری دژی ژنان ئاراستەی کراوە، بەردەوام بووە لەسەر تێبینییەکانی لەسەر ئەو مادانەی ئاماژەیان پێدرا. لەمادەی 18دا



هاتووە: "هاوڵاتی ئەو کەسەیە لەدایك‌و باوکێکی عێراقی لەدایکبوبێت" بەمەش تێبینی لەسەر مادەی 9ی پەیماننامەکە لەناوەڕۆکەوە بەتاڵ بوەتەوەو، ئەوەش بەپێی دەقی دەستوری ناوبراو، کەکشاندنەوەی تێبینییەکە دوردەخاتەوە.

هەروەها بەردەوامبونی لەسەر تێبینیەکانی لەسەر برگەکانی (ز – و) لەمادەی 2ی پەیماننامەکە، سەرپێچییەکی ئاشکرای چەمکی پەیماننامەکەیە (واتە تێبینیەکە کەپێچەوانەی ئامانجی پەیماننامەکەیەو، ئەویش بەپێداگری لەسەر جێبەجێکردنی یاساگەلێك کەجیاکاری لەدژی ژنان دەکات) برگەی 2 لەمادەی 28ی پەیماننامەکە.

بەڵام تێبینی لەسەر مادەی 16ی پەیماننامەکە هۆکەی یاسای باری کەسێتی ژمارە 188 ساڵی 1959ی هەموارکراو بوو، کەبارێکی یاسایی پێشکەوتووی هێنابووەئاراوە، بارودۆخێکی ئەوتۆی بۆ ژنان فەراهەمکردبوو زۆر نزیك لەهاوسەنگی مافەکان لەنێوان لایەنەکانی پەیوەندی هاوسەرێتی‌و، بنەماکانی لەشەریعەتی ئیسلامییەوە وەرگیرابوو، هەروەها زۆر نزیك بوو لەگیانی پەیماننامەکەوە، هەر بۆیە ئەم تێبینیە هیچ تێڕامان، یان لێدوانێکی لەلایەن لیژنەی قەڵاچۆکردنی جیاکاری دژی ژنانەوە لێنەکەوتەوە.

## هةلَويَستى عيَراق بةرامبةر بةثابةندبوونة نيَودةولَةتييةكانى:

بەردەوامی تێبینی لەسەر ئەو مادانەی ئاماژەیان پێکراو سەرباری داواکردن لەوڵاتان بۆ هەڵگرتنی تێبینییەکانیان، بەکەمتەرخەمی عێراق دادەنرێت لەرووی پابەندبونی نێودەوڵەتییەوە، وەك ئەوەی لەراگەیاندنی کۆنگرەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە. بەهاندانی گشت وڵاتان بۆ چوونە نێو بەندە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار، دورکەوتنە بەوپەڕی تواناوە لەدەربڕینی تێبینی وەك لەم برگەیەدا هاتووە (شێوە ئاشکراو نهێنییەکانی جیاکاری دژی ژنان) لەمیانەی بەرنامەی کاری کۆنگرە، بەوەی کۆنگرە هانی بەرتەسککردنەوەی ئەو تێبینییانە دەدات کە لەسەر بەندەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتی تۆمارکراون، ئەگەر بکرێت تێبینییەکان زۆر وردو سنورداربن‌و، تێبینییەکان پێچەوانە نەبن لەگەڵ بابەتی پەیماننامەی پەیوەندیدارو، مەبەست لێی خستنەڕووی رێکوپێکی تێبینییەکان بێت بەمەبەستی کشانەوەی.

بەڵام لیژنەی پەیوەندیدار بەبەدواداچونی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە، بەپێی راسپاردەی ژمارە 4 لەمیانەی خولی شەشەم لەساڵی 1987 کەتیایدا نیگەرانی زیاد لەئەندازەی دەربارەی ژمارەیەك لەتێبینییەکان کەپێچەوانەی گیانی پەیماننامەکەیە، دەربڕیوەو پێشنیاری بۆ وڵاتان کردوە کەچاو بەتێبینییەکاندا بخشێننەوە بەمەبەستی کشاندنەوەیان.

هەروەها لەبەرنامەی کاری کۆنگرەی جیهانی چوارەمی ژنان کە لەئەیلولی 1995 لەپەکین بەڕێوەچوو جەخت لەسەر ئەم لایەنە کراوەتەوە لەبڕگەی (ج)دا لەو ڕێوشوێنانەی دەبێت حکومەتەکان بیگرنەبەر.

لةضوارضيَوةى ئامانجى ستراتيذى **(ط)** ئةمةى خوارةوة بةديدةكريَت:

"بەرگرتن لەچوارچێوەی هەر تێبینییەك لەسەر پەیماننامەی قەڵاچۆکردنی گشت شێوەکانی توندوتیژی دژ بەژنان، یان داڕشتنی هەر تێبینییەك لەم روانگەیەوە بەزۆرترین ئەندازەی وردەکاریو بەرتەسککردنەوە، دەستەبەرکردنی پێچەوانە نەبوونی هیچ تێبینییەك لەگەڵ بابەتی پەیماننامەکە یان مەبەست لێی، یان جیاوازی بەشێوەیەکیتر لەگەڵ یاسای پەیماننامەی نێودەوڵەتیو، دانانی تێبینی بەشێوەیەکی خولەکی بەمەبەستی کشاندنەوەیو، هەروەها کشاندنەوەی ئەو تێبینیانەی پێچەوانەی بابەتی پەیماننامەی قەڵاچۆکردنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنانو ئامانج لێیان جیاکاری بێت، یان بەشێوەیەکیتر پێچەوانەبێتەوە لەگەڵ یاسای پەیماننامەی نێودەوڵەتی".

جێگەی ئاماژەیە پەیماننامەی قەڵاچۆکردنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان خاوەنی مۆرکێکی تەشریعیو یاساییە، بەگوێرەی پەیماننامەکە وڵاتانی لایەن پابەندن بەدانانی چەمکەکانی لەناو یاسا نیشتمانییەکانیانداو، دەرنەکردنی یاسایەك کەپێچەوانە بێت لەگەڵ بنەماکانی پەیماننامەکەداو، لەلایەکیترەوە پابەندە بەپێشکەشکردنی راپۆرت بەلیژنەکانی پەیوەندیدار لەنەتەوە یەککگرتوەکان بۆ بەئاگابوونو هەڵسەنگاندنی پەیماننامەکە.(*)

بەچەشنێك دەستوری عێراقی لەکۆمەڵێك مادەدا جیاوازی هەبووە لەگەڵ پەیماننامەی قەڵاچۆکردنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان، بەڵام ئەوەندە هەیە هێزێکی بەرزتری لەپەیماننامەکە بەخۆی بەخشیوە، بۆیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پەیماننامەی ڤیەننا 23ی مایۆ 1969ی تایبەت بەپەیماننامەی نێودەوڵەتی کە لە 27/ یەنایەر 1980 بەهەردوو مادەکەیەوە(26) و (27) کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، وەك ئەمەی خوارەوە:

مادەی (26):

"گشت پەیماننامەیەکی بەرکار لایەنەکانی پابەند دەکاتو دەبێت لایەنەکان بەنیازچاکییەوە جێبەجێی بکەن".

**مادةى (27): لةطةلَ كةموكورى نةخستنة دةقى مادةى 46 :**

*- باسيل يوسف/ دبلوماسية حقوق الانسان



"پەیوەست بەبنەما نیشتمانییەکانی تایبەت بەپەسەندکردن، نابێت هیچ لایەنێك دەست بەیاسای ناوخۆییەوە بگرێت وەك هۆیەك بۆ جێبەجێنەکردنی ئەم پەیماننامەیە".

پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنیو سیاسییەکانی 16ی کانونی یەکەمی 1966، کە لە 23ی ئازاری 1976 چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە هەمان رۆڵی گێڕاوە لەپابەندکردنی وڵاتانی رێکخراوەکە بۆ پەیماننامەکە، بۆ دەستەبەرکردنی رێوشوێنە تەشریعییەکان لەچوارچێوەی دەستوری تایبەتی خۆیدا، لەمیانەی کارکردن بەبڕگەی (2) لەمادەی (2)ی پەیماننامەکە کە تیایدا هاتووە:

"گشت وڵاتێکی لایەن لەم پەیماننامەیەدا بەڵێن دەدات ئەگەر رێوشوێنە تەشریعییەکانی، یان ناتەشریعییەکانی بەکردەوە دەستەبەری ئەو مافانە نەکات کەلەم پەیماننامەیەدا دانی پێدانراوە کە بەگوێرەی رێوشوێنە دەستورییەکانیو لەپێناو ئەحکامەکانی ئەم پەیماننامەیەدا، ئەوانەی پێویستن بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارانە لەرێوشوێنە تەشریعیو ناتەشریعییەکانیدا، دایبڕێژێت".

بةشى سيَيةم

ئةو ميكانيزمانةى ثيَويستة حكومةت لةثيَناو بةديهاتنى ستراتيذى ثيَشخستنى ذناندا دايبريَذيَت:

یەکەم: ئەرکێکی وڵاتانی ئەندام لەپەیماننامەی (سیداو) ئەوەیە راپۆرت دەربارەی ئاستی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە پێشکەشبکات، کەدەبێتە پێوەری پابەندبوونی وڵاتەکەی بەرامبەر پەیماننامەکەو، ئاماژە بێت بۆ ئاستی پێشکەوتنی ژنان بەگوێرەی پلانی ستراتیژی لەبەر رۆشنایی پەیماننامەکەو، بڕیارەکانی کۆنگرەی پەکینو ئامانجەکانی گەشەسەندنی هەزارە، بۆیە پێویستە ئەمانە ئەنجامبدرێن:

- حکومەت لەسەریەتی دیالۆگێکی فراوان لەگەڵ سەرجەم کەرتەکانی کۆمەڵگەدا رێکبخات، دەستپێك پەنابەرێتە بەر شارەزایان لەبواری یەکسانی لەجۆری کۆمەڵایەتی بەمەبەستی فەراهەمکردنی دەروازەی راپۆرتگەلی ئامادە بەگوێرەی رێکەوتننامەی پەکینو، ئەمەش پێویستی بەکۆمەڵە رەگەزێك لەوەزارەتە جیاوازەکانو هەڵسوڕاوانی تایبەتمەندی کۆمەڵگەی مەدەنیو ئەوانەی پێشتر ئەزمونی پراکیتکییان هەیە لەجێبەجێکردنی پەیماننامەی سیداوو پلانی کاری کۆنگرەی پەکیندا.
- دەبێت سەرژمێریو راپۆرتی تایبەت دەربارەی بارودۆخی ژنان ئامادەبکرێتوشیبکرێتەوە، بەگوێرەی ئامانجەکانی سیداوو بڕیارەکانی کاری پەکینو ئامانجەکانی هەزارەی گەشەسەندن.

- دانانی پێوەری پێشکەوتن بەگوێرەی ئامانجەکانی سیداوو بڕیارەکانی کاری پەکینو ئامانجەکانی گەشەسەندنی هەزارەو فراوانکردنی ئەم پێوەرانە بەپێی ڕێبازە نیشتمانییەکان.

پشتبەستن بەئەندازەی بەرەو باشتر ڕۆیشتن لەسەر بنەمای سەرژمێریی سەبارەت بەکێشەکانی ژنان لەجۆری کۆمەڵایەتیو، دابینکردنی کۆششی نیشتمانی کە لەم بوارەدا کاردەکات بۆ باشکردنی تواناکانی.

## دووەم: ئەو ڕێوشوێنانەی ئەرکی حکومەتە جێبەجێیان بکات:

- دەرچواندنی ستراتیژێکی نوێ بۆ پێشخستنی ژنان لەڕوانگەی پابەندبوونی تەواوەتی بەبنەماکانی پەیماننامەی سیداوو بڕیارەکانی کاری پەکینو ئامانجەکانی گەشەسەندنی هەزارە. پێکهێنانی لیژنە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژە کەئەندامەکانی لەنوێنەری ئەم وەزارەتانە (کارو کاروباری کۆمەڵایەتیو ژنو دادو تەندروستیو خوێندنی باڵاو پەروەردەو ناوخۆو مافی مرۆڤ و پلاندانانو کشتوکاڵو ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیو شارەزایانی نیشتمانیو ئەوانەی کاریان لەبواری پەیماننامەکەدا کردوە) دەبێت.
- داواکردن لەدەسەڵاتی یاسادان بۆ کارکردن لەسەر گۆڕینی ئەو یاسایانەی جیاکاری لەدژی ژنان دەکەنو، پێچەوانە دێنەوە لەگەڵ ئامانجەکانی گەشەسەندنو میکانیزمەکانی پێشخستنی ژنانو هەروەها دەرکردنی یاساگەلێك لەچوارچێوەی دەستوردا کەڕۆڵی هەبێت لەڕاهێنانی ژنان، ئەم کارانە لەچوارچێوەی ماوەیەکی دیاریکراودا بێت، وەك ساڵێك، بەنموونە هاندانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ خستنەڕووی پێشنیار لەوبارەیەوە.
- دامەزراندنی سەنتەر بۆ لەخۆگرتنی ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرامبەر کراوە، هەروەها بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.
- کردنەوەی خولی ڕۆشنبیریو پەروەردەیی بۆ ژنانی زیندانیو کارکردن بۆ دۆزینەوەی بەرنامەیەك بۆ گەڕاندنەوەو تێکەڵکردنەوەیان بەکۆمەڵگە.
- ڕاهێنانی ژنان لەسەر بەشداریکردن لەپرۆسەی سیاسیو دابینکردنی کەشوهەوای گونجاو بۆ ئەو مەبەستەو، لەخۆگرتنی ئەو بەرنامانەی بانگەشەی لابردنی چەمکەکانی جیاکاری دەکەن.
- بایەخدان بەحاڵەتەکانی دیاردەی پێشکەوتنو گەشەسەندنی ژنان، هەروەها حاڵەتەکانی پێشلکاری مافە مرۆییەکانی ژن.



- چەسپاندنی بەشداری ژنان لەپێگە باڵاکاندا، کارکردن بۆ سڕینەوەی ئەو ڕێگرانەی دێنەڕێی.
- چەسپاندنی بەشداری ژنان لەپێگەکانی دەسەڵاتی باڵادا.
- بایەخدان بەجۆری ژن لەئاست کێشەکانیداو ڕۆشنبیرکردنی سەبارەت بەبایەخی یەکسانی لەجۆری کۆمەڵایەتی ژنانو پیاوان وەکیەك، لەئەستۆگرتنو هاوکاریکردنی هەڵمەتەکانی لەمجۆرە، واتە بایەخدان بەڕۆشنبیری جۆر بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەردوو ڕەگەزەکە.
- دانانی میکانیزم بۆ بەگەڕخستنی تواناکانی ژنان لەدورترین ناوچەو داخڵکردنی لەپرۆژەگەلێکدا کە لەگەڵ بارودۆخە کۆمەڵایەتیو توانا زاتییەکانیدا گونجاوبێت.
- وابکرێت کەژنان بتوانن قەرزو هاریکاری بانکەکانیان دەستبکەوێت.
- دۆزینەوەی میکانیزم بۆ لەخۆگرتنی کیژۆڵە وێڵەکان ئەو پێگەیشتوانەی کەجێگەیان نییە، هەروەها بایەخ بەفێرکردنیان بدرێت.
- بایەخدان بەتەندروستی پراکتیکیو ڕۆشنبیرکردنی پەیوەست بەژنان، وەك بەرنامەی تەندروستی وەچەخستنەوەو بایەخدان بەپاکوخاوێنیو خۆپاراستنو کوتانو پشکنینی خولەکیو پێشوەختی وەرەمەکان.. تد.
- بایەخدان بەئاسایشی کۆمەڵ بەشێوەیەکی گشتیو ئاسایشی ژن بەشێوەیەکی تایبەت، بۆئەوەی بتوانێت بەردەوامی بەخوێندن بداتو بگاتە گۆڕەپانەکانی کارکردن.
- ژنان بتوانن بەشداری لەئەنجومەنە ناوخۆییەکاندا بکەن بۆ داڕشتنەوەی سیاسەتی گەشەشەندن بۆ ناوچەکانیان.
- کارکردن لەسەر بەشداریکردن لەڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکانی تایبەت بەکاروباری تایبەت بەئامانجەکانی پێشخستنی ژنان لەپێناو بەشداریکردنو سودوەرگرتن لەشارەزاییەکانیان.

بەڵکو پێشنیارەکانمان ببێتە جێگەی بایەخی حکومەتو بەوەش توانیبێتمان بەشێوەیەکی ساکار بەشداری لەپێشخستنی ژناندا بکەین.

### سەرچاوەکان


1. دەستوری عێراق ساڵی 2005.
2. پەیماننامەی قەڵاچۆکردنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان.

3. بڕیارەکانی کۆنگرەی پەکین 1995.
4. ئامانجەکانی هەزارەی گەشەسەندن.
5. راپۆرتی سندوقی گەشەسەندنی نەتەوە یەکگرتوەکان ساڵی 2004
6. رێگە بەرەو یەکسانی لەجۆری کۆمەڵایەتی UNIFEM
7. هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ژنانی عێراق لەبەر رۆشنای پرۆگرامەکانی پەکین، د. کریم محەمەد حەمزە UNIFEM.



## ئەو کێشانەی ژنان لەژیانی گشتیو تایبەتیو بواری ئابوریو سیاسی لەعێراقدا رووبەڕوویان دەبنەوە

پارێزەر: ئەزهار عەبدول حسن شعرباف

### يةكةم: لةبواری ذيانی طشتيدا:

ژنانی عێراق بەرەبەرە لەکاریگەرییەکانی رژێمی فاشیستی رزگاریان دەبێت، کاریگەری ئەو رژێمەی کەدەستی بەسەر ساناترین مافەکانی ژناندا گرتبوو، ئەویش مافی ژیانە وەك ژن کەشکۆمەندیو هەستکردنی بەخۆی هەبێت، بەجۆرێك چەندین یاسای بۆ رێگرتن لەمومارەسەکردنی مافەکانی دەرکردوە، واتە سەرباری چەوساندنەوەی دابونەریتە دواکەوتوەکانی لەمێژینەی عێراق کە بەکەم تەماشای ژنان دەکات، رژێم چەوساندنەوەی یاسایی بەرامبەر بەژنان پەیڕەوکردوە، لەم روانگەیەوە دەسەڵات چەند یاسایەکی ستەمکارانەی دەرهەق بەژنان دەرکردوە، لەوانە:

1. قەدەغەکردنی سەفەر بەتەنها.
2. رێگرتن لەوەرگرتنی پۆستی دادوەری وەك لەتۆمارەکانی پەیمانگای دادوەریدا هاتووە.

3. ڕێگەی بەپیاو داوە بۆ لێدانو ڕێگرتنو تەمبێکردنی ژنەکەی لەکاتی دەرچونی لەماڵ بەبێ پرس، لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر بەبێ پرس چووە دەرەوە مافی نەفەقەی ژنو مێردایەتی نامێنێت، ئەگەر داوای گەڕانەوەی کردو نەگەڕایەوە بەتالوق دادەنرێت.
4. بێبەشکردنی ژن لەمافی پێدانی رەگەزنامە بەمنداڵەکانی لەکاتێکدا کەهاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێکی بیانیدا کردبێت.

سەرباری ئەمانەش ڕژێم راپێچی بەرەکانی جەنگی دەکردو دەبوو ژنان بەتەنها بژێویو گوزەرانی خێزان لەئەستۆ بگرن، نەداریو هەژاری بەئەندازەیەك بەسەریدا زاڵ بوو کەنەیدەتوانی سادەترین پێویستییەکانی ژیانو گوزەران دابین بکاتو زۆر ژن بەهۆی بارودۆخی ئابوری خێزانەوە هەلی خوێندنو فێربونیان لەکیسچوو، لەئەنجامی باری ناهەمواری ئابوری کەوایکردبوو زۆر خێزان خوێندنی کچەکانیان بکەنە قوربانی لەپێناو رەخساندنی هەل بۆ کوڕان تاوەکو خوێندنەکانیان تەواوبکەن، نەهامەتییەکانی جەنگیش رۆڵی لەزیادبونی ژمارەی بێوەژنو ژنی تەلاقدراودا هەبووە ، هەروەها دیاردەی قەیرەبوونی هێنایەئاراوە.

دەسەڵاتی دیکتاتۆری لەبری رۆڵی سروشتی خۆی، سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگەو پێشخستنی، کۆمەڵگەی بەرەو دواکەوتویو ماڵوێرانی بردوەو، ژنانیش بەشێکی گەورەی ئەم ماڵوێرانییەیان بەرکەوتووە، بەم هۆیەوە ژنان بەشێوەیەکی گشتی بێکاربون، لەکاتێکدا لەنیوەی کۆمەڵگە زیاترن، لێرەوە دەتوانین ئەندازەی ماڵوێرانییەکە وێنا بکەین.

بەڵام ئێستا، پاش گۆڕینی ڕژێمو روودانی گۆڕانی سیاسی زۆرو قۆناغی گواستنەوەی سیاسی لەیاسای بەڕێوبردنی دەوڵەتو دەسەڵاتی کاتی بۆ ئەنجومەنی هەڵبژێدراو بۆ نووسینی دەستورێکی ترو ململانێی سیاسی لەسەر کورسییەکانی پارلەمانو پێدانی دەسەڵاتی پێشوەخت بەپارلەمان بۆ هەموارکردنی دەستورو چەندین روداو گۆڕانکاری تر لێرەو لەوێ، دەبینین ژنانی عێراق سەرباری تیرۆری نادیار لەبۆمبێکی تەوقیتکراو یان ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوو پێکدادانی چەکداری لەسەر شەقامەکان، هاتوونەتە پێشەوەو رابردوی تاڵیان بەجێهێشتووەو بۆ ئەوەی رۆڵێکی گرنگ بگێڕن کە لەچاوەڕوانیدایە بۆ بەشداریکردن لەژیانی عێراق بەگشت بەشەکانیەوە لەپێناو بونیادنانەوەی عێراقدا.

یەکەمین کار کەژنان ئەنجامیانداوە دامەزراندنی رێکخراوو سەندیکاکانی ژنان بووە، بەجۆرێك ژمارەیەکی بەرچاو لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت بەکاروباری ژنانو مافەکانی دەرکەوتنو، هەروەها ژمارەیەکی زۆری ژنان پەیوەندییان بەکوتلەو پارتە سیاسییە دیارەکانی (لیبرالی یان ئیسلامی)یەوە کرد لەروانگەی بڕوابونیان بەبەشداریکردنی پیاو لەپرۆسەی سیاسی،



هەروەها بۆ بونیادنانەوەی عێراق، وەك چۆن داخوازی بۆ رێژەی نوێنەرایەتیکردن لەئەنجومەنی نیشتمانی، دواتر لەدەسەڵاتی یاسادانانو رێژەیەك لەپۆستی وەزارەتەکان لەدەسەڵاتی جێبەجێکردنو لەئەنجومەنی شارەوانیو پۆستە کارگێڕییە گشتییەکانو ئەوانیتر، بەرزکردەوە ئەم هەنگاوانە سەبارەت بەپێشکەوتنی ژنان لەژیانی گشتیدا بەشێوەیەکی رێژەیی ئاماژەیەکی باشە، بەڵام نمونەیی نییە، لەبەرئەوەی ژن بەتەواوەتی لەکاریگەرییەکانی رابردوو رزگاری نەبووەو بزوتنەوەی ژنان لاوازەو، هەروەها پێویستمان بەزیاترە، بۆیە لێرەدا پێشنیارەکانمان سەبارەت بەگرنگیی ئەو کاراکتەرانە دەخەینە روو کەژنان بەشێوەیەکی تەندروست دەربارەی ژیانی گشتی خۆیان پێویستیان پێیەتی:

پێشنیارەکان:

1. پێکهێنانی دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی چالاك کەرۆڵی هەبێت لەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژناندا بۆ ئەوەی بتوانن هاوشانی پیاوان بەشێوەیەکی یەکسان کۆمەڵگە بونیات بنێن.
2. هاوکاریکردنی دەوڵەت بۆ دۆزی ژنان لەگشت لایەنەکانییەوەو دانانی بەوەی کەیەکێکە لەدیاردەکانی پێشکەوتنی شارستانی.
3. دەرکردنی یاساگەلێك بۆ بەرزکردنەوەی شکۆمەندی ژنانو قەدەغەکردنی بەکارهێنانی گشت شێوەکانی توندوتیژی لەدژیان، جا توندوتیژی خێزانی، توندوتیژی کۆمەڵایەتی یان توندوتیژی ئابوری بێت.
4. هاوکاریکردنی دۆزی ژنان لەلایەن پارتو هێزە سیاسییەکانەوەو هەل بۆ رەخساندنیان لەپێناو بەشداریکردنیان بەشێوەیەکی چالاك لەئاراستەکردنی گوتاری سیاسی دۆزی ژنانو هاوکاریکردنیان لەبوارە سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکاندا، ئەمەش بەئاڕاستەکردنی رای گشتی ناوخۆییو جیهانی بۆ مەسەلەی سەرخستنی ژنانو دەستەبەرکردنی مافەکانیان.

ئەمانەی سەرەوە تایبەت بوون بەژیانی گشتی ژنان، بەڵام سەبارەت بەژیانی تایبەتی، ئەم تایبەدمەندییە پەیوەستە بەژنانەوە یەکەم: وەك مرۆڤ، دووەم: وەك جۆری کۆمەڵایەتیو، ژیانی خێزانیو کۆمەڵایەتی پەیوەست بەبیروڕای کەسێتیو ئەو کاریگەرییانەی بەدوایدا دێن.

ئایینە ئاسمانییەکان مافەکانی (ژنان)یان دەستەبەرکردوەو شکۆمەندیو گەورەییان پێبەخشیونو لەناویاندا ئایینی ئیسلام، بەڵام یاسادانراوەکان لەدەستەو لەکارەکانیاندا پێچەوانەن، هەندێکیان وەك دەقیکی یاسایی مافیان داوەتێ، بەڵام بەبێ مومارەسەکردنێکی پراکتیکی، یاسای باری

کەسێتی مافەکانی وەك کچو دایكو هاوسەر لەپەیوەندی لەگەڵ مێردەکەیو لەگەڵ خێزان داوەتیۆ ئەم یاسایە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەجۆرێك لەجۆرەکان یاسایەکی پێشکەوتووە، بەچەشنێك مافی سکاڵای هەیە دەربارەی ناکۆکی خێزانی لەحاڵەتی جیابونەوەی دادوەریدا. کاتێك مێردەکەی تەڵاقی دەدا یاسا کۆمەڵێك مافی داوەتیۆ وەك مافی نیشتەجێبون پاش تەڵاق کەدەتوانێت لەماڵی ژنو مێردایەتیدا بۆ ماوەی سێ ساڵ بمێنێتەوەو مافی بەخێوکردنی منداڵو مافی خەرجی ئەو منداڵانەی بەخێویان دەکات هەروەها مافی ئەوەی هەیە ناچاری هاوسەرگیری نەکرێت.

بەڵام گشت ئەم یاسایانە لەناو دەقەکاندا هەن، جێبەجێکردنی راستەقینەیان لەواقیعی فیعلیدا نییەو، ژنان لەکاتی داواکردنی مافەکانیاندا رووبەڕووی کۆمەڵێك شت دەبنەوە لەوانە:

1. دابونەریتە کۆمەڵایەتیو عەشایەرییەکان رێگرییان لێدەکەن لەوەی سکاڵا تۆماربکەن.
2. رێوشوێنە ئاڵۆزەکانی دادگا. بەجۆرێك هیچ لەو مافانەی دەست ناکەوێت کە لەدەقە یاساییەکاندا ئاماژەی پێدراوە.
3. ترس لەواقیعی ناجێگیری ئابوری.

گشت ئەم لەمپەرانە وادەکەن ژنان بترسن لەوەی داوای مافە تایبەتییەکانیان بکەنو تەنها جیاکاری لەژیانی تایبەتی ژناندا پەیوەندی بەجۆری ئەو خێزانانەوە هەیە کەتیایدا پەروەردەکراونو پێگەیشتون، هەروەها ئاستی شارستانیو بەگوێرەی شوێنەکەی لەشار یان لەگونددا بێت، خێزانی خوێندەوارو شارستانی لەرووی بیرەوە هەوڵدەدەن کەکچەکانیان بخوێننو، سورن لەسەر ئەوەی ژنەکانیان بگەنە ئاستێکی باڵای خوێندن، رێگە دەدەن بەکچەکانیان کەگوزارشت لەبیروڕاکانی خۆیان بکەن، بەڵام خێزانێکی گوندنشینی نەخوێندەوار رێگری کچەکانیەتی لەچوونیان بۆ قوتابخانە، ئەمەش لەروانگەی بڕوانەبونیان بەبایەخی فێربونی کچان بەهۆی دابونەریتی کۆمەڵگەوە، بەوەی دەرچونی کچان لەماڵ بەنەنگی دادەنرێت لەسەر بنەمای لۆژیکە کۆنەکە کەدەڵێت:

نابێت ژنان لەماڵ دەربچن تەنها لەسێ حاڵەتدا نەبێت: جارێك بۆ نەخۆشخانە بۆ چارەسەرکردنو جارێك بۆ ماڵی هاوسەرەکەیو جاری سێیەم بۆ گۆڕستانو، تا ئێستاش لەگوندەکاندا خێزانگەلێك ماون کە بەکەم تەماشای کچانو ژنان دەکەنو بەمرۆڤێکی نازانن کەشیاوی ژیانی ئازادیو بەختەوەری بێت، بەڵام هەنوکەو پاش دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لەرێکخراوەکانی ژنان کەهەڵگری دروشمی (پێشکەوتنی ژنان)نو بەرگری لەمافو ئازادییەکانیان دەکەنو پێشکەوتنی ژنان بەپێشکەوتنی کۆمەڵگە دادەنێن، ئەمەش یەکەم هەنگاوی بونیادنانی کۆمەڵگەی دیموکراسییە، بارودۆخی تایبەتو واقیعی گشتیو تایبەتی ژنان دەستی بەگۆڕان کردوەو لەمەدا هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی ژنان هاوکار بوون بەوەی گروپی کاریان پێکهێناوە بۆ رۆچوونە ناو قوڵاییەکانی کۆمەڵگەی گوندنشینی عێراقی لەرێگای هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی دەستور یان هۆشیارکردنەوەی سیاسی یان هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی رۆشنبیری یان تەندروستییەوە. بەرە بەرە ئەم هەورە رەشە دەڕەوێتەوە، بەچەشنێك کەزۆر خێزانی عێراقی لەگرنگی خوێندنی کچان تێگەیشتون، بەهەمانشێوە راگەیاندن رۆڵێکی کارای هەبووە لەسەر خستنی دۆزی ژنانو هاندانی بۆ دەرچون لەماڵەوە، بۆیە بەشداریکردنی کارای لەبواری سیاسیدا، وەك هەڵبژاردنو راپرسی، ئەمەش هاندەری بووە بۆ دەرچوونو بەشداریکردنی لەیانە ناحکومیو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی ژناندا.

بەڵام تێبینییەکانم دەربارەی کاریگەری دەوڵەت لەژیانی تایبەتی ژناندا، پێشنیار دەکەم بەشێوەیەکی راستەوخۆ پشتگیری لەدۆزی رەوای ژنان بکاتو لەم روانگەیەوە پێویستە:

1. یاساگەلێك دابنرێت کەئەو مافانە بەژنان بدات وەك مرۆڤ هەوڵی بونیاتنانی کەسێتی خۆیان بدەن ئەمەش لەمیانەی دەسکەوتنی مافە خێزانیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسییەکانیدا وەك پیاو.
2. هاوکاریکردنی ژنان لەرێگەی فێرکردنیانەوە، بەدەرکردنی یاسای نەهێشتنی نەخوێندەواری تەوزیمی.
3. دژایەتیکردنی دابونەریتە باوەکانو رێگرتن لەبەکارهێنانی ژنان وەك هۆیەك بۆ ئاشتبونەوەی عەشایەری یان بەخشینی وەك دیاری بەیەکێك لەشێخی عەشیرەتەکان کەدەبێتە مایەی تێکدانی ژیانی تایبەتیو وەك کەرەستەیەکیان لێدێت کەدەستاو دەستیان پێدەکرێت.
4. دەرکردنی یاسایەك بۆ پارێزگاریکردن لەژنانو قەدەغەکردنی بەکارهێنانی توندوتیژی لەدژیانو بەتایبەت توندوتیژی خێزانی کەهۆیەکە بۆ تێکشکاندنی کەسێتییان، توندوتیژی خێزانی بەتاوان دابنرێتو سزای یاسایی لەسەر بێت.

لەسەرمانە ژنێك پەروەردە بکەین کەهیچ هەستکردنێکی بەترسو سوکایەتی تێدا نەبێتو وانەزانێت کەسێتییەکی پەراوێزخراوەو رۆڵی لەبزوتنەوەی کۆمەڵگادا نییە.

وڵات بەنیوەی گەل بونیاتنانرێت، بەڵکو بەهەموو گەل بەژنو پیاوەوە.

لایەنی ئابوری:

قسەكردن لەسەر ئەم لایەنە گرنگییەكی زۆری هەیە، چونكە وڵاتی باش پێویستە ئابورییەكی باشو پێشكەوتووی هەبێت، سەبارەت بەژنان ئەم لایەنە ئاماژەیەكی زۆر گرنگە بۆ ئازادبوونیان، چونكە ژنی سەربەخۆ لەرووی ئابورییەوە بەهێزترین ژنە بۆ بەرگریكردن لەخۆیو لەمافەكانی، بەچەشنێك هەستدەكاتو دەزانێت كەمرۆڤێكی بەرهەمهێنو كارایەو دەتوانێت خۆیو خێزانەكەی بەخێو بكات لێرەوە بڕوای بەكەسێتی خۆی زیاددەكات بەوپێیەی خاوەنی كاریگەری ئابورییە لەسەر خێزانو بڕیارەكانی، لەسەر كەسی بەرامبەرو سەرجەم ئەندامانی خێزانیش كاریگەری دەبێت، ژنی بەرهەمهێن واهەست دەكات بەجۆرێك لەجۆرەكان ژنێكی بەهێزەو گەورەییو شكۆمەندی خۆی دەپارێزێت، لەبەرئەوەی كاركردن شكۆمەندییەو رێگری لەملكەچبوون دەگرێتو لێرەدا ژنان ناكەونە پلەیەكی خوار پیاوانەوە.

ژنانی وڵاتەكەم لەسایەی حوكمڕانی دیكتاتۆریدا بەدەست بارودۆخی ناهەمواری ئابورییەوە ناڵاندویانە، ئەگەر كرێكار بوبێتن لەیەكێك لەفەرمانگەكانی دەوڵەتدا رەنگە موچەكەیان بەشی كرێی هاتوچۆی شوێنی كارەكەیانی نەكردبێت، خۆ ئەگەر لەبوارێكی كەرتی تایبەتدا بێت لەسەریانە لەپیاوان زیاتر كار بكەن بەرامبەر بەكرێیەكی كەم لەبەرئەوەی ناچارن بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییەكانیان كاربكەن، چونكە خۆی بەخێوكەری خێزان بووە لەكاتێكدا مێردەكەی ئامادە نییە بۆ كاركردن بەهۆی جەنگ یان بەهۆی كوژرانییەوە لەجەنگدا، یان كەمئەندابونی بەهۆی جەنگەوە، ئەمەیان باری ژنانی كرێكار بوو، بەڵام سەبارەت بەكارمەندان لەئەنجامی موچەی پێكەنیناوی زۆرێك لەمامۆستایانو ئەندازیارانو فەرمانبەران (ژنان) ناچارن دەست لەكار بكێشنەوەو لەماڵەكانی خۆیاندا بەبێ كار دابنیشنو پشت بەپیاوان ببەستن ببنە پاشكۆی پیاوان لەهەموو رویەكەوەو ئەمەش كاریگەری لەسەر كەسێتیان داناوەو بووتە مایەی چەندین كێشەی خێزانی نالەبار، لەبەر زۆری كێشەكانی ژیانو لاوازی سەرچاوەكانی دارایی، رێژەی جیابونەوەو دەربەدەربونی منداڵان كەوازیان لەخوێندگا هێناوە لەكاری قورسدا هەوڵی بژێوییان دەدا، رووی لەزیادبوون كرد.

بەڵام هەنوكەو پاش گۆڕینی رژێم، ئەم گۆڕانكارییە كاریگەری باشی (بەشێوەیەكی رێژەیی) لەسەر لایەنی ئابوری هەبووە زۆرێك لەژنان چوونەتە سەر كارو ژمارەیەكی زۆری ئەو فەرمانبەرانەی كەدەستیان هەڵگرتبوو گەڕانەوە سەر كارەكانیانو موچەی فەرمانبەرانو مامۆستایان زیادیكردوەو ئەمەش رۆڵی هەبوو، لەسەر باشبونی بارودۆخی بژێوی ژیانیانو لەناو خێزاندا ژنێكی كاركەر هەڵكەوت بەشدار بێت لەمەسرەفەكانی ماڵدا، وەك چۆن دەتوانێت پێویستییە كەسییەكانی



لەموچەكەی بكڕێت ئەم چاكبونە رەنگدانەوەی لەسەر كەسێتی هەبووەو ئێستا واهەست دەكات هاوشێوەی پیاوی لەناو خێزانەكەیدا كاریگەری هەیە.

بەڵام سەبارەت بەژنانی بێكار بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری ژیان بوونەتەوەو تەنانەت بەهۆی گرانبونی نرخی كەرەستەو پێویستییەكانیانەوە ژیانیان خراپتریش بووە، بێجگە لەپیاو هیچ سەرچاوەیەكی ئابوری تریان نییە، ئەگەر چی لەگەڵیشی نەگونجێت، ئەگەر ژنی مێرددار بێت، ئەوا هەزارجار لەروی ئابورییەوە بیر لەژیانی خۆیو منداڵەكانی دەكاتەوە، ئەگەر جیا دەبێتەوە چارەنوسی خراپتر چاوەڕێی دەكات، هەر بۆیە دەبینین بەهەموو شتەكانی پیاو رەزامەندە ئەگەر تەنانەت توندوتیژو رەمەكیش بێت لەگەڵیدا بەرامبەر مافەكانی ژیان وەك مافی ئازادیو شكۆمەندی.

لێرەدا دەگەینە حاڵەتێك لەنێوان قبوڵكردنو رەتكردنەوەدا، ئەگەر لەرێگەی سكاڵایەكی یاساییەوە داوای جیابونەوە بكات، دادگا لەحاڵەتی جیابوونەوەكەدا مافی خۆی ناداتێ، بەجۆرێك نەفەقەیەكی پێكەنیناوی بۆ دەبڕێتەوە بۆ ماوەی سێ مانگو پاش ئەوە هیچ..خۆ ئەگەر منداڵی هەبێتو منداڵەكانی لەگەڵ خۆی بەرێت ئەوە ئەو نەفەقەیی لەباوكی منداڵەكانی وەریدەگرێت بەشی خواردنەكەیان ناكات، چجای مەسرەفی خوێندنو نەخۆشخانە؟! دەبینین لەچوارچێوەی پیاو دەرناچێتو سەرباری توندوتیژییەكەی پێی قبوڵە، چونكە نایەوێت خۆیو منداڵەكانی بەرەو نادیاری بچن، لێرەدا رووبەڕووی پێچەوانەییەكی ترسناك دەبینەوە لەنێوان دەقێكی یاسایی وەك ماف، جێبەجێكردنیدا، بۆیە لەو بڕوایەداین كاراكتەری ئابوری رۆڵێكی گرنگو چالاك سەبارەت بەدۆزی ئازادبوونی ژنان لەعێراقدا، دەگێڕێت.

هەر سەبارەت بەژنان بارێكی تری مەترسیداری ئابوری لەئارادایە، ژمارەیەكی زۆر لەكچانی دەرچوی زانكۆ بەبێكار ماونەتەوەو بێكاری لەكۆمەڵگەی عێراقیدا دیاردەیەكی بەربڵاوە، نەك بەتەنها بۆ ژنان، بەڵكو پیاوانیشی گرتووەتەوە، ئەم دیاردەیە كاریگەری سەلبی لەسەر كۆمەڵگە دادەنێت بەوەی كەهۆیەكە بۆ تەشەنەكردنی هەژارییو نەخۆشییە ترسناكە كۆمەڵایەتییەكانی ترو دواجار رەنگدانەوەی لەسەر بارودۆخی گشتی (وەكیەك) دەبێت، بۆیە وایدەبینین دەوڵەت بەمەبەستی چارەسەركردنی كێشەكە دەستێوەردانی هەبێت، لەبەرئەوەی ژن رەگەزی دووەمە، بەڵكو لەروی ژمارەوە لەعێراقدا زیاترەو وەك رێژەیەكی دیمۆگرافی كاریگەر لەنیشتمانو پێشكەوتنیدا، لەم روانگەیەوە پێشنیار دەكەم دەسەڵاتی یاسادانانی داهاتوو كەژنان رێژەی سەروی 25٪ی پێكدەهێنن كار بۆ ئەم لایەنانە بكات:

1. داڕشتنی یاساگەلێك بۆ پڕكردنەوەی پێداویستییە ئابورییەكانی ژنان بەرەخساندنی هەلی كاركردن بۆیان كەگونجاوبێت لەگەڵ توانا زانستیو جەستەییەكانیاندا.
2. بڕینەوەی هاوكاری مانگانە بۆ ژنانی پەككەوتەو بەتەمەن و تەڵاقدراوو بێوەژنو ئەوانەی توانای كاركردنیان نییە، كەببێتە مایەی فەراهەمكردنی ژیانێكی شكۆمەندانە لەچوارچێوەی بەرنامەكانی چاودێری كۆمەڵایەتیدا.
3. ئامادەكردنی شوێنی نیشتەجێبون لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ ئەو ژنانەی بەخێوكەریان نییە، وەك ژنانی بەتەمەنو پەككەوتەو بێوەژنو تەڵاقدراوو قەیرە كچو تەنانەت ئەوانەی بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری وڵاتەوە هەلی هاوسەرگرتنیان بۆ نەڕەخساوە.
4. دانانی یاسایەك كەپشتگیری لەفێربونی ژنان بكاتو هانیان بدات بۆ داهێنانی رێگەی نوێی داهێنان بەگوێرەی ركابەریو پاداشتی بەبایەخو بەپێی رەخساندنی هەلو تواناكانیانو ئەولەویاتی ئەو ژنانەی خێزانیان لەئەستۆدایە.
5. هاندانی ژنان بۆ چوونە ناو پرۆژە تایبەتەكانەوەو پێدانی هەل بۆ ئەو مەبەستە لەمیانەی سولفەی بچوكو سولفەی گەورەو بەگوێرەی گەورەو بچوكیی پڕۆژەكە، ئەو قەرزانەی پێیان ئەدرێ سودێكی كەمیان بچێتە سەر، بە ماوەیەكی دورودرێژو بەبەش بەش لێیان وەربگیرێتەوە بەمەبەستی بزواندنی رەوڕەوەی بەرهەمهێنان لەوڵاتداو گەشەپێدانی تواناكانی ژنان وەك وزەیەكی مرۆیی لەروی گەشەپێدانەوە.
6. هاندانی ژنانی گوندنشین لەسەر بەرهەمهێنان ئەوەش بەدیاریكردنی پارچە زەوی كشتوكاڵی وەك (بەخشش)ێك بۆیان، هێنانی مەكینەو ئامێری نوێ بۆ ئەوەی لەو زەویانەدا بەكاریبهێننو پارەكەی بەشێوەی قیسط–ی ماوە درێژ لەكاتی فرۆشتنی بەروبومی زەویەكەدا بدەنەوە، بەمەرجێك بۆ خۆیان سەرپەرشتی كشتوكاڵەكانیان بكەن.
7. پێكهێنانی لیژنە یان دەستەیەكی پەیوەست بەدەسەڵاتی یاسادانانەوە، بەدواداچونی جێبەجێكردنی یاساكانی تایبەت بەبارودۆخی ئابوری ژنانو لێپرسینەوە لەو كەسانەی پێشلكاری رەمەكیانە دەكەنە سەر مافەكانیانو مافی پێداویستییە ئابورییەكانیان كەدەوڵەت بۆی دەستەبەركردون .

بەسادەیی ئەمانە پێشنیارەكانم بوون بۆ باشتركردنی بارودۆخی ئابوری ژنان لەعێراق.

## مافة ياسايىء سياسييةكانى ذنان:



لەرابردودا زۆر یاسا دەرچون كەهەندێك لەمافە یاساییەكانیان بۆ ژنان دەستەبەركردوە لەوانە: یاسای باری كەسێتیو هەمواركردنەكانی بەجۆرێك مافی هاوسەرگیری بەبێ زۆر لێكردنو مافی میراتو مافی جیابونەوەی دادوەرییان هەیە، یاسای مەدەنی ئەستۆ دارایی بەئەستۆیەكی سەربەخۆ لەئەستۆی پیاو داناوەو مافی راستەوخۆ كاركردن یان لەجیاتی مافی كاركردنی بۆ فەراهەمكراوە، بەڵام یاساكان لەمافی كاری سیاسیو رێكخستن بێبەشیانكردون، بەوەی كەبواریان نییە لەدەرەوەی یەك حزبو دەسەڵاتێكی تاكڕەوداو لەچوارچێوەی یەك یەكێتی ژناندا كار بكەن، ئەمەش بووەتە مایەی لاوازكردنی رۆڵو دەنگی سیاسی، تەنانەت كۆتایشی پێهێناوە.

یاسا مافەكانی لەچوارچێوەی دەقو یاساكاندا بۆ فەراهەمكردون بەبێ ئەوەی هیچی لێی جێبەجێبكرێت، بێبەشكراون لەهاوبەشیكردنیان لەدەسەڵاتی یاسادان یان دەسەڵاتی دادوەریو مومارەسەكردنی دادوەرییان لێقەدەغەكراوە، ئەمەش بەگوێرەی مەرجەكانی پەیمانگای دادوەری، ئەگەر چی رێگە درا بەچەند دادوەرێكی پێشوو– ئەوانەی لەسەرتاسەری عێراقدا ژمارەیان لەپەنجەكانی دەست تێناپەڕێت– بەمومارەسەكردنی دادوەری تەنها لەدادگاكانی نێوجەوانانو بەرایی، بەڵام لەپارێزگاكانو بەتایبەت پارێزگا ئاینییەكان ئەم پیشەیە بەچەندین بیانوی شەرعی لەژنان حەرامكراوە.

بەڵام لەدەسەڵاتی جێبەجێكردندا ژنان بۆ پۆستی وەزیر سەرنەكەوتون، تەنها یەك ساڵ پێش روخانی رژێم نەبێت لەدەوڵەتی عێراقدا یەك ژن بۆ پۆستی وەزیر بەرزكرایەوە، ئەویش بەهۆگەلێكەوە بووە كەپەیوەندی بەئاستی زانستی كەسەكەوە هەبوو، لەرووی مەسەلە سەربازییەكانیشەوە، رژێم ژمارەیەكی زۆری لەژنان راپێچی زیندانو لەسێدارەدان كردوە وەك ئەنجامێك بۆ ئەو ژنانەی كەدەنگی سیاسیان بەرزدەكردەوە.

ئەم چەند ساڵەی چەوساندنەوەی سیاسی ژنان وایكردوە ژنان زۆر بەدوربن لەمومارەسەكردنی مافەكانی خۆیانو بڕیاردان لەچارەنوسی خۆیانو وڵاتەكەیان، بەم شێوەیە سیاسەت بۆ پیاوان قۆرخ بووە تا بڕیار لەسەر چارەنوسی وڵاتو پلانە ستراتیژییەكان بدەن، لەكاتێكدا ئاشكرایە زیادبونی ژنان لەئاكامی جەنگو نەهامەتیەكانەوە وایكردوە سیاسەتی وڵات لاسەنگ بێت، هەروەها بەهۆی دابونەریتی كۆمەڵگەوە كەهێشتا لەقۆناغی بەراییدایە بەشداریكردنی ژنان لەچالاكی سیاسیدا بەنەنگی دادەنرێت، لەلایەن كۆمەڵێك پیاوی توندڕەوی ئایینییەوە ئەم بەشدارییە بە (حەرام) دەزانرێت، سەرەڕای ئەوەی ئایینی ئیسلام مومارەسەكردنی گشت مافە سیاسیو كۆمەڵایەتیو یاساییەكانی لەژنان قەدەغە نەكردوە، بەڵام پێچەوانەی تێگەیشتن لەبنەماكانی ئیسلام ژنانی خستوەتە بازنەی پێچەوانەییو دڵە راوكێیەكی توندەوەو هاوشان لەگەڵ ستەمو

توندوتیژی دەسەڵات بەرامبەر بەژنان، پێکەوە وایانکردوە رۆڵی سیاسیو یاسایی ژنان سنوردار بکرێت.

پاش روخاندنی رژێمی دیکتاتۆریو گۆڕانی سیستمی سیاسی، بزوتنەوەی ژنان هەلیان لەبەردەمدا رەخسا بۆ داواکردنی مافە سیاسییەکانیانو بەشداریکردنیان لەگەڵ پیاواندا لەبەڕێوبردنی حوکمی وڵاتدا، بەمشێوەیە لەئەنجومەنی حوکمدا چەند ژنێکی سەرکردە بەشداربون، داواکاری بۆ رێژەی نوێنەرایەتیکردنی سیاسی (کوتا) لەپێناو هاندانی ژنانو رێگە پێدانیان لەچوارچێوەی رێژەیەکی هاندەرانەدا، واتە باشکردنی بارودۆخی سیاسی ژنانو بەشداریکردنی لەدیاریکردنی چارەنوسی سیاسی وڵاتدا لەمیانەی بەشداریکردنی لەدەسەڵاتی یاسادانانو لەنووسینەوەی دەستوری وڵاتو، لەداهاتوشدا هاوبەشیکردن لەدارِشتنەوەی یاساکانی وڵاتدا.

## بۆیة بۆ ئایندة داواکاریمان لةذنان برتیية لة:

1. لەرووی سیاسی ەوە چالاکترو هۆشیارتربنو کار بۆ بەرزکردنەوەی رێژەی نوێنەرایەتیکردنی ژنان لەپارلەماندا بکەن.
2. لەمافە دەستورییەکانیان تێبگەن، ئەوانەی لەبواری مافە مەدەنیو سیاسییەکاندا پێیاندراوە، کەبریتییە لەمافی یەکسانی لەگەڵ پیاوان، لەم مادەیەوە هەنگاو هەڵگرن بۆ گەیشتن بەپێگەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو داوای پۆستی وەزارەتی زیاتر بکەنو ئینجا لەسەریانە لێهاتویی خۆیان لەو پۆستانەدا بسەلمێنن.
3. داوا لەپارلەمان بکەن کەژنان نوێنەریان لەدادگای فیدرالی باڵادا هەبێت وەك زامنێك بۆ چاودێریکردنی دەستوری وڵاتو راڤەکردنی، کەدەبێتە ئەمیندارێکی دەستوریی بەسەر یاساکانەوە.
4. وەرگرتنی پۆستی دادوەر وەك پیاوانو بەشداریکردنیان لەجێبەجێکردنی یاساکانو بەدیهاتنی دادپەروەریو ویژدان لەبەرئەوەی ئامرازی ئاشتییە.

بەکورتی، بۆ ئەوەی دادپەروەریو یەکسانی بێتە ئاراوە، نابێت بەچاوی بونەوەرێکی لاواز یان پەراوێزخراو تەماشای ژنان بکەینو رێژەیەکی بۆ ببڕینەوە کەمتر لەرێژەی پیاوان بێت، لەکاتێکدا لەروی ژمارەوە زیاتر لەنیوەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن، بۆیە ژنان لەسەریانە داوای مافەکانی خۆیان بکەنو بەرگری لەبەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەنو ئینجا لەسەر هەمومانە دەوڵەتو رێکخراوو تاکەکانیش تواناکانیان گەشە پێبدەینو هۆشیاری یاساییو سیاسییان لەلا دەوڵەمەنتر بکەین، بۆ ئەوەی ببنە سەرکردەیەکی سیاسیو هاوشانی پیاوان عێراق بونیات بنێنەوە.



لەکۆتایدا جێگەی ئومێدی ئایندەمانە، بەتایبەت کە لەبەردەم پرۆسەیەکی نوێی مێژوی عێراقداینو پاش راپرسی لەسەر دەستورو سەرکەوتنی، کەعێراق بچێتە قۆناغێکی نوێوە کەئەویش قۆناغی پارلەمانی نوێیەو ئەم ئەرکانە لەئەستۆ دەگرێت:

1. بەڕێوەبردنی وڵات.
2. هەمواركردنی دەستور.
3. دارِشتنی یاساکان.

ژنان رێژەیەك کە لەیەك لەسەر چوار کەمتر نییەو لەوانەشە زیاتر بێت لەپارلەمان پێکدەهێنن، ژنانی ناو پارلەمان ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانەو پێویستە بەئاگاییەوە مومارەسەی رۆڵەکانیان بکەن وەك سیاسەتمەدار:

1. لەمافە یاساییەکانی خۆیان وەك پارلەمانتار تێبگەن لەپێشنیارکردنی پرۆژەی یاساو دەنگدانو تێبینیدان لەسەر یاساکان، ئومێدەوارین بەچالاکییەوە کار لەسەر ئەمانە بکەن لەپێناو بەرزکردنەوەی کێشەو دەنگی ژنان.
2. پاراستنی مافە وەدەستهاتووەکان کەژنان ماوەیەکی دورودرێژ لەپێناو بەدیهاتنیاندا تێکۆشاونو کاریان بۆ وەدەستهێنانیان کردوەو، رازینەبن بەدەرچوونی هیچ یاسایەك کە لەم مافانە کەمبکاتەوە.
3. دامەزراندنی نوسینگەی راوێژکاری لەناو پارلەماندا، کەپارلەمانتارانی یاسایی (ژنان) لەخۆبگرێت، بەجۆرێك رۆڵیان هەبێت لەدەرچوونی یاساگەلێك کەخزمەت بەژنانو پێشکەوتنی بگەیەنێت.

## کۆتایی

کاتێك دەڵێین عێراقییەکان یەکسانن لەمافو ئەرکەکانیاندا بۆ بەدیهاتنی دادپەروەریو یەکسانی لەنێوان هەردوو رەگەزەکەدا، یەکەم ماف کەدەبێت بە"یەکسانی" تێیبڕوانین مافە سیاسییەکانە، بۆیە پێشنیار دەکەم بۆ بیرۆکەیەکی نوێ کەجێگەی گفتوگۆی جەنابتانو گفتۆگۆی بڕیاربەدەستانی عێراق دەبێت کەیاسای هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بۆ ژنانو پیاوان پێکەوە، هەمواربکرێتو پێشنیارەکەش بریتییە لەوەی رێژەی یەك لەسەر سێ بۆ پیاوانو بەهەمانشێوە رێژەی یەك لەسەر سێ بۆ ژنان تەرخانبکرێتو ئەو یەك لەسەر سێیەش کەدەمێنێتەوە ببێتە گۆڕەپانی رکابەری نێوان ژنانو پیاوانو لێرەوە دەتوانین دیاریبکەین کەکێ لەتوانایدایە لێهاتوییو شیاوی خۆی لەپرۆسەی سیاسی پارلەمانیدا بەگوێرەی جەماوەرو متمانەی گەل بسەلمێنێت، بەمجۆرە دەتوانین سادەترین مەرجەکانی دادپەروەریو گرنگترینیان بەدیبهێنین، ئەویش دادپەروەری سیاسییە.

سیاسەتی دادپەروەرانە دەستەبەرکەری مافو ئازادییەکانە.

## سوپاس

رێزو هیوای سەرکەوتنم بۆ پرۆژەکەتان قبولّ بفەرمونو هیوادارم تێبینیو پێشنیارەکانم، زۆر درێژەی نەکێشابێت، دوبارە رێزو سوپاسمان قبوڵبکەن.

## واقیعی ژنانی عێراقی بەگشتیو ژنانی كوردستانی بەتایبەتی

پارلەمانتار: گەلاوێژ جەباری

سەرباری دەرچوونی چەندین دەستور لەدامەزراندنی دەوڵەتی عێراق ی لەساڵی 1920 ەوەو پەسەندكردنی دەستور پاش ساڵێك لەدامەزراندنی دەوڵەت، واتە ساڵی 1921 و هەروەها ساڵی 1925 و دەستوری 1958 پاش گۆڕانی سیستمی حوكمڕانی لەعێراق بۆ سیستمی كۆماریو پەسەندكردنی دەستوری نوێ ساڵی 1959 و هەروەها دەستوری كاتی ساڵی 1970 پاش ئەوەی حزبی بەعس لەعێراق دەسەڵاتی گرتەدەست، كە بەپێی ئەو دەستورە ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش ڕێگەی پێدرا بۆ دەركردنی یاساو بڕیارەكانو مانەوەی ئەم دەستورە بۆ ماوەیەكی دورودرێژ، پاش چەند ساڵێكو بەدیاریكراوی ساڵی 1977 ڕژێمی پێشوو یاسایەكی بەناوی یاسای چاككردنی سیستمی یاسایی دەركرد، بەگوێرەی ئەم یاسایە بەرەبەرە دەسەڵات لەدەستی دەسەڵاتی جێبەجێكردن وەردەگیرایەوەو ڕژێم بووە فەرمانڕەوای بڕیاردەر، لەگەڵ هەبوونی دەسەڵاتی یاسادانان لەو سەردەمەدا، ئەم دەستورە كاتییە تا كەوتنی ڕژێمەكە بەهۆی سەرقاڵبونی ڕژێم بەجەنگە ناوخۆییو هەرێمییەكانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ وەك ئێرانو كوەیت وڵاتی بەڕێوەبرد.

سەرەڕای بوونی دەستور، ماف لەتەواوی تاکەکانی گەل زەوتکرابوو، لەبەرئەوەی زۆربەی کات دەستور لەکارخراو بوو، بەهۆی شەڕەوە یاسای کتوپڕ (الطوارىء) فەرمانڕەوایی وڵاتی دەکرد، بێگومان ژنانی عێراق لەدەرەوەی ئەم بارودۆخە نەبوونو ئەوانیشی گرتوەتەوە بەبێ جیاوازیکردن لەنێوانیاندا بەهۆی ئەوەی لەنەتەوەی جیاجیان، ژنان تەنها زەرەرمەند بوون لەبەرئەوەی مافەکانیان لێزەوتکراوە، لەشەڕی نادادپەروەرانەدا هاوسەرو باوکو براو کوڕەکانیان لەدەستداوە، سەرباری ئەوەی هەموو پۆستو رۆڵەکانی (بێجگە لەکاروباری سوپا) لەئەستۆ گرتووە، ئەمەش لەبەر نائامادەیی پیاوان بەهۆی جەنگەکانەوە، ئەوەندە هەیە مافو رۆڵی شیاویان دەست نەکەوتووە.

هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەژنان وەك روپۆشێك بەکارهاتوون، ئەمە لەلایەکو لەلایەکیترەوە بارودۆخی ژنان لەعێراق لەمێژەوە بارودۆخێکی نەگونجاو بووە، چونکە کۆمەڵگەی عێراقی کۆمەڵگەیەکە ملکەچی دەسەڵاتی باوکەو ژن بەپلەی دووەم دێتو پاشکەتووی دەسەڵاتی باوك، ئینجا برا، ئینجا هاوسەرەکەیەتیو، لەروی کۆمەڵایەتییەوە هاوڵاتی پلە دووە، هەندێکجار دەقە یاساییەکان ئەم راستییە دەسەلمێنن، سەرەڕای عورفی باوی ناو کۆمەڵگە، هەمان پێناسە ژنانی کوردستانی عێراقیش دەگرێتەوە بەهۆی هاوشێوەبوونی کۆمەڵایەتی و یاساییەوە، وەك چۆن رووبەڕووی لەناوبردنو تیرۆرو تاوانی بەکۆمەڵکوشتن (جینۆساید) بوونەتەوە بەهۆی ئەوەی سەر بەنەتەوەی کوردن، بەڵام ئەو هەلە مێژووییەی لەراپەڕینی پیرۆزی ساڵی 1991دا بۆ کوردستانی عێراق رەخسا، دوای کشانەوەی حکومەتی عێراقی، پاش ئەوەی ناوچەکە کەوتە بازنەی پاراستنی نێودەوڵەتییەوە، بواری دایە ژنانی کورد بۆ کارکردنو خەبات لەپێناو مافەکانیاندا لەرێگەی رێکخراوە جەماوەرییەکانو رێکخراوەکانی ژنانو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەپێشتر لەعێراقدا ناسراو نەبوون، هەریەکەیان کاریان بۆ بەرژەوەندییەکانی توێژی خۆیان دەکرد، ژنان چەندین دەسکەوتیان بەدیهێنا وەك گۆڕینی کۆمەڵێك یاساو وەرگرتنی هەلی کارکردنو پۆستی سەرکردایەتی، بەڵام دەتوانین بڵێین سودوەگرتن لەگۆڕانکارییەکان تائێستا لەبەرژەوەندی دەستەبژێردا بووە، نەك هەموو ژنان، هەروەها گۆڕانکارییەکان وەك پێویست نین، ئەمەش لەبەر هۆی سیاسی کەبریتییە لەناسەقامگیریی ناوچەکە لەروی سیاسییەوەو فەرمانڕەوایی حزبەکان لەدەسەڵاتدا، هەروەها لەبەر هۆی ئابوری کەپەیوەستە بەداڕوخانی ژێرخانی ئابوری ناوچەکەو سەربەخۆ نەبوونی ئابوری ژنان بەتەواوی، هۆی کۆمەڵایەتی کەبۆ ئەو عورفو دابونەریتە کۆمەڵایەتیانە دەگەڕێتەوە کە لەسەر حسابی ژنان خزمەت بەپیاوو کۆمەڵ دەکەن. گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لەهەنگاوی یەکەمیدایە، بەڵام بەشێوەکی باش لەم هەرێمەدا بەڕێوەدەچێت، سەرباری



پێشێلکردنی مافەکانی ژنان وەك ئاماژەمان پێکرد، بەهۆی یاساوە کەبنەماکانی لەشەریعەتی ئیسلامییەوە وەرگیراوەو خزمەت بەپیاو دەکات، یان بەهۆی عورفی کۆمەڵایەتییەوە.

بەشێوەیەکی گشتی بیستەکانی سەدەی رابردوو، بەتوندوتیژی دژی ژنان لەهەموو جیهاندا دەناسرێتەوە، سەرباری جیاوازی ئاستی رۆشنبیرییان، لەئاکامی جەنگو نەهامەتییە جیهانیو ناوخۆییەکانەوە.

لێرەوە بایەخی دەستوری نوێی عێراق دەردەکەوێت، کەپێویستە سەرجەم مافە سیاسیو مەدەنیو تەندروستیو رۆشنبیریو ئابورییەکانی ژنان پەسەندبکات، چونکە تەنها زامنە بۆ ئەوەی ژنان لەمیانەیەوە بوونو کەسێتییان بۆ بگەڕێتەوەو بچنە سەرجەم بوارەکانەوە تاوەکو رۆڵێکی کارایان هەبێت لەبونیادنانەوەی کۆمەڵگەی عێراقی نوێدا کە لەسەر بەشداری ژنان لەهەموو ئاستەکانی دیموکراسیو یەکسانی لەکۆمەڵگەو ناساندنی ژنان بەسەرجەم مافەکانیو یەکسانی لەگەڵ پیاو (پەیماننامەی سیداو) قەدەغەکردنی پیادەکرنی جیاکاری لەدژی ژنانو ئازادکردنی لەتوندوتیژی خێزانیو بازرگانی پێوەکردنی، بەندبێت.رەشنوسی دەستوری پێشنیارکراو کە لەبەرواری 15ی ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەمی 2005 راپرسی لەسەرکرا، لەرووی دابینکردنی مافەکانی ژنانەوە هێشتا لەئاستی پێویستدا نییە، ژنانی عێراقو ژنانی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی هێشتا رێگەیەکی دوورودرێژی خەباتو ململانێیان لەبەردەمدایە لەپێناو جێگیرکردنی ئەو مافانەی پێشتر ئاماژەمان پێکردن، ئەوەش بەچاککردنی بەندەکانی ئەم دەستورەو پەسەندکردنی مافەکان بەتەواوی دەبێت.

**خستنەڕووی یاساکان:**

لێرەدا ئەو یاساو بڕیارانە دەخەینەڕوو کەپارلەمانی کوردستان لەهەرێمی کوردستان هەمواریکردون:

1. **بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 211**

راگرتنی کارکردن بەبڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 211ی ساڵی 1984و دانانی ئەم دەقە لەجێگەیدا:

"بینینی منداڵ لەلایەن باوك یان دایکەوە بەپێی بڕیاری دادگای باری کەسێتی لەجێگەیەك دەبێت کەهەردوولا لەسەری رێدەکەونو ئەگەر نەکرا بەپێی بڕیارێك لەجێبەجێکەری دادەوە دیاریدەکرێت".

دەقی پێشوو، بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 211 ساڵی 1984:

"بینینی منداڵ لەلایەن باوك یان دایكەوە بەپێی بڕیاری دادگای باری كەسێتی لەبارەگای یەكێتی گشتی ژنانی عێراق لەو شارۆچكەیە دەبێت كەمنداڵو بەخێوكەرەكەی لێیە".

### 2. یاسای ژمارە 6:

"هەر مێردێك كەپەیوەستنامەی هاوسەرێتییەكەی لەدەرەوەی دادگا ئیمزابكات سزادەدرێت بەزیندانیكردن بەماوەیەك كە لەشەش مانگ كەمتر نەبێتو لەیەك ساڵ زیاتر نەبێت یان غەرامەیەك كە لەسێ هەزار دینار كەمتر نەبێتو لەپێنج هەزار دینار زیاتر نەبێت، سزای زیندانیكردنەكە ماوەیەك دەبێت كە لەسێ ساڵ كەمتر نەبێتو لەپێنج ساڵ زیاتر نەبێت ئەگەر پیاوەكە خێزانداربوو لەدەرەوەی دادگا پەیوەستنامەی هاوسەرگیری ژنی دووەمی ئیمزاكرد"

دەقی پێشوو، بڕگەی 102 لەیاسای باری كەسێتیو هەمواركردنەكانی ژمارە 188ی ساڵی 1958:

"هەر مێردێك كەپەیوەستنامەی هاوسەرێتییەكەی لەدەرەوەی دادگا ئیمزابكات سزادەدرێت بەزیندانیكردن بەماوەیەك كە لەشەش مانگ كەمتر نەبێتو لەیەك ساڵ زیاتر نەبێت یان غەرامەیەك كە لەسێ سەد دینار كەمتر نەبێتو لەهەزار دینار زیاتر نەبێت، سزای زیندانیكردنەكە ماوەیەك دەبێت كە لەسێ ساڵ كەمتر نەبێتو لەپێنج ساڵ زیاتر نەبێت ئەگەر پیاوەكە خێزانداربوو لەدەرەوەی دادگا پەیوەستنامەی هاوسەرگیری ژنی دووەمی ئیمزاكرد"

### 3. یاسای ژمارە 7 مادەی 1 :

"ژنان ئەحكامەكانی بڕگەی ( 1) ی مادەی ( 41) لەیاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969ی هەمواركراو نایانگرێتەوە".

دەقی پێشوو:

"تەمبێكردنی ژن لەلایەن هاوسەرەكەیەوە، تەمبێكردنی باوكو مامۆستاو ئەو كەسەی لەحوكمی ئەواندایەو منداڵانی ناكام لەو سنورەی یاسا یان شەرع یان عورف دیاریكردوە"

### 4. یاسای ژمارە 8 مادەی 1 :

"ئەگەر مێردێك ژنەكەی تەڵاقداو بۆ دادگا دەركەوت كەمێردەكە ڕەمەكە (متعسف)ە لەتەڵاقەكەیداو هاوسەرەكەی بەهۆیەوە زیانی پێگەیشتووە، دادگا لەسەر داوای ژنەكە خۆی بڕیار لەسەر تەڵاقدەر دەدات بەقەرەبووكردنەوەیەك كە لەگەڵ باری مادیو ئەندازەی ڕەمەكییەكەیدا بگونجێت، كە لەنەفەقەی دوو ساڵ كەمتر نەبێتو لەنەفەقەی سێ ساڵ زیاتر نەبێت، سەرەڕای مافە جێگیرەكانی تری".

دەقی پێشوو:



"ئەگەر مێردێك ژنەكەی تەڵاقداو بۆ دادگا دەركەوت كەمێردەكە ڕەمەكە (متعسف)ە لەتەڵاقەكەیداو هاوسەرەكەی بەهۆیەوە زیانی پێگەیشتووە، دادگا لەسەر داوای ژنەكە خۆی بڕیار لەسەر تەڵاقدەر دەدات بەقەرەبووكردنەوەیەك كە لەگەڵ باری مادیو ئەندازەی ڕەمەكییەكەیدا بگونجێت، كەنابێت نەفەقەكەی دوو ساڵ تێپەڕێنێت، سەرەڕای مافە جێگیرەكانی تری".

5. یاسای ژمارە 9 مادەی 1 :

"لەهەرێمی كوردستان كاركردن بەبڕگەی 2 لەمادەی 377 لەیاسای سزادانی ژمارە 111ی ساڵی 1969ی هەمواركراو ڕادەگیرێت".

مادەی 2 :

"مێردی زیناكەرو ئەوەشی زیناكەی لەگەڵدا دەكات بەپێی سزای بڕگە 1 لەمادەی 377ی یاسای سزادان ژمارە 111ی ساڵی 1969 هەمواركراو سزادەدرێت".

دەقی پێشوو:

بڕگەی 1 لەمادەی 377 لەیاسای سزادان ژمارە 111ی ساڵی 1969ی هەمواركراو:

" ژنی مێرداری زیناكەرو ئەوەشی زینای لەگەڵدا كردوە، بەزیندانیكردن سزا دەدرێنو دادگا واگریمانە دەكات كەتاوانبار بەئاگابووە لەوەی ئەم ژنە زیناكەرە مێری هەبووە تەنها لەو كاتەدا نەبێت كە لەلایەنییەوە سەلمێنرا كە لەتوانایدا نەبووە بواری بەئاگابوونی هەبێت".

برطةی 2:

"بەهەمان سزا، مێرد (الزوج) سزادەدرێت ئەگەر لەماڵی ژنومێردایەتیدا زینای كرد".

### 6. یاسای ژمارە 10 مادەی 1:

" ڕاگرتنی كاركردن بەیاسای 189ی ساڵی 1980 تایبەت بەرێگەدان بەهێنانی ژنی دووەم بەبێ پرسی دادگا ئەگەر بێوەژن بوو".

دەقی پێشوو:

"ڕێگە بەهێنانی زیاتر لەژنێك دەدرێت ئەگەر ئەو كەسەی هاوسەرگیرییەكەی لەگەڵ دەكرێت بێوەژن بێت".

### 5. یاسای ژمارە 11 مادەی 1 :

"نەفەقەی منداڵ وەك قەرزێك لەئەستۆی باوكیدا دەمێنێتەوە، ئەگەر باوكی نەفەقەكەی نەدات".

دەقی پێشوو: مادەی 59 لەیاسای باری كەسێتیو هەمواركردنەكانی ژمارە 188ی ساڵی 1959:

1 - ئەگەر منداڵ پارەی نەبوو نەفەقەکەی لەسەر باوکی دەبێت ئەگەر هەژار نەبێتو توانای نەفەقەو کاسپی هەبێت.

2 - نەفەقە بەردەوام دەبێت تا مێینە شودەکاتو تا نێرینەش دەگاتە تەمەنێك کەهاوشێوەکانی توانای کاسپی کردنیان هەبێت، ئەگەر خوێندکار نەبێت.

3 - کوڕی گەورەی پەککەوتە (بێ توانا) بەمنداڵی بچووك حسابی بۆ دەکرێت.

**مادەی 60 :**

"ئەگەر باوك نەیتوانی نەفەقە دابینبکات، ئەو کەسە رادەسپێردرێت کە لەنەمانی باوکدا، بژێوییان لەئەستۆدەگرێت".

**یاسای ژمارە 14 مادەی 1 :**

"ئەنجامدانی تاوان دەرهەق بەژنان بەبیانوی پاڵنەری شەرەفەوە نابێتە بیانوییەکی یاسایی بۆ کەمکردنەوەی مەبەستەکانی جێبەجێکردنی مادەکانی 128و 130و 131 لەیاسای سزادان ژمارە 111 ساڵی 1969ی هەموارکراو".

دەقی پێشوو لەیاسای باری کەسێتی ژمارە 188ی ساڵی 1959و هەموارکردنەکانی، ماددەی 1/128:

"بیانووەکان یان ئەوەتا لەسزا دەیبورێت یان سوکی دەکاتو هیچ بیانوییەك نییە بێجگە لەوەی یاسا دیاریدەکات جگە لەم حاڵەتانە بەبیانوی سوککەر دادەنرێت لەئەنجامدانی تاوانێك بەپاڵنەری شەرەف یان لەسەر بنەمای ئیستفزازکردنێکی ترسناك بەناڕەوا لەلایەن ئەو کەسەی تاوانەکەی دەرهەق ئەنجامدراوە".

**مادەی 130 :**

"ئەگەر بیانوی سوککەر لەتاوانێکدا هەبوو کەسزاکەی لەسێدارەدان بوو، سزاکە دادەبەزێت بۆ زیندانی هەتاهەتایی یان زیندانیکردن بۆ ماوەیەك کە لەیەك ساڵ کەمتر نەبێت، ئەگەر سزاکەی زیندانیکردنی هەتاهەتایی بێت بۆ زیندانیکردن بۆ ماوەیەك کە لەشەش مانگ کەمتر نەبێت، گشت ئەمانە ئەگەر دەقێکی یاسایی پێچەوانەی نەبێت".

**مادەی 131 :**

"ئەگەر لەتاوانێکدا هۆی سوککەر هەبوو، سوککردنەکە بەمشێوەیە دەبێت: ئەگەر سزاکە لانی کەم بوو لەسزادان ئەوا دادگا پێوەی پابەند نابێتو، ئەگەر سزاکە زیندانیکردنو غەرامەکردن بێت لەیەککاتدا دادگا بڕیار لەسەر یەك سزایان دەداتو، ئەگەر سزاکردن بێت بەبێ ئەوەی لانیکەمی بۆ دیاریکرابێت دادگا لەبری ئەوە بەغەرامە بڕیاردەدات".

**8. یاسای ژمارە 23 مادەی 1 :**



"موچەو دەرماڵەی تەواو بۆ ژنێك خەرجدەکرێت کە لەماوەی مۆڵەتی منداڵبوون یان دایکایەتیدایە، بەدرێژیی ماوەی مۆڵەتەکەی".

دەقی پێشوو:

"ئەو ژنانەی لەمۆڵەتی دایکایەتیدا بوون بۆ ماوەی یەك ساڵ، ماوەی شەش مانگ موچەی تەواویان بۆ سەرفدەکراو شەش مانگەکەی تری نیو موچەی وەردەگرت".

**9. یاسای ژمارە 24 مادەی 1 :**

کۆتایهاتنی یاسای باری کەسێتی ژمارە 188 ساڵی 1959ی هەموارکراو بەردەوام لەهەرێمی کوردستانی عێراق کاری پێدەکرێت".

**مادەی 2 :**

"یاسای ناوبراو لەمادەی یەکەمیدا بەجێگەی یاسایەکی تایبەت بەهەرێمی کوردستانی عێراق دادەنرێت لەحاڵەتی کۆتایهاتن بەبڕیاری ئەنجومەنی حوکم ژمارە 137 دەرچوو لە 29 دیسەمبەری 2003دا یان هەر بڕیار یان یاسایەك کە بەئاشکرا یان لەکرۆکدا مەبەست لێی هەڵوەشاندنەوەیەتی.

دەقی پێشوو: بڕیاری ژمارە 137 :

ئەنجومەنی حوکم لەدانیشتنی 29ی ئۆکتۆبەری 2003دا بڕیاریدا بە:

1. جێبەجێکردنی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی لەبابەتەکانی پەیوەست بەهاوسەرگیریو مارەبڕینو سازدانی پەیوەستنامەی هاوسەرێتیو ئەهلیەتو جێگیرکردنی هاوسەرگیریو هاوسەرگیری بەگوێرەی کتێبە پیرۆزەکان (تەورات، ئنجیل)و مافی ژن لەمارەییو نەفەقەو تەڵاقو (جیابوونەوەی شەرعی)[a1] و (الخلع)[a2] و (العدە)[a3] و رەچەڵەکو شیردانو پەروەردەکردنی منالۆ نەفەقەی (لق)[a4] و (بنەڕەتەکان)[a5] و نزیکەکانو

[a1] جیابونەوەی شەرعی: حاڵەتێکی جیابوونەوەیە کەدادگا بڕیاری لەسەر دەدات نەك پیاوەکە ژنەکەی تەڵاق بدات.(وەرگێڕ)

[a2] الخلع: ئەو جۆرە جیابوونەوەیەیە کە لەئەنجامی پێدانی بڕێك پارە لەلایەن ژنەکەوە بەمێردەکەی بەمەبەستی تەڵاقدانی. (وەرگێڕ)

[a3] العدة: ئەو ماوەیەبەر لەجیابوونەوەی تەواوەتی ژنو پیاو دادەنرێت بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی ژنەکە دووگیان نییە یان بواری پێکەوە گونجانو گەڕانەوەی ئەو ژنو پیاوە لەئارادایە. (وەرگێڕ)

[a4] لق : مەبەست لەمناڵەکانە. (وەرگێڕ)

[a5] بنەرەتەکان: مەبەست لەدایكو باوکە. (وەرگێڕ)

وەسییەتو ........ (الوقف) [a6] و میراتو گشت دادگا شەرعییەکانو دادگای باری کەسێتی، بەگوێرەی مەبەستە مەزهەبییەکان".

2. هەڵوەشاندنەوەی گشت ئەو یاساو بڕیارو ڕێنماییو داتاو ئەو مادانەی لەگەڵ بڕگەی 1ی ئەم بڕیارەدایە".

## ئامار سەبارەت بەڕێژەی ژنان لەدامەزراوەکانی هەرێمی کوردستانء رۆڵیان لەناوەندەکانی سەرکردایەتیدا

1. ڕێژەی ژنان لەئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان لەسلێمانی 46.16٪.
2. وەزارەتی دارایی لەسلێمانی 30.2٪.
3. وەزارەتی پیشەسازی لەسلێمانی 30.82٪.
4. وەزارەتی ناوخۆ لەسلێمانی 3.91٪.
5. وەزارەتی داد لەسلێمانی 43.12٪.
6. وەزارەتی تەندروستی لەسلێمانی 46.03٪.
7. وەزارەتی پەروەردە لەسلێمانی 55.01٪.
8. وەزارەتی خوێندنی باڵا لەسلێمانی 50.18٪.
9. وەزارەتی کشتوکاڵ لەسلێمانی 15.45٪.
10. وەزارەتی شارەوانیو گەشتوگوزار لەسلێمانی 31.9٪.
11. وەزارەتی مافی مرۆڤ لەسلێمانی 20.44٪.
12. وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەسلێمانی 62.15٪.
13. وەزارەتی رۆشنبیری لەسلێمانی 62.50٪.
14. وەزارەتی پەیوەندیو هاوکاری مرۆڤایەتی لەسلێمانی 57.14٪.
15. وەزارەتی ئەوقاف لەسلێمانی 9.27٪.
16. چاودێری دارایی لەسلێمانی 60.71٪.
17. ئەنجومەنی راژە 61.86٪.
18. هێزی کار 45.62٪.

[a6] الوقف: ئەوماڵو موڵکەیە کەسودی لێدەبینرێت، بەڵام سەودای پێوە ناکرێت. (وەرگێڕ)



## بەشداری ژنان لەپۆستەکانی سەرکردایەتی لەکوردستان لەدوای راپەڕینی ئازار 1991؛

## ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عیَراق:

| | | |
|---|---|---|
| 1. | هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد | ئەندام پارلەمان |
| 2. | پەریخان مەحمود شەوقی | ئەندام پارلەمان |
| 3. | گەلاوێژ عەبدولجەبار مەجید ئەلجەباری | ئەندام پارلەمان |
| 4. | نەسرین مستەفا مەزهەر | ئەندام پارلەمان |
| 5. | شەفیقە فەقێ عەبدوڵڵا | ئەندام پارلەمان |
| 6. | نەهلە محەمەد سەعدوڵڵا | ئەندام پارلەمان |
| 7. | فەوزیە عزەددین رەشید | ئەندام پارلەمان |
| 8. | حەلیمە حسین محەمەد بارزانی | ئەندام پارلەمان |
| 9. | زەهرا حاجی تەها سلێمانی | ئەندام پارلەمان |

## هەروەها ژنان لەدەسەڵاتی جێبەجێکردندا بەشداریان کردووە، بەمشێوەیە:

وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

| | | |
|---|---|---|
| أ. کافیە سلێمان عەبدوڵڵا | وەزیری شارەوانی | ساڵی 1996. |
| ب. نەرمین عوسمان حەسەن | وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی | ساڵی 1998 |
| ج. شەونم عەبولقادر محێدین | وەزیری پەروەردە | ساڵی 2002 |
| د. پەروین بابەکر حەمەئاغا | وەزیری پیشەسازی | ساڵی 2002 |
| ه. شنۆ لەتیف مەحمود | وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی | ساڵی 2002 |
| و. نازەنین مەحمود سو | وەزیری ئەشغالو ئاوەدانکردنەوە | ساڵی 1999 |
| ز. نەسرین مستەفا سدیق | وەزیری گەشەپێدانو هاریکاری | ساڵی 1999 |

**هەروەها خاتوو نەرمین عوسمان ساڵی 1998 پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە.**

## ناوی بریکاری وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

| | | |
|---|---|---|
| 1. | پەخشان جەلال حەفید | بریکاری وەزارەتی مافی مرۆڤ/ سلێمانی. |
| 2. | لەمیعە نورەددین محەمەد | بریکاری وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر. |
| 3. | بەیان ئیسماعیل دزەیی | بریکاری وەزارەتی شارەوانی/ هەولێر |
| 4. | د. جینان قاسم عەلی | بریکاری وەزارەتی تەندروستی/ سلێمانی |

| | | |
|---|---|---|
| 5. | حەیات سەردار | بریكاری وەزارەتی ئەشغال/ هەولێر |
| 6. | سەیران جەمال عەبدولقادر | ئەندامی موتەفەریغ لەئەنجومەنی پلاندانان بەپلەی بریكاری وەزیر. |
| 7. | شنۆ لەتیف مەحمود | بریكاری وەزیری ئەشغالۆ ئاوەدانكردنەوە/ سلێمانی |

### ثلةى قايمقام (قايمقامى قةزا)

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1. | مونیرە ئەبوبەكر محەمەد | قایمقامی قەزای دوكان | سالی 2002 |

**یەكەم خانمە كەپۆستی قایمقام لەكوردستاندا وەربگرێت.**

### ناوى بةريَوةبةرة طشتييةكان لةدةسةلآتى جيَبةجيَكردندا:

| | | |
|---|---|---|
| 1. | پەخشان جەلال حەفید | وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی/ سلێمانی. |
| 2. | ئەمیرە محەمەد ئەمین | وەزارەتی پەروەردە/ سلێمانی |
| 3. | پەروین كاكە حەمە | وەزارەتی پیشەسازی/ سلێمانی |
| 4. | ساحبە سەعید عەبدوڵلا | دیوانی پارلەمانی كوردستان |
| 5. | گەلاوێژ محێدین | وەزارەتی پیشەسازی/ هەولێر |
| 6. | تاڤگە عومەر رەشید | وەزارەتی هاوكاریو مرۆڤایەتی |
| 7. | ئاوێز عارف | ئەنجومەنی وەزیران |
| 8. | نەرمین حەمە ئەمین | وەزارەتی مافی مرۆڤ/ هەولێر |
| 9. | مەلیحە خدر رەسول | وەزارەتی دارایی/ سلێمانی |
| 10. | نوەید سدیق عەبوڵلا | وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن/ سلێمانی |
| 11. | گوڵشەن عەبدولجەبار جەلال | وەزارەتی پیشەسازی/ هەولێر |
| 12. | ئاوات نورەددین | وەزارەتی دارایی/ هەولێر. |

### ناوى جيَطرانى بةريَوةبةرة طشتييةكان

| | | |
|---|---|---|
| 1. | ئاشتی نوری عەبدوڵلا | وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی |
| 2. | نیشتمان عەبدولقادر ئەحمەد | وەزارەتی پەیوەندیو هاوكاری |
| 3. | پەروین حەسەن ئەحمەد | وەزارەتی مافی مرۆڤ |
| 4. | هەنار عەلی حەمید | وەزارەتی پیشەسازی |

### ناوى بةريَوةبةرى فةرمانطةكان

| | | |
|---|---|---|
| 1. | پەخشان عەبدوڵلا ئەحمەد | بەڕێوەبەری فەرمانگەی شوێنەوار/ سلێمانی |



| | | |
|---|---|---|
| 2. | مونیرە عەبدول محەمەد | بەڕێوەبەری كارگەی جلوبەرگی ئامادەكراو/ سلێمانی |
| 3. | د. ژیان ئەحمەد عەبدول | بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منالبوون |
| 4. | خوناو رەئوف شاكر | بەڕێوەبەری خۆیەتی لەپارلەمانی كوردستان |
| 5. | نەشوا ئاراس محەمەد | بەڕێوەبەری پەیوەندیو هاوكاریی لەسلێمانی |
| 6. | د. سوهام نەجار | بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منالبوون/ سلێمانی |
| 7. | د. ئیخلاس نعمەت جوایس | بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی منالان/ سلێمانی |
| 8. | گەلاوێژ عەلی محەمەد ئەمین | بەڕێوەبەری باجی داهات/ سلێمانی |

### هةروةها ذمارةيةك لةشارةزاو راويَذكار هةن:

| | | |
|---|---|---|
| 1. | روپاك ئیبراهیم مستەفا | راوێژكار لەئەنجومەنی وەزیران |
| 2. | زێڕین ئەحمەد حەمە ئەمین | راوێژكار لەوەزارەتی دارایی |
| 3. | نەسرین سەید مستەفا | راوێژكار لەوەزارەتی شارەوانی |
| 4. | حەیات سەردار | راوێژكار لەئەنجومەنی وەزیران |
| 5. | شەفیقە عەلی حسێن | راوێژكار لەوەزارەتی پیشەسازی |
| 6. | گەلاوێژ عەلی شالی | راوێژكار لەوەزارەتی دارایی |
| 7. | ئەدیبە مەحمود عۆدە | راوێژكار لەوەزارەتی مافی مرۆڤ |
| 8. | شادی كازم سەماوی | راوێژكار لەوەزارەتی رۆشنبیری |
| 9. | مونیرە رەشید حەسەن | راوێژكار لەوەزارەتی رۆشنبیری |
| 10. | شادان تۆفیق عەبدولرەحمان | راوێژكار لەوەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی |
| 11 . | شیلان عەبدولسەمەد | راوێژكار لەئەنجومەنی وەزیران |
| 11. | ناسك ئەكرەم ئەوهەم | راوێژكار لەئەنجومەنی وەزیران |
| 12. | عالیە بوترس ئەسكەندەر | راوێژكار لەئەنجومەنی وەزیران |
| 13. | خومار رەفیق مستەفا | شارەزا |
| 14. | شەهلا داود حەسەن | شارەزا |
| 15. | سەیران جەمال عەبدولقادر | ئەندامی موتەفەریغ بۆ ئەنجومەنی پلاندانان بەپلەی بریكاری وەزیر. |
| 16. | نازەنین عەلی عەبدوڵلا | شارەزا |

| | |
|---|---|
| 17. دلدار مەجید بەهائەدین | شارەزا |
| 18. مهاباد لەتیف مەحمود | راوێژکار |
| 19. تانیا عەبدولقادر | راوێژکار |
| 20. ئەمیرە رەئوف مەجید | شارەزا لەزانکۆی سلێمانی |
| 21. سنۆبەر لالە مەحمود | راوێژکار |
| 22. ئەدیبە مەحمود عۆدە | شارەزا لەزانکۆی سلێمانی |
| 23. روناک محەمەد کەریم | شارەزا لەزانکۆی سلێمانی |
| 24. کوردستان سالّح دەلۆیی | راوێژکار لەوەزارەتی مافی مرۆڤ |

## ذنان دیسانةوة لةبواری دةسةلاَتی دادوةریشدا رؤلَیان هةبووة، هةندیَکیان لةدادطاكانی حكومةتی هةریَمی كوردستاندا داوةر بوون، بةمشیَوةیة:

| | |
|---|---|
| 1. کەمیلە عەلی سالم | قازی/ دهۆك یەکەم دادوەر |
| 2. چراخان ئیبراهیم فەتاح | دادوەر/ سلێمانی |
| 3. هاوار خورشید کەریم | دادوەر/ سلێمانی |
| 4. گەلاوێژ سەعید محەمەد | دادوەر/ سلێمانی |
| 5. نێرگز مەجید ئەمین | دادوەر/ سلێمانی |
| 6. گەشاو محەمەد ئەمین | دادوەر/ سلێمانی |

## ناوی داواكارة طشتييةكان لةهةريَمی كوردستان:

| | |
|---|---|
| 1. سوهام عەبدولقادر | داواکاری گشتی/ هەولێر |
| 2. سازگار عەلی ناجی | داواکاری گشتی/ هەولێر |
| 3. لەیلا عەبدوڵلا رەشید | داواکاری گشتی/ سلێمانی |
| 4. نیان ئەحمەد عەبدوڵلا | داواکاری گشتی/ سلێمانی |

ژمارەی جێگرانی دادوەر گەیشتووەتە (22) ژنی جێگری داواکاری گشتی.

## ناوی دادنوس لةدادطاكانی هةريَمی كوردستان

| | |
|---|---|
| 1. چنار فەوزی رەشید | سلێمانی |
| 2. شۆخان عەباس | سلێمانی |
| 3. شەوین عزەدین محەمەد | هەولێر |



زیاتر لە (150) پارێزەر هەیە.

## ذنانی كورد رؤذنامةو طؤظار دةردةكةن، لةوانة:

| | |
|---|---|
| 1. رۆژنامەی پێگە | سەرنوسەرەکەی: بەناز کوێستانی |
| 2. گۆڤاری خاتوزین | سەرنوسەرەکەی: چلورە هەردی |
| 3. گۆڤاری زافین | ئامادەیی چناری کچان |
| 4. گۆڤاری ژین نەینەوا | یەکێتی بیناکردنی کوردستان– لقی دهۆکو |
| 5. گۆڤاری دەنگی ژن سەرنوسەرەکەی پرشنگ فەلەکەدین | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان– |
| 6. رۆژنامەی وڵات | سەرفەراز نەقشبەندی سەرنوسەریەتی |
| 7. گۆڤاری تەوار | ئامادەیی چناری کچان |
| 8. رۆژنامەی نیشتمانی خۆر | سەرنوسەرەکەی: تانیا جەمال غەریب |
| 9. گۆڤاری (دەنگی– دەنگێك) | سەرنوسەرەکەی: بەهار عەلی |
| 10. گۆڤاری مافی ئافرەت | سەرنوسەرەکەی: سۆلاف ئەحمەد |
| 11. گۆڤاری دەنگی نوێ | سەرنوسەرەکەی: سۆلاف ئەحمەد |
| 12. گۆڤاری ئافرەتان | سەرنوسەرەکەی: شیرین ئامێدی |
| 13. رۆژنامەی یەکسانی | سەرنوسەرەکەی: ناسك ئەحمەد |
| 14. رۆژنامەی ژیانەوە | سەرنوسەرەکەی: پەیمان عزەدین |
| 15. بلاوکراوەی سپێدە کوردستان | پەیوەندی ئیسلامی خویندکاران‌و لاوانی |
| 16. گۆڤاری سنور | سەرنوسەرەکەی: ژیان عەبدولقادر |
| 17. گۆڤاری روناهی | سەرنوسەرەکەی: ژیان میران |
| 18. گۆڤاری شاوێشکا | سەرنوسەرەکەی: کوردستان موکریانی |
| 19. بلاوکراوەی نێوی لەیادکراو | گۆڤاری رەنگین دەریدەکات |
| 20. رۆژنامەی دەنگی ژنان | سەرنوسەرەکەی ئەختەر سابیر |
| 21. گۆڤاری تروسکە | کۆمەڵێك لەژنانی کوردستان |
| 22. گۆڤاری تەوار | یەکێتی ژنانی کوردستان |

23.بڵاوکراوەی سیڤەر ئامادەیی دارەتووی کچان

### ذنان بةر ووی دةروازةی ثؤليسء هيَزةكانی ئاسايشی ناوخؤدا ضوونء ضةندين ثؤستء ثلةيان بةموضةی جياواز هةية:

1. ئامینە محەمەد ئەحمەد
2. ئەڵوەن ئەحمەد ساڵح
3. ئیمان تەلعەت سەعید
4. ئەڤین سدیق عەبدوڵڵا
5. ئەمەل عەبدولجەبار
6. بەدریە عەبدوڵڵا محەمەد
7. بەهار محەمەد جەلال
8. بەهرین رەشید حسێن
9. بنار سەردار جاسم
10. چنار ئەحمەد لەتیف
11. جیهان عەبدولعەزیز خورشید
12. جیهان مەحمود عەلی
13. حەیات محەمەد عەبدوڵڵا
14. روخۆش ئەحمەد عەبدولڕەحمان
15. ژیان قادر غەفور
16. زوڵڤان غەریب رەحیم
17. ژیان مستەفا ئەحمەد
18. ژیان تەڵعەت سلێمان
19. سروە محەمەد عەزیز
20. سەلار ئەحمەد عەزیز
21. سۆلاف قادر مستەفا
22. شیلان ئەحمەد محەمەد
23. شیرین ئەحمەد محەمەد
24. شلێر ئەنوەر عەلی
25. شەهلا مەحمود عەبدولکەریم



26. شیلان عوسمان مەجید
27. شارا حەمەساڵح
28. شعریە عەلی ئەحمەد
29. شیلان قادر محەمەد
30. فەوزیە سەمین محەمەد
31. فایزە حەمید خەلیل
32. فەیروز محەمەد ئەمین
33. قانیعە حاجی ئیبراهیم
34. لیقاء موەفەق نەجیب
35. مونیرە محەمەد ئیسماعیل
36. مارینا ناپلیۆن ئەخیقار
37. مەعسومە سدیق شاهێن
38. نەرمین عەبدوڵڵا ئەحمەد
39. نازناز فەوزی ئەحمەد
40. هێلیڤان تەحسین هەیاس

### ذنانی كورد لةسةركردايةتی حزبة سياسييةكاندا:

1. شیرین ئامێدی ئەندامی لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان
2. پەخشان زەنگەنە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان
3. شلێر عەبدولمەجید ئەندامی لیژنەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان

### ناوی ريَكخراوةكانی ذنان لةكوردستانی عيَراق

1. یەکێتی ژنانی کوردستان (ژنان).
2. یەکێـی ژنانی گەلی تورکمانی.
3. یەکێتی ژنانی ئاشوری.
4. یەکێتی ژنانی نەتەوەیی کوردستان.
5. یەکێـتی ئافرەتانی دیموکراتی کوردستان.
6. یەکێتی ژنانی پارێزگارانی کوردستان.
7. یەکێتی ژنانی تورکمان.

8. یەکێتی ژنانی سۆسیالستی.
9. رێکخراوی ئاسودە بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی.
10. رێکخراوی ژنانی کوردستان.
11. کۆمەڵەی ژنانی گەلی کوردستان.
12. کۆمەڵەی ژنانی کوردستان.
13. سەنتەری خاتوزین.
14. سەنتەری روناهی.
15. یەکێتی خوشکانی ئیسلامی کوردستان.
16. رێکخراوی سایەی ژنان بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی.
17. سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان.
18. ناوەندی ژنانی کوردستان.
19. رێکخراوی خانزادی رۆشنبیریو کۆمەلآیەتی.
20. رێکخراوی سابات.
21. یەکگرتوی خوشکانی ئیسلامی.
22. بزوتنەوەی ژنانی کوردستان.
23. رێکخراوی سەربەخۆیی کوردستان.

بەمشێوەیە بۆمان دەردەکەوێت ژنان ئەگەر بواریان لەبەردەمدا برەخسێت تواناو لێهاتویی خۆیان دەسەلمێنن، ئەزمونی کوردستان بەڵگەی ئەو راستیەیە. لەخزمەتی بەرێزتاندا ئەو چالاکیانەمان خستەڕوو کەژنانی کوردستان لەنێوان راپەرینی ئازار 1991 تا ئازادی عێراق لەجەورو ستەمی رژێمی پێشوو بەدەستیان هێناوە، چەندین ژنی کورد لەمێژوی گەلی کورددا رۆڵی دیارن هەبووە، وەك شازادە خانزاد سەرۆكی ئیمارەتی سۆران، حەپسەخان، قەدەم خێر، عادیلەخانم، مەستورە خانم.

بەمجۆرە ژنان لەکوردستانو لەعێراق بەگشتی بەردەوام دەبن لەخەباتو پێشکەوتن لەپێناو گەشەسەندنی بزوتنەوەی ژنانو یەکسانبوونیان لەگەڵ پیاواندا و بەشداریکردنیان لەبونیاتنانەوەی عێراقی نوێدا.

**سوپاس بۆ ئێوەش**



## ژنانی عێراقو توندوتیژی

**مامۆستا: خانم رەحیم لەتیف**

### پێشەکی

توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری رەگەز لەسەر ئاستی جیهان پیادەدەکرێت، لەم روانگەیەوە کۆمەڵگەیەك لەکۆمەڵگەیەکیتر جیاوازی نییە، مەگەر لەروی ئاستی توندوتیژییەکەوە نەبێت، هاوسەرو باوكو برا ئەندازەیەکی گەورە لەمجۆرەی توندوتیژی بەرامبەر بەژنانو کچان پیادەدەکەنو دەکرێت ماڵەوە بەترسناکترین شوێن سەبارەت بەژنان لەقەڵەم بدرێت.

وەك چۆن ژنان لەدەرەوەی خێزانیش رووبەڕووی چەندین جۆرو ئاستی جیاوازی توندوتیژی دەبنەوە کە لەلایەن پیاوانەوە بێ هیچ پەیوەندییەکی نزیکایەتی تەنها لەروانگەی هەستی زاڵێتی نێرینە دەرهەقیان دەکرێت، بەجۆرێك ژنان لەدەرەوەی خێزان رووبەڕووی توندوتیژی زارەکیو دەرونیو جەستەییو سێکسی دەبنەوە، دەستپێك لەوشەی ناشرینو تەحەروش پێکردنی سێکسی تا بەلاقەکردن کۆتایی پێدێت، هەروەها لەشوێنی کارەکانیاندا لەلایەن سەرۆککارو هاوڕێیانەوە دوچاری ترسو سوکایەتی پێکردنو تەنگپێهەڵچنینی بەردەوام دەبنەوە (توندوتیژی گشتی).

بڕیاری ژمارە 15ی ساڵی 1990 لەلایەن ئەنجومەنی ئابوریی کۆمەڵایەتییەوە دەرچووە بەوەی: "توندوتیژی دژ بەژنان، بێجیاوازی ئەوەی لەناو خێزاندایە یان لەناو کۆمەڵگەدایە، دیاردەیەکە سنوری داهاتو چینو رۆشنبیری بەزاندوەو دەبێت لەبەرامبەریدا هەنگاوی بەپەلەهەڵبگیرێت بۆ بەرگرتن لەرودانی بەو سیفەتەی هۆکاری سەرەکی بێبەشکردنی ژنانە لەمافەکانیان، تەنانەت مافە وەدەستهاتوەکانو گەڕاندنەوەی بۆ خواری خوارەوەی پلیکانەی کۆمەڵایەتیو هەژارکردنی تەواوەتی، لەئاکامی ئەم گۆڕانکاریەدا نەتەوە یەکگرتوەکان لەساڵی (1991)ەوە دەستپێشخەرییانکردوە لەدیاریکردنی ماوەیەکی دیاریکراوی هەموو ساڵێك لەرۆژی 25ی نۆڤەمبەر بۆ 10ی دیسەمبەر بۆ رۆشنایی خستنەسەر دیاردەکە لەهەموو روەکانییەوەو دیاریکردنی میکانیزمی پێویستو بەگەڕخستنی گشت تواناکانی بەردەست بۆ لەناوبردنی.

بەم دواییانە نەتەوە یەکگرتوەکان سەرقاڵی پرۆژەیەکی نموونەییە سەبارەت بەتوندوتیژی خێزانی.

لەبەر رۆشنایی جاڕنامەی جیهانی سەبارەت بەنەهێشتنی توندوتیژی دژ بەژنان دەکرێت کارتی کارکردنمان دابەشبکەین بۆ:

## ثێناسەی توندوتیذی دذ بەذنان:

"بریتییە لەهەر کردەوەیەکی توندوتیژی دوژمنکارانە یان ئازاردەر یان سوکایەتیپێکردن کە بەهۆی پاڵنەری دەمارگیری رەگەزیو بەهەر هۆیەك دەرهەق بەهەر ژنێك لەبەر "ژن"بوونی ئەنجامبدرێتو ئازاردانی دەرونی یان جەستەیی یان سێکسی یان نەهامەتی لێبکەوێتەوەو لەم میانەیەشەوە توندوتیژییەکە هەڕەشەکردن بەئەنجامدانی کاری هاوشێوە یان ملپێکەچکردن یان ناچارکردن یان بێبەشکردنی رەمەکیانەی ئازادی لەژیانی گشتی یان ژیانی تایبەتیدا، دەگرێتەوە".

## جۆرةکانی توندوتیذی دذ بەذنان:

### یەکەم: توندوتیذی خێزانی:

سەرچاوەی سەرەکی هەڕەشەکردن لەژنان بەبێجیاوازی، لەلایەن ئەو پیاوانەوەیە کەدەیانناسن، نەك خەڵکانی نەناس، زۆرجار ئەو پیاوانە یان ئەندامێکی خێزانن یان هاوسەرن، ئەوەی جێگەی تێڕامانە پلەی هاوشێوەییو لێکچونی ئەم دیاردەیە لەجیهاندا لەئاستێکی باڵادایە، بەجۆرێك ماڵ بۆ ملیۆنەها ژن بریتی نییە لەو داڵدەو پەناگە ئارامەی کەئۆقرەیی تێدا دەستەبەربکەن، بەڵکو ئەو جێگەیەیە کەترس باڵی بەسەریاندا کێشاوە. توندوتیژی خێزانی بەبەربڵاوترین جۆرەکانی توندوتیژی دادەنرێت، لەهەمووشیان زیاتر لەلایەن کۆمەڵگاوە جێگەی رەزامەندییە، ژنانێك کەسەر بەچینی کۆمەڵایەتیو نەژادو ئایینو ئاستی تەمەنی جیاجیان لەسەر دەستی هاوسارەکانیان رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

دەتوانرێت بوترێت توندوتیژی خێزانی بریتییە لەو هەڵسوکەوتە خراپانەی کچان لەماڵی باوکیاندا لەلایەن باوك یان براکانیانەوە یان لەماڵەکانی خۆیاندا لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە دوچاری دەبن، یان ئەوانەی واهەست دەکەن مافی تەمبێکردنیان بەسەر کچانو ژنانەوە هەیە، توندوتیژی خێزانی لەرووی جەستەییو دەرونییەوە بەپێشێلکاری مافەکانی ژنان دادەنرێتو دورنییە ئەم توندوتیژییە بۆ چەندین ساڵ بەردەوام بێتو بەتێپەڕبونی کات ئاسایی ببێتەوە.

ئاشکرایە کاریگەرییە جەستەییو دەرونییەکانی خەسڵەتی کەڵەکەبونیان هەیە، تەنانەت پاش راگرتنی توندوتیژییەکە کاریگەرییەکەی بەردەوام دەبێت، توندوتیژی خێزانی تۆقاندنو هەستکردن بەسوکایەتیو چاوبەرەوژێرکردنی لێدەکەوێتەوەو رێزگرتنی مرۆڤ لەخودی خۆی تێکدەشکێنێت، ئەم توندوتیژییە چەندین جۆری هەیە کە لەم بڕگانەدا باسیدەکەین:

- **توندوتیذی مەعنەوی (دەرونی):**



بەترسناکترین جۆری توندوتیژی دادەنرێت، هەستی پێناکرێتو بەرجەستە نییەو کاریگەرییەکەی لەلای دەوربەر روونوئاشکرا نییە، لەگشت کۆمەڵگە (دەوڵەمەند، هەژار، پێشکەوتوو، دواکەوتوو)ەکاندا هەیە، کاریگەری روخێنەری لەسەر تەندروستی دەرونی ژنان دەبێت، مەترسییەکەی لەوەدایە کە لەوانەیە یاسا دانی پێدانەنێت، ئەستەمە جێگیربکرێت، بەچەشنێك ژنان لەناو خێزاندا بەبێجیاوازی هاوسەر یان دایك یان کچ یان خوشك بەدەست توندوتیژی خێزانییەوە دەناڵێنن کە لەلایەن پیاوانی ماڵەوە دەرهەقیان ئەنجامدەدرێت، بەسوکایەتی پێکردنیانو پشتگوێخستنیانو ریسواکردنیانو جنێوو قسەی ناشرینو بێبەشکردنیان لەئازادیو دەست درێژیکردنە سەر مافەکانیان لەهەڵبژاردنی هاوسەرو دەستوەردان لەکاروبارە تایبەتییەکانیان لەهاتنەوەو دەرچوونیان لەماڵ لەکاتی دیاریکراوداو لەبەرکردنی جلوبەرگی دیاریکراو، دەستوەردان لەهاوڕێگرتنیانداو چاودێریکردنی هەڵسوکەوتیانو ناچارکردنیان (بۆ نموونە) بۆ خستنەوەی زۆرترین منداڵو خزمەتکردنی سەرجەم ئەندامانی خێزانو میوانەکانیانو.. گشت ئەو کردەوانە وادەکەن ژنان رقیان لەژیانی خۆیانو مێینایەتی بێتەوەو کاریگەرییان هەبێت لەسەر ورەو متمانەبەخۆبوونیان، وەك بەشێك لەتوندوتیژی مەعنەوی دەرونی جۆرێکیتر لەتوندوتیژی بەناوی توندوتیژی رەمزیی دێتەئاراوە کەهیچ کردەوەیەکی تێدا ئەنجام نادرێت، بەڵکو خۆی لە بەکەم سەیرکردنو بێزلێکردنەوەو بەکارهێنانی هۆگەلێکدا دەبینێتەوە کەمەبەست لێی لێدانی کەسێتی یان لاوازکردنی توانا جەستەییو عەقڵییەکانی ژنانە، بەجۆرێك کاریگەری سەلبی دەبێت لەسەر بەردەوامی ژیانی خۆشگوزەرانو ئەنجامدانی چالاکییەکان بەشێوەیەکی سروشتی.

توندوتیژی مەعنەوی بەئەندازەیەکی گەورە بەهۆی بەها رۆشنبیریو کلاسیکییەکانەوە تەشەنەیکردوە کە لەرووی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییەوە هەر لەمنداڵییەوە کچان بەجۆرێك پەروەردە دەکرێن کەملکەچی نێرینەبن، عورفە رۆشنبیرییەکانی هەڵسوکەوتی نێرینەی قبوڵکراو وادەکات پیاوان مافی زاڵبونیان بەسەر ژناندا هەبێت، پیاوان باڵادەستن بەسەر ژنانەوە ( الرجال قوامون على النساء)، پێوەندبوونی توندوتیژی بەپیاوەتیو نێرینەییو مامەڵەکردن لەگەڵ ژنان لەسەر بنەمای ئەوەی کەژنان لاوازنو لەسەریانە ملکەچی پیاوانی خێزانەکانیان بن هەروەها جنێوپێدانو سوکایەتی پێکردنو خزمەتکردنو زەوتکردنی مافە کەسییەکانیان مەسەلەیەکە گفتوگۆ هەڵناگرێتو هیچکات جێگەی رەزامەندیی نییە.

- **توندوتیذی جەستەییو سێکسی:**

توندوتیژی جەستەیی ئاشکرایەو کاریگەرییەکەی بۆ دەروبەر دەردەکەوێتو چەندین هۆی تێدا بەکاردەهێنرێت، زۆرجار ئەم ئامرازانە بریتین لەهەردوو دەستو هەردوو قاچ کەبۆکس لەسەر یان دەموچاو یان بەشەکانی تری جەستەی قوربانییەکە دەدرێت یان راکێشانی قژ، یان پەنادەبرێتە بەر ئامرازی تری وەك چەقۆو گۆچان، یان شکاندنی کەرەستەکانی ناو ماڵو فرێدانی بۆ قوربانییەکە.

دەتوانین پێناسەی توندوتیژی جەستەیی بکەین بەوەی کەئازاردانی جەستەیی‌و سێکسییە، دەستپێك لەشەق‌و زلەو راکێشانی قژو لێدان‌و تەحەروشی سێکسی و (ئابروبەری نزیك )[*] و ئەتکردنی شەرەف‌و رفاندن‌و لەشفرۆشی‌و تا بەمومارەسە شازەکانی سێکس‌و لاقەکردن دەگات‌و سەرباری لاقەکردن لەچوارچێوەی ژن‌و مێردایەتیدا (یاساکانی وڵاتە عەرەبییەکان دان بەلاقەکردن لەچوارچێوەی پەیوەندی ژن‌و مێردایەتیدا نانێنن لەوانەش یاسای سزادانی سوریا)، تاوانەکانی شەرەف‌و کەمئەندامکردنی هەمیشەیی‌و سوتاندن‌و کوشتن.

هەروەها لێدان‌و شکاندن‌و شێواندنی ئەندامەکان‌و جۆرەکانیتری ئازاردانی جەستەیی پیادەدەکرێت، توێژینەوەو تۆماری دادگا شەرعی‌و تاوانکارییەکان‌و رۆژنامەکان کەچەندین تاوانی لەمجۆرە لەڕوپێوی لاپەڕەکانیاندا دەخوێنرێتەوە تەنانەت کوشتنی ژن یان کچ یان خوشك یان پور بەزۆر هۆکار بەهۆکاری شەرەفیشەوە، بەڵگەی ئەم راستییەن.

توندوتیژی سێکسی بەترسناکترین جۆری توندوتیژی دادەنرێت کەژنان لەناو خێزاندا رووبەڕووی دەبنەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە بەشاراوەیی دەمێنێتەوە، بەچەشنێك تەحەروشی سێکسی‌و رفاندن‌و لاقەکردن(ئابروبەری نزیك)و ئەتکردنی ناموس‌و لەشفرۆشی‌و سەرباری جوتبون بەڕێگە شازەکان لەگەڵ ژنان (هاوسەرو کچ‌و دایك‌و خوشك) لەلایەن پیاوانی خێزانەوە دەگرێتەوە.

- **توندوتیژی یاسایی:**

بەتێڕوانین بۆ پێوەندی توندوتیژی مەعنەوی دژی ژنان کەدەبێتە هۆی ناچارکردن‌و ملکەچ پێکردنیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسانەی کەجیاکاری لەدژیان دەکەن‌و لەئاکامدا دەبێتە هۆی دوچاربونیان بەتوندوتیژی جەستەیی‌و سێکسی. دەمەوێ ئەمجۆرە لەتوندوتیژی کە لەجاڕنامەی جیهانیدا باسنەکراوە، بخەمەڕوو، کەگرنگترین جۆری توندوتیژییە کە لەدژی ژنان بەکاردەهێنرێت، ژنان لەوڵاتی خۆماندا بەهۆی یاساکانەوە رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، هەر لەیاسای

[*] ئەو پیاوەیە کەمێینەیەکی مەحرەم ئەتك دەکات وەك (خوشك، دایك، کچ، بوك‌و...تد)



رەگەزنامەو تێپەڕبوون بەیاسای سزادان‌و کۆتاییهاتن بەیاسای باری کەسێتی کەقیزەونترین جیاکارییە لەدژی ژنان لەبابەتەکانی هاوسەرگیری‌و جیابونەوەو دایەنگەو ویلایەت‌و میراتدا دەکرێت، لەسەر ئەم بنەمایە دیاردەکانی جیاکاری نێوان ژنان‌و پیاوان کەبەرهەمهێنی توندوتیژییە لەناو خێزاندا ریشاڵەکانیان لەیاسای باری کەسێتی‌و یاسای سزادان‌و رەگەزنامەو هەندێك یاسای تری جیاکاریدا رەگیان داکوتاوە، کە لەسەر بنەمای جیاکاری دژی ژنان‌و بەکۆیلەکردنیان‌و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیاندا بەوەی کەرەگەزێکی خوار پیاوانن ئاساییە هەموو جۆرێکی توندوتیژییان دەرهەق بکرێت.

## دووەم: توندوتیذی طشتی:

بریتییە لەو توندوتیژییانەی لەچوارچێوەی گشتی کۆمەڵگادا، لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە کە بەهیچ پەیوەندییەکی نزیکایەتی بەو کچ‌و ژنانە ناگەن کەتوندوتیژییەکانیان بەرامبەر دەنوێنن. ئەمجۆرەیان گشت شێوەکانی توندوتیژی دەرونی‌و جەستەیی‌و سێکسی لەخۆدەگرێت، وەك بێزارکردنی زارەکی‌و سوکایەتی پێکردن، دەستدرێژیکردن، تەحەروشپێکردنی سێکسی لەسەر شەقامەکان‌و تەنگپێهەڵچنینی سێکسی‌و، لاقەکردن‌و بەکارهێنانی توندوتیژی لەشوێنی کارەکانیان لەلایەن سەرۆککارو هاوڕێکانیانەوە، بازرگانیکردن بەژنان‌و ئیستغلالکردنی سێکس‌و دەستدرێژیکردنەسەریان‌و لاقەکردنیان لەکاتی ململانێ چەکدارییەکاندا.

## ئەو ثیَشنیارو ریَو شویَنانەی کەثیَویستە بطیریَنەبەر بۆ نەهیَشتنی توندوتیذی لەدذی ذنان:

بیرکردنەوە لەچارەسەرکردنی کێشەی ئەو ژنانەی کەتوندوتیژییان دەرهەقکراوە ئەمە کارێکی ئیجابیە، بەڵام تەنها ئەوەندە بەس نییە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان، بۆیە پێویستە بیر لەچارەسەری خۆپارێزی بکەینەوە بۆ بەرگرتن لەرودانی توندوتیژی کە بەپاڵنەری عورف‌و دابونەریت‌و تێڕوانینی کلاسیکی بۆ ژنان‌و پیاوان لەخێزاندا دروستدەبن، لەم روانگەیەوە دەشێت بیربکەینەوە لە:

1. هێنانەئارای بەرنامەی راهێنانی ئەوتۆ بۆ بەرگرتن لەتوندوتیژی پێش رودانی، هاوکاریکردنی کوڕان‌و کچان بۆ فێربونی چۆنێتی چارەسەرکردنی گرفت‌و ململانێکانیان بەرێگەی هێمنانەو پێشکەشکردنی بەرنامەکانی فێرکردنی چۆنێتی دەربازبون لەبیرۆکە کلاسیکییەکانی نێرێتی‌و باڵا (قوامة) بوونی پیاوان‌و ئەو بەرنامانەی تریش کەجەخت لەسەر سڕینەوەو لەناوچونی بیرۆکەکانی هاندانی جیاکاری‌و توندوتیژی دژ بەژنان، دەکەنەوە.

2. دانانو جێبەجێكردنی بەرنامەی پەروەردەیی تایبەت كەئامانج لێیان ئامادەكردنی كچانو متمانەبوونە بەخودی خۆیانو راهێنانیان بۆ زیاتر رێزگرتن لەخۆیان.
3. كاركردن لەسەر چەسپاندنی رۆشنبیری گفتوگۆو رێزگرتن لەئەویتر لەناو خێزاندا لەمیانەی كۆمەڵە بەرنامەیەكەوە كەئاراستەی خێزانو ئەو كوڕو كچانە دەكرێن كە بەنیازی پێكەوەنانی ژیانی هاوسەرێتین.
4. تێهەڵكێشكردنی چەمكی رۆڵ–ەكان (جێندەر) لەناو خێزاندا بەپرۆگرامەكانی خوێندنو فێركردنو شارەزاكردنی كوڕانو كچان بۆ چارەسەركردنی ململانێكانیان بەرێگەی ئاشتیانە لەمیانەی چالاكییەكانی دەرەوەی پۆلدا.
5. بڵاوكردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بەدیاردەی توندوتیژی خێزانیو گواستنەوەی لەكاروباری خێزانییەوە بۆ كاروباری گشتی لەرێگەی هەڵمەتەكانی هۆشیاریدانی گشتگیر بەهەریەك لەژنانو پیاوان.
6. ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەو توێژینەوە سەبارەت بەم دیاردەیە بۆ دیاریكردنی جۆرەكانو هۆیەكانی تا بەچارەسەركردنو رێگرتن لەروودانی، دەگات.
7. نەهێشتنی نەخوێندەواری یاسایی ژنان تا بەزانینی ئەو مافانە دەگات كەیاسا پێیانیداوە.
8. دابینكردنی سەنتەری گوێگرتن لەژنانی قوربانی توندوتیژی بۆ پێشكەشكردنی رێنمایی یاساییو دەروونیو خزمەتگوزاریی راهێنانەوەی قوربانیانو بەرنامەكانی هاوكاریكردنیان بۆ تێپەڕاندنی كێشەكان لەهەموو رووەكانیانەوە.
9. كاركردن بۆ دانانی دەقی یاسایی كەتوندوتیژی خێزانی قەدەغەبكات، دانانی رێوشوێن بۆ وەرگرتنی سكاڵا سەبارەت بەتوندوتیژی لەبەردەم پۆلیس یان راستەوخۆ لەدادگاو بڕیاردان بەقەرەبووكردنەوەی قوربانیان، سەرباری سزادانی تاوانكاران.
10. دابینكردنی سەنتەرەكانی لەخۆگرتنی قوربانیانی توندوتیژی لەبەرئەوەی زۆر پێویستن، چونكە ژنانی قوربانی توندوتیژی دوچاری ئازاری دەروونی یان تەندروستی بوونەتەوەو پێویستیان بەجێگەیەكە تاوەكو پشوویەكی تێدابدەنو هێزو متمانەیان بەخۆیان بگەڕێتەوەو بگەنە ئاستێك دور لەخێزانو نزیكەكانیان بیر لەچارەسەری گرفتەكانی خۆیان بكەنەوە، چونكە ژنانی قوربانی توندوتیژی كاتێك دەگەڕێنەوە بۆ ماڵی كەسوكاریان (باوان) لەوێش دوچاری سوكایەتی پێكردنو ناچاركردنیان بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵی مێردەكەیان دەبنەوە لەمبارەدا ژنان ئازادی هەڵبژاردن لەدەستدەدەن، بەڵام بوونی



دالّدەداو پەناگە یارمەتیدەرێكی باش دەبێت بۆ ئەوەی بەهێزترو بەتواناتر بێت لەهەڵبژاردندا.

11. مەشقپێكردنی ئەندامانی پۆلیسو دادوەرانو پسپۆڕانو كۆمەڵناسانو دەروونناسانو هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بەمامەڵەكردن لەگەڵ ژنانو كچانی قوربانی توندوتیژیدا هەیە لەسەر چۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵیانو دابینكردنی پاسەوانو خزمەتگوزاری بەپەلەو چارەسەركردنو راهێنانەوە.
12 . دامەزراندنی پۆلیسی ژن لەسەرجەم بنكەو بەشەكانی پۆلیسدا بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو ژنو كچانەی قوربانی توندوتیژینو سەردانی ئەو بنكەو بەشانە دەكەن.

بارودۆخی ژنان بەشێوەیەكی گشتی:

ژنان لەسەردەمە جیاوازەكاندا پێگەی كۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیو ئایینی نایابیان هەبووەو رۆڵی كارایان لەكاروبارەكانی ژیاندا گێڕاوە، وەك چۆن گرنگیو جۆری ئەم رۆڵو پێگەیە بەجیاوازی سەردەمەكان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەقۆناغی بەرایی مێژوی مرۆڤایەتیدا پێگەی ژنان لەپلەی خواوەنددا بووەو مرۆڤەكان پەرستویانەو داوای لێبوردنو سۆزیان لێكردوە، بوونی ژنان سومبولی چاكەو بەرهەمو پێگەیشتن بووە، بۆیە پەیوەندییەكی بەتین لەنێوان ژنانو بونەوەردا هەبوەو بوونی ژن پەیوەست بووە بەزەوییەكی بەپیتی بەبەرهەمەوە كەخەڵكی لەبەرهەمەكانی دەخۆن. لەیاسای حامورابیدا زۆر دەق هەن كەخێزان رێكدەخەنو رۆڵو پێگەی ژنانی بابل لەعێراقدا دەپارێزن ژنان مافی جیابونەوەیان لەمێردەكانیانو بەخێوكردنی منداڵو مومارەسەكردنی كاری بازرگانیو ئەهلیەتی یاساییو ئەستۆ ( ذمة )ی ئابوری سەربەخۆ لەئەستۆ ( ذمة )ی مێردەكەی هەبووە، هەروەها مافی چاودێریو نەفەقەیان هەبووە، بەهەمانشێوە سزای قورس بۆ ئەو كەسانە دانراوە كە بەخراپی هەڵسوكەوت لەگەڵ ژناندا دەكەن یان یەكێك لەمافە جێگیرەكانی ناو یاسای ناوبراو پێشێل دەكەن.

هەروەها ژنان پێگەو رۆڵێكی تایبەتیان لەسەردەمی گریكو لەكۆمارەكەی ئەفلاتوندا هەبووە، ئەوەندەهەیە ئەم پێگەیە بەشێوەی عەرەبەكانی پێش هاتنی ئیسلام نەبووە، كەگرفت هاتەئاراوەو كچان لەوە دەترسان كە لەكاتی جەنگو شاڵاوەكاندا بەدیل بگیرێنو بكرێنە كەنیزەك، یەكێك لەبەها كۆمەڵایەتییە گرنگەكانی ئەو رۆژگارە ئەوەبووە كەژنان نەبنە كەنیزەك یان دیلی جەنگەكان، كەبەڵگە بووە بۆ لاوازییو بێهێزی ئەو كۆمەڵەی لەكاتی جەنگەكاندا ژنیان لێ بەدیل گیراوەو بووە بەمایەی ریسوابوونو دابەزینی بەهای ئەو كۆمەڵە، لەبەرئەوەی هەلومەرجی

کۆمەڵایەتیو ئابوری لەکشتوکاڵو جەنگەکاندا پشتی بەرۆڵی پیاوان بەستبوو. تا دەرکەوتنی ئیسلام کەهەوڵیداوە هەندێك لەکێشە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو رۆژگارە کەمبکاتەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە زانینو پاراستنی یاسایی ژنانە لەم سەردەمەداو لایەنەکانی جیاوازی ئەم پاراستنە بۆ هەردوو رەگەزەکە، ئینجا چەند نمونەیەکی زەوتکردنی مافەکانی ژن لەعێراق بەمەبەستی دانانو خستنەڕووی راسپاردەی پێویست بۆ هەموارکردن یان چاککردنی هەلومەرجی ژنان لەعێراقی ئایندەدا، کۆتایهێنان بەپێشێلکردنی مافە مرۆییە جێگیرەکانیو لێپرسینەوەی ئەنجامدەرانی تاوانی دژ بەم مافانە بەگوێرەی یاسا، بەتایبەت کەچەندین کۆنگرەی نێودەوڵەتی لەئارادایە بۆ لێکۆڵینەوە لەمافەکانی ژنانو هەوڵی رێگرتن لەم پێشێلکاریانە، وەك کۆنگرەی پەکین ساڵی 1995و چەندین کۆنگرەی تر بەچاودێری نەتەوە یەکگرتوەکان.

## یەکەم: یاساکانی تایبەت بەژنان

بەر لەچوونە سەر یاساو رێسا عێراقییەکانی تایبەت بەژنان، پێویستە ئاماژە بەپەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان (CEDAW) بکەین کە لەبەشی یەکەمیدا پێناسەی جیاکاری لەدژی ژنان کردوەو، لەبەشی دووەمیدا باسی لەمەسەلەی رێچکەیی نێوان هەردوو رەگەزەکە کردوە، واتە کاریگەری رۆشنبیریو دابونەریتەکان لەسنوردارکردنی بەهرەمەندبوونی ژنان لەمافەکانیانو زەرورەتی لەهەڵوەشاندنەوەی رۆڵە کلاسیکییەکانی هەردوو رەگەزو سڕینەوەی چەمکی بەکەم سەیرکردنی ژنانو چەمکی باڵایی لەلای رەگەزەکەی تر، پەیماننامەکە داوای لەوڵاتە جیاوازەکان کردوە گشت شێوەکانی بازرگانیکردن بەژنانو بەکارهێنانیان بەمەبەستی لەشفرۆشی قەڵاچۆبکەن، جەختی لەسەر مافی بەهرەمەندبونی یەکسانی تەواوەتی لەژیانی سیاسیو گشتیدا کردوەتەوە، سەرباری مافەکانی ژنانو منداڵەکانیان لەبەهرەمەندبوون لەرەگەزنامە، کەناکرێت ژنانو منداڵەکانیان بەبێ رەگەزنامە بمێننەوە.

بەڵام بەشی سێیەم بەدەق باس لەگرنگی فێربونی ژنان لەرووی چەندایەتیو چۆنایەتییەوە دەکات، واتە وڵاتان لەسەریانە پابەندی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان بن لەپەروەردەکردنو رەخساندنی هەلی خوێندن بەشێوەیەکی یەکسانو بایەخدان بەجۆری فێربون.

بەشی چوار جەختکردنەوەیە لەسەر مافی یەکسانی لەبەردەم یاسادا لەرووی هاوسەرگیریو یاسای خێزان وەك مافی جیابونەوەو هەڵوەشاندنەوەی ئەڵقەی پەیوەستی خێزانو مافی هەڵبژاردنی هاوسەر، بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ پیاوانو بەبێ جیاکاری لەنێوان هەردولادا.

بەشی پێنجەم تایبەتە بەپێکهێنانی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری لەدژی ژنان، کە لە 18 شارەزا پێکدێتو ژمارەیەکی تریشی دەخرێتە سەر بۆ ئەوەی ببنە (23) شارەزا بەئامانجی جێبەجێکردنی



بەندەکانی پەیماننامەکەو چاودێریکردنی جێبەجێکردنی لەوڵاتانی تێرداو ئاستی پابەندبوونی یاساییان پێوەی.

بەڵام پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی گەشەپێدانی ژنانو پاراستنیو یەکسانبوونی لەگەڵ پیاوان ژمارەیان زۆرەو رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لەم روانگەیەوە رۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت، لەوانە پاراستنی دایکایەتیو قەدەغەکردنی کاری شەوانەی ژنان لەبواری پیشەسازیدا لەوانەیە گرنگترینی ئەم پەیماننامانە بریتین لە:

پەیماننامەی مافە سیاسییەکانی ژن ساڵی 1952و پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان ساڵی 1981 کەپێشتر ئاماژەی پێکرا، ئەمەش بەو مانایە دێت کەپابەندبونی نێودەوڵەتی لەئارادایەو دەبێت لەلایەن وڵاتانەوە رێزی لێبگیرێت بەتایبەت مافەکانی ژنانو یەکسانییان لەگەڵ پیاواندا، قەدەغەکردنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان لەکۆمەڵگەدا.

سەرباری ئەم کۆنگرەو بنەما یاساییو مرۆییە نێودەوڵەتیەکان کە پێویستە رێزیان لێبگیرێتو دەقەکانی جێبەجێبکرێنو سەرپێچیکاران سزابدرێت، لەگەڵ ئەوانەشدا پێشێلکاری زۆر زەق دژ بەژنان لەزۆرێك لەوڵاتاندا پیادەدەکرێت کەخۆی لەبازرگانیکردن بەکۆیلەی سپی (بازرگانیکردن بەژنانەوە بەمەبەستی لەشفرۆشی)و جیاکاری لەنێوان رەگەزەکاندا لەفێربونو هەلی کارکردنو گەشتو مافەکانی تردا دەبینێتەوە.

بەڵام سەبارەت بەهەلومەرجی ژنان پێش ماوەی فەرمانڕەوایی حزبی بەعسو سەردەمی فەرمانڕەوای حزبی بەعسو لەنێوان جەنگی دووەمی کەنداوو جەنگی ئەنگلۆ– ئەمریکی بۆ سەر عێراق چەندین یاساو رێساو بڕیاری پەیوەست بەژنان دەرچوون. لەنێوان ئەم یاسایانەدا، یاسای تایبەت بەکارکردن کە لەساڵی 1936دا دەرچووەو داوای: "یەکسانی نێوان ژنانو پیاوان لەسەرجەم بەندەکانی یاسای کاردا" دەکات، بەڵام ئەم یاسایە جێبەجێنەکرا، یاسای دووەم ساڵی 1958 دەرچووەو ماددەی (23)ی ئەم یاسایە بەدەق دەڵێت: "قەدەغەکردنی کارپێکردنی ژنان لەسێ هەفتەی پاش منداڵبونو رێگەدان بەشیردانی منداڵ دووجار لەماوەی کاتژمێرەکانی کارکردندا، واتە چوار کاتژمێر بۆ یەکجار، لەگەڵ پێدانی کرێی تەواو بەژنان ئەگەر ئامادە نەبوونەکەی بەهۆی منداڵبوونەوە بوو".

لەگەڵ هاتنی ساڵی 1961دا حکومەت سیستمێکی بۆ بەکارهێنانی ژنانو منداڵان دانا، ئەم رژێمە: " بەکارهێنانو کارکردنی ژنانی لەکانەکانو گەڕانو کارپێکردنی ئامێرە ئاسنی (الآلية)و هەڵمییەکانو کاری قورسو تاقەتپڕوکێن کەزیان بەتەندروستی دەگەیەنن، قەدەغەکرد. هەروەها قەدەغەکردنی کارکردنی ژنان لەشەودا، مەگەر بەچەند مەرجێكو بەگوێرەی جۆری کارەکە بێت".

لەساڵی 1970دا "قەدەغەكردنی بەكارهێنانی ژنان شەوانە لەكاری پیشەسازیو پیشە هاوشێوەكانی مەگەر جۆری كاركردنەكە كارگێڕی بێت لەگەڵ پێدانی یەك مانگ مۆڵەتی بێموچە پێش منداڵبوون وەك چۆن كاركردنی ژنانی سكپڕ لەكاری شەوانەدا قەدەغەكرا".

لەساڵی 1977دا یاسای مۆڵەتی منداڵبوون ژمارە (94) دەرچوو كە بەهۆیەوە ژنان هەمان مافی پیاوانیان هەیە لەوەرگرتنی پۆستە گشتییەكاندا بەبێ جیاكاری، لەگەڵ پێدانی ئیمتیازاتی تایبەت بەژنان لەسودمەندبون لەمۆڵەتی سكپڕیو منداڵبوون، مۆڵەتی دایكایەتی بەیەك ساڵ دیاریكراو لەگەڵ درێژكردنەوەی ساڵێكی تری بێ كرێ، هەروەها یاسای ژمارە ( 131) تایبەت بەخزمەتی ژنان دانرا كەپلەیەكی سەربازی دەبەخشێتە ئەو ژنانەی خۆبەخشانە دەچنە ریزەكانی سوپاوە بۆ هەر پسپۆڕییەكی پزیشكی بێت، یاسای ژمارە (72) كەمافی مۆڵەتی بەفەرمانبەرانی ژنان داوە بۆ سەفەركردن لەگەڵ مێردەكانیاندا بۆ دەرەوەی وڵات ئەگەر مێردەكانیان بەئیفاد بۆ كارێكی فەرمی یان بۆ خوێندن بچن.

بەڵام سەبارەت بەیاسای باری كەسێتیو خێزان ساڵی 1958 یاسای قەدەغەكردنی هێنانی زیاتر لەژنێك مەگەر بەپرسی دادوەر بێت، دەرچوو. ژنانی عێراق شانازی بەم یاسایەوە دەكەنو بەیاسایەكی پێش وادە وەسفی دەكەن، مافی لەئەستۆگرتنی بەخێوكردنی منداڵی بۆ دایك تا تەمەنی حەوت ساڵی دەستەبەركردوەو رێگەی بەدرێژكردنەوەشی داوە، بەڵام بەپرسی دادوەر.

ساڵی 1959دا یاسای باری كەسێتی ژمارە ( 188) دەرچوو كە بەدەق تیایدا هاتووە: "بەندكردنەوەی تەمەنی بەخێوكردنی منداڵ لەلایەن دایكییەوە لەحەوت ساڵەوە بۆ دەساڵ لەگەڵ توانای درێژكردنەوەی بۆ تەواوكردنی تەمەنی پانزە ساڵی بۆ كوڕانو كچانو رێگەنەدان بەگواستنەوەی ئەستۆگرتنەكە لەدایكەوە بۆ باوك مەگەر لەو حاڵەتەدا كەدایك یەكێك لەمەرجەكانی بەخێوكردنی منداڵەكەی تێدا نەمێنێت، وەك شوكردنەوە یان بەكەڵك نەهاتنی بۆ ئەو ئەركە، هاوكات یاسا مافی بەژنان داوە داوای تەڵاقو (التفریق القضائی) بكەن ئەگەر مێردەكەی زیانی پێگەیاند یان بەهۆیەكەوە نەیوست تەڵاقی بدات، وەك چۆن مافی ژنان لەمیراتدا پارێزراوە لەدوای دایكو باوكو هاوسەرەوەو لەحاڵەتی نەبونی هیچ كامیاندا مافی لەتەواوی میراتەكەدا هەیە.

بێگومان ئەو مافو خەسڵەتانەی ژنانی عێراق لەیاساكانی پێشودا دەستیان كەوتبوو زۆر درێژەی نەخایاند، ساڵی 1963 هەمواركردنی یاساكانی ساڵی ( 1958)ی لێكەوتەوەو مەبەست لەم هەمواركردنە گەڕاندنەوەی هێنانی زیاد لەژنێك، فرەژنیو هەڵوەشاندنەوەی یەكسانی ژنو پیاو لەمافی میراتدا بوو، ئەمە بەتێكشكانێكی گەورەی یاساكانی باری كەسێتی عێراق لەو كاتەدا دەزانرێت.



لەبەردەوامی داڕوخانی مافو خەسڵەتی یاساكانی پێشوو سەبارەت بەژنان یاسای سزادانی ژمارە (111)ی ساڵی 1969 دەرچوو كەتیایدا بەدەق هاتووە: " لەلادانو بەدرەوشتی حاڵەتەكانی لاقەكردن سزادەدرێت"، بەكارهێنانی ئەم یاسایە وەك بیانویەك بۆ ئەشكەنجەدانی ژنان پەیڕەوی لێدەكرێت، بەڵام ساڵی 1978 چاكبونێكی بەرجەستە لەمافەكانی ژناندا بەدیهات بەوەی دەسەڵات درایە دادگاكان بۆ رووبەڕوبوونەوەی ئەو باوكانەی كەكچەكانیان پێش گەیشتن بەتەمەنی یاسایی (هەژدە ساڵ) بەشوو دەدەنو بەمەش یاسای ساڵی 1978 دەسەڵاتی كلاسیكی سەرۆك عەشیرەتو تایفەو خزمان لەسەپاندنی هاوسەرگیری بەسەر كچاندا، هەڵوەشێنرایەوە.

ساڵی 1980 یاسای چاودێری كۆمەڵایەتی ( الرعاية الاجتماعية ) ژمارە ( 126) دەرچوو بۆ پاراستنی مافەكانی ژنان لەچاودێری كۆمەڵایەتیو لەیاساكەدا بەدەق هاتووە: "ناساندنی بەخێوكەری خێزانو یەكسانی لەنێوان پیاوانو ژناندا كردوە بەوەی كامیان خێزانەكە بەخێودەكەنو جەختی لەسەر مافی دایك یان بێوەژن لەوەرگرتنی موچەی چاودێری كۆمەڵایەتی كردوەتەوە لەبارێكدا ئەگەر بێوەژن یان تەڵاقدراوبێتو منداڵی ناكامی هەبێتو لەگەڵیدا بژین"، هەمان ساڵ یاسای چاودێری ناكامەكان ژمارە ( 78) دەرچوو كەجەخت لەسەر ئەفزەلییەتی هەڵبژاردنی دایك دەكاتەوە بۆ ویسایەت لەسەر منداڵەكەی، پاش مردنی مێردەكەی.

هەروەها ساڵی 1983 یاساكان بازدانێكی گەورەیان لەمافەكانی ژنانی عێراقدا بەخۆوەبینی لەئەنجامی دەرچوونی یاسای ژمارە ( 77) كەتیایدا بەدەق هاتووە: "ژنانی تەڵاقدراو مافی هەبوونی شوێنی نیشتەجێبوونیان هەیە، بەمەبەستی بەدیهاتنی یەكێك لەمافەكانیان كە لەجاڕنامەی گەردونی مافەكانی مرۆڤدا جێگیركراوە.

یاسادانەر تەنها بەپاراستنی باری كەسێتی ژنانی عێراقەوە نەوەستاوە، بەڵكو چووەتەسەر یاساكانی تایبەت بەفێربوون كەیەكسانی نێوان ژنانو پیاوان مسۆگەر دەكات، ساڵی 1974 بڕیاری بەخۆڕاییبوونی خوێندن ژمارە 102 بۆ سەرجەم قۆناغەكانو بۆ هەموو خوێندكاران (مێینەو نێرینە) هاتەكایەوەو، مافی فێربوون بۆ سەرجەم منداڵانی عێراق دەستەبەركرد، بەڵام ساڵی 1978 یاسای هەڵمەتی نیشتمانی گشتگیر بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی ژمارە ( 92) دەرچوو كەخوێندنی بەتەوزیمی لەسەر گشت خوێندكاران (كچانو كوڕان) داناوەو ژنانی عێراق پشكێكی باشیان لەیاساكانی تایبەت بەخوێندنی باڵا دەستكەوتبوو، ساڵی 1988 یاسای خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (40) دەرچوو كەجەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كەخوێندنی باڵا مافی گشت هاوڵاتییەكی عێراقییە(نێرینەو مێینە) كەمەرجە بابەتییەكانی تێدا فەراهەمدەبێت.

سەرەڕای ئەوەی کەئەم یاسایانە هەوڵیانداوە مافەکانی ژنانی عێراق بپارێزن، ئەوەندە هەیە ژنانی عێراق بەدەست ئەو یاسایانەوە دەناڵێنن کەئازادییەکانیان سنورداردەکات وەك یاسای گەشتکردن کە بەدەق دەڵێت "ژن ناتوانێت ولات بەجێبهێڵێت ئەگەر لەگەڵ پیاوێکی مەحرەمدا نەبێت، لەوانەیە ئەم مەحرەمە کوڕەکەی بێت"، یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی کەرێگری ژنە لەوەی ڕەگەزنامەکەی ببەخشێتە مێرد یان منداڵەکەی کەعێراقی نین‌و لەیاساکەدا بەدەق هاتووە: "ژن بۆی نییە ڕەگەزنامەکەی ببەخشێتە مێردو منداڵەکانی".

لەلایەکیترەوە دەربارەی کارو بەخێوکردن، یاسا وایداناوە هەر ژنێك کەکارناکات بەخێوکردنی لەئەستۆی مێرد یان کوڕەکەیدایە.

## دووەم: جیاوازی ئاراستنی یاسایی نێوان هەردوو ڕەگەز لەیاسا عێراقییەکاندا:

یاساکانی عێراق لەزۆر لایەنەوە مایەی تێڕامان‌و سەرنجدانن، بەجۆرێك لێوانلێون لەرێنمایی‌و بڕیاری جیاکاری نێوان ژنان‌و پیاوان، سەرەتای ئەم جیاوازییە لەدەستوری کاتی ساڵی 1970دا بەدەردەکەوێت کە لەمادەی (11)دا هاتووە: "خێزان بنەمای کۆمەڵەو دەوڵەت دەیپارێزێت‌و هاوکاری دەکات‌و دایکایەتی‌و زارۆکی دەستبەردەکات" و لەمادەی (19) (أ)دا دەڵێت: "هاوڵاتیان لەبەردەم یاسادا یەکسانن بێ جیاوازی بەهۆی ڕەگەز یان ڕەچەڵەك یان زمان یان پێگەی کۆمەڵایەتی یان ئایینی".

(ب) "ڕەخساندنی هەل بۆ گشت هاوڵاتیان لەسنوری یاسادا دەستبەرکراوە" هەمان ئەم بنەمایانە لەپرۆژەی دەستوری ساڵی 1990دا کەتەنها زاراوەی (کاتی)یەکەی لێکراوەتەوە، دووپاتکراوەتەوە.

ئەوەندەهەیە ئەم دەقانەو چەندین دەقی تری پەیوەندیدار لەدەستوری عێراقیدا نەك تەنها بەمەرەکەبی سەر کاغەز ماونەتەوە، تەنانەت سەرپێچی‌و پێچەوانەکەی بەشێوەیەکی مەترسیدار لەرووی یاسادانان‌و واقیعیەوە جێبەجێکراوە، هیچ یەکسانییەك لەکۆمەڵگەدا نەهاتوەتەدی‌و سیاسەتی توندوتیژی‌و چەوساندنەوە دژ بەژنانی عێراق بەشێوەیەکی ڕێکخراوو بەردەوام بووە کەدەستێوردانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەخوازێت بۆ ڕێگرتن لەم پێشێلکارییانە.

سەرباری ئەوانەی سەرەوە ناهەماهەنگی‌و نەگونجاوی لەنێوان دەقەکانی دەستورو یاسا جێبەجێکراوەکاندا تێبینی دەکرێت. لێرەدا تیشك دەخەینە سەر لایەنی هەندێك لەو یاسایانە کە بەئاشکرا زەوتکردنی مافەکانی ژنانی عێراقەو ڕژێمەکەی سەدام لێپرسراوێتییەکەی لەئەستۆ دەگرێت:

### 1. ڕێگرتن لەسەفەرکردنی ژنان:



ڕژێم کۆمەڵە بڕیارێکی جیاجیای دەرکردوە کەسەرپێچی مافەکانی مرۆڤن، ئەم بڕیارانە سنوردارکردن‌و ڕێگرتن‌و زەوتکردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە، ڕێگرتن لەسەفەرکردنی ژنان بۆ دەرەوەی عێراق تەنانەت ئەگەر ژنەکە خاوەنی بەرزترین بڕوانامەی ئەکادیمی بێت، **مەگەر** لەگەڵ کەسێکی مەحرەمدا نەبێت. ئەمە بڕیارێکە ژنان لەرووی ئەهلییەتەوە بەناتەواو دادەنێت، لەکاتێکدا ڕژێم ڕێگەی بەنێرینە لەکاتی گەیشتنی بەتەمەنی پێشگەیشتن(18ساڵ) داوە سەفەری دەرەوەی عێراق بکات، تەنانەت ئەگەر هیچ بڕوانامەیەکیشی نەبێت، نازانرێت ئەو دانابیە چییە کەوای لەسەرۆکی پێشوو سەدام حسێن کردووە بڕیاری لەمشێوە کەپێچەوانەیە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و دەستورو یاساکانی عێراقدا دەربکات کە لەمرۆڤبوونی ژنان کەمدەکاتەوە، بۆیە دەبێت ئەم یاسایە هەڵبوەشێنرێتەوەو یەکسانی نێوان ژنان‌و پیاوان لەسەفەرکردندا بەبێ هیچ مەرجێك جێگیربکرێت، هەروەها دەبێت کۆت‌و بەندەکانی سەفەرکردن لەسەر هاوڵاتیان لاببرێت‌و، وەرگرتنی مۆڵەتی پێشوەخت لەدەزگاکانی دەوڵەتدا بۆ وەرگرتنی مافی دەرچوون، هەڵبوەشێنرێتەوە.

### 2- مافە زەوتکراوەکانی ژنان لەیاسای مەدەنی عێراقیدا:

بێگومان یاسای مەدەنی عێراقی کارێکی زۆر گرنگ‌و کاریگەری لەرێکخستنی مامەڵە دارایی‌و لایەنە جیاوازەکانی ژیاندا هەیەو لەئامادەکردنیدا کۆششێکی زۆر کراوە بەجۆرێك لیژنەی یەکەمی ساڵی 1933 پێکهێنراوەو ساڵی 1936 لیژنەیەکی تریشی بۆ پێکهێنرا بەمەبەستی دانانی پرۆژەیەکی سەرەتایی تایبەت بەبڕیارە پەیوەندیدارەکان بەگرێبەستی فرۆشتن، کەچی کۆششەکان لەساڵی 1943 ڕاگیران، ئەرکی جێبەجێکردنی پرۆژەی یاسای مەدەنی عێراقی بەجێهێڵدرا بۆ ئەوەی کۆمەڵە ئەحکامێکی داوەریی‌و چەندین ڕێسای تر بگەڕێتەوە، ئەم ئەرکە خرایە سەر شانی لیژنەیەك لەگەورە یاساناسەکانی عێراق بەسەرۆکایەتی دکتۆر عەبدولڕەزاق ئەلسنهوری‌و کاری ئەم لیژنەیە 3 ساڵی خایاند.

ئەگەرچی یاسای مەدەنی عێراقی یەکەم یاسای مەدەنی عەرەبییە کەتێکەڵەیە لەشەریعەتی ئیسلام‌و یاسا خۆرئاواییەکان شانبەشانی یەکتر لەرووی چەندێتی‌و چۆنێتیشەوە ئەمەش ترسناکترین ئەزمونی دانانی یاسای مەدەنی نوێیە لەمێژودا وەك چۆن زانای یاسایی (سەنهوری پاشا) وەسفیدەکات، ئەمەش بەو مانایە نییە یاسای مەدەنی عێراقی کە لەساڵی (1953)دا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە بێکەموکورتی‌و بێتەگەرە بووە، یان توانیویەتی ڕێکخراوی ناوخۆیی‌و هەماهەنگی دەرەکی بەدیبهێنێت، سەبارەت بەمافەکانی ژنان چەندین دەقی تێدایە کەئەم مافانەی

زەوتکردوەو لەگەڵ مافەکانی پیاواندا یەکسانی نەکردوە، بۆیە وادەخوازێت هەمواربکرێت‌و هەماهەنگ بکرێت لەگەڵ جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تردا.

بەڵگە لەسەر قسەکانی پێشومان، بابەتی رەچەڵەك‌و هەڵگرتنی ناو لەژێر کاریگەری یاسای رۆمانیدا بۆ پیاوان قۆرخکراوەو، ژنانی لێبێبەشکراوە، وەك چۆن یاسای مەدەنی ژنانی لەمافی سەرپەرشتیکردنی منداڵ بێبەشکردوە، لەمادەی 102دا کەبۆ نموونە تیایدا هاتووە: "سەرپەرشتیاری منداڵ باوکیەتی ئینجا وەصی باوکی ئینجا باپیری راستەقینەی ئینجا وەصی باپیر ئینجا دادگا یان ئەو کەسەی دادگا دیاریدەکات". ئەم بڕیارە رەتکردنەوەی ئاشکرای رۆڵی دایکەو نابێت بمێنێت، ئەگینا چۆن وەصی باوك‌و وەصی باپیر پێش دایك دەخات کەئەگەر دادگا رەزامەندی لەسەر هەبێت لەوانەیە وەصی بێت، لێرەدا دەتوانین بڵێین دەبێت دایك پێش هەر کەسێکیتر بخرێت یان مەسەلەکە بۆ دادگا بهێڵرێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندی منداڵەکە، هەروەها پێویستە یاسای چاودێری ناکامان هەمواربکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ رێزگرتنی مافەکانی ژنان‌و پیاوان لەویلایەت‌و وەصایەتدا بێتەوە.

### 3.مافة زةوتكراوةكانى ذن لةياساى بارى كةسيَتى عيَراقيدا:

یاسای باری کەسێتی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1959 کەچەندین جار هەموارکراوەتەوە، بەڵام هێشتا ئەم پرۆسەی هەموارکردنە مافە زەوتکراوەکانی ژنانی نەگرتوەتەوە کەتەواو پێچەوانەیە لەگەڵ بەها مرۆییەکانی ژنان‌و رۆڵیان لەژیانداو پێچەوانەیە لەگەڵ جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ و بنەما دەستورییەکاندا، هاوکات پێچەوانەیە لەگەڵ پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەمافەکانی ژنان‌و رێگرتن لەجیاکاری لەنێوان هەردوو رەگەزەکەدا، زۆر ئەستەمە بتوانین تیشك بخەینەسەر گشت مافە زەوتکراوەکانی ژنان لەیاسای باری کەسێتی عێراقیدا، بەڵام دەکرێت ئاماژە بەهەندێك لایەنی بکەین، بەو هیوایەی لەعێراقی ئایندەدا لەبەرچاوبگیرێت‌و بگۆڕێت بۆ یاساگەلێك کە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی نوێ لەعێراقی پاش سەدامدا بگونجێت.

گرنگترین دەق کە لەم یاسایەدا هاتوەو هاوکات زەوتکردنی مافەکانی ژنانیشە، بابەتی فرەژنی‌و قۆرخکردنی تەڵاقە لەدەستی پیاواندا، هەروەها دەقەکانی پەیوەست بەبنەماکانی تالوقکردن (نشوز)، یاساکە ئەوەی لەبەرچاو نەگرتووە کەهاوسەرگیری لەسەر بنەمای مافی هەڵبژاردن‌و رەزامەندی لەپێکەوە ژیان‌و تێگەیشتنی مرۆیی دادەمەزرێت، نەك ناچارکردن.. بنەمای ئەوتۆی بەناوی (ماڵی تاعەت‌و ماڵی شەرعی) هەیە بۆ ئەو ژنانەی بەردەوامبوونی ژیانی هاوسەرێتی



رەتدەکەنەوە، بەهەمانشێوە دەبێت مادەی (25) لەیاساکە هەمواربکرێت کەژنان لەمافی نەفەقە بێبەشدەکات ئەگەرهاتوو بەبێ پرسی مێردەکانیان ماڵی هاوسەرێتییان بەجێهێشت یان لەبەر تاوانێك یان قەرزێك زیندانیکران یان بەبێ بیانویەکی رەوا نەیانویست لەگەڵ مێردەکانیاندا سەفەربکەن، بەجۆرێك یاسا نوێیەکە یەکسانی لەماف‌و ئەرکەکانی هەردولادا بهێنێتە ئاراوەو هەروەها هەڵوەشاندنەوەی مادەی (26)ی یاساکە، چونکە بنەما مرۆییەکان فرەژنی رەتدەکەنەوە.

لەو بڕوایەداین پشتبەستن بەبنەما ئاینییە توندوتیژەکان، کە لەخودی ئایینەوە سەرچاوەیان نەگرتوە یان بنەما دەمارگیرەکان کەئامانج لێیان لەچاڵنانی ژنانی عێراقە بەدەرچونێکی مەترسیدار لەبەها جوانەکانی مرۆڤایەتی‌و پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤو بنەما نێودەوڵەتیەکان دادەنرێت. ئایین‌و یاسا بۆ خزمەتی مرۆڤ و بەختەوەرکردنیان‌و دابینکردنی یەکسانی‌و وەکیەك تەماشاکردنی مرۆڤەکان هاتوون ، هەر راڤەکردنێکی تەسك یان پێچەوانەی ئایین یان یاسا کەخزمەت بەئامانجە بەهادارەکانی مرۆڤایەتی نەکات، نادروستەو لەروی یاساییەوە بەهەڵوەشاوە دادەنرێت، سەرەڕای ئەوەی ئەم هەلومەرجە دژی گەشەسەندنی ژیان‌و یاساکانیەتی‌و بەهیچ شێوەیەك جێگەی قبوڵکردن نییە، بەڵکو تەنانەت لەسەرمانە رووبەڕووی راڤەکردنە توندڕەوو دەمارگیرییەکان بۆ دەقەکان بوەستینەوە کەمەبەستی سەرەکییان سەروەری کۆمەڵگەی نێرینەو سەرخستنی بەها خراپەکانە بەسەر بەها چاکەکاندا.

### 4- مافة زةوتكراوةكانى ذنان لةياساى سزادانى ذمارة 111 سالَى 1969؛

چەندین دەقی یاسایی لەیاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە کەپێشێلکاری ترسناکی مافەکانی ژنانە، سەرباری دەیان بڕیار کە لەسەردەمی رژێمەکەی سەرۆکی پێشوو سەدام حسین دەرچوون‌و پێچەوانەی دەستورو پابەندبوونی نێودەوڵەتین، لەگرنگترینی ئەم پێشێلکاریانە:

#### أ. سزاى لةسيَداردان لةدةرةوةى دادطا:

ژنان بەگوێرەی یاسای شەرەفپارێزی (غسل العار)و بەبێ دادگایکردن بەشێوەیەکی ترسناك لەسێدارەدراون، کردەوەی لەسێدارەدان بەکەسانێك سپێردراوە کەناوی فیدائی سەدامیان لێنرابوو، کرەوەکە بەشمشێر بۆ بڕینی سەرو ئەندامەکانی لەش بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەنجامدراوە، ئەمەش سەرباری کردەوەی کوشتن‌و لاقەکردن‌و ئەشکەنجەدانی بەردەوامی ژنان لەزیندانەکانی رژێمدا، کەوا پێویست دەکات لیژنەی پشکنین بنێردرێت بۆ ئاگاداربون لەواقیعی مافەکانی مرۆڤ لەعێراق‌و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە بدرێنە دادگای نیشتمانی یان نێودەوڵەتی.

#### ب. تاوانى زيناكردنء كوشتن بةثالَنةرى شةرةفثاريَزى:

ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەوڵاتانی عەرەبیو ئیسلامیدا تەشەنەیکردوە. ئامارێکی ورد سەبارەت بەم بارودۆخە لەعێراقدا لەبەردەستدا نییەو ئەم تاوانە لەدەرەوەی وڵاتیش لەنێو هاوڵاتیانی عێراقیو عەرەبدا بڵاوبوەتەوەو چەندین تاوانی هاوشێوە لەسویدو وڵاتانیتر بەپاڵنەری شەرەفپارێزی خێزان ئەنجامدراون، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر مەترسی ئەم تاوانە. ئاشکرایە یاسای سزادان لەعێراق جیاوازییەکی زەقی لەپاراستنی یاسایی لەنێوان ژنانو پیاواندا کردوە، لەم تاوانەدا یاسا لایەنگری پیاوانەو سزایەکی زۆرتوندی بەسەر ژناندا سەپاندوە کەگەیشتووەتە ئاستی گیانکێشانی بەبێ سزادانی ئەنجامدەری تاوانەکە، یان سزادانی بەسزایەکی سوك کەهەرگیز لەگەڵ جۆری تاوانەکەدا ناگونجێت، بەپاساوی ئەوەی کوشتنەکە بەپاڵنەری شەرەفپارێزییە کەسڕینەوەی نەنگییە بۆ ژنێك کەزینای کردوەو یاسا پارێزگاری بۆ پیاوان داناوەو بۆ ژنانی دەستبەری نەکردوە، بیانوو بۆ ژنێك ناهێنێتەوە کەپیاوەکەی بۆ سڕینەوەی نەنگی بەهۆی زیناکردن لەماڵی هاوسەرێتیدا (بۆنمونە) کوشتبێت، ئەگەر ژن ئەم کارە بکات بەتاوانی کوشتنی بەئەنقەست دادەنرێتو سزاکەی لەسێدارەدان یان زیندانیکردنی هەتاهەتایی دەبێت، لەکاتێکدا ئەگەر پیاو کوشتنەکەی ئەنجامدا (هاوسەر یان یەکێك لەمەحرەمەکانی کوشت) سزاکەی زیندانیکردنە بۆماوەی ( 6) مانگ لەگەڵ ڕاگرتنی جێبەجێکردنی سزاکە.

لێرەدا جێگەی ئاماژەیە هۆی کوشتن بەپاڵنەری شەرەفپارێزی لەزۆرێك لەوڵاتانی عەرەبیو ئیسلامیدا بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەئایینو بەها کۆمەڵایەتییەکانو ئەوانەی بوونەتە دابونەریت ڕێگەنادەن بەدروستبوونی پەیوەندی سۆزداری یان سێکسی لەدەرەوەی چوارچێوەی خێزان، ئەگەر حاڵەتێکی لەمجۆرە دروستبێت بەنەنگی بۆ خێزانی ژنان دەژمێردرێت، لەبەرئەوەی ئەم پەیوەندییە بەگوێرەی ئەو چەمکانە لەو کارانەیە زیان بەناوبانگی خێزان دەگەیەنێت، ژنان سزاکەی لەئەستۆدەگرنو لەلایەن نێرینەکانی خێزان یان نزیکەکانیانەوە بەپاڵنەری ڕووسوری یان سڕینەوەی نەنگی کەئەو ژنە بەسەر خێزانەکەیدا هێناوە، جێبەجێدەکرێت، بەڵام نێر دوچاری هیچ زیانێك یان ناوبانگی خراپ نابێت (بەهۆی جیاوازی پاراستنی یاساییو کۆمەڵایەتی) بەڵام لەوانەیە لەلایەن کەسوکاری کچەکەوە بکوژرێت بەهۆی کردەوەیەکەوە کەبەستنی پەیوەندی ناشەرعییە لەگەڵ کچەکەیاندا، لەوانەیە لەئەنجامدەرە سەرکەوتوەکان دابنرێتو، لەم بارودۆخەدا هیچ نەنگییەکی بۆ خێزانەکەی نەهێناوەو سزای کۆمەڵایەتی لەخێزانەکەیەوە نایگرێتەوە، لەبەرئەوەی کارەکەی لەسەر ئەنجام نەدراوە بەڵکو خۆی ئەنجامدەربووە.

پێدەچێت یەکێك لەهۆیەکانی ئەم سزا قورسە بریتی بێت لەڕێگرتن لەتێکەڵبوونی ڕەچەڵەك کەزۆرێك لەکۆمەڵگە عەشایەرییەکان بەبایەخەوە لێی دە ڕوانن، ئاشکرایە ئەم گرفتە نوێ نییەو



ڕەگەکانی بۆمێژوی کۆنو بەتایبەت بۆسەردەمی یاسا دێرینەکان دەگەڕێتەوە کەسزایەکی توندی بەسەر ژنانی مێردکردوودا سەپاندوە لەکاتی زیناکردندا بەراورد لەگەڵ ژنانی مێردنەکردودا، وەك چۆن لەیاسای حامورابیو یاسای ڕۆمانیدا هاتووە، ئەگەر لەرابردوو لەکۆندا مەسەلەیەك هەبووبێت بیانوی بۆ ئەم حاڵەتە هێنابێتەوە، ئەوا لەسەردەمی نوێدا جێگەی قبوڵ نییە، چارەسەری حاڵەتەکە بەدوو ڕێگە دەبێت: یەکەم دیراسەکردنی، دووەم: دانانی دەقی یاسایی گونجاو کەدادپەروەری بەدیدەهێنێتو دەبێت چارەسەری گرفتەکە بەجۆرێك بێت کەڕێز لەمافەکانی ژنان بگرێتو مرۆڤایەتیو بەها مرۆییەکانی دەربخات.

### ج. هةلَوةشاندنةوةى دةقةكانى ئةيوةست بةتةمبيَكردنى ذنان:

لەمادەی ( 41)ی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە: "بەتاوان دانانرێت ئەگەر کردەوەکە بەکارهێنانی مافێك بێت. 1. تەمبێکردنی ژن لەلایەن هاوسەرکەیەوە" لەسەر ئەو بنەمایەی تەمبێکردنی ژن لەلایەن هاوسەرەکەیەوە بریتییە لەبەکارهێنانی مافێکی یاسایی پیاوانو ژنانی لێبێبەشکراوە، پیاو مافی ئەوەی هەیە لەژنەکەی بدات وەك بەشێك لەتەمبێکردن یان لەسەر جێگە بەجێی بهێڵێت کەپێچەوانەیە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و بەها مرۆڤایەتییەکانو هەروەها بنەماکانی پێکەوە ژیانی هاوبەش لەسەر پرەنسیپی خۆشەویستیو لێکتێگەیشتنو ڕێزگرتنی یەکتر، لێدان خراپەمامەڵەکردن تاوانە کە لەیاسادا ناوی (تاوانی ئازاردانی جەستەیی) لێنراوەو نابێت هیچ لایەنێك بەهەر هۆکارێك پەنابەرێتەبەر لێدان، یەکێکە لەکارە نایاساییەکانو لەکاتی ئیسپاتبوونیدا حەقە ئەنجامدەرەکەی سزابدرێت.

جێگەی ئاماژەیە ئەو یاسایەی سەدام لەنۆڤەمبەری ساڵی 2001و دادوەر دەریانکرد بە لەسێدارەدانی ئەو ژنانەی کەگومان لەهەڵسوکەوتیان بکرێتو هەروەها ئەو کەسەی جێگەیەکی لەشفرۆشی بەڕێوەدەباتو ئەوەشی ئاسانکاری بۆ دەکات، ئەم یاسایە لەڕووی دڕندەییەوە لەجیهاندا وێنەی نییە.

### د. مافة زةوتكراوةكانى ذنان لةياساى ثؤستة طشتييةكانء ياساى ثةيمانطاى دادوةرى:

ئەم یاسایە ژنانی لەوەرگرتنی کۆمەڵێك پۆستی وەك دادوەر یان پۆستە باڵاکانی وڵات بێبەشکردوە کەسەرپێچیکارییەکی ترسناکی دەستورو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەنەهێشتنی جیاکاریی دژ بەژنانە، بۆیە دەبێت گشت ئەو یاسایانە مشتوماڵ بکرێن کەمافەکانی ژنان زەوتدەکەن، لەبواری پۆستە گشتییەکانو یاسای پەیمانگای دادوەرییو یاساکانی تری خزمەتکردندا، ئەمانەش سەرەڕای تەشەنەکردنی سیاسەتی جیاکاری تایفیو دەمارگیریو نەژادیو جوگرافیو فکرییو سیاسی دژ بەژنان لەعێراق لەسایەی ڕژێمی پێشوودا.

ئەگەر بچینە سەر باوردۆخەکە لەکوردستانی عێراقدا دەبینین حکومەتی هەرێم زنجیرەیەك یاساو بڕیاری گرنگی بۆ هەموارکردنی بارودۆخی مافەکانی ژنان دەرکردووە، لەسەر ئاستی کارکردنی وەزیفی ژنانو یەکسانییان لەهەلی کارکردنو بەرزکردنەوەی پێگەی ژنان، بەڵام سەبارەت بەتاوانی سڕینەوەی نەنگیو کوشتن بەپاڵنەری شەرەفپارێزی یان پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و لەنێویدا مافەکانی ژنان زۆر هەنگاوی گەورە لەم بوارەدا پێویستە هەڵبگیرێت، واتە زۆر یاساو بڕیار ماون کەپێویستییان بەهەموارکردنە لەپێناو هاتنەئارای یەکسانی لەمافو ئەرکەکاندا.

بەسەرنجدان لەو کۆششانەی سەرکردایەتی کورد (پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانیو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی) خستویانەتەگەڕ، کەکۆششێکی ئێجگار زۆرو بەبایەخە لەسەر ئاستی باشترکردنی بارودۆخی مافەکانی ژنان لەکوردستانی عێراقدا، سەرکردایەتی کوردستان بەباشی لەلێپرسراوێتی نیشتمانیو مێژوییو یاسایی ئەم بوارە تێگەیشتووە، سەرەڕای ئەو کێشە زۆرانەی کە لەسایەی سیاسەتی رژێمە چەوسێنەرەکان لەدژی گەلی کورد تاوەکو ئێستا کوردستانی عێراق بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

لەو بڕوایەداین گەشەپێدانی کوردستانی عێراقو بونیادنانی کۆمەڵگەی مەدەنیو ملکەچی یاسا بەدینایەت ئەگەر پێگەی ژنان بەرزنەکرێتەوەو گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژیان بنەبڕنەکرێتو دەرگا بەڕووی ژناندا نەکرێتەوە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەو بونیادنانی خێزان. بەتایبەتی لەسایەی ئەو دامەزراوەو دەسەڵاتانەی لەهەرێمی کوردستاندا بەئازادیو بەگوێرەی یاسا بەتەنیشت دامەزراوەی ترەوە کاردەکەنو لەتوانایاندایە هەنگاوی کارا بۆ دەرچوونی یاسا ناوخۆییەکان لەسەر ئاستی هەرێم هەڵبگرن لەپێناو هەموارکردنی چەندین دەقی یاسایی کەرێگرن یان پێچەوانەن لەگەڵ پەرەسەندنی رۆڵێ ژنان لەکۆمەڵگەداو لەچەندین یاسای جۆراوجۆردا بونیان هەیەو ئەمەش ئەرکێکی نیشتمانییە کەخزمەت بەئایندەی عێراق دەکات.

## سێیەم: هەڵمەتی هەڵوەشاندنەوەی یاسای 137:

کۆششی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەرباری ساوابونیان توانییان بڕیاری ژمارە ( 137)ی ئەنجومەنی حوکمی گواستنەوەی عێراقی لەکاربخەن، ئەمە یەکەمین دەستکەوتی مافە مەدەنییەکانە کە بەشانازییەوە پاش روخانی رژێم لەم کۆمەڵگەیەدا بەدیهاتووە. یەکگرتنی کۆششی رێکخراوەکانو کۆمەڵەو ئاراستە هۆشیارەکانی رێکخراوەکانی ژنانو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەپشتگیری کۆمەڵێك لەحزبەکانو سەرجەم رۆشنبیرانو نوسەرانو هەندێك لەهاولاتیانی عەرەبو تەنانەت بیانیش رۆڵیان هەبووە لەراگرتنو لەکارخستنی ئەم بڕیارە کەزەوتکەری مافەکانی ژنان بووە لەکاتی لەدایکبوونییەوە.



لێرەدا دەتوانین بڵێین گروپو ئاراستەکانی ژنان لەچەند لایەکەوە کاریان لەسەر رەتکردنەوەی ئەم بڕیارە کردووە، یەکەم: ئەنجومەنی حوکم هەڵبژێردراو نییەو رێگەی پێنەدراوە دەست لەمەسەلە گەورەکان وەربدات کەمەسەلەی باری کەسێتی بەشێکە لێیو، بەتایبەت ئەو ئەنجومەنە کاتییەو بۆ بەرێکردنی کارەکانەو ئەرکی سەرەکی پاراستنی ئاسایشو نیزامو بەرقەرارکردنی ئۆقرەییو دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتیو ئامادەکردنی کۆتایهێنانە بەقۆناغی داگیرکارییە، ئینجا ماوەی گواستنەوە لەنزیکترین ماوەدا ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەر لەوادەی گونجاودا. بێجگە لەمانەش، بەهەر حاڵ ئەم بڕیارە بواری پسپۆڕی ئەنجومەنی ناوبراو نەبووە، لەناویدا مەسەلەی باری کەسێتیو تەنانەت لەو لایەنانەشی کەبواری پسپۆڕی ئەون، بۆیان نییە بەبێ راوێژی وەزیرو شارەزایانو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بڕیاربدەن، وەك چۆن سەرۆکی ئەنجومەن دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیاری نییە بەبێ گەڕانەوە بۆ پرسورا لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەن، وەك لەبڕیاری باری کەسێتیدا رویدا.

لایەنی دووەم، بریتییە لەوەی کەبڕیارەکە گوزارشتە لەجیاکاریو تیرۆکردنی ئازادییەکانی ژنان لەلایەکو بەدرۆخستنەوەی بانگەشەی هەندێك هێزی سیاسی کەهەمیشە بانگەشە بۆ هەڵبژادنو ئازادیو رێزگرتنی مافی مرۆڤ دەکەن.

سەرباری ئەوانەی باسکران، بڕیاری 137 پێچەوانەیە لەگەڵ پەیماننامەی تایبەت بەمافە سیاسییەکانی ژنانو پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان کەکۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بەگشتی پشتی پێبەستووەو خستویەتیەڕوو بۆ ئیمزاکردنو پەسەندکردنو چوونەپاڵی بەبڕیاری ژمارە 180/34 مێژوی دەستپێکردنی لەرۆژی 18ی دیسەمبەری 1979و تەواوبونی لە 3ی سێبتەمبەری 1981دا بوو، بەگوێرەی بەندەکانی مادەی 27 کە لەمادەی (دوو)یدا هاتووە: "ولاتانی بەشداربوو رێگری دەکەن لەگشت شێوەکانی توندوتیژی لەدژی ژنانو رێدەکەون لەسەر ئەوەی بەگشت هۆیەکانی بەردەستو بەبێ ماتڵکردن سیاسەتێك بگرنەبەر کەئامانج لێی بنەبڕکردنی جیاکاریی بێت لەدژی ژنان.

هەروەها ئەم بڕیاری ( 137)ە پێچەوانەیە لەگەڵ بەیاننامەیەکی ئەنجومەنی حوکم کە لەرۆژی 15ی نۆڤەمبەری 2003دا لەژێر ناونیشانی: "بەیاننامەی ئەنجومەنی حوکم سەبارەت بەگۆڕانی سیاسی لەعێراقدا" دەریکردوەو تیایدا هاتووە:

أ. رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و رێزگرتنی ئازادییە بنەڕەتییەکان لەنێویدا ئازادی بیروباوەڕو مومارەسەکردنی ئایینو یەکسانی لەنێوان سەرجەم هاولاتیاندا.

ب. جەختکردنەوە لەسەر جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتەکە.

بەهەمانشێوە ئەنجومەنەكە لەیۆلیۆی 2003دا بەیاننامەی سیاسی ئەنجومەنی حوكمی بڵاوكردەوە كەئەم گرەنتییانە لەخۆدەگرێت، ئەوانەی یاسای ژمارە ( 137) هەموویانی هەڵوەشاندەوە.

*سڕینەوەی شوێنەوارەكانی دەستبەسەرداگرتنی سیاسیو جیاكاری نەتەوەییو تائیفی.

*رێزگرتن لەمافەكانی ژنانی عێراق.

*رێزگرتنی مافەكانی مرۆڤ بۆ سەرجەم هاوڵاتیانی عێراق لەعەرەبو كوردو توركمان و كلدانو ئاشورییەكانو ئەوانیتر.

بڕیارەكە هەبوونی چەندین نەتەوەی تری ناموسوڵمانی بەسەردا تێپەڕیوە، وەك مەسیحییەكان (كلدانو ئاشوورییو سریانەكان) كەسێ نەتەوەی گەورەن لەوڵاتداو، هەروەها سابئیەو یەزیدییەكانو ئەرمەنو ئەوانیتر لەكەمایەتییە نەتەوەییەكاندا رونبەكراوەتەوە ملكەچی چ یاسایەك دەبن.

بێگومان ژنانی عێراق كەئومێدەوارن گۆڕانی دیموكراسی كێشەكەیان لەئامێزبگرێت، بەگشت بوێریو ئازایەتییەكەوە بەرەنگاری ئەمجۆرە بڕیارە دەبنەوەو ژنە عێراقییەكان لەژێر ئاڵای رێكخراوە تێكۆشەرەكانی ژناندا بەردەوامی بەخەباتكردن دەدەن لەپێناو بەدیهاتنی گشت داوا رەواكانیانو لەكارخستنی هەر بڕیارێك كەزیان بەمافەكانیان بگەیەنێت، ئەركی نیشتمانیو مرۆڤایەتی سەرجەم حزبە سیاسییە پێشكەوتوخوازەكان، رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیو هێزو رێكخراوو یەكیێتیو سەندیكا پیشەییەكانو كەسایەتییە كۆمەڵایەتیو نیشتمانیو دیموكراسیخوازەكانە كە لەئاست مەسەلەی ژناندا هەڵوێست وەرگرن، بەیەكێك لەدیارترین پێوەرە مرۆییە رەواو نیشتمانییە راستەقینەكانی دابنێن، هەروەها گشت ئەم لایەنانە پابەنددەكات پشتگیری لەخەباتی ژنانی عێراق بكەنو هاوكارییو هەماهەنگی لەگەڵ داوا رەواكانیاندا دەرببڕن.

ضوارةم: راسثاردةكان بؤ ثاراستنى مافةكانى ذنان لةعيَراقى ئايندةدا:

1. پێكهێنانی لیژنەیەكی نیشتمانی باڵا بۆ بەرەنگاربونەوەی سیاسەتی جیاكاری لەدژی ژنان لەعێراقی ئایندەدا بەمەبەستی قەرەبوكردنەوەی ئەو ژنانەی لەسایەی رێوشوێنەكانی رژێمدا زەرەرمەندبون، بەبێ جیاوازیكردن لەنێوان ئەو ژنانەی رووبەرووی ئەشكەنجەدانی جەستە یان دەرونی یان ئەوانەی لاقەكراون، قەرەبوكردنەوەی یاسای زەرەرمەندان یان میراتگرانیان بیانگرێتەوەو ئەنجامدەرانی تاوانەكانیش بەسزای یاسایی خۆیان بگەیەنرێن.



2. كاراكردنی دەستورو جێبەجێكردنی یاساكان بەشێوەیەكی دادپەروەرانە، بەجۆرێك یەكسانی لەنێوان ژنانو پیاوان لەكاركردندا مسۆگەربكات، نەك قۆرخكردنی هەندێك كار بۆ پیاوانو بێبەشكردنی ژنان لێی. لەگەڵ زەرورەتی كرنەوەی دەروازە بەروی ژناندا بۆ كاركردن لەبوارەكانی دادوەرییو پۆلیسو سوپاو بواری دیبلۆماسیو گشت بوارەكانی دیكەی كاركردن بەشێوەیەكی یاساییو یەكسان. لەو بڕوایەداین ئەو بانگەوازانەی بانگەشەی رێگەنەدان بەژنان لەوەرگرتنی پۆستی دادوەریی یان هەندێك كارو پیشەیتر دەكەن، لەبنەڕەتدا سیاسەتێكی ناڕەواو هەڵوەشاوەو پێچەوانەی دەستورو یاساكانن. وەك چۆن ناكرێت ئیسلام بەشێوەیەكی سەرەتایی راڤەبكرێت بۆ ئەوەی خزمەت بەمەبەستی سیاسی كۆمەڵەی ئایینی توندڕەو بكات كەخراپە بەرامبەر بەبەها گەورەكانی ناو ئایینەكان دەكەن، چونكە ئایین بۆ خزمەتی مرۆڤایەتیو بەرزكردنەوەی بەهای مرۆڤ هاتوەو ناكرێت بەئاراستەیەكدا ئاراستەبكرێت كە لەرێزی مرۆڤ كەمبكاتەوە.

3. زەرورەتی هەڵوەشاندنەوەی گشت ئەو بڕیارانەی لەلایەن ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشو سەرۆكەكەیەوە دەرچوون، ئەوانەی كەپێشێلكاری مافەكانی ژنانن وەك قەدەغەبوونی سەفەركردن بۆ هەندەران بەبێ هاوڕێیەتی پیاوێكی مەحرەمو، ئەم بڕیارە لەئەهلییەتی یاسایی ژنانو هەبوونە یاساییەكەی كەمدەكاتەوەو لەبنەڕەتدا بڕیارێكی دەستوری نییە.

4. هەڵوەشاندنەوەی فرەژنی، هێنانی زیاتر لەژنێك بەتاوان دابنرێت، وەك چۆن لەیاسای باری كەسێتی تونسیدا هاتووەو، هەر ئەوەشە یاسادانەرەكانی جەزائیر هەوڵی بۆ دەدەن.

5. هەمواركردنی یاساكانی جیاكاری لەنێوان ژنانو پیاوان لەئەركو مافەكانیانداو ئەو یاسایانەش كە لەپاراستنی یاساییدا جیاوازی لەنێوانیاندا دەكات.

6. ئەنجامدانی هەڵمەتێكی گەورەی رۆشنبیركردن لەبوارەكانی رۆشنبیری مافەكانی مرۆڤ و رۆشنبیری یاسایی لەكۆمەڵگەو بڵاوكردنەوەی رێزگرتن لەژنان وەك پرەنسیپێكی بنەڕەتیو بەتاوان دانانی دژایەتیو تەحەڕوشی سێكسی، لەكاتی كاركردندا بێت یان لەناو شەقامداو پشتبەستن بەپرەنسیپی یەكسانی نێوان هەردوو رەگەزەكە لەئارەزوەكاندا وەك سواربونی ماتۆڕو لێخوڕینی ئۆتۆمبیلو مەلەوانیو تاد..

7. راگرتنی گشت شێوەكانی توندوتیژی لەدژی ژنان لەكۆمەڵگەدا، شوێنكەوتنی سیاسەتێكی رۆشنبیركردنی نوێ كەپێگەی ژنان لەكۆمەڵگەدا بەرزبكاتەوە.

8. بەتاوان دانانی هاوسەرگیری بەزۆرو، دانانی سزای یاسایی بۆی، مسۆگەركردنی مافەكانی هەردوو رەگەزەكە بەیەكسانی لەهەڵبژاردنی هاوبەشی ژیاندا، بەمەرجێك هەردوولایان گەیشتبنە تەمەنی پێگەیشتن.

9. هەڵوەشاندنەوەی گشت ئەو یاسایانەی سزای کوشتن بەپاڵنەری شەرەفپارێزی سوکدەکەن، بەوەی تاوانێکی ئاساییەو ئەنجامدەر لەکاتی ئەنجامدانیدا بەتەواوەتی (بەبێ سوککردن) سزابدرێت.

10. بەدیهێنانی یەکسانی دەستوریی‌و یاسایی لەنێوان ژنان‌و پیاوان لەمافەکانداو لەنێویدا مافی وەرگرتنی پۆست‌و وەزیفەکان وەك مافی وەرگرتنی پۆستی دادوەریی.

11. زەرورەتی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە 111ی ساڵی 1990 کەرێگەیداوە بەکوشتنی ژنان بەبێ لێپرسینەوەی بکوژ، ئەگەر کوشتنەکە بەپاڵنەری شەرەفپارێزی بێت.

# مافە زەوتکراوەکانی ژنانی عێراق
# لەنێوان یاسای باری کەسێتی‌و یاسای سزادان

د. ئیمان عەبدولجەبار ئەلموسەڵەت

## ذنانی عیَراقء یاسای باری کةسیَتی:

یاسای باری کەسێتی لەعێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1959و چەند جارێك هەموارکراوە، کەچی ئەو هەموارکردنانە ئاوڕی لەمافە زەوتکراوەکانی ژنان نەداوەتەوە،کە لەیاساکەدا پێچەوانەیە لەگەڵ بەها مرۆییەکانی ژنان‌و رۆڵیان لەژیاندا، ئەمەش لەبەرئەوەی زۆر دەقی تێدایە کە لەگەڵ جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و بنەما دەستورییەکاندا ناگونجێت، سەرەڕای ناکۆکبونی لەگەڵ پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەژنان‌و قەدەغەکردنی جیاکاری لەنێوان هەردوو رەگەزدا.

زۆر ئەستەمە لەم دەرفەتەدا ئاماژە بەسەرجەم مافە زەوتکراوەکانی ژنان لەم یاسایەدا بکەین، بەڵام بوارمان دەبێت تیشك بخەینەسەر هەندێك لەو پێشێلکاریانە بەئومێدی ئەوەی لەعێراقی ئایندەدا بایەخی پێبدرێت‌و هەمواربکرێت بەجۆرێك کۆك‌و هەماهەنگ بێت لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی نوێ لەعێراق.

## لةوانةية طرنطترینی ئةو دةقانةی لةم یاسایةدا هاتونء مافةکانی ذنانیان زةوتکردوة بریتیین لة:

–مادەی (3)و بەتایبەتی مەسەلەی هێنانی زیاتر لەژنێك‌و قۆرخکردنی تەڵاق لەدەستی پیاواندا، هەروەها دەقەکانی پەیوەست بەئەحکامەکانی تالوقکردن ( نشوز) ، هاوسەرگیری تەندروست



لەسەر بنەمای رازیبوون‌و تێگەیشتنی مرۆییانەی نێوان هەردوولا دادەمەزرێت، نەك لەسەربنەمای ناچارکردن.

–ئەحکامەکانی ئەوەی بە(ماڵی تاعەت‌و ماڵی شەرعی) ناودەبرێت بۆ ژنێك کەبەردەوامبونی ژیانی هاوسەرێتی رەتدەکاتەوە، بیرۆکەی هاوسەرگیری لەبنەڕەتدا لەسەر مافی هەڵبژاردن سەبارەت بەهەردوولا، هاتووەتەئاراوە.

–مادەی (25) کەجەخت لەسەر بێبەشکردنی ژنان لە(نەفەقە) دەکاتەوە ئەگەر بەبێ پرسی مێردەکەی ماڵی بەجێهێشت یان ئەگەر بەهۆی ئەنجامدانی تاوان یان قەرزێك کەلایەتی‌و نەیداوەتەوە زیندانیکراوە یان ئەگەر بەبێ هۆیەکی شەرعی نەیویستبێت لەگەڵ مێردەکەی سەفەربکات، بۆیە لەم حاڵەتەدا داوای هەموارکردنی ئەم دەقە یاساییانە دەکەین بەجۆرێك لەگەڵ یەکسانی نێوان هەردوولا لەماف‌و ئەرکەکاندا بگونجێت.

یاسای عێراقی باری کەسێتی ژمارە ( 88) ساڵی 1959ی هەموارکراو لەمادەکانیدا گشت ئەو مادانەی لەخۆگرتووە کەپەیوەستن بەخێزانەوە، مادەکانی لەشەریعەتی ئیسلامی‌و بنەماکانی قورئانی پیرۆز وەرگرتووەو ئەم یاسایە هەوڵیداوە هەماهەنگی لەنێوان هەموو مەزهەبەکاندا بکات، کامەیان لەبەرژەوەندی ژنانی عێراقە ئەوەیان هەڵبژێرێت، بەڵام ناتوانین بڵێین بەشێوەیەکی رەها کامڵ بووە، چەندین مادەی تێدایە کەپێویستی بەهەڵوەستە لەسەرکردن‌و هەموارکردن هەیە، نەك تەنها لەیاسای باری کەسێتی، بەڵکو لەیاسای جێبەجێکردن‌و فەرمانگەکانی جێبەجێکردنیشدا هەیە.

## ذنانی عیَراقء یاسای سزادان:

لەیاسای سزادانی عێراقیدا چەندین دەقی یاسایی هاتووە کەگوزارشت لەپێشێلکاری ترسناکی مافەکانی ژنانی عێراقی دەکەن، سەرەڕای دەرچوونی دەیان بڕیار لەلایەن رژێمی پێشووەوە کەسەرپێچی دەستورو پابەندییە نێودەوڵەتییەکانن، لەگرنگترینی ئەم پێشێلکارییانە:

### 1. سزای لةسيَدارةدان:

ژنانی تاوانبار لەدەرەوەی دادگای عێراقی لەسێدارە دەدرێن‌و ئەمەش بەپێی دەقەکانی یاسای سزادانی عێراقی پەیڕەوی لێدەکرێت، بۆیە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەم ماددانەی ناو یاساکە دەکەین.

### 2-تاوانی زيناكردنء كوشتن بةثالَنةری شةرةفثاريَزی:

جیاوازی پاراستنی یاسایی لەنێوان ژنان‌و پیاواندا لەیاسای سزادانی عێراقیدا هەیە، یاسا لایەنگری پیاوی کردوەو سزایەکی قورسی بەسەر ژناندا سەپاندوە کەدەگاتە ئاستی کوشتن بەبێ سزادانی

ئەنجامدەر یان بەسزادانی بەسزایەکی سوك کەهەرگیز لەگەڵ تاوانی هاوشێوەدا ناگونجێت، بەو بیانوەی کوشتنەکە بەپاڵنەری شەرەفو سڕینەوەی نەنگی لەسەر تاوانی زیناکردن ئەنجامدراوە، بەهیچ شێوەیەك بیانوو بۆ ژنێك ناهێنرێتەوە ئەگەر مێردەکەی کوشت بەبیانوی ئەوەی لەماڵی هاوسەرێتیدا تاوانی زینای ئەنجامداوە، لەم بارەدا ژن بەتاوانی کوشتنی بەئەنقەست سزادەدرێت، کەچی ئەگەر پیاوەکە (مێرد یان یەکێك لەمەحرەمەکان) کوشتنەکەی ئەنجامدا بەزیندانیکردنی 6 مانگ سزا دەدرێت لەگەڵ راگرتنی جێبەجێکردندا!! وەك ئەو تاوانەی لەدهۆك رویدا کەتیایدا مامەکە کچی براکەی کوشت تەنها لەبەرئەوەی گومانی لەهەڵسوکەوتی هەبووە، بۆیە پێویستە ئەم یاسایە هەمواربکرێتو چەمکی شەرەف دیاریبکرێتو رێگە نەدرێت پیاو بەبیانوی سڕینەوەی نەنگیو سپیکردنەوەی شەرەف بۆ ئەنجامدانی تاوان سوود لەم پاراستنە یاساییە وەربگرێت.

## 3-تەمبێکردنی ژنان:

لەمادەی ( 41)ی یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە: "بەتاوان دانانرێت ئەگەر کردەوەکە بەکارهێنانی ماف (تەمبێکردنی ژن لەلایەن هاوسەرەکەیەوە) بێت"، لەسەر بنەمای ئەوەی تەمبێکردنی ژنان لەلایەن پیاوەکانیانەوە بەکارهێنانی مافێکە کەیاسا بۆ پیاوان بڕیاری لێداوەو ژنانی لێبێبەش کردووەو پیاو بۆی هەیە وەك بەشێك لەتەمبێکردن لەژنەکەی بداتو لەسەر جێگەی نوستن بەجێی بهێڵێت کەئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤو بەها مرۆڤایەتییەکاندا، پێویستە ئەو دەقانە لاببرێت کەرێگە بەپیاوان دەدەن بەبیانوی تەمبێکردن لەژنەکانیان بدەن، چونکە بەشێکە لەخراپ مامەڵەکردن لەگەڵیداو نابێت هیچ لایەکیانو بەهیچ هۆیەك پەنابەرنە بەر ئەم شێوازانە، ئەم کردەوانە بەتاوان دادەنرێنو لەکاتی ئاشکرابونیدا سزای لەسەرە.

## 4- ئەشکەنجەدانی ژنان لەزیندانء طرتووخانەکاندا:

زۆرێك لەبەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، پاش راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی 1991 دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی رژێمی سەدام حسێن چەندین سیاسەتی ترسناکیان بەرامبەر بەژنانی کوردستانو ناوچە جیاجیاکانیتر گرتوەتەبەر، بەتایبەتی لەزیندانە نهێنییەکاندا، بەدیاریکراوی لەزیندانەکانی رژێم لەسلێمانیو زیندانەکانی دهۆکو ئەوانیتر، بەچەشنێك زۆرێك لەژنان دوچاری لاقەکردنو لێدانو خراپ مامەڵەکردنو کوشتنو هەڵواسینیان بەمەمکەکانیان بەو قولاپە ئاسنینانەی بەسەقفی زیندانەکانەوە بوون، هەمان ئەو وێنانەی ئەشکەنجەدا کە لەناو زیندانەکاندا دەیبینی، هەمان ئەو وێنانەش لەکاتی گرتنو لێکۆڵینەوەدا پیادەکراوە.

بەڵام ئەگەر هاتوو تۆمەتەکە سیاسی بوو، هەمیشە ژنان رەوانەی زیندانی دەزگا ئەمنییەکانی دوور لەجیهانی دەرەکی دەکرانو ناچاری ئیعترافکردن دەکران، بێگومان لەمیانەی بەکارهێنانی



ئەشکەنجەدانو توندوتیژی و مامەڵەی خراپ یان کوشتن لەدەرەوەی چوارچێوەی دادگا، ئەو کەسانەشی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ژنان دەکەن زۆرجار لەپیاوانو هیچ بڕوانامەیەکی یاساییان نییە، ئەمەش سەرپێچیکردنی دەستورو یاسای عێراقو گشت پابەندییە نێودەوڵەتییەکانە، هەروەها رێگە نەدراوە رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیو رێکخراوە چالاکەکانی بواری مافەکانی مرۆڤو لێکۆڵینەوە لەئاستی پابەندبوونی رژێم بەبنەما سەرەکییەکانی مافی مرۆڤەوە بکەن، وەك چۆن بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە 688 بۆ پاراستنی مافەکان لەمیانەی ناردنی لیژنەکانی پشکنین بۆ ئاگاداربوون لەواقیعی مافەکانی مرۆڤ لەعێراق کاری پێنەکرا.

## ژنان لەدەستوری عێراقیدا:

ئەگەرچی ژنان لەعێراقدا بۆماوەیەکی دوورودرێژ دوچاری پەراوێزخستنو زەوتکردنی مافو ئازادییەکان بووبێتنەوە، دەبینین ئەمڕۆ زۆر بەتوندی داوادەکەن مافو ئازادییەکانیان لەدەستوری نوێی عێراقدا جێگیربکرێت لەگەڵ دۆزینەوەی میکانیزمی جێبەجێکردن دور لەزەوتکردنی مافەکانیان، مافانەکانیش لەم خاڵانەدا خۆیان دەبیننەوە:

* زەرورەتی جەختکردنەوە لەدەستوری نوێی عێراقدا لەسەر پابەندبون بەگشت پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، ئەو پەیماننامانەی خزمەت بەژنان دەکەن، وەك پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاریی لەدژی ژنان (سیداو).

* زامنکردنی یەکسانی ژنان (بەچاوپۆشین لەحاڵەتی ژنو مێردایەتی) لەگەڵ پیاواندا لەمافو ئازادییەکانو لەگشت بوارەکانی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو مەدەنیدا.

*دانانی چەند یاسایەك بۆ بەرگرتن لەتوندوتیژی دژی ژنان لەگەڵ دۆزینەوەی میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەم یاسایانە، هەروەها دەبێت رێوشوێنەکان راستەوخۆو بەپەلە دوور لەرۆتین بگیرێنەبەر.

* قەدەغەکردنی سوکایەتی پێکردنو بازرگانیکردن بەژنانەوە، دەبێت حکومەت بەهەرسێ دەسەڵاتەکەیەوە بەتایبەتی دەسەڵاتی یاسادانان لەیاساو بڕیارەکانیدا مادەی ئەوتۆ بۆ قەدەغەکردنو نەهێشتنی ئەم دیاردەیە دابنێت.

* زامنکردنی مافی یەکسان بۆ ژنان لەسیاسەتەکانی حکومەتو وەرگرتنی پۆستە سیادییە باڵاکانو نوێنەرایەتیکردنی نێودەوڵەتی.

* زەرورەتی دانانی دەقێکی رون لەدەستوردا لەمەڕ یەکسانی ژنانو پیاوان لەبەردەم دادگادا.

* پابەندبون بەسەرجەم بەندەکانی جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ و پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکانو پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە

مەدەنیو سیاسییەکانو هەردوو پرۆتۆکۆڵە پاشکۆکەی، پابەندبونی تەواو بەپەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنانو دەقی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە (1325).

*زەرورەتی بەشداریکردنی ژنان لەسەرجەم بوارەکانی گەشەپێداندا بەپێی تواناکانی، بۆ ئەوەی ببێتە رەگەزێکی چالاك لەگەشەپێدانی کۆمەڵگەدا.

* دەوڵەت گشت ئەو رێوشوێنانە دەگرێتەبەر بەمەبەستی چالاککردنی شێوازە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەکانی هەڵسوکەوتی ژنانو پیاوان بۆ لەناوبردنی ئەو جیاکارییەی بەهۆی دابونەریتە باوەکانەوە هاتوەنەتەکایەوە، ئەمەش لەمیانەی پرۆگرامەکانی پەروەردەو هۆشیارکردنەوەی گشتگیر بەپشتبەستن بەهۆیەکانی راگەیاندن، لەمیانەی وتاری تەواوی پیاوانی ئاینییەوە.

* دەستەبەرکردنی مافی یەکسان بۆ ژنان لەبوارە سیاسییەکانداو بەخشینی رێژەیەك کە لەرێژەی 50٪ کەمتر نەبێت لەکورسییەکانی پارلەمان لەگشت هەڵبژاردنەکانی ئایندەداو هەروەها مەرج نییە لیستەکان بەناوی پیاوێك دەست پێبکات، وەك چۆن لەلیستی بەشداربوانی هەڵبژاردنەکانی پێشودا تێبینی دەکرا.

* رەچاوکردنی تایبەتمەندی کرێکاری ژن لەماوەی سکپڕیو منداڵبوونو دایکایەتیو مۆڵەتەکەی لەو ماوەیەدا بەموچەی مانگانەی تەواو بێت، لەبەرئەوەی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی سروشتیو زۆر بەبایەخ ئەنجامدەدات. پێویستە ئەمەش بەجۆرێك بێت لەگەڵ بەرژەوەندی منداڵو دەستەبەرکردنی تەندروستی بۆ ژنەکە بگونجێت.

* نەسەپاندنی جۆرێکی جلوبەرگ بەسەر ژناندا، بەڵکو ئازادی پۆشینی بۆ فەراهەمبکرێت لەجۆری جلو بەرگدا، بەمەرجێك زیان بەئادابی گشتی نەگەیەنێت.

* ژنانی عێراقی مافی دەسکەوتنی رەگەزنامەو پارێزگاری لێکردنیو گۆڕینیان هەبێت، ئەوەیان بەسەردا نەسەپێنرێت کەرەگەزنامەکەیان بگۆڕن بەرەگەزنامەی مێردە بیانییەکەکانیان، لەبارێکدا کەخۆیان ئارەزوی ئەو گۆڕینە نەکەن، هەروەها مافی ئەوەیان هەبێت رەگەزنامەی خۆیان ببەخشنە منداڵەکانیان لەچەند حاڵەتێکی دیاریکراودا کەیاسا دیاریدەکات.



## دادوەری جۆری کۆمەڵایەتی لەعێراق

**پارێزەر: عزە ئەلوحڕ مەروە**

### أ-ئیشەکی:

یەکسانی بەردی بناغەی گشت کۆمەڵگایەکی دیموکراسییە کەچاوی لەدادپەروەریو مافەکانی مرۆڤە، ژنانی عەرەب کەلێهاتویی خۆیان لەساڵەکانی نەهامەتی نیشتماندا سەلماندوە شیاوی ئەوەن لەبەردەم یاسادا لەگەڵ پیاوانی عەرەبدا یەکسان بن، بەتایبەتی کەبەرەوپێشچوونی ژنانو گەشەسەندنی بەتەواوەتی هەنگاوی یەکەمو سەرەکی سەر رێگەی گەشەکردنو پێشکەوتنی نیشتمانە.

نەهێشتنی جیاکاریی لەدژی ژنان بەوەی مافەکانی بکرێتە بەشێك لەژیانی واقیعی بەدینایەت، مەگەر لەچوارچێوەی داڕشتنی سیاسەتێکی گشتی کەئامانجی جێگیرکردنی پێگەی ژنان بێت وەك هاوڵاتیو وەك رەگەزێکی سەرەکی لەپرۆسەی گەشەپێداندا، ئەمەش لەچوارچێوەی پلانێکی گشتگیرو هاوسەنگدا دەبێت کەپێویستی بەبەگەڕخستنی گشت وزەکانەو کۆمەڵگەی عەرەبی پێویستی بەبەکارهێنانی تەواوی وزە مرۆییەکانیەتی لەپێناو بەدیهێنانی بەرزترین پلەی گەشەسەندن لەچوارچێوەی راستکردنەوەی رێڕەوی گەشەسەندنو فراوانکردنی بوارەکانیو چالاککردنی تۆڕەکانی دڵنیایی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر زەرورەتی چەسپاندنی دیموکراسیو تەرخانکردنی سەربەخۆی بڕیاری نیشتمانیو پاراستنی ئازادییە گشتییەکانو بەرگریکردن لەئازادیو سەروەری. رێگەی گەیشتن بەیەکسانیو نەهێشتنی جیاکاریو بەدیهاتنی

دادپەروەری کۆمەڵایەتی ئاسان نییە، وەك چۆن گەیشتن بەدیموکراسیەتی راستەقینە پێویستی بەکارکردنو کۆششی زۆرو یەکخستنی تێڕوانینەکان هەیە.

## ب-مەودای مێذوویی بریارو ثەیماننامەکانی ثەیوەست بەکێشەی ذنان، ئەوانەی لەلایەن دامەزراوەی نەتەوە یەکطرتووەکان و ریَکخراوە تیابەتمەندەکانی ء دامەزراوە نیَودەولَەتیەکانی بەرهەم هاتوون

### 1. لەسەر ئاستی نەتەوە یەکطرتووەکان:

لەدامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی 1945ەوە کۆمەڵێك بەڵگەنامەو پەیماننامەو پرۆتۆکۆل دەرچوون، گرنگترینیان: پێکهێنانی لیژنەی نەتەوە یەکگرتوەکانی تایبەت بەبارودۆخی ژنان ساڵی 1947، پەیماننامەی رەگەزنامەی ژنی مێردکردو ساڵی 1957، پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان لە 18ی کانونی یەکەمی ساڵی 1979، ساڵی 1980 رشتەی پەیماننامەکە لەکۆنگرەی جیهانی کە لەکۆبنهاگن سازدرابوو، خرایەڕوو. لەوێدا شەستو چوار دەوڵەت ئیمزایان لەسەرکردو پەیماننامەکە لە 3ی ئەیلولی 1981ەوە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوەو ساڵی 1982 (لیژنەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان) پێکهاتو، بڕیارێکی دەرکرد کەسەرجەم وڵاتانی بەشداربوو لەساڵی (1992)ەوە پابەندن بەخستنەڕوی تێبینیو راسپاردەکان سەبارەت بەبەندەکانی پەیماننامەکە یان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو. لەسەر بنەمای ئەم بڕیارە لیژنەکە بەدواداچونی بۆ کێشەی توندوتیژی دژی ژنان لەسەر بنەمای جۆر لەساڵی 1993 و یەکسانیو بەشداری سیاسی لەساڵی 1994 دەستپێکرد.

راسپاردەی گشتی ژمارە 19ی ساڵی 1992 پوختەکەی ئەوەیە، کەجێبەجێکردنی تەواوی پەیماننامەکە وادەخوازێت وڵاتان رێوشوێنی ئیجابی بگرنەبەر لەپیناو نەهێشتنی گشت شێوەکانی توندوتیژی دژ بەژنان، لەکانونی دووەمی 1993دا کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان جاڕنامەی گەردونی نەهێشتنی توندوتیژی لەدژی ژنان تەبەنی کرد.

لەگەڵ هاتنی نەوەدەکاندا، پرۆگرامی "ژن و گەشەسەندن"، گۆڕا بۆ پرۆگرامی "جۆری کۆمەڵایەتیو گەشەسەندن" کەجەخت لەسەر مەسەلەکانی "جێندەر"، جۆری کۆمەڵایەتی لەبەرنامەو پلانو سیاسەتەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی گشتی دەکاتەوە. هەروەها ساڵی 1993 ئەنجومەنی ئابوری کۆمەڵایەتی بڕیاری پێکهێنانی "لیژنەی سەنتەری ژن"ی دەرکردو لیژنەکە دەسەڵاتێکی فراوانی خرایە بەردەست بەوەی کەدەستەی ئامادەکارییە بۆ کۆنگرە جیهانییەکانی پەیوەست بەژنان. لەئازاری 1999دا پرۆتۆکۆلێکی خوایشتکاری پەسەندکرا کەدەسەڵات دەدات بەلیژنەکە بۆ کردنەوەی دۆسییەی لێکۆڵینەوە لەوڵاتانی بەشداربوو سەبارەت بەهەر



پێشێلکارییەکی بنەماکانی پەیماننامەو پرۆتۆکۆلەکە لەکۆتاییەکانی ساڵی 1999 خرایە بەردەم کۆمەڵەی گشتیو پەسەندکردنی کەوتە ساڵی 2000.

هاوکات لەگەڵ خستنەڕووی ئەو چوار گۆنگرە جیهانییەی کەنەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بەکێشەی ژنان سازیکردون، تێبینی دەکەین کەبابەتی ئەم کۆنگرانە گەشەیکردوەو زیاترو زیاتر جەختی لەسەر میکانزیمی نەهێشتنی توندوتیژی لەدژی ژنانو تێکەڵکردنی پرۆسەی جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەر) بەپلانی گشتی، کردووەتەوە:

کۆنگرەی یەکەم: مەکسیکۆ ساڵی 1975 لەژێر دروشمی: یەکسانی، گەشەسەندن، ئاشتی.

کۆنگرەی دووەم: کۆپنهاگن ساڵی 1980، کۆنگرەی نیوەی پەیوەستنامەی ژنان، وێستگەیەکی هەڵسەنگاندن لەنیوەی پەیوەستنامەی ژنانو میکانیزمی بەدواداچونی کارکردن.

کۆنگرەی سێیەم: نایرۆبی ساڵی 1985، چەند ستراتیژێکی ئایندەیی بۆ گەشەسەندنی ژنان تا ساڵی 2000.

کۆنگرەی چوارەم**:** پەکین ساڵی 1995، ئەم کۆنگرەیە بەخاڵێکی وەرچەرخانی گەورە دادەنرێت لەسەر ئاستی کێشەکانی ژنان، چەندین خاڵی ئیجابی تێدا خرایەڕوو کەدواتر لەراسپاردەکانی کۆنگرەدا جەختی لەسەرکرایەوە، بۆ نموونە: مافی پشك بۆ ژنان، کوتا، لەحوزەیرانی 2000 لەنیویۆرك خولی (الاستثنائي) بیستو سێیەمی کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەژێر ناوی (ژن ساڵی 2000) یەکسانی نێوان هەردوو رەگەزو گەشەپێدانو ئاستی لەسەدەی بیستو یەکدا) بەڕێوەچوو، ئەو پێشکەوتنانە هەڵسەنگێنران کە لەماوەی پێنج ساڵی پاش سازدانی کۆنگرەی چوارەمی جیهانی لەرووی جێبەجێکردنی راگەیاندنو بەرنامەی کاری پەکین لە 31ی تشرینی یەکەمی 2000، بەدیهاتبوون، ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیاری ژمارە (1325)ی دەرکرد بۆ دووپاتکردنەوەی رۆڵی گرنگی ژنان لەبەرگرتن لەرودانی ململانێو بەڕێوەبردنیو چارەسەرکردنیو بەرقەرارکردنی ئاشتی، جەختی لەسەر پێداویستی زۆری گشتگیرکردنی روانگەی جۆر لەپرۆسەکانی پاراستنی ئاشتیدا کردوەتەوە ، وەك چۆن هانی وڵاتانی ئەندام دەدات بۆ زیادکردنی رێژەی ژنان لەسەر گشت ئاستەکانی بڕیاردان لەدامەزراوەکانو میکانیزمە نیشتمانیو هەرێمایەتیو نێودەوڵەتییەکان.

لەمیانەی خولی (الاستثنائي) بیستو سێیەمی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانو خولی چلو نۆیەمی لیژنەی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان، لەماوەی نێوان 28ی شوبات/ فێبرایەر بۆ 11ی ئازار/ مارسی 2005و دانیشتنی داهاتوی لیژنەکە لەسەرەتای مانگی تەمموز/ یۆلیۆ 2005 و، پاش تێپەڕبوونی (دە) ساڵ بەسەر کۆنگرەی پەکیندا، لەنەتەوە یەکگرتوەکان پرۆسەی

بەئاگابوون (الرصد)و هەڵسەنگاندن بۆ ئەو پرۆگرامانەی پەكین كە لەو ماوەیەدا جێبەجێكراون دەستی پێكرد بەئامانجی دیاریكردنی تەگەرەو دیراسەكردنی ئاستەنگەكانی ئێستاو ستراتیژییەكانی ئایندەبینی گەشەپێدانی دۆزی ژنان.

## 2. لەسەر ئاستی ڕێكخراوە ناحكومییەكان:

دۆزی ژنان بەشێوەیەكی توندو بەشێوەیەكی تایبەتیش ئەو كاتانە چەقی بەست كەناجۆریی لەنێوان بەشداری ژنان لەبەرهەمهێنانو هەژاری لەڕووی مافە گشتییەكانیانەوە هاتەئاراوە، ناگەڕێمەوە بۆ مێژویەكی زۆر دوور، بەڵكو لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەست پێدەكەمو بەشێوەیەكی بنەڕەتی ئاماژە بەكۆنگرەی جیهانی ژنانی سۆشیالیستی دەكەم كە لەساڵی 1910 لەكۆپنهاگن سازكراو بەرجەستەكردنی یادكردنەوەی ڕۆژێكی مێژویی بوو. جموجوڵو داخوازییەكانی ژنانی كرێكار لەكارگەیەكی جلوبەرگی ئامادەكراو لەنیویۆرك، كەوەڵامدانەوەیان لەناوبردنو، شەهیدبونی كۆمەڵێك لەو كرێكارانەی لێكەوتەوە، ئەم روداوە لەهەشتی ئازار 1857دا رویداوە، ئەم كۆنگرەیە ڕۆژی هەشتی ئازاری هەموو ساڵێكی بەڕۆژی جیهانی ژنان ناساندو بزوتنەوەی ژنانی پێشكەوتوخواز لەمیانەی جەنگی دووەمی جیهانیو شوێنەوارەكانیدا بەرەبەرە رەگیداكوتاوە، هاوكات بەرژەوەندییەكی تر لەلای زۆرێك لەژنان زیادیكرد، ئەویش بەرگریكردنە لەئاشتی سەرباری مەسەلەكانی ئازادبوونو سەربەخۆیی نیشتمانیو گەشەسەندنی كۆمەڵایەتیو پێشكەوتنو یەكسانیو كاركرن لەدژی جیاكاری دەمارگیری، وەك لەلای بزوتنەوەی ژنانی پێشكەوتوخواز گرنگی یەكخستنی هێزەكانو یەكگرتنەوەیان هەستی پێكراو، بەمشێوەیە یەكێتی ژنانی دیموكراتی جیهانی لەڕۆژی 1ی كانونی یەكەمی 1945دا دامەزرا، دامەزراندنی ئەم یەكێتییە هانی بزوتنەوەی ژنانی دا وەك هێزێكی فشار لەسەرانسەری جیهاندا دەربكەونو پێگەیەكیان هەبێت، داوای گۆڕینی تێڕوانینو یاساكانو مومارەسەكان بكات، هەروەها ئەم بزوتنەوەیە گرتنەبەری ڕێوشوێنو سازدانی كۆنگرەی جیهانی لەپێناو بەرقەراركردنی یەكسانیو نەهێشتنی جیاكاری لەسەر هەموو ئاستەكان، بەسەر نەتەوە یەكگرتوەكانو دامەزراوە جۆربەجۆرە نێودەوڵەتییەكاندا سەپاند.

## ج. ڤوختەیەك سەبارەت بەواقیعی ژنانی عەرەب:

ژنانی عەرەب پێگەی خۆیان تەرخانكردوەو هاوشانی پیاوان (دوپاتكردنەوەی هاوبەشی نێوانیان) لەپێناوی سەربەخۆییو رزگاربونو سەروەرییو دیموكراسیدا خەباتیانكردوە، هەروەها هاوبەشن لەكاری جدی بۆ چارەسەكردنی قەیرانی ئابوریو گەشەپێدانو پێشخستنی كۆمەڵگەی عەرەبی، سەرەڕای تێكۆشانی نەپساوەی ژنان بۆ بەدیهێنانی مافەكانیانو نەهێشتنی ئەو جیاكارییانەی لەدژیان ئەنجامدەدرێت.



بەگەڕانەوەی بۆ كۆنگرەی هەرێمایەتی عەرەبی "دە ساڵ پاش پەكین: بانگەواز بۆ ئاشتی" لەسەر داوای لیژنەی ئابوری كۆمەڵایەتی خۆرئاوای ئاسیا (ئەلئیسكوا) لەماوەی نێوان 8 بۆ 10ی تەمموز / یۆلیۆی 2000 لەبەیروت سازكرا، دەبینین ئەم كۆنگرەیە گرنگترین ئەو دەستكەوتانەی دیكۆمێنتكردوە كەژنانی عەرەب بەدیانهێناون، هەروەها جەختی لەسەر دیارترین ڕێگریو ئەو ئاستەنگانە كردوەتەوە كە لەماوەی (دە) ساڵی پاش كۆنگرەی پەكین دوچاری بووەو چوارچێوەیەكی هەرێمی خستوەتەڕوو بۆ تێپەڕاندنی لەدەیەی داهاتوودا، سەرباری ئەو پرەنسیپەی كەزۆرینەی راپرسییە پێشكەشكراوەكان لەكاتی ئەم كۆنگرە هەرێمییەدا جەختیان لەسەردەكردەوە سەبارەت بەپێكشەوتنی ژنان لەهەندێك لەبوارەكانداو بەشداری زیاتری ژنانی عەرەب لەزۆربەی كەرتەكاندا، هێشتا لەپەراوێزی پێگەكانی بڕیارداندانو جیاكاری لەدژیان بەردەوامە (بەرێژەی جیاجیا لەوڵاتانی عەرەبیدا) ئەمەش یان لەیاساو بڕیارەكاندایە یان لەمومارەسەو جێبەجێكردندا، سەرباری ئەوەی 16 وڵات لەكۆی 22 وڵاتی عەرەبی كەئەندامن لەنەتەوە یەكگرتوەكان ئیمزایان لەسەر پەیماننامەی (سیداو) كردوە، كەچی سیاسەتی پیادەكراویان لەسەر ئاستی سیاسیو ئابوریو كۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری رەنگدانەوەی گۆڕانكاری راستەقینە نەبووە لەگەشەپێدانی باری ژنانی عەرەب لەچوارچێوەیەكی گەشەسەندنی گشتگیرو بەردەوامدا.

ئەمەش زۆر بەئاشكرا لەپابەندبوون بەپێوەرە نێودەوڵەتییەكانی ناو پەیماننامەكەدا دەردەكەوێت، تەنانەت لەسەر ئاستی ئەو مادانەش كەتێبینیی لەسەر هەبووە، تاهەنوكە دەستورو یاسا عەرەبییەكان چەندین جۆری جیاكارییان لەدژی ژنان تێداماوە، بەتایبەت یاساكانی پەیوەست بەرەگەزنامەو یاسای باری كەسێتیو یاسای سزادان، سەرباری ئەمانەش بێبەشكردنی ژنان یان سنوردانان بۆ بەشداری سیاسی، تابەم دواییانە لەكۆمەڵێك لەوڵاتانی عەرەبییدا، وەك ژنانی كوەیت پاش تێكۆشانێكی زۆر توانیان بەشێك لەمافە سیاسییەكانیان بەدەست بهێنن، بێگومان نائامادەیی ژنان لەبەشداریكردنیان بەكردەوە لەبڕیاردانو بەردەوامی پەراوێزخستنیان دەبنەهۆی ئاڵۆزبوونی قەیرانەكان، وەك چۆن لەراپۆرتە نیشتمانیو نێودەوڵەتییەكاندا جەختی لەسەركراوەتەوە.

جێگەی خۆیەتی هەڵوەستە لەسەر بارودۆخی تایبەتی ژنانی فەلەستین بكەین كەخەباتێكی زۆر سەختیان كردوە، نەك لەپێناو مافەكانی خۆیاندا وەك ژنان، بەڵكو لەپێناو گەڕاندنەوەی نیشتماندا، ڕۆڵی سەرەكیو پێشەنگیان هەبووە لەروبەڕوبونەوەی داگیركاریی بەردەوامی ئیسرائیلییەكان، كەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەدەست ئەو جیاكارییانەوە دەناڵێنن كە لەدەستورو یاساكاندا دەرهەقیان دەكرێت. ئێمە لەلیژنەی مافەكانی ژنانی لوبنان هاوكاربوینو تەواوی

هاوکاریمان بۆ خەباتو تێکۆشانی ژنانی فەلەستین دووپاتدەکەینەوە لەپیناو مافەکانیانو مافە ڕەواکانی گەلی فەلەستینی بۆ گەیشتن بەمافی چارەنوسو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

بەڵام سەبارەت بەژنانی عێراق، سەرباری جەختکردنەوەی زۆر لەسەر فراوانکردنی مەوداکانی دیموکراسی لەعێراق، تێبینی کشانەوەی ژنان دەکەین لەبارودۆخە گشتییەکاندا، بەدیارکراوی ئازادییە کەسییەکانو شوێنیان لەبەڕێوەبردنو بەرهەمهێنانو بڕیاردانی سیاسیدا.

هەبونی ژمارەیەك وەزیری ژن بەس نییە، لەکاتێکدا کۆنترۆڵی کاروباری ژنانو چارەنوسیان لەدەست خێڵەکاندایە، پاش ئەوەی عێراق بەر لەڕژێمی سەدام حسێن چەندین هەنگاوی بەروی جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەتدا هەڵگرتووە، داخوازییەکە ئەوەیە دان بەپێگەی ژنانی عێراقو ڕۆڵیان لەسەر ئاستی گشتیو بەشداری لەبڕیارداندا، بنرێت. لیژنەکەمان هەمیشەو بەردەوام هاوسەنگەری ژنانی عێراق بووە لەخەباتکردنیان لەپیناو مافەکانیانو مافەکانی گەلەکەیانو ئەمڕۆش لەهەر کاتێك زیاتر هیوادارین بۆ یەکخستنی ریزەکانی ژنانی عێراقو وەرگرتنی هەڵوێستێکی نیشتمانی لەدژی دابەشکردنو لەپێناو یەکێتی نیشتمانی عێراقدا، کاربکات.

## دیارترین کاراکتەرەکانی لەمپەرخستنە بەردەم طەشەسەندنی ذنانی عەرەبء نەهێشتنی جیاکاری لەدذیان:

پاش ئەو پێشەکییە کورتە بۆمان دەردەکەوێت زۆرینەی ژنانی عەرەب روانینێکی ئەوتۆیان نییە سەبارەت بەمافە مرۆییەکانیان، بەهەموو جۆرو شێوازێك جیاکاری لەبەرامبەریان پیادەدەکرێتو ئەمەش بۆ چەند کاراکتەرێکی ئاڵۆز دەگەڕێتەوە، لەدیارترینی ئەو کاراکتەرانە:

1. پێکدادان لەگەڵ جۆرێکی هزردا کە بەپشتبەستن بەدابونەریتو عورفە باوەکان سەبارەت بەچەمکی کۆمەڵگەی نێرینەو چەمکی کلتوری ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتی رەتکردنەوەیەکی ڕێکخراوو بنەڕەتی لەدژی مافەکانی ژنان راگەیاندوە، ئەو کلتورە ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتییەی کەئاستەنگو لەمپەڕێکی سەرەکییە لەبەردەم بەدیهاتنی یەکسانی لەنێوان هەردوو رەگەزەکەدا.

2. خەیاڵکردن بەوەی جیهانگیری بووەتەمایەی زیادبونی هەلی ئابوری لەبەردەم ژنانداو سەربەخۆییانی زیاتر کردوە، کەچی زۆر ژنو یەکێتییەکانی ژنان پەراوێزخراون بەهۆی زیادبونی نایەکسانی نێوان وڵاتو هەر وڵاتێك لەئاستی خۆیدا، جیهانی هاوچەرخ چەند دیاردەیەکی نوێ بەخۆوەدەبینێ: "مێینەکردنی هەژاری"و "مێینەکردنی بێکاری"و گشت ئەمانە کۆمەڵە دەرهاویشتەیەکی نوێو هاوچەرخن بۆ زیادبونی ئەو جیاکارییەی ژنان لەسایەی سیستمی نوێی جیهانیدا روبەڕوی بونەتەوە.

3. نەبوونی میکانیزمێکی چالاكو کارا بۆ جێبەجێکردنی مادەکانی پەیماننامەی سیداو، کەزامنکەری بەدیهاتنی بەکردەوەی پرەنسیپی یەکسانی نێوان ژنو پیاوە.



4. بایەخدانی دەستەو دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ، بێجگە لەتایبەتمەندییەکانی بواری ژنان (بەمامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی ژنان لەروانگەی مافی مرۆڤەوە، دواجار چارەسەرنەکردنی بەشێوەیەکی گشتگیرو شێلگیرانە)، ئەمەش بەرێژەی جیاجیا.

5. جێگیرنەبوونی دیموکراسی راستەقینە لەوڵاتانی عەرەبیدا، بەرێژەی جیاجیا.

6. جیانەکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت.

7. کەمی سەرچاوەو ئامادەکردنی لەلای ئەو دامەزراوانەی پەیوەستن بەکێشە سەرەکییەکانی ژنانەوە، کەرۆڵیان لەکەمکردنەوەی چالاکیو کاریگەریو لاوازکردنی میکانیزمەکانی جموجوڵو بەدواداچونو جێبەجێکردندا هەیە.

## د. دۆزی ذن لەلوبنان:

- **واقیعی ذنانی لوبنان:**

ژنانی لوبنان بەچەند ئەڵقەیەکی بنەڕەتی تێکەڵ بەبوارەکانی کارکردن بوونو ئەندازەیەکی دولایەنەیان لەچەوساندنەوە (وەك ژنانو، وەك کرێکار) بەرکەوتووە. بەمشێوەیە تێکۆشانی بەکردەوەیان لەپێناوی بەدیهاتنی یەکسانی لەئەرکو مافەکانیاندا دەستپێکردوە، دوو دەیەی رابردوو هەلومەرجی ژنان باشبوونی بەخۆوە بینیوە، ئامادەییو رۆڵیان لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا پەرەیسەندووە، ئەمەش یان بەهۆی زەرورەتی ژیانو گوزەران، یان بەرهەمی پێکشەوتنو بەشداریان بەکردەوە بووە لەژیانی گشتیدا، بەشداری زیاترو زیاتری لەکارکردنو بەشداریکردنیان لەپرۆسەی گەشەسەندنداو رۆڵیان هەبووە لەگۆڕینی (بەشێوەیەکی رێژەیی) تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ دابەشکردنی کلاسیکیانەی رۆڵەکان، لێرەدا بۆ نمونە لەئاست لێکۆڵینەوەیەکی فەرمانگەی ناوەندی ئاماردا سەبارەت بەهێزی کار لەلوبنان هەڵوەستەیەك دەکەم، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئاماژە بەوەدەکات ژنان رێژەی 22٪ ی کۆی هێزی کار پێکدەهێننو ئەم رێژەیە نابێت پشتی پێببەسترێت، بێگومان لەبەرئەوەی ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە بەکرێو لەدامەزراوەو فەرمانگە رەسمیو نیمچە رەسمییەکاندا تۆمارکراون، لەکاتێکدا دەیان هەزار ژن سەربەخۆ کاری چنینو بەرگدروییو ئامادەکردنی خۆراکی لوبنانن لەلای رێکخراوەکانو کەسە مەعنەویو مادییەکان، ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرژمێری کاروباری ناوماڵی نەکردوە، بەوەی کارێکە کرێی لەبەرامبەردا وەرناگیرێت، بەڵکو تەنها بەخزمەتی ناوماڵ ئاماژەی پێکردوە، بەچەشنێك لەروی ژمارەوە چوار ئەوەندەی پیاوانن ، هێزی کاری ژنان کە لەلێکۆڵینەوەکەدا بە( 586 و 272) خەملێنراوە، بەرێژەی جیاجیا بەسەر کەرتەکانی چالاکی ئابوریدا بەپێی ئەولەویەت دابەشبوون:

– فێرکردن، ژمارەی ژنان 35.660 بەرامبەر 40.879 پیاو، واتە نزیکەی 62٪ لەژمارەی گشتی.

– تەندروستیو کاروباری کۆمەڵایەتی، ژمارەی ژنان دەگاتە 22.760 بەرامبەر 18.668 جێگە بۆ پیاوان.

– بازرگانی، ژمارەی ژنان دەگاتە 43.375.– پیشەسازی، ژمارەی خەملێندراوو ئەوەشی لێی جیاکراوەتەوە، وەك ئاماژەمان پێکرد، کۆی ژنانی کرێکار لەماڵەکانی خۆیاندا لەبوارەکانی تەتریسو بەرگدروییو چێشت لێنەری پیشەیی دەگاتە 31.296، واتە کەمێك زیاتر لەرێژەی 18٪ی کویێ کارمەندانی ئەم کەرتە گرنگەی بەرهەمهێنان.

– کەرتی خزمەتگوزاری، ژمارەی کرێکاری ژن لەم کەرتە لەسەرجەم بوارەکانیدا لەزیادبوندایە.

– وەك چۆن تێبینی دەکرێت زۆرینەی ئەو ژنانەی لەم کەرتانەدا کاردەکەن لەدوو توێژی تەمەنی نێوان 15 بۆ 29 ساڵو نێوان 30 بۆ 44 ساڵدان، لەکاتێکدا ژمارەی پیاوانی کرێکار لەتوێژی تەمەنی نێوان (45 بۆ 64) ساڵدان (واتە تەمەنی خانەنشینی) یەکسانە بەژمارەی هەردوو توێژی تەمەنی پێشوو.

ئەم فراوانبوونە ئاسۆییەی کارکردنی ژنانی لوبنانی، رەنگدانەوەی نەبووە لەگۆڕانی ئیجابی هەلومەرجی ژناندا، بەبێجیاوازی لەروی شوێنو رۆڵیان لەشوێنی کارەکانیان یان لەبەرهەمهێناندا، هەرچی لەرووی بەشداریان بەکردەوەیی لەبڕیاردانی رێکخراوەییدا. هەوڵدەدەم لەم چوراچێوەیەدا بارودۆخی ژنانی ئیشکەرو رۆڵیان لەناو بزوتنەوەی رێکخراوەیی لەلوبناندا بخەمەڕوو، سەرەڕای بەرزبونەوەی رێژەی بەشداری ژنان لەکاری رێکخراوەییدا بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا، هێشتا ئامادەبوونیان لەدەستەی سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵێك لەیەکێتیو سەندیکاو رێکخراوەکاندا لاوازەو، سەرباری زۆری رێژەی بەشداربونیان لەبواری فێرکردندا، کەچی ئامادەبوونیان لەچوارچێوەی یەکێتی مامۆستایانو سەندیکای مامۆستایان لەخوێندنگا تایبەتییەکانو یەکێتی مامۆستایانی موتەفەریغ لەزانکۆکانی لوبنان لەگەڵ ئەم رێژەدایە ناگونجێت.

**یەکێتی مامۆستایانی فێرکردنی ئامادەیی:** رێژەی گشتی ژنان بریتییە لە 45٪ و ژنان لەیەکێتیەکەدا دوو نوێنەریان هەیە لەکۆی ( 18)ئەندام، رێژەکە لەئەنجومەنی لقی پارێزگاکاندا دەگۆڕێت، کەخۆی لەم پەیکەربەندییەدا دەبینێتەوە: لەبەیروت 6 ئەندام لەکۆی 9 ئەندام و لەجەبەل3 ئەندام لەکۆی 9 ئەندامو لەباکور 2 ئەندام لەکۆی 9 ئەندامو نەبوونی ژن لەلقەکانی یەکێتییەکە لەخوارو لەبیقاع.

**ئەنجومەنی مەرکەزی یەکێتی مامۆستایانی سەرەتایی:** کۆی رێژەی گشتی لەسەرو (70٪) ەیە، رێژەی ژنان لەئەنجومەنەکەدا 7 ئەندامە لەکۆی 75 ئەندامو رێژەکە لەپارێزگاکاندا دەگۆڕێتو بەمشێوەیە: لەبەیروت 5ئەندام لەکۆی 15 ئەندامو لەباکور 1 ئەندام لەکۆی 15



ئەندامو لەجەبەل 11 ئەندام بەرامبەر 15 ئەندام، نەبوونی ژن لەلقەکانی خوارو بیقاعی یەکتێییەکە.

**سەندیکای مامۆستایان لەخوێندنطا تایبەتەکان:** سەرەڕای ئەوەی ژمارەی ژنان لەم رێکخراوەدا زیاترە لەژمارەی پیاوان، لەگەڵ ئەوەشدا نوێنەرایەتیکردنی ژنان ( 1)نوێنەرە لەکۆی 12 نوێنەر.

**یەکێتی مامۆستایانی موتەفەریغ لەزانکۆکانی لوبنان:** ژنان هیچ ئامادەییەکیان لەلیژنەی تەنفیزی یەکێتیەکەدا نییە، سەرباری ئەوەی ژنان لەکۆلیژو پەیمانگا جۆراو جۆرەکاندا ئامادەییەکی کارایان هەیەو رێژەی نوێنەرایەتیکردنیان لەئەنجومەنی نوێنەراندا دەگاتە 3.8٪.

**سەندیکای ثیشە ئازادەکان:** رێژەی مومارەسەکردنی پیشە ئازادەکانو بوونەئەندامی ژنان لەسەندیکا پیشەییەکاندا روو لەزیادبوونە، کەچی تێبینی نزمی ئاستی بەشداریکردنیان لەئەنجومەنی ئەم سەندیکایانەو دەستە باڵاکانیدا دەکەین.

**سەندیکای رۆذنامەنوسان:** نوێنەرایەتیکردنی ژنان بریتییە لەرێژەی یەك ژن لەکۆی ( 18) ئەندام، لەکاتێکدا ئەم پیشەیە بەئاراستەی (مێیینە)بوون دەچێت، بەتایبەت لەبواری راگەیاندنی بینراودا.

**سەندیکای موحەریرەکان:** نائامادەیی ژن لەئەنجومەنی سەندیکا.

**سەندیکای ثارێزەران:** یەك ژن لەکۆی 16ئەندام.

**سەندیکای ئەندازیاران**: یەك ژن لەکۆی 16ئەندام.

**سەندیکای ثزیشکان**: یەك ژن لەکۆی 12ئەندام.

**سەندیکای کارمەندانی دەرمانخانە:** دوو ژن لەکۆی 12ئەندام.

**سەندیکای ثزیشکانی ددان:** یەك ژن لەکۆی 12ئەندام.

لەگەڵ نەبوونی ژن لەدەستەی کارگێڕی یەکێتی بانکەکانو ژوری بازرگانیو پیشەسازیو ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی پیشەسازانو ئەوانیتردا.

**یەکێتیء سەندیکاکانی کرێکاران:**

بەشداری ژنانی کرێکار لەکاری رێکخراوەیدا بەشێوەیەکی گشتی زۆر لاوازە، لەهەندێك سەندیکادا زۆر بەرزە، لەگەڵ ئەوەشدا هەبوونی لەپۆستە باڵاکاندا، بۆ نموونە ژنان نوێنەریان لەنوسینگەی تەنفیزی یەکێتی گشتی کرێکاراندا نییەو لەئەنجومەنی تەنفیزیو سەندیکاکەدا تەنها یەك ژن هەیە، وەك چۆن لەیەکێتی نیشتمانی سەندیکای کرێکارانو بەکاربەران لەلوبنان لەکۆنگرەی دەیەمدا لەساڵی 1989 ژنێك بۆ سەرکردایەتیکردنی سەندیکا هەڵبژێردرا، واتە نۆزدە ساڵ پاش سەرلەنوی

دامەزراندنەوەی، هەروەها سەندیکاکان‌و لەنێوانیاندا سەندیکای کرێکارانی بەرگدروو لەساڵی (1955)ەوە ژنان لەسەرکردایەتییەکەیدا بوونیان هەیە. سەندیکای کرێکارانی چاپخانەکان لەساڵی 1972دا یەکەم ژنیان بۆ سەرکردایەتیکردنی سەندیکا هەڵبژارد، کەهێشتا چەند داخوازییەکی توێژی ژنانی نەخستووەتە ئەولەویاتی بەرنامەکانییەوە. جێگەی ئاماژەیە بزوتنەوە سیاسیی‌و بزوتنەوە جەماوەرییەکان‌و لەنێوانیاندا سەندیکاکان بایەخی تەواویان نەداوە بەخستنەڕووی ئەو کێشانەی لەبواری کارکردندا ژنان دوچاری دەبن.

بەڵام لەسەر ئاستی سیاسی، ژنانی لوبنان رۆڵی کاریگەریان بینیوە، تێکۆشانیان لەپێناو مافەکانیان لەگەڵ تێکۆشانیان بۆ ئازادی‌و سەربەخۆیی نیشتمانی‌و گەشەپێدانی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی پێوەندبووە بەبەرگریکردن لەدیموکراسی لەلوبنان. سەرەڕای پێگەی کاریگەری ژنان لەژیانی گشتیدا، تاوەکو ئێستا جیاکاری لەسەر بنەمای جۆر رێگریانە لەگەیشتنیان بەبڕیاردان‌و بەشداریکردنیان لەدەسەڵاتدا، بەجۆرێك لاوازی نوێنەرایەتیکردنیان یان نائامادەییان لەم شوێنانەدا بەهەموو جۆرەکانییەوە تێبینی دەکرێت.

لەیەکەمین هەڵبژاردنی پارلەماندا لەمانگی حوزەیرانی رابردوودا ژنان رێژەی (6.4٪)ی کورسییەکانی پارلەمانیان بەرکەوت، لەکۆی 128 نوێنەر، بەڵام لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی ناوخۆدا لەساڵی 2004، توانیمان ژنان هانبدەین تاوەکو چالاکانەتر بەشداری لەخۆپاڵاوتن‌و دەنگداندا بکەن لەم هەڵبژاردنەدا ژمارەیەك لەژنان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا:

*حەوت ژن بۆ پۆستی سەرۆکی شارەوانی.

*241 ژن بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنەکانی شارەوانی.

*27 ژن بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنە ئیختیارییەکان.

*104 ژن بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنە ئیختیارییەکان.

لەژێر کاریگەری پێکهاتنی دەستەی نیشتمانی تایبەت بەهەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن، دیالۆگی نیشتمانی بۆنەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان پرۆژە یاسایەکی بۆ هەڵبژاردن ئامادەکردو پێشکەشی دەستەکەی کرد، بەڵام سەبارەت بەیاسای رەگەزنامە، دیالۆگی نیشتمانی لە 24 ی ئابی 2005دا یاسایەکی پێشنیارکرد بۆ هەموارکردنی یاسای رەگەزنامە بەئامانجی جێگیرکردنی یەکسانی تەواوەتی نێوان ژنان‌و پیاوان، هەڵگرتنی تێبینی لەسەر بەندی 2 لەمادەی 9ی پەیماننامەی سیداو.

### ئەو ثەیماننامة نيَودةولَةتىء عةرةبييانةى ثةيوةستن بةيةكسانى نيَوان هةردوو رةطةز كةلوبنان نةضووةتة ريزى ئةندامةكانييةوة:



–پەیماننامەی نێودەوڵەتی پەیوەست بەقەدەغەکردنی بازرگانیکردن بەمرۆڤ و بەکاربردنی لەشفرۆشی‌و ئەوانیتر (1949)

–پەیماننامەی نێودەوڵەتی دەربارەی مۆڵەتی فێربوونی بەکرێ (1973).

–پەیماننامەی نێودەوڵەتی رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی جوتیاران (1975).

–پەیماننامەی نێودەوڵەتی سەبارەت بەتوانا مرۆییەکان (1955).

–پەیماننامەی نێودەوڵەتی دەربارەی کرێکاران‌و خاوەن لێپرسراوێتی خێزان (1981).

–پەیماننامەی نێودەوڵەتی ژمارە 82 سەبارەت بەسیاسەتی کۆمەڵایەتی.

– پەیماننامەی نێودەوڵەتی ژمارە 301 سەبارەت بەمۆڵەتی دایکایەتی.

– پەیماننامەی عەرەبی ژمارە 5ی ساڵی 1976 سەبارەت بەکرێکارانی ژن.

– پەیماننامەی عەرەبی ژمارە 8ی ساڵی 1977 سەبارەت بەئازادییەکان‌و مافە داواکراوەکان.

–پرۆتۆکۆلی ئیختیاری پەیماننامەی سیداو (1999)و، لەوانەیە هۆکاری ئیمزانەکردنی ئەمەیان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کەماف بەژنان‌و رێکخراوەکان دەدات سکاڵا لەپێشێلکارییەکان دژی ژنان بکەن‌و ئابڕویان بەرن.

### ئةو ثةیماننامة نيَودةولَةتىء عةرةبييانةى كةلوبنان ضووةتة ريزيانةوةو ثةيوةستن بةيةكسانى نيَوان هةردوو رةطةزةوة:

### لوبنان ضووةتة ريزى ولآتانى لايةن لةضةندين ثةيماننامةى ثةيوةست بةبابةتةكةوة، لةوانة:

–پەیماننامەی نێودەوڵەتی بەکارهێنانی ژنان لەکاری ژێر زەویدا ساڵی 1946دا هاتووەتەئاراوە. 1973 کە لەساڵی

–پەیماننامەی نێودەوڵەتی پەیوەست بەمافە سیاسییەکانی ژنان ساڵی 1953 کەساڵی 1955 ئیمزاکراوە.

–پەیماننامەی نێودەوڵەتی جیاکاری نەکردن لەبواری فێرکردندا کەساڵی 1964 لەلایەن یۆنسکۆوە دەرچووە.

–پەیماننامەی نێودەوڵەتی ژمارە 1ی پەیوەست بەدیارکردنی کاتژمێرەکانی کارکردن کەساڵی 1977 لەلوبنان ئیمزاکراوە.

–پەیماننامەی نێودەوڵەتی ژمارە 88ی پەیوەست بەرێکخستنی کارگێڕی بۆ بەکارهێنان ساڵی 1948 کە لەساڵی 1977دا ئیمزاکراوە.

–پەیماننامەی نێودەوڵەتی ژمارە 100ی پەیوەست بەیەکسانی کرێی هەردوو رەگەز ساڵی 1951 کەلوبنان ساڵی 1977 ئیمزایکردوە.

–پەیماننامەی نێودەوڵەتی ژمارە 111ی پەیوەست بەجیاکاری نەکردن لەبەکارهێنانە پیشەییەکاندا ساڵی 1958و ساڵی 1977 لوبنان ئیمزایکردوە.

–پەیماننامەی نێودەوڵەتی ژمارە 122ی تایبەت بەسیاسەتی کرێکاران ساڵی 1964 کە لەساڵی 1977دا ئیمزاکراوە.

–پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان (سیداو) کە لەکانونی یەکەمی 1979 دەرچووە، کە بەمەشخەڵێکی جیاکەرەوە لەمێژووی مافە مرۆییەکانی ژناندا دادەنرێت، کاتێك تێکەڵەیەکی لەنێوان پرەنسیپی گشتی جیاکاری نەکردن لەسەر بنەمای رەگەزو پێوەرەکانی تری پەیوەست بەژنان، دروستکردوە، یان ئەو بنەمایانەی کاریگەری تایبەتیان لەسەر ژنان هەیە، لەپەیماننامەکانی پێشوودا جێگیرکراون. ئەم پەیماننامەیە پێش هەموو پەیماننامەکان کەوتووەتەوە، بەچەشنێك وڵاتانی پابەندکردووە بەگرتنەبەری رێوشوێنی ئەوتۆ بۆ بەدیهێنانی یەکسانی بەکردەوە لەنێوان ژنانو پیاواندا، هەروەها بانگەوازی گرتنەبەری رێوشوێنی کاتیی دەکات بۆ جیاکاری ئیجابی، لەچاوەڕوانی بەدیهاتنی یەکسانی چاوەڕوانکراودا، پاش چەندین ساڵ لەخەباتو تێکۆشانی نەپساوە لوبنان لەمانگی تەمموز/ یۆلیۆی 1996دا ئیمزای لەسەر پەیماننامەکە کرد لەگەڵ تێبینیکردنی لەسەر:

مادەی 9 بەندی 2: دەربارەی پێبەخشینی مافی یەکسان بەژنان لەمەسەلەی پەیوەست بەرەگەزنامەی منداڵەکانی.

مادەی 16: پەیوەست بەهاوسەرگیریو خێزان.

مادەی 29: پەیوەست بەدادوەری نێوان وڵاتان.

## رۆڵی بزوتنەوەی ژنانی لوبنان:

### 1. لەسەر ئاستی کەرتی تایبەت

بزوتنەوەی ژنان لەلوبنان بەرهەمی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان نین، بەڵکو بەرهەمی تێکۆشانی ژنانی لوبنانە کە لەبوارە جیاجیاکاندا کردویانە، کاتی تەواو لەبەردەستدانەبوو بۆ رونکردنەوەی چالاکییەکانی رێکخراوەکان لەسەر ئاستی ژنان، تەرخانکردنی رۆڵی کاراو سەرەکی کەرتی تایبەت لەرێڕەوو کەرنەڤاڵی خەباتکردنی دورو درێژ لەپێناو مافەکانی ژنان وەك بەشێك لەمافەکانی مرۆڤ، بەڵام بەدیاریکراوی ئاماژە بەچەند رێکخراوێکی ئەم بوارە دەدەمو داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر هەندێك ناوو هەندێك هەڵسوڕاو پەڕیبن:

### ئەنجومەنی ژنانی لوبنانی:

ئەنجومەنی ژنانی لوبنان کاری لەسەر بنەماکانی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کردوە لەپێناو بەرگریکردن لەمافەکانی ژنانو کارکردن بۆ هەموارکردنی ئەو یاسایانەی مافی ژنان زەوتدەکەن،



بەپشتبەستن بەهەردوو مادەی 4 و 7 لەم پەیماننامەیەو بەهەماهەنگی لەگەڵ راسپاردەکانی کۆنگرەی پەکین، ئەنجومەنی ژنان وەرشەیەکی کارو دوو کۆنگرەی دەربارەی بەشداری ژنان لەبڕیاردانی سیاسیو بەدیارکراوی سەبارەت بەمافی پشکی ژنان، کۆتا، رێکخستووە، کۆنگرەی یەکەم ساڵی 1998 لەژێر دروشمی "ژنانی عەرەب لەدەسەڵاتی سیاسیدا، کوتاو توانای جێبەجێکردن"و نوێنەری 11 وڵاتی عەرەبیو چەندین کەسایەتی بواری بڕیاردان لەفەرەنساو بەلجیکاو ئەڵمانیا بەشداری کۆنگرەکەیان کردوو، کۆنگرەی دووەم لەشوباتی 2000دا لەژێر دروشمی "ژن لەدەسەڵاتی سیاسیدا، کوتا" . دواتر دوو کتێب بڵاوکرانەوە کەتیایاندا کارنامەو راسپاردەی کۆنگرەکان دیکۆمێنت کراوە.

### لیژنەی مافەکانی ژنانی لوبنان:

لەژێر کاریگەری پەیماننامەی سیداو لەکانونی یەکەمی 1979دا، لیژنەی مافەکانی ژنان لەلوبنان پرۆژەی بەڵێننامەی مافەکانی ژنانی لوبنانی لەئازاری 1980دا راگەیاند، ئەم پرۆژەیە لەگەڵ یاساناسانو نوێنەرانی چالاکییە کۆمەڵایەتیو سیاسیو سەندیکاییو ژنانو گەنجانو رۆژنامەوانییەکاندا گفتوگۆی لەسەرکرا، دوا بەدوای ئەم دیدارانە لیژنەی رۆژنامەوانی بەڵێننامەی مافەکانی ژنان کەنوێنەرێنەری کەرتە جیاجیاکانە، دامەزرا. ئەم هەنگاوە بەهەنگاوێکی نەوعی دادەنێین بەوەی کێشەی ژنانی لەلوبنان، لەکێشەیەکی تایبەت بەتوێژی ژنانەوە گۆڕی بۆ کێشەی کۆمەڵگەیەك کەسەرجەم توێژەکانی رای گشتی لوبنانی دەگرێتەوە. لیژنەی رۆژنامەوانی کۆنگرەیەکی نیشتمانی گشتی لەشوباتی 1983دا سازکردو لەبەڵگەنامەی کۆتایدا لایەنەکانی جیاکاری لەدژی ژنان خستەروو، هەروەها بەڵگەنامەکە خرایە بەردەم بەرپرسان.

لێرەدا جێگەی ئاماژەیە کەئێمە بەڵگەنامەکەمان لەچوارچێوەی داخوازییەکانی تردا خستبووەڕوو، یاسای مەدەنی ئیختیاری باری کەسێتی بەوەی سیستمی لوبنانی خێڵەکییە، 19 مەزهەب و 15 یاسای باری کەسێتیمان هەیە. لیژنەکە پەیماننامەکەی رونکردەوەو گشتگیری کرد، لەگەڵ دامەزراوەو چالاکییە پەیوەندیدارەکاندا بەدواداچونی بۆ کارەکانی دەکرد تا ئیمزاکردنی ساڵی 1996.. لیژنەکە لەچوار ئاستەوە کاری لەسەر ئەم پەیماننامەیە کردوە، بەمشێوەیە:

**أ-لەسەر ئاستی جەماوەری:** لیژنەی مافەکانی ژنان لەلوبنان کاری لەسەر گشتاندنی پەیماننامەکە دەکرد، هەر لەناساندنی ئەندامەکانییەوە، تا ناساندنی بەندەکانی بەڕای گشتی.

**ب-لەسەر ئاستی ئێشبرکآ:** لیژنەی مافەکانی ژنان لەلوبنان ساڵانەو بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەئامادەییە رەسمیو تایبەتەکاندا سەبارەت بەبابەتێکی کۆمەڵایەتی گشتی پێشبڕکێ سازدەکات. پاش ئیمزاکردنی پەیماننامەکە، لیژنەکە بۆ دوو ساڵی خوێندنی

بەدوای یەکدا، "پەیماننامەو ئەو تێبینیانەی لوبنان لەبارەیەوە هەیەتی " کرایە بابەتی پێشبڕکێکە.

**جـ-لەسەر ئاستی یاساکان:** پاش ئیمزاکردنی پەیماننامەکە لیژنەکە لەسەر ئاستی یاسایی بەدواداچونی بۆ کارەکانی کردو لیژنەیەکی یاسایی‌و دەستەیەکی راوێژکاری لەچەند دادوەرو پارێزگارێکی بەرێز پێکهێنرا، ئەمەش بۆ دیراسەکردنی یاساکانی لوبنان‌و جیاکردنەوەی ئەو بڕگانەی بەبێ هیچ تێبینییك ئیمزایکردوە، لیژنەکە دیراسەیەکی بەراوردکاری لەنێوان دەقە زەوتکارەکانی مافەکانی ژنان‌و پێشنیارکردنی جێگرەوەی لەگەڵ هۆیەکانی پێویستبوونی، ئامادەکردو، هەروەها لیژنەکە وۆرك شۆپێکی دەربارەی ئەم دیارەدەیە لە 6ی ئازاری 1999دا رێکخست‌و ژمارەیەك دادوەرو پارێزەرو ئەکادیمی‌و نوێنەری دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنان بەشداریان تێداکرد، لەبەر رۆشنایی ئەم وەرشەی کارەدا پێشنیاری یاساکان داڕێژراون‌و لەفایلێکدا بەناوی "یەکسانی لەماف‌و ئەرکەکاندا" کۆکراونەتەوە، لیژنەکە لە 21 نیسانی 1999 کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی سازکرد بۆ راگەیاندنی پێشنیارەکان‌و پاشان پێشنیارەکان خرانە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران، لیژنەکە بەپێی بەرنامەیەك کەماوەیەکی دوورودرێژە پشتی پێدەبەستێت، کاردەکات، بەرنامەکە بریتییە لەفراوانکردنی چوارچێوەی کارەکانی بۆ ئەوەی دەستەو دامەزراوەو کەسایەتییە کاراکان لەخۆبگرێت بۆ دروستکردنی هێزێکی کاراو فشار لەپێناو نەهێشتنی جیاکاری لەدژی ژنان لەیاساو لەمومارەسەکردندا، بەمەش "دیالۆگی نیشتمانی نەهێشتنی جیاکاری لەدژی ژنان" دامەزرا.

**د. لەسەر ئاستی سەنتەری ژنان بۆ دیراسەکردن‌و لێکۆڵینەوە:**

لیژنەی مافەکانی ژنانی لوبنانی سەنتەری ژنانی بۆ دیراسەکردن‌و لێکۆڵینەوە دامەزراندووە بەمەبەستی بەئاگابوون لەنوێترین گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی ژنان‌و، رێکخستنی وۆرك شۆپ‌و کۆنفراس دەربارەی ئەم مەسەلەیە بەمەودا جۆراو جۆرەکانییەوەو سەنتەرەکە چەندین لێکۆڵینەوەی دەربارەی دۆزی ژنان ئامادەکردووە.

**٥.** لەساڵی (1980)ەوە هەڵمەتێکی دەستپێکردووە بۆ دانانی یاسای مەدەنی ئیختیاری باری کەسێتی‌و بەردەوام دەبین لەسەر کارکردن لەم روانگەیەوە، پێشنیاری داڕشتنی یاسای مەدەنی ئیختیاری کردەوە وەك ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

**دیالۆگی نیشتمانی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان:**

دیالۆگی نیشتمانی نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان لەژێر کاریگەری راگەیاندنی "فایلی یەکسانی لەئەرك‌و مافەکان" لەلایەن لیژنەی مافەکانی ژنانی لوبنانییەوە، دامەزراوە، خەسڵەتی بنەڕەتی ئەم دیالۆگە ئەوەیە سەرجەم کەرتەکانی رای گشتی لوبنانی لەخۆدەگرێت‌و دیالۆگو



پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەران‌و بەدیاریکراوی لەگەڵ لیژنەی نوێنەرایەتی ژنان‌و لیژنەی کارگێڕی‌و دادپەروەری‌و لیژنەی دانانی یاسا پراکتیکییەکان بەردەوامی پێدەدات، وەك چۆن کارەکانی لەپێناو نەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان لەیاساو رێساکان‌و لەمومارەسەو جێبەجێکردندا چڕکردووەتەوە، هەروەها کار بۆ گۆڕینی بیروباوەڕو بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری مافەکانی ژنان دەکات، بەهەمانشێوە لەپێناو هاتنەئارای ئاراستەی فشار بۆ لابردنی تێبینیەکانی سەر پەیماننامەکە لەلوبنان.

**لیژنەی ئەهلی بەدواداضوونی مەسەلەکانی ژنان:**

ئەم لیژنەیە وەك ئامادەکارییەك بۆ کۆنگرەی پەکین ساڵی 1994 دامەزراوەو ئەندامەکانی بەشدارییەکی چالاکانەیان تێداکرد، بەئامانجی بەدواداچونی راسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە، جارێکیتر لیژنەی ئەهلی پێکهێنرایەوەو چەندین رێکخراوی ژنان‌و شارەزایانی کەرتە جۆراوجۆرەکان، بەشداریان تێداکردوەو لەدیارترین چالاکییەکانی لیژنەی ئەهلی:

*دانانی ستراتیژێکی نیشتمانی بەهاوکاری لەگەڵ لیژنەی نیشتمانی کاروباری ژنانی لوبنان ساڵی 1996.

*هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ بەشداریکردنی ژنان لەدەسەڵاتە ناوخۆییەکان‌و بڕیاردانی نیشتمانی‌و جێبەجێکردنی.

*لیژنەی ئەهلی "بەڵگەنامەی لوبنان بۆ نەهێشتنی گشت شێوەکانی توندوتیژی دژی ژنان لەیاسادا" ئامادەکردووەو بەهاوکاری لەگەڵ سەندیکای پارێزەران‌و ئۆکسفام بەڵگەنامەکەیان راگەیاند، وەك چۆن "راپۆرتی سێبەر"ی دەربارەی پەیماننامەکە ئامادەکردووەو کۆنگرەیەکی هەڵسەنگاندنی هەر لەوبارەیەوە سازکردووە.

*کۆمەڵەی لوبنانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لێکۆڵینەوەیەکی لەبارەی سیداوەوە ئەنجامداوە.

*کاری یەکێتی ژنانی دیموکراسی دەربارەی هەریەك لەپەیماننامەی سیداو لەگەڵ رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان، لێکۆڵینەوەیەکی زۆرگرنگی دەربارەی "ژنانی کرێکار" ئەنجامداوە.

*دەستەی لوبنانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان هێڵێکی گەرماوگەرمی داناوە بۆ وەرگرتنی سکاڵای ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرامبەر کراوەو، سەنتەرەکەی بوەتە سەنتەرێکی گوێگرتنی بەردەوام‌و پێشکەشکەری راوێژی یاسای‌و دادوەریی‌و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ژنانەی توندوتیژیان لەگەڵداکراوە.

*پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ژنان لەجیهانی عەرەبیدا لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی دەربارەی "ژنانی کرێکار لەلوبنان"ئامادەکردوەو چەندجارێك کۆڕو سیمینارو وۆرك شۆپی بۆ ئەو مەبەستە سازکردووە.

*نزیکەی ساڵو نیوێکە تۆڕی ژنانی لوبنان خراوەتەگەڕ، تۆڕەکە بەڵگەنامەو بەرنامەی کاری سەبارەت بەمەسەلەی ژنان خستووەتەڕوو.

## 2. لەسەر ئاستی کەرتی رەسمی:

وەك ئامادەکارییەك بۆ کۆنگرەی پەکین، ساڵی 1994 "لیژنەی نیشتمانی کاروباری ژنانی لوبنان" دامەزراو ئەندامی لەهەردوو کەرتی حکومیو ئەهلی لەخۆگرتبوو، پاش کۆنگرەکە، لیژنەکە بەهاوکاری لەگەڵ لیژنەی ئەهلی ساڵی 1996 ستراتیژێکی نیشتمانی ئامادەکردو چەندین بەڵگەنامەی دەرکردووەوە، لەوانە:

- "واقیعی ژنانی لوبنانی، ژمارەو مانا "1996 – 1997".
- مافەکانی ژنانی لوبنان لەبەر رۆشنایی پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان.
- بڵاوکراوەی "رۆی"ی وەرزی بەهاوکاری لەگەڵ لیژنەی ئەهلی.

لە5ی نۆڤەمبەری 1998 یاسای ژمارە (720) دەرچوو بەدامەزراندنی "دەستەی نیشتمانی بۆ کاروباری ژنانی لوبنان"یەکەم راپۆرتی فەرمی سەبارەت بەپەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دژی ژنان ئامادەکرد کە لەکانونی دووەمی 2000 دا بڵاوکرایەوەو خرایە بەردەم لیژنەی ژنان لەنەتەوە یەکگرتووەکان، لەئامادەکردنی ئەم راپۆرتەدا ژمارەیەکی بەرچاو لەشارەزایان (نێرو مێ) لەکەرتی تایبەتدا بەشدارییانکرد، هەروەها تەبەنیکردنی راپۆرتێك لەلایەن ئەنجومەنی ژنانی لوبنانو لیژنەی ئەهلی بەدواداچونی کێشەکانی ژنان دەربارەی راپرسی پێوەند بەنوێترین گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی ژنانی پاش کۆنگرەی پەکین، ئامادەکرابوو، ئینجا بەهەماهەنگی لەگەڵ یۆنیفام ئەڵقەیەکی پێکهێنا کەرێکخەری لایەنی جێندەری لەگشت وەزارەتەکان یان لەدامەزراوەی گشتییەکاندا لەخۆگرتووە، ئامادەکردنی وۆرك شۆپ دەربارەی "جێندەرو تێکەڵکردنی بەسیاسەتی گشتی". هەروەها کاری بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی کارئاسانی دەکرد لەهەریەك لەلیژنەی نیشتمانیو لیژنەی ئەهلی بەهاوکاری یۆنیفامو بەرنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان لەچوارچێوەی پرۆژەی هاوکاریکردنی دامەزراوەکاندا.

## ئەو یاسایانەی تا هەنوکە هەموارکراون:

دەستوری لوبنانی هەموارکراو کەساڵی 1926 دەرچووە، هیچ دەقێکی جیاکاریی دژی ژنان تێدا نییە، بەڵکو جەختی لەسەر یەکسانی هاوڵاتیان بەبێ جیاکاری لەبەردەم یاسادا، کردووەتەوە.



کەچی زۆربەی یاسادانراوەکان جیاکاریان لەدژی ژنان کردووەو مافەکانیانی زەوتکردوە، پاش هەوڵو کۆششێکی زۆر توانیمان ژمارەیەك لەم یاسایانە لەم ساڵانەی دواییدا هەمواربکەین، بەتایبەتی پاش ئیمزاکردنی پەیماننامەی سیداو، سەرباری تێبینی لەسەر چەند بەندێکی ئەم پەیماننامەیە، پەسەندکردنی بەندەکانی بەبێ هیچ تێبینییەك بەدەستکەوتێکی گەورە دادەنرێتو رەنگدانەوەی ئیجابی لەسەر واقیعی ژنانی لوبنان دەبێت. هەروەها چەکێکی سەرەکییە لەنەهێشتنی جیاکاری دژی ژنان، دەوڵەتانی لایەن لەپەیماننامەکەدا لەسەریانە یاسا نیشتمانیو ناوخۆییەکان بەپێی بەندەکانی پەیماننامەکە هەمواربکەن، واتە ئەو پەیماننامەیەی ئیمزای دەکات. کاتێك لێکۆڵینەوەیەکم دەربارەی ئەو یاسایانە ئەنجامدا کەمافی ژنان زەوتدەکەن، هاوکات پێشنیاری چەند یاسایەکیشم کرد کەگونجاوبێت لەگەڵ ئەو مادانەی کەحکومەت بەبێ هیچ تێبینییێك ئیمزای کردوونو، فایلی "یەکسانی لەمافو ئەرکەکاندا" خرایەگەڕو ژمارەیەك لەپارلەمانتار ئەو پێشنیارانەیان بەلاوە پەسەندبوو کەپێشکەشمان کردبوونو بزوتنەوەکەمان بەردەوامبوو تا چەند یاسایەك هەموارکرا، لەدیارترین ئەو یاسا هەموارکراوانە:

*هەموارکردنی یاسای ژمارە 7 رۆژی 20ی شوبات 1999 مادەی 562 ئەوەی ناوی تاوانی شەرەفی لێنراوە، هەڵوەشاندنەوەی ئەحکامەکانی پەیوەست بەبیانوی شوێنو باری گوماناوی، بەڵام ئەم یاسایە لەسەر بیانوی سوککراو مایەوە.

*یاسای ژمارە 343 پەیوەست بەسیستمی بەرژەوەندیو خزمەتگوزاری لەهەرەوەزی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا کەمافی ژنانی زەوتکردبوو، چەند جارێك هەموارکراوە تا گەیشتوەتە ئەم داڕشتنەوەیەی ئێستای کە لەم چوارچێوەیەدا جیاوازی لەنێوان کارمەندانی ژنو کارمەندانی پیاودا ناکات.

*یاسای ژمارە 387ی رۆژی 14ی دیسەمبەری 2001 مافی بەژنانی لوبنانی مێردکردوو بەبیانی داوە کەخێزانەکانیان سود لەهاوکاری هەرەوەزی کارمەندانی دەوڵەت وەربگرن، لەبارێکدا کە لەهیچ سەرچاوەیەکیتر سودمەندنەبوبێتن.

*هەموارکردنی یاسای ژمارە 201 رۆژی 26ی ئایاری 2000 مادەکانی (26و 28و 29و 52) لەیاسای کار کەجەخت لەسەر یەکسانی نێوان کرێکارانی ژنو کرێکارانی پیاو دەکاتەوە، لێرەدا جێگەی ئاماژەیە بۆ نموونە باس لەهەموارکردنی مادەی 52 بکەین کەوەك چەکێك وابووە بەدەست سەرۆککارەوە لەماوەی سکپڕی یەکەمدا ژنانی کرێکار لەکاربخات، کەچی مۆڵەتی دایکایەتی تەنها نۆ رۆژ زیادیکردو بەگوێرەی پێشنیارەکەی ئێمە هەموارنەکرا کەهەماهەنگ بوو لەگەڵ ماوەی دیاریکراو لەلایەن رێکخراوی کاری عەرەبیو رێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، تا ئێستا

لوبنان مادەی 103ی لەپەیماننامەكانی ڕێكخراوی كاری جیهانی پەیوەست بەمۆڵەتی دایكایەتیو پاراستنی ئیمزانەكردوە، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێكرد.

*هەمواركردنی مادەی یەكەم لەیاسای ژمارە 343 ڕۆژی 6ی ئاب لەساڵی 2001دا، مادەی 26 لەمەرسومی دانراوی یاسایی ژمارە 47 ڕۆژی 9ی یۆنۆی 1983، ئەم یاسایە یەكسانی تەواوی لەنێوان فەرمانبەرانی ژنو فەرمانبەرانی پیاو لەسیستمی خانەنشینیو لەكارخستندا، جێگیركردووە.

*هەمواركردنی یاسای ژمارە 438 ڕۆژی 12ی دیسەمبەری 2002 مادەی 14 لەیاسای دابینكردنی كۆمەڵایەتی، بەجۆرێك جەختكراوەتەوە لەسەر ئەوەی كەوشەی (المضمون) لەمادەكەدا مەبەست لێی (المضمون و المضمونە)یە، واتە بۆ نێرو مێ وەكیەكە بەبێجیاوازی.

*هەمواركردنی یاسای بازرگانی ساڵی 2003 بەئاراستەی هەڵوەشاندنەوەی جیاكاری لەدژی ژنان لەبواری كاری بازرگانیدا.

## ئەوانەی هەوڵی بەدیهاتنیان دەدەین:

## یەكەم: لەسەر ئاستی یاساكان:

كاركردنی بەردەوام لەپێناو تەواوكردنی پرۆسەی هەمواركردنی ئەو یاسایانەی مافەكانی ژنان زەوتدەكەنو هێنانەئارای كۆمەڵە یاسایەك كە لەگەڵ بەندەكانی پەیماننامەی سیداودا بگونجێت، لەوانە:

### لەسەر ئاستی یاساكانء سیستمی فەرمانبەرانء طرتنەبەری ریَوشویَنەكان:

*هەمواركردنی مەرسومی ژمارە 2950 كە لەڕۆژی 27ی نیسانی 1960دا دەرچووە، بەجۆرێك هەمواركردنەكە یەكسانی لەنێوان ژنانی فەرمانبەرو پیاوانی فەرمانبەر لەسودمەندبون لەقەرەبووكردنەوەی دارای پەسەندبكات.

*هەمواركردنی مەرسومێك كەهەمواركردنی ماوەی مۆڵەتی دایكایەتی لەمادەی 15 لەمەرسومی ژمارە 5883 لەبەرواری 3ی نۆڤەمبەری 1994ی بەدوادابێت.

*پەسەندكردنی یەكسانی لەنیوان فەرمانبەرانی ژنو فەرمانبەرانی پیاو لەیاسای دابەزاندنی باجدا.

### لەسەر ئاستی یاسای كار:

بەردەوامی خەباتو تێكۆشان لەپێناو هەمواركردنی ماوەی مۆڵەتی دایكایەتی لەیاسای كاردا، بەجۆرێك لانیكەم بگاتە (10) هەفتە، لەگەڵ دۆزینەوەی ڕێوشوێنی جێبەجێكردنی میكانیزمەكانی یەكسانی لەكاركردنو كرێی كاركردنو تد..

### لەسەر ئاستی یاسای دابینكردنی كۆمەلآیەتی:



چڕكردنەوەی هەوڵەكان لەپێناو پەسەندكردنی هەمواركردنی ئەو ماددانەی (المضمون ) و(المضمونة) ی لەیەكتر جیاكردووەتەوە لەیاسای دابینكردنی كۆمەڵایەتیدا، بەتایبەت مادەكانی (16 و 26و 46و 47) لەیاسای دابینكردنی كۆمەڵایەتی دەرچوو بەمەرسومی ژمارە 13955 لەبەرواری 26 ی ئەیلولی 1963.

### دانانی یاسای فیَركردنی تەزیمی بەخۆڕایی:

(یاسای دەرچوو لەساڵی 1998) بخرێتە بواری جێبەجێكردنەوەو گەشەپێدانی بۆ ئەوەی قۆناغی فێركردنی بنەڕەتی بەتەواوەتی بگرێتەوەو، دواتریش هەمواركردنی ساڵی كاركردن بۆ ئەوەی بچێتە سەروی تەمەنی 15 ساڵەوە.

### لەسەر ئاستی بەشداریكردن لەئیَطەكانی بریاردان:

پشتبەستن بەمافی پشك، كوتا، وەك هەنگاوێكی كاتیو بۆ قۆناغێك كەدەروازەی بەڕووی بەشداری چالاكانەی ژنان لەبڕیارداندا بكاتەوە، ئەوەش تا كاتی هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردن بەیاسایەكی هاوچەرخو دیموكراسی دور لەكۆتوبەندی تیرەگەری كەپشت بەنوێنەرایەتیكردنی ڕێژەیی لەسەر بنەمای لوبنان وەكویەك بازنەی هەڵبژاردن ببەستێت، هەروەها جێگیركردنی لایەنگری نیشتمانیو رەگداكوتانی یەكێتی نیشتمانیو بەدیهاتنی سیستمێكی سیاسی دیموكراسی، نەك تیرەگەر لەلوبناندا.

### لەسەر ئاستی یەكسانی لەنیَوان هەردوو رەطەزو لەیاسای رەطەزنامە:

بەدیهێنانی یەكسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەكە لەیاسای ڕەگەزنامەدا، بەجۆرێك مافە یاساییەكانی دەستەبەربكات بەبێ جیاكاری لەنێوان ژنو پیاودا، مافی ئەو منداڵانەش دابینبكات لەوەرگرتنی ڕەگەزنامەی لوبنانی كەدایكیان لوبنانییەو باوكیان بیانییە، هاوشێوەی ئەو منداڵانەی باوكیان لوبنانییە.

كاری بەردەوام لەپێناو ئیمزاكردنی پرۆتۆكۆلی ئیختیاری پەیماننامەی سیداو، هەڵگرتنی تێبینییەكان.

### دووەم: لەسەر ئاستی یاسای مەدەنی ئیختیاری باری كەسیَتیء كاری بەردەوام لەثیَناو هیَنانەئارای یاسایەكی مەدەنی ئیختیاری بۆ باری كەسیَتی:

كاركردن لەسەر گۆڕینی هزرو بڵاوكردنەوەی ڕۆشنبیری مافەكانی ژنان، دەستپێك لەهۆشیاركردنەوەی ژنانەوە بەرەبەرە تا بەرۆشنبیركردنی تەواوی كۆمەڵگە دەگات، ئەمەش وادەخوازێت سیاسەتێكی پەروەردەیی بێتەئاراوە كەبنەماكانی یەكسانیو دادپەروەری لەپرۆگرامەكانی خوێندندا جێگیربكاتو، جەخت لەسەر وێنەی (ژن یەكسان بەپیاو)

لەماف‌وئەرکەکان‌و هاوبەشی لەگشت بوارەکاندا بکاتەوە، کارکردنی بەردەوام بۆ بەشدارییپێکردنی ژنان لەدانان‌و داڕشتنی سیاسەتەکانی پەروەردەو سیاسەتە گشتییەکانداو گشتگیرکردنی پەیماننامەی سیداو.

1. جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ و سەرجەم پەیماننامەو بەڵگەنامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان.

2. پێکهێنانی لیژنەی بەئاگابوون‌و بەدواداچون لەوەزارەتە جیاجیاکاندا بەمەبەستی بەرگرتن لەجیاکاری دژی ژنان لەدامەزراندن‌و راهێنان‌و پلەبەرزکردنەوەدا.

3. ئاسانکردنی هاوتابوون لەنێوان لێپرسراوێتییەکانی کارو لێپرسراوێتییەکانی خێزانی ژن‌و پیاو، ئەمەش لەرێگای پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە هاریکارەکانەوە.

## و. ثێشنيارو راسثاردةكان:

### 1. لةسةر ئاستى ذنانى عةرةب بةشيَوةيةكى طشتى:

ناوچەی عەرەبی لەم قۆناغە هەستیارەدا رووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە، بۆیە سەرباری ئەو کاراکتەرانەی سەرەوە، ژنانی عەرەب لەسەریانە ئەرکی سەرشانیان لەسەر ئاستی نیشتمانی‌و نەتەوەیی جێبەجێبکەن‌و لەپێناو جێبەجێکردنی ئەو لێپرسراوێتییەدا بەپێویستی دەزانین هەوڵەکانمان یەکبخەین‌و هەماهەنگی زیاتر لەنێوان رێکخراوەکانی ژنانی عەرەبدا بێتەئاراوەو بەهەموو لایەکمانەوە کار بۆ ئەم ئامانجانە بکەین:

–تەواوکردن‌و پەسەندکردنی پەیماننامەی سیداو لەگشت وڵاتانی عەرەبیدا، بەتایبەت کەئەم پەیماننامەیە بەئاشکرا رەنگدانەوەی خواستەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە لەبەدەستهێنانی ئامرازی نوێ بۆ بردنەوەی جەنگی چەسپاندنی یەکسانی نێوان دوو رەگەزەکە، هەروەها ئەم پەیماننامەیە گشت مافەکانی ژنان لەسەرجەم بوارەکاندا لەیەك بەڵگەنامەدا کۆدەکاتەوەو بنەماکانی جیاکاری بنەبڕدەکات، لایەنی جێبەجێکردنی پشتگوێ نەخستوە، بەوەی خەسڵەتی یەکلاکەرەوەو پابەندبوونی لەخۆگرتووە.

–جێبەجێکردنی ئەو بەندانەی پەیماننامەکە کەدەخوازێت یاسا ناوخۆییەکان هەموار بکرێن‌و دەرچوونی یاسای نوێ کەگونجاوبێت لەگەڵ پەیماننامەکەدا، کارکردن بۆ لابردنی تێبینییەکان لەسەر بەندەکانی، بەتایبەت کەبەندی 2 لەمادەی 28 داوا لەحکومەتەکان دەکات تێبینییەکانیان بەشێوەیەك نەبێت کەپێچەوانەبێتەوە لەگەڵ ناوەڕۆکی پەیماننامەکەدا.

–بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەت گشتگیرکردنی ناوەڕۆکی پەیماننامەکە.

–ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلی ئیختیاری دەربارەی پەیماننامەکە.

–ئەندامبوونی وڵاتانی عەرەب لەسەرجەم پەیماننامە عەرەبی‌و نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بەژنان.



–پشتبەستن بەمافی پشکی ژنان، کوتا، وەك هەنگاوێکی گواستنەوە.

–تێکەڵکردنی روانگەی جۆری کۆمەڵایەتی لەسیاسەتی گشتیدا.

### ئةم ئامانجانةش ثيَويستيان بةهةلَطرتنى ئةم هةنطاوانة هةية:

*دامەزراندنی بنکەی زانیاری‌و سەرژمێریی‌و ئاماژەدەر لەگشت بوارەکاندا لەروانگەی جۆری کۆمەڵایەتی‌و بزواندنی هۆشیاری بەرۆڵی ئەو دینامیکییەتەی هەریەك لەژن‌و پیاو خاوەنین تاوەکو بتوانرێت لەبونیاتنانی کۆمەڵگەدا هاوبەشی تەواو لەنێوانیاندا بێتەئاراوە، کارکردن لەسەر تێکەڵکردنی مەسەلەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لەبەرنامەو پلان‌و سیاسەتەکاندا لەسەر ئاستی نیشتمانی گشتی، کاری بەردەوام لەسەر ئاسانکردنی گۆڕینەوەی زانیاری‌و شارەزایی‌و بەراورد لەگەڵ بارودۆخی ژنان لەوڵاتە جیاجیاکانی عەرەبیدا.

*کارکردن بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان‌و راهێنان‌و بایەخدان‌و پەرەپێدان بەتواناکانیان‌و پێگەیاندنی بەهرەکانیان‌و راهینانیان لەسەر بەرگریکردن لەمافەکانیان، هەروەها لەئەستۆگرتنی ئەرکەکانیان لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی‌و نیشتمانی‌و نەتەوەیی.

*کارکردن لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەگشتی دەربارەی مەسەلەی ژنان بەوەی مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی گشتییە.

*لابردنی رێگرەکان‌و کردنەوەی دەروازە بەروی بەشداری ژنان لەشوێنەکانی بڕیارداندا، دەستپێك لەیەکێتی‌و سەندیکاو حزب‌و دامەزراوەکان لەهەردوو کەرتی تایبەت‌و گشتی تا بەپێگەکانی تری بڕیاردان دەگات.

*جەختکردنەوە لەسەر گرنگی سەربەخۆیی رێکخراوە ئەهلییەکان‌و گرتنەبەری رێوشوێنی پێویستی هاوکاری‌و هەماهەنگی لەنێوان هەردوو کەرتی رەسمی‌و ئەهلی، بەتایبەتی لەمەسەلەکانی پەیوەست بەژنان.

*کارکردن بۆ چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی‌و یەکسانی لەهەموو وڵاتێکی عەرەبیداو جێگیرکردنی دیموکراسی‌و کارکردن لەسەر پشتبەستن بەمیکانیزمی رون‌و ئاشکرا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاستەنگانەی دێنەرێگای نەتەوەی عەرەبمان‌و کاریگەرییە سەلبییەکانی لەسەر ژنانی عەرەب بەشێوەیەکی تایبەت.

*هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی خۆرئاوای ئاسیا (ئەلئیسکوا)و کارکردن بۆ بەشداری پێکردنی کەرتی ئەهلی هاوشان‌و یەکسان لەگەڵ کەرتی رەسمی لەچالاکییەکانی ئەلئیسکواو، کارکردن لەسەر هاندانی ژنان بۆ بەشداریکردن لەگشت بوارەکان‌و راهێنان‌و

پتەوکردنی هاوبەشی لەخێزانو لەکۆمەڵگەدا، تێکەڵکردنی مەسەلەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لەپرۆسەی گەشەپێدان لەپێناو کامڵبوونو گشتگیریداو بردنەپێشەوەی ئەم کەرنەڤاڵە بەرەو یەکسانیو نەمانی جیاکاری لەنێوان ژنانو پیاواندا.

*چالاککردنی رۆڵی سەنتەری هەرێمایەتی یەکێتی ژنانی دیموکراسی جیهانی لەناوچەی عەرەبیدا، جەختکردنەوە لەسەر هەماهەنگیو هاوکاری نێوان رێکخراوە عەرەبیو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

## 2-لەسەر ئاستی کێشەکانی ژنانی عێراق بەشێوەیەکی تایبەتی:

بەمەبەستی هەماهەنگی لەگەڵ ئەم کۆنگرەیەدا کە بەشێوەیەکی تایبەتی چارەسەری دۆزی ژنانی عێراق دەکات، بەدوپاتکردنەوەی ئەوەی دەیخەینەروو بەدەستتێوەردان لەکاروبارەی ناوخۆی عێراق لەقەڵەم نادرێتو لەروانگەی ئەو ئەزمونەی لەلوبنان تێمان پەڕاندوەو بەتایبەت کەهاوشێوەی ئەزمونی عێراق بووەو لەمیانەی چارەنوسی هاوبەشمان وەك ژنانی عەرەب، ئەم پێشنیارانە بۆ ژنانی عێراق دەکەین:

*بەرگریکردن لەیەکێتی نیشتمانی عێراق کەوادەخوازێت دەستوری عێراق نەبێتە دەروازەیەك بۆ ململانێ تیرەگەریو نەتەوەییەکانو دواجار دابەشبوونی.

*بەرگریکردن لەسەروەری عێراقو چەسپاندنی دیموکراسی راستەقینە.

*جێگیرکردنی یەکسانی تەواوەتی لەنێوان ژنانو پیاوان لەدەستوردا، لەسەر گشت ئاستەکانو هەروەها لەهەموو بوارەکاندا، ئەمەش بەپشتبەستن بەبنەماکانی پەیماننامەی سیداو بەدیاریکراوی مادەی (2)، ئەمەش بەمانای هاتنەئارای ئاراستەیەکی فشار لەپێناو جێبەجێکردنی پەیماننامەکەو ئەو هەموارکردنو هەڵوەشاندنەوەو دەرچوونانەی کەپێویستە لەیاساکانی عێراقدا بکرێت.

*پێداگری لەسەر گەڕانەوە بۆ یاسای مەدەنی باری کەسێتی کەجیاوازی لەنێوان ژنێكو یەکێکیتردا قەدەغەدەکاتو بەر بەو دابەشبوونە دەگرێت کەپێشتر ئاماژەمان پێکردو رێگەنادات بەهاتنەئارای چەندین یاسای باری کەسێتی لەسەر بنەمای نایەکسانی ژنانو ئەوانیتر.

*جەختکردنەوە لەسەر مافی پشکی ژنان، کوتا، پەیوەست بەوانەی باسکران دەربارەی مافە سیاسییەکان کەژنان پێش ساڵی 1975 لێی بەهرەمەندبوون.



# جێکردنەوەی پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدەستوری نوێدابەبێ هیچ تێبینییەك

**مامۆستا سەوسەن بەراك**

## پێشەکی:

ژنانی عێراق چەندین سەدەیە بەدەست ئاستەنگی دابونەریتە سەپێنراوەکانی کۆمەڵگەوە، دەناڵێنن، ئەو دابونەریتانەی رەنگدانەوەیان لەیاسای باری کەسێتیدا هەیەو لەزۆربەی بەشەکانیدا ژنان بەهاوڵاتی پلە دوو دادەنرێن، بەتایبەت لەمەسەلەکانی هاوسەرگیریو جیابونەوەدا، ئەمەش پێشێلکاری بەندەکانی پەیماننامەی سیداوە، لەبەرئەوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان لەسەر ناساندنی هاوسەرگیری بەپەیوەندییەکی گیانیو مرۆیی لەنێوان دوو کەسدا هاوڕان، لەسەردەمی رژێمی پێشووی عێراق ژنان قوربانی ئەو شەڕو جەنگە زۆرانە بوون کەرژێم سازیدەکرد، سەرباری ئەو یاسایانەی نکۆڵییان لەمرۆڤبوونیان دەکرد، وەك یاسای کوشتن بەتۆمەتی سڕینەوەی نەنگی، بەڵام پاش جەنگی ساڵی 2003 لەژێر پەردەی ئاینو نەتەوەدا دوچاری جۆرێکیتر لەتوندوتیژی بوونەوە، کەزۆرینەی زۆری عێراقییەکان بەبەرەنگاربوونەوەی ئەم هێزە توندڕەوانە رەتیانکردەوە، چەندین دروشم بەرزکرانەوەو تا ئێستاش بەرزدەکرێنەوە لەپێناو بەهرەمەندبوونی ژنان لەمافەکانی هەڵبژاردن چ وەك دەنگدەرو چ وەك پاڵێوراو بۆ ئەنجومەنی وەزارەتەکان، کەچی بەداخەوە بەشێك لەم بەشداریکردنە دروستکراو بوو، کۆمەڵێك ژنی بێتوانا هێنرانو پۆستی وەزارەتو چەند پۆستێکی تری باڵای حکومەت درایە کۆمەڵێك ژن کە لەگۆڕەپانی سیاسی عێراقدا نەناسراوبوون، پرەنسیپی بەشبەشەکی کە لەو سەردەمەدا باوبوو وایکرد نوێنەرایەتی ژنان بەشێوەیەکی هەڵەبەکاربهێنرێت، هەندێکیان لەچەندبارێکی کەمدا بەرگرییان لەچەوساندنەوەی ژنان کردوەو هەر گەشەپێدانێکیان لەژیانی ژنانی عێراقدا بەگەندەڵییەك لەقەڵەمداوە کە لەرۆژئاواوە هاتووە، هەندێکی تریان بەلادان لەدابونەریتە کۆنەکان دایانناوەو گەورەترین بەڵگە یاسای( 137)ە کەئەم توێژەی ژنان هیچ زانیارییەکیان دەربارەی مادەکانی یاسای عێراقیو لەمپەڕەکانی نییە، بەرگریان لێدەکرد، بەڵام پێش هەرکەسێکی تر لوتیان بەژنانی حیجابو موسڵمانەکاندا تەقییەوە. ئەمڕۆش ئەزمونەکە بەهاتنی چەند ئەندام پارلەمانێکی ژن تەنها بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورسیانەی بەشێوەی

پشك دانراون خۆی دووبارەدەکاتەوە، کەیان ئەوەتا هیچ باکگراوندێکیان لەبارەی دۆزی ژنانەوە نییە، یان ئەوەندە بوێرییان نییە مەسەلەکان لەناو کۆمەڵگەدا بخەنەڕوو یان دەترسن لەوەی شتێك بڵێن لەگەڵ سیاسەتی ئەو حزبانەدا نەگونجێت کەئەوانی گەیاندووەتە ئەو پۆستە.

پەیماننامەی سیداو بۆ ئێمەو بۆ خێزانی نێودەوڵەتیش کۆمەڵە بەندێك بۆ پاراستنی مافەکانی ژنان دەستەبەردەکات، کەواتە لەم سەردەمی جەنگی کاولکاریو ململانێو داگیرکارییەدا چەند پێویستمان بەرۆشنبیرکردنو بانگەوازکردن بۆ پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بەپاراستنی مافە مەدەنییەکانی ژنانە، ئەو ژنانەی هیچکام لەئێمە رازی نین لەهیچ بارودۆخێكو بەهەر هۆیەکەوە بێت سوکایەتیان پێبکرێت یان مافەکانیان پێشێلبکرێت، لەم بارودۆخەدا زۆرتر پێویستمان بەکارکردنە لەپێناو بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری دەستگرتن بەمافو هۆشیاری بەپاندبونەوەکانمانەوە هەیە.

ئەم پەیماننامە گرنگەی کەعێراق ئیمزایکردوەو پابەندی جێبەجێکردنی بەندەکانییەتی، ئاماژە بۆ چەندین خاڵی گرنگ دەکات وەك مەرجی رێزگرتنی لایەنەکانی ناکۆکی لەمۆرکی مەدەنیو مرۆیی ژنو رەچاوکردنی پێداویستییە تایبەتییەکانی لەهەموو بارودۆخەکانداو لەناویاندا خراپترین بارەکانی جەنگو ململانێ چەکدارییەکان، بەروونی هەموو جۆرەکانی سوکایەتیکردنو بازرگانیکردن بەژنانەوە قەدەغەدەکاتو داوا لەحکومەتو کیانە سیاسیو یاسادانەرەکان دەکات کەمافەکانی ژنان دەستەبەربکەن، لەگەڵ زامنکردنی ئەوەی کەیاساو رێساو رێوشوێنەکانی حکومەت تێگەیشتنێکی دروستیان بۆ مەسەلەی دایکایەتی هەیە، بەوەی ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە، لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی روون دەربارەی پێودانگێکی بنەڕەتی لەبەرژەوەندی منداڵ لەهەموو بارەکاندا، مانای زاراوەیی چەمکی جیاکاری دژی ژنان لەپەیماننامەکەدا راڤەدەکرێت بەوەی جیاوازیکردن یان دورخستنەوەیە لەسەر بنەمای رەگەزو ئامانج لێی کاریگەری یان هۆیەکانی زیانگەیاندن بێت بەژنان یان لەپێگە کۆمەڵایەتیو مەدەنییەکانی.. لەکاتێکدا وڵاتانی لایەن لەم پەیماننامەیەدا گرتنەبەری رێوشوێن لەپێناو پاراستنی دایکایەتیدا بەرێوشوێنێکی جیاکاری دانانێن. ئەم پەیماننامەیە زۆر بەروونی رێز لەبیرۆکەی یەکترتەواوکردنی باوكو دایك لەپێگەیاندنی منداڵو گەشەپێدانی خێزانو کۆمەڵگە، دەگرێت.

بەڵام یەکسانی کەزاراوەیەکە زۆرجار بەهەڵە لێکدەدرێتەوە بەوەی دورو نزیك مەبەست لێی سڕینەوەی تایبەتمەندێتیو لەناوبردنی بەهاکانە، دەقی پەیماننامەکە پێناسەیەکی وردو گشتگیر بۆ چەمکی یەکسانی دەخاتەڕوو، کەجەختکردنەوەیە لەسەر بیرۆکەی بەشداری ئیجابی لەژیانو دابەشکردنی هەلەکانی بونیادنانی کۆمەڵگە بەهاوسەنگییەك کەدەستەبەری بەردەوامیو



خۆشگوزەرانی جۆری مرۆیی بێت، لەگەڵ پێداگری لەسەر یەکسانی مافی بەهرەمەندبوون لەهەلومەرجی گوزەرانی گونجاوو شکۆمەندانە، بەتایبەت ئەو هەلومەرجانەی پەیوەستن بەشوێنی نیشتەجێبو ونو دابینکردنی تەندروستیو پێدانی کارەباو ئاوو دەسەڵاتی خاوەندارێتیو مافی مامەڵەکردن بەموڵکەوە، سەرباری یەکسانی لەبوارەکانی مافی فێربوون بەهەمان پرۆگرامو سیستمی تاقیکردنەوەو دامەزراوەی فێرکاریو یەکسانی لەدەستکەوتنی رەگەزنامەو پاراستنی لەلێوەرگرتنەوەی رەگەزنامە لەسەر هەرچ بنەمایەکی جیاوازی رەگەزی.

## ئەو ئاستەنگانەی رووبەڕووی جێبەجێکردنی پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری دەبنەوە، ئەوانەی پەیوەستن بەواقیعی عێراقەوە بریتین لە:

1. ئایا دەستوری نوێ پەیماننامەی سیداو لەخۆدەگرێت یان نا؟
2. ئەو مادانەی عێراق تێبینیی لەسەریان هەبووە: "مادەی (دوو) لەبڕگەی (أ)و (ماددەی نۆ)و (مادەی شانزەیەم لەهەردوو بڕگەی و، ز ) هەریەك لەم مادانە سەبارەت بەژنان بایەخی خۆیان هەیە، بۆیە ئەمڕۆ ژنان پێویستی تەواویان بەهەڵوەشاندنەوەی ئەو تێبینیانەی سەر پەیماننامەکە هەیە.
3. لەدەستوری ئێستادا جەخت لەسەر بێژەی "بەمەرجێك پێچەوانە نەبێت لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامو سیستمە عەشایەرییەکان" دەکرێتەوە، ئایا ئەمە بەمانای یاسای باری کەسێتی نییە کەمادەکانی پێچەوانەیە لەگەڵ بنەماکانی پەیماننامەی سیداو، بۆ نموونە لەمادەکانی ژمارە ( 23،24،25)ی یاسای باری کەسێتی کەتایبەتە بەهێنانی زیاتر لەژنێكو قۆرخکردنی تەڵاق لەدەستی پیاواندا، هەروەها ئەحکامەکانی تالوقکردن (نشوز)و (ماڵی تاعەتو ماڵی شەرعی) بۆ ئەو ژنانەی بەردەوامبوونی ژیانی هاوسەرێتی رەتدەکەنەوە، ئەمانە کۆمەڵە مادەیەکن لەبەرژەوەندی پیاوانن.
4. عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی ئیمزای لەسەر پەیماننامەکە کردووە، بەڵام ئایا واقیعی کۆمەڵگەکەمان لەکوێو ئەم پەیماننامەیە لەکوێ؟ رێژەیەکی زۆر لەنەزانیو نەفامی دەربارەی ناوەڕۆکی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکانو بنەماکانی لەئارادایەو پەیماننامەی سیداویش یەکێکە لەو پەیماننامانە.
5. رۆڵی گەورەی رژێمی پێشوو لەتێکشکاندنی گشت نیشانەکانی شارستانیەتو پێشکەوتنو هۆشیاری فکریو پیادەکردنەوەی هەمان رۆڵ لەلایەن هەندێك لەپیاوانی ئایینیو توندڕەوەوە کەچەندین نیشانەی پرسیاریان خستووەتە سەر بەندەکانی

پەیماننامەکەو تەنها یەك چەمکیان داوەتێ ئەویش پێچەوانەبوونیەتی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا.

## چارەسەرەکان:

1. سەرجەم پارلەمانتارانی عێراق لەسەریانە گشت تێبینییەکانی سەر پەیماننامەی نەهێشتنی گشت شێوەکانی جیاکاری لەدژی ژنان لابەرن‌و پشت بەپەیماننامەی سیداو لەداڕشتنەوەی یاسای عێراقیدا ببەستن، بەتایبەت ئەو مادانەی پەیوەستن بەیاسای باری کەسێتی‌و ئەمەش بەفشارخستنە سەریان لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و راگەیاندن.
2. لابردنی ئەو لەمپەرە یاسایی‌و کلاسیکیانەی دەبنە ڕێگر لەبەردەم مافەکانی ژنان لەهاوسەرگیری‌و جیابونەوەدا، نەك پێچەوانەکەی، ئەوانەی ئەمڕۆ سەرقاڵی داڕشتنەوەی دەستورن چەندین کۆت‌و بەندیان داناوە کە لەمیانەیانەوە ژنان دەبنە ئامرازێك بەدەست پیاوانەوەو کار لەسەر چەسپاندنی ئەنگیزەی نێرینەیی دەکەن لەکۆمەڵگەی عێراقیدا، ئەمەش پێچەوانەی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانە.
3. پێویستە حکومەت‌و ڕێکخراوە مەدەنییە ناحکومییەکان کار لەسەر هاتنەئارای هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی شارستانی فراوانتر سەبارەت بەمافە یاساییەکانی ژنان‌و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، بکەن، ئەمەش هەردوو لایەن (ژنان‌و پیاوان) دەگرێتەوە.
4. راگەیاندن هۆیەکی گرنگی رۆشنبیرکردنی تەواوی گەلە، بۆیە پێویستە لەبەرنامەکانی ئێزگەو تەلەفزیۆندا بەرنامەگەلێك هەبن کار لەسەر دەرخستنی چەوساندنەوەی یاسایی‌و دابونەریتە عەشایەرییەکان بکەن کەچۆن بوونەتەمایەی سڕینەوەی بەهای مرۆیی ژنان.
5. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ڕێکخراوەکانی ژنان لەسەریانە بەهاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کاروباری ژنان چاودێری بارودۆخی ژنان بکەن‌و لەوردەکارییەکانی یاسای باری کەسێتی هۆشیارییان بدەنێ.
6. پێدانی رۆڵی زیاتر بەدامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، بەچەشنێك توێژەری کۆمەڵایەتیان هەبێت بۆ چاودێریکردنی ژنان‌و خێزانەکان.



7. دەستەبەرکردنی پاراستنی ژنان لەمیانەی جێبەجێکردنی برگەکانی پەیماننامەی سیداو لەرێگەی دامەزراندنی کۆمیسار یان دامەزراوەیەك کەمافەکانی ژنان بپارێزێت‌و ژنان لەکاتی ستەملێکردنیاندا بتوانن پەنای بۆ بەرن.